iDEA FOUNDATION
دەزگای ئایدیا
بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

سەرپەرشتیارانی پرۆژەی چاپکردنی کتێب

د. لوقمان رەئوف
ئەرسەلان حەسەن
باوان عومەر
بابان ئەنوەر

# مارکس و رەخنەی سیاسەت

ئەندریێ تۆزێل
سیزار لۆپۆرینی
ئیتیان بالیبار

وەرگێڕانی: هاوار محەمەد

2016

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە (137)

ناوی کتێب: مارکس و رەخنەی سیاسەت

ناوی نووسەر: ئەندریێ تۆزێل- سیزار لۆپۆرینی- ئیتیان بالیبار

وەرگێڕانی: هاوار محەمەد

بابەت: فەلسەفی

تایپو هەڵەچنی: کەیوان عومەر- نیاز کەمال

دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد

چاپخانە: حەمدی

ساڵی چاپ: 2016

چاپ: یەکەم

تیراژ: 500 دانە

نرخ: 3000 دینار

لەبڵاوکراوەکانی: دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

**www.ideafoundation.co**

**ideafoun@gmail.com**

**www.facebook.com/dezgai.idea**

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردن ( 1653 )ی ساڵی 2016ی پێدراوە

# ماركس و رەخنەی سیاسەت

ئەندریێ تۆزێل
سیزار لۆپۆرینی
ئیتیان بالیبار

وەرگێڕانی: هاوار محەمەد
2016

# پێڕست


پێشەکی وەرگێڕ.......................................................................................7

دەروازە...............................................................................................19

• رەخنە سیاسییەکان لای مارکس: ..........ئەندرییە تۆزێل...............................25

1- رەخنەی سیاسەت وەك داماڵین..........................................................31

2- رەخنەی ماتریالیزمی مێژوویی لە سیاسەت.............................................46

3- دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا و شێوەی بەها: بەرەو راستکردنەوە؟...................65

4- مەتەڵ.....................................................................................................83

• کایەی سیاسی و باڵادەستیی دەوڵەت ......... سیزار لۆپۆرینی.........................91

1- کێشەی رێبازی رەخنەیی مارکس...........................................................93

2- قەیرانی میتۆد.....................................................................................105

3- «کۆمەڵایەتی»،«سروشتی»،«مێژوویی»:کێشەی پێشمەرجەئەسڵییەکان....115

4- پرسی «سیاسی»....................................................................................131

5- لێکدژیی تیۆری: «کۆمەڵگە/دەوڵەت» یان «ژێرخان/سەرخان»..................149

6- سنوورەکانی دروستبوونی چەمك...........................................................168

•دەوڵەت، حزب، ئایدیۆلۆژیا: تێروانینێکی هەمەلایەن:.......ئیتیان بالیبار.......175

1- ئایا «تیۆرێك دەربارەی دەوڵەت» بوونی نییە؟......................................183

2- دوو دابڕانەکە......................................................................................200

3- لە «حزب-ئاگایی»ـیەوە بۆ «حزب-رێکخستن»......................................221

4- لە رێکخستنەوە بۆ ئایدیۆلۆژیا.................................................................238

5- تەوەهوم یان قڵپکردنەوەی سیاسی............................................................255

## پێشەکی وەرگێڕ:

### سەلەفییەت بەتامی مارکسیزم

**( 1 )**

لەم دواییانەدا فیگورێکی دینی لە کوردستاندا بووە قسەوباسی میدیاکان و فەزای مەجازی. لە بنەمادا ئەوەی ڕوویدابوو هەبوونی جۆرێك پەیوەندی سۆزداری بوو کە بەشێکە لە ژیانی کەسییانەی هەر کەسێك. بەڵام بۆچی ئەم پەیوەندییە بە "سکانداڵ" دانرا و بۆ ئەو فیگورە کەسیی نەبوو؟ لەبەرئەوەی شتێکی بۆ خۆی حەڵاڵ کردەوە کە لە مرۆڤەکانی دیکەی حەرام کردبوو. بەڵام وادیارە ئەمە تاکە هۆکار نییە بۆ لە قەڵەمدانی ئەو پەیوەندییە بە "سکانداڵ"، هۆکاری سەرەکی ئەوەیە کە ئەو سوبێکتە تەنیا خۆی نییە وەك تاکەکەسێك، بەڵکو گوتارە، و نوێنەری ڕەوتێکی دینیە و شوناسبەخشیشە، کە هەزارەها پەیڕەوکاریی هەیە، میدیای هەیە، مزگەوتی هەیە، مینبەری هەیە، لەهەموو ڕووداوەکانیشدا قسەی هەیە. لە هەموویشی گرنگتر لەڕێگەی ئەم پێگەیەوە حوکمی هەیە، حەرام و حەڵالی هەیە و ڕەوا و قەدەغەی هەیە، فتوای هەیە و سنوورەکان بۆ مرۆڤ دەکێشێت، خۆیشی بە نوێنەری ڕاستەقینە و ڕەسەنی میراتێکی ئایینی دەزانێت. کەواتە ئەم گوتارە لەنێو گەمەی دەسەڵاتدایە، دەڵێت چی ڕەوایە و چی ناڕەوا، چی ئەسلە و چی ساختە، چی پاکە و چی پیس، ئەو پێماندەڵێت کە سەرچاوەیەکی پاك و کانییەکی سازگار هەیە کە بەژێر دەستی ئەودا دەڕوات، هەر کانییەکی تر تووشی سیل و دەردمان دەکات و پێویستە تەنیا لەو چاووگە پاکە و لەو سەرچاوە سازگارە بخۆینەوە. کەواتە بەردەوام

گەڕانەوەیەك هەیە بۆ كانییەكی سازگار، تاكە سەرچاوەیەك، تاكە مەرجەعێك، بەڵام گەڕانەوەیەكی ئاسایی نا، بەڵكو گەڕانەوەیەك بۆ ئەوەی هەرشتێكی دیكەی جگە لەم كانییە، بە پیس و لادەر و لاسار وەسف بكات. ئەم گەڕانەوەیە هەم گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو، هەم بۆ كۆمەڵێك دەق و سەرچاوە و وتەی بنەڕەتی كە بەر لە تەفسیرەكانی كەوتووە، بەم جۆرە هەرگیز خۆی وەك تەفسیرێك ناخاتە ڕوو، بەڵكو وەك ئەسڵێك كە نایەوێت تەفسیرەكان بیشێوێنن. ئا ئەمە یەكێكە لە ڕەگەزە بونیادی و بنەماییەكانی فەندەمێنتالیزمی ئایینی. بنەمایەكی دیكەی سەلەفییەتی ئەبەدییەتە، بەو مانایەی ئەوەی ئەهلی سەلەف وتوویانە و كردوویانە ئەبەدییە و بۆ گۆڕانكاریی و دەستكاریكردن ناشێن، چونكە پاك و پیرۆزە و حەقیقەتە ڕەسەنەكەیە. سەلەفییەت هیچ گۆڕانكارییەكی قبوڵ نییە، نە لەناو خۆیدا و نە لە دەرەوەی خۆی. گەر دان بەوەدا بنێت كە ئەم سەردەمەی جیایە لە ئەهلی سەلەف، بەو مانایە نییە تەفسیری نوێی بۆ ئەمڕۆی دنیا هەبێت، بەڵكو دەیەوێت هەموو گۆڕانێك بە خراپ و سەرلێشێوان و گومڕایی وەسف بكات. سەلەفییەت پێیوایە »دەبێت خەڵكی ئەم سەردەمە بە هەمان شێوازی سەردەمی ئەهلی سەلەف بژین و بیربكەنەوە«، نابێت ئەحكامەكان و شەرع بەگوێرەی گۆڕانەكانی دونیا بگۆڕێن، بۆ هەموو گرفتەگانیش چارەسەری ڕەها ئەوەیە كە بگەڕێینەوە بۆ ئەو دەق و سەرچاوە ئەسڵییانەی كە "هەموو شتێكیان تێدایە" و "هیچ شتێكی نوێ" بوونی نییە، گەر هەیشبێت دەبێت وەك "بیدعە" و "دەرچوون" و "لادان" و "ساختە" سەیر بكرێن. قسەكردن لەسەر سەلەفییەت و دیاریكردنی ئەدگارەكانی، زۆر هەڵدەگرێت، لێرەدا دەرفەتی ئەوەمان نییە لەوەندە زیاتری لەسەر بڵێین.

( 2 )

پرسیارەکە ئەوەیە ئایا سەلەفییەت تەنیا تایبەتە بە ئایین و دەرکەوتەیەکە کە تەنیا لە ئاییندا دەژی؟ تۆ بڵێی فەندەمێنتالیزم جۆرێك لە بیرکردنەوە و ڕەفتار بێت یان بونیادی بیرکردنەوە و ڕەفتار؟ ئایا دەشێت ڕەوتێکی فیکرییش وایش هەبێت بشێت بە سەفەلەفییەت ناوی ببەین؟ بە بڕوای من و بە گەڕانەوەکان بۆ ئەو خەسڵەتانەی لە سەرەوە دیاریمان کردن، سەلەفییەت جۆرێکی تایبەتی فیکر نییە و تەنیا تایبەت بە ئایین نییە، بەڵکو بونیادی بیرکردنەوەیە. گۆڕانی ڕووکەش و پەڕینەوە لە ئیمانداراوە بۆ بێ ئیمان، لە لیبرالەوە بۆ کۆمۆنیزم، لە ئیسلامییەوە بۆ عەلمانی، لە پارتییەوە بۆ گۆڕان، واتای ڕەتکردنەوەی سەلەفییەت نییە و گۆڕانێکی ڕاستەقینە نییە لە دنیابینیدا، بەڵکو سەلەفییەت بونیادێکە کە دەشێت لەنێو هەموو لێکدژە ڕووکەشەکانیشدا ئیش بکات و فۆرمولەی گوتارەکانیان بکاتەوە. فیکری سەلەفی ئەوەیە کە هەر وەك سەلەفییەتی دینی، بڕوای بە سەرچاوەیەکی پاك و ئەسڵێکی میتافیزیکی و "شاگوتار"ـێك هەیە و پێیوایە لەسەردەمە جیاوازەکاندا گۆڕانێکی جەوهەری لە جیهاندا ڕوونادات و دیاردەکان لە کۆنتێکست و دۆخی مێژوویی و ماتریالییاندا نابینێت، بەڵکو پێیوایە دنیا ڕێسا و شەرعی خۆی هەیە کە ئەبەدین. چارەسەری هەموو گرفتەکانیش وان لە چەند دەقێکدا و لە گیرفانی چەند فەیلەسوفێکدا کە دەبێت بیانکەینە چوارچێوە و قاڵب و هەر تەفسیر و گوتارێك نەکەونە نێو ئەم چوارچێوەیە و لەم قاڵبەدا جێگایان نەبێتەوە، کەواتە ساختەن و شتێکیان بۆ دونیا پێنییە و نابێت خوێندنەوەکانیان بۆ دنیا بەهەند وەربگرین، چونکە پێویستمان پێیان نییە و لە سەرچاوە و دەقەکانی ئەو چەند فەیلەسوفەدا هەموو شتێك وتراوە و ڕوونکراوەتەوە، نەك تەنیا بۆ سەردەمی خۆیان بەڵکو بۆ سەردەمەکانی داهاتوویش. پێشبینییەکانی ئەوان و ئەو ڕێسایانەی

که بۆ پرۆسێسی دونیا و جیهان و سیستەم دیارییان کردووە حەتمیین و هیچ لادان و خیلافێکیان تێدا نییە، بۆیە گەر قسەیەکی تر لەبارەی دونیا و سیستەمەوە بکەیت ئائەوە لادان و "انحراف" و "گومڕاییە". دەشێت سەلەفیزمی فیکری باسی گۆڕینی دونیا بکات، بانگەشەی ئەوە بکات کە خۆی بۆ گۆڕینی جیهان تەرخانکردووە و دەبێت زوو بە زوو ئەکت بنوێنرێت تاوەکو سیستەم بگۆڕین و دونیای ئەمڕۆ و دۆخی باڵادەست قڵپ بکەینەوە، بەڵام لە خوێندنەوەیدا بۆ دۆخی باڵادەست و دەسەڵات و سیستەمدا، هەر بە کەرەستە و چەمکە کۆن و ڕزیوەکان ئیش دەکات، کاتێکش دەیەوێت دەستنیشانی شێوازی ئیشکردنی سیستەم و دەسەڵات بکات دیسان هەر بە شێوەیەکی کلاسیکی هۆکارەکان و سنوورەکان دیاریی دەکاتەوە، کاتێکش باس لە نەخشەڕێگای گۆڕانکارییەکان دەکات دیسان نەخشە و کلێشەیەکی ئامادە و حازر بەدەست فڕێ دەداتە سەر مێز و فتوای ئەوە دەدات کە دەبێت هەمووان پەیوەست بن بەم نەخشەڕێگایەوە، چونکە ئەمە ئەو ڕێبازەیە کە "پێشینانمان" دیارییان کردووە و ئێمەیش نابێت لە ڕێبازی ئەوان لابدەین: "ئەمەیە ڕێگای ڕزگاری، ئەمەیە کەشتی نەجات"؛ هەرکەسێکیش بەمەوە پەیوەست نەبێت ئەوا خائین و لادەر و دوژمنە و دەبێت لەنێو ببرێت، ئەمەیش ناودەنرێت "توندوتیژیی ڕەوا". ئا ئەم خاڵەی کۆتایی یەکێکە لەو تایبەتمەندییانەی کە سەلەفییەتی فیکری لە سەلەفییەتی ئایینی جیادەکاتەوە، ڕووە ئایدیۆلۆژییەکەی خۆی پیشان دەدات. ئارەزووی گۆڕانکارییەکی ڕاستەقینە نا، بانگەشەی گۆڕانکارییەك کە مرۆڤ لەژێر سایەی ستەمێکەوە دەباتە ژێر سایەی ستەمێکی دیکە، دژایەتی کۆی سیستەم و ڕەگەزەکانی سیستەم نا، بەڵکو دژایەتی سیستەمێکی دیاریکراو و دروستکردنەوەی سیستەمێکی دیکە کە دەشیت چەوسێنەرتریش بێت.

( 3 )

مارکسیزم و سەلەفییەت لە کوێدا دژ بەیەکن؟ ئایا دەشێت مارکسیستێك سەلەفی بێت؟ ئایا دەشێت بانگەشەی مارکسیزم بکەین و ئەو بونیادەیشی کە ئاراستەمان دەکات بونیادێکی فەندەمێنتاڵ بێت؟ ئەمە یەکێکە لەو پرسانەی کە دەبێت لەناوەندی ڕۆشنبیریی کوردیدا و لە ڕەوتی نوێی ڕادیکاڵیزم و فیکری چەپدا، بکرێتە کێشە و پرۆبڵماتیزە بکرێت. یەکێك لە بنەما هەرە سەرەتاییەکانی نێو فیکری مارکس و چەپ ئەوەیە کە هەموو شتێك لە کۆنتێکست و هەلومەرجی مێژوویی و کۆمەڵایەتی خۆیدایە، تایبەتمەندی و سیفەت و کارەکتەر و ململانێی هەر سەردەمێك جیایە لە سەردەمێکی دیکە. پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، شێوازی دەسەڵات و حوکمڕانی، بەرژەوەندی و لێکدژی، ئایدیۆلۆژیا و فیکر، دیاردە و دەرکەوتە، میکانیزمەکانی ئیشکردنی دەسەڵات و هەلومەرجی ئوبێکتی و ماتریالی هەر سەردەمێك جیاوازە لە سەردەمێکی دیکە. دیارە مارکس لە سەردەمی خۆیدا دیاگنۆسێکی وردی ئەم لایەنانەی کردووە. کە دەڵێین لای مارکس هەموو شتێك لە گۆڕاندایە و لە سەردەمی و کۆنتێکستی مێژوویی خۆیدایە، گرنگە ئەمە وەك بنەما وەربگرین، نەك بە هەموو ئەو سیما و کارەکتەر و تایبەتمەندییانەوە دووبارەی بکەینەوە کە لەسەردەمی مارکسدا هەبووە، گەورەترین وەفا بۆ مارکس ئەوەیە ئێمە لەسەردەمی خۆماندا بەشداربین لە بەئەستۆوەگرتنی ئەو ئەرکەی کە مارکس لە سەدەی نۆزدەدا لە ئەستۆی گرت، واتە بەر لە هەر شتێك دیاریکردنێکی وردی سیستەمی

سەرمایەداری، پاشان تیۆریزەکردنی ئەکت و شێوازەکانی ئەکتی بەرگریکارانە. (کە ئێرە شوێنی ئەوە نییە، تەنیا پرسەکە بەکێشە دەکەین).

با ئێستا ئەم گوتەیە تاقی بکەینەوە: »سەرمایەداریی ئەمڕۆ جیاوازە لە سەرمایەداریی سەردەمی مارکس«. ئەمە بە چ مانایەك؟ بەو مانایەی کە سیستەمی سەرمایەداری بۆ ئەوەی لەو یاسا کۆمەڵایەتییە خۆی بدزێتەوە کە مارکس بەشێوەیەکی دیالەکتیکی دەستنیشانی کردووە، گۆڕانی قوڵی بەسەر خۆیدا هێناوە. ڕاستە هێڵە سەرەکییەکانی ئەم سیستەمە ماوەتەوە، دابەشبوونە کۆمەڵایەتییەکان و نایەکسانی ماوەتەوە، قۆرخکاری و چینایەتی ماوەتەوە، بەڵام کۆمەڵێکی زۆر دیاردەی نوێ و کەرەستەی نوێی ئیشکردنی سیستەم هاتوونەتە گۆڕێ کە تەنیا بە چەمکە کۆنەکان شیکار ناکرێن. کاتێکیش دەڵێن سەرمایەداری خۆی گۆڕیوە، واتای ئەوە نییە بەرەو عەدالەتی زیاترچووە و میهرەبانتر بووە و دیموکراسییەت و ئازادی تێیدا هەڵکشاون، لە بنەمادا چاوچنۆکییەکانی ئەم سیستەمە بە ڕادەیەك بەرفراوان بووە کە گەیشتۆتە قۆناغێك دەشێت ناوی بنێین قۆناغی ”سەرمایەداریی وەحشی“. بەڵام کێشەکەیش هەر لێرەدایە کە بۆچی سیستەم بەم ڕادەیە گەیشتووە و هەر ماوەتەوە؟ خۆ ئومێدی ڕوخانی سەرمایەداریی ئومێدێکی لە مێژینەیە و خودی مارکس و ئەنگلیز لە ساڵی 1848ـدا و دواتریش لە ساڵی 1874ـدا پێشبینیی خاپووربوونی ئەم سیستەمەیان دەکرد. بەڵام دیسان بۆچی ئەم سیستەمە هێشتایش ماوەتەوە و لە ئێستایشدا ئاسۆیەکی ڕوون بۆ لەنێوچوونی دیار نییە؟ بە پێی دیالەکتیك هەتا سەرمایەداری ستەمگەرتر و نایەکسانتر و چەوسێنەرتر بێت، ئەوەندەیش خودنامۆیی و هۆشیاری و ئەگەری ئەکت و ڕزگاری

لای پرۆلیتاریایش زیاتر دەبێت، هەتا "ئەلف" زیاتر هەڵکشێت، "بێ"یش زیاتر هەڵدەکشێت و لەوە نزیك دەبێتەوە ببێتە ئەڵتەرناتیڤی "ئەلف". چونکە پرۆسەکە هەلومەرجی مێژوویی و ماتریالی بڕیاری لێدەدەن و سوبێکت تەنیا دەتوانێت وەڵامی دۆخە ئوبێکتییەکان بداتەوە. کەواتە ئەوەی سوبێکتی پرۆلیتار دەیکات ڕەنگدانەوەی دۆخە ئوبێکتییەکانی خۆیەتی، هەتا لە واقیعدا پرۆلیتار بەر ناعەدالەتی و نایەکسانی و ستەمی زیاتری سەرمایەدار بکەوێت، ئەوەندەیش زیاتر هۆشیاری شۆڕشگێڕی و خۆڕێکخستن و ئیرادەی شۆڕش لەنێویدا گەشە دەکات. بەڵام بۆچی لەمڕۆدا ئەم جەمسەرە لێکدژەی سەرمایەداری لە ئاستی ئەو هێزەدا نییە کە بتوانێت سیستەم بگۆڕێت، یان لایەنیکەم بەرگرییەکی ڕاستەقینە و کاریگەری بە ڕوویدا بنوێنێت؟ ئەم پرسیارە پێویستیی بە قسەوباسی زۆر هەیە، بەڵام یەکێك لەو شیکارییانەی کە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا بۆ ئەم پرسیارە کرا، ئەوەبوو کە سەرمایەداری "کرێکاران"ـی ڕازی کردووە. بەڵام چۆن؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لە سەردەمی مارکسدا ئەوەبوو کە لەڕێگەی ئایدیۆلۆژیایەکەوە ئاگایی ساختە دەرخواردی زەینی کرێکاران دراوە، بەڵام ناشێت ئەم وەڵامە بۆ ئەم سەردەمە دروست بێت، بە بێ ئەوەی گۆڕانێکی ڕاستەقینە لە خودی چەمکی ئایدیۆلۆژیادا نەکەین و خوێندنەوەیەکی نوێی بۆ نەکەین، کە دەشێت زۆر جیاواز بێت لە خوێندنەوەی مارکس بۆ ئایدیۆلۆژیا. لەمەیش زیاتر، مەسەلەکە تەنیا ئایدیۆلۆژیا نییە، بگرە لەمڕۆدا ئایدیۆلۆژیا بە تێگەیشتنە کۆنەکەی، ڕۆڵێکی ئەوتۆی نەماوە، چونکە هۆشیاریش خۆی چیتر پاڵنەرێکی بەهێز نییە بۆ دروستکردنی ڕێکخستن و ئەکت، بەڵکو خۆیشی پێویستی بە جوڵێنەر و بزوێنەری دیکە هەیە تاوەکو بتوانێت ڕۆڵێك لە بەرگری بە ڕووی سیستەمدا بنوێنێت. ئێستا دەیان ئامرازی دیکە هەیە کە

دەسەڵات بتوانێت بۆ مانەوەی خۆی و ئارامی خۆی بیخاتەگەڕ. لەوانە: بەرهەمهێنانی چێژ، بەرهەمهێنانی ئێستاتیکا و فانتازیا، یارییە وەرزشییەکان، گەشتوگوزار، بەرهەمهێنانی چەوساندنەوەی ناڕاستەوخۆ لە وڵاتانی دواکەوتوودا بە نوێنەرایەتی دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان، بەرهەمهێنانی ترس، بەرهەمهێنانی وێنە و بەرفراوانکردنی فەزای مەجازی تا ئاستی هەڵوەشانەوەی واقیع، بەرهەمهێنانی دیسپلین، بەرهەمهێنانی نەخۆشی بایۆلۆژی و دەروونی، بەرهەمهێنانی تەکنۆلۆژیا و خێرایی زۆر، بەرهەمهێنانی عەشق و سۆزداری بە فۆڕمی بازاڕی و پاسیڤ، بەرهەمێنانی مۆدێلات لە ژیانی ڕۆژانەدا، بەرهەمهێنانی زمان و..هتد کەواتە مەسەلەکە تەنیا پەیوەست نییە بە ئایدیۆلۆژیا و بەرهەمهێنانی وەهمەوە، بەڵکو پەیوەستە بە گۆڕان لە خودی شێوازی ئیشکردنی سیستەمەکە و دەوڵەمەندکردنی کەرەستەکانی و دەستکاریکردنی هەناوی خۆی. ئەمەیش تەنیا بۆ دوورخستنەوەی چارەنووسی خۆی و چوونەدەرەوەی لەو یاسایا کۆمەڵایەتیانەی کە مارکس بۆی دیاریی کردووە، بێگومان تاڕادەیەکی زۆر لەمەیشدا سەرکەوتووبووە. کەواتە بۆ ئەوەی مارکسیزم نەبێتە ئەو جۆرە مارکسیزمەی کە کۆمەڵێك ئایدیۆلۆژیست بانگەشەی بۆ دەکەن، نەبێتە سەلەفییەتی فیکری، نەبێتە پۆلیسی فیکری و دەزگای سەرکوتکاریی فیکری، بۆ ئەوەی مارکسیزم لەنێوخۆیدا لە ڕەقیدا شەق نەبات، پێویستە ئایدیای نوێ، چەمکی نوێ، خوێندنەوەی نوێ، کەرەستەی نوێی فیکری، تێزی نوێ و بگرە ئاراستەی نوێیش، کە گرنگن بۆ ناسین و خوێندنەوەی ئەمڕۆی سیستەم و بەرگری، لەخۆیدا جێ بکاتەوە و لەگەڵ خۆیدا تێهەڵکێشیان بکات. گەر بمانەوێت مارکس نەمرێت ئەوا بەوە نابێ لە کۆمادا دایبنێن، بەڵکو بەوە دەبێت چۆن خۆراکی نوێی فیکری پێ ببەخشین.

## ( 4 )

بۆ ئەوەی ئەم پێشەکییە لە ڕادەی خۆی درێژتر نەبێتەوە، ئەوانەی باسمانکردن تەنیا کۆمەڵێك سەرنجی خێرا و سەرەداو بوون کە هەریەکەیان بابەتی توێژینەوە و وتاری دورودرێژن، هەم بە وەرگێڕان و هەم بە نووسین. بەڵام پێمباشە لێرەدا ئەم پرسیارەیش بخەمەڕوو: داخۆ سیاسەت بەوە دەبێتە سیاسەتێکی ڕادیکاڵ و کاریگەر بۆ گۆڕینی دنیا کە بێ هیچ ڕەخنەیەك ستاییش بکرێت؟ گەر لە فیکری چەپدا سیاسەت بە مانای خوێندنەوەی کایەی سیاسی و تۆخکردنەوەی لێکدژی و دۆزینەوەی کەرەستەی بەرگری بێت بە ڕووی سیستەمدا و یاخیبوون و شۆڕش بێت، ئایا دەبێت بە بێ هیچ ڕەخنەیەك تێپەڕێت و بکرێتە تابوو؟ لەم کتێبەدا "ئیتیان بالیبار" و دوو هاوڕێی دیکەی، هەوڵدەدەن بایەخ و گرنگی بۆ دیوێکی فیکری مارکس بگەڕێننەوە کە تاڕادەیەك لە نەریتی تەقلیدیی مارکسیزمدا فەرامۆشکراوە، یان کراوە بەژێر کایەی ئابوورییەوە و کراوەتە پاشکۆی ڕەخنەی ئابووری. بالیبار فەیلەسوفێکی چەپی هەرە دیار و ناسراوی فەرەنسایە، قوتابی و هاوڕێی "لویی ئالتۆسێر" بووە و لە پرۆژەی "خوێندنەوەی سەرمایە"دا بەشداریی لەگەڵدا کردووە، لێرەیشدا درێژە درێژە بەو پرۆژەیە دەدات کە لەگەڵ مامۆستاکەیدا سەررێگای خستووە، کە یەکێك لە خاڵە هەرە گرنگەکانی ئەم پرۆژەیە ڕەخنەگرتنە لە دابەشبوونە تۆبۆگرافییەکەی

”ژێرخان/سەرخان“ـی نەریتی مارکسیزم. ئەم کتێبە کۆی قۆناغەکانی گۆڕانی فیکری سیاسی مارکس و ڕەخنەی ئەو بیرمەندە و هاوڕێکەیەی لە سیاسەت وەك ڕەخنەیەکی سەربەخۆ بە پاڵ ڕەخنەی ئابوورییەوە، دەرخستووە. بەم جۆرە سیاسەت جۆرێك سەربەخۆیی وەردەگرێت و تەنیا لە ڕێگەی ڕەخنە لە سیاسەت خۆیەوە دەبێتە کایەیەکی کاریگەر، بەڵام بەردەوامیش پەیوەندیدارە بە ئابوورییەوە. جا بۆ ئەوەی مانایەکی دیکە بە سیاسەت بدرێت، یەکەم هەوڵ بۆ بەرهەمهێنانی سیاسەتێکی ڕادیکاڵ ئەوەیە کە، نەك تەنیا سیاسەتی دۆخی باو و باڵادەست ڕەخنە بکات و هەڵوەشێنێتەوە، بەڵکو ئەڵتەرناتیڤی دەسەڵاتی باڵادەستیش ڕەخنە بکات. لێرەدا ئەرکی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی ڕاستەقینە، ”لەسیاسەتخستن“ـی ئەو سیاسەتەیە کە هەیە و بەسیاسیکردنەوەی ئەو کایانەیە کە لە سیاسەت داماڵراون، واتە بێدەنگکردنی کایەی باوی سیاسی، کە ساڵانێکە لە وڵاتی ئیمەدا لە ”فێڵ و گزی“ و ”حیزبایەتی“ و ”سەرکردەی سیاسی“ـدا بەرجەستە بووە، لەپاڵ ئەمەیشدا ڕەخنەکردنی ئەو سیاسەتەی کە دەیەوێت ئەڵتەرناتیڤی ئەم سیاسەتە باڵادەستە بخاتە ڕوو، بەم واتایە سیاسەتی ڕادیکاڵ ئەوەیە کە دژ بە مۆدێلی سیاسەتی باڵادەست دەوەستێتەوە و ڕەخنەی مۆدێلی سیاسەتی ئەڵتەرناتیڤیش دەکات، ئەمەیش لەو پێناوەدا کە ”خەڵك“ بێتەوە سەر شانۆی سیاسی، کە لای ئێمە ”خەڵك“ تەنیا کراون بە ئەندام و لایەنگر و

چەپڵەلێدەر و هاوکێش بۆ حیزبە سیاسییە باڵادەستەکان، یان کراون بە پاساوی ڕەواتیدان بە گوتارە دژەکەی ئەم دەسەڵاتە. مەرجیش نییە سیاسەت و دروستکردنی ئەکتی سیاسی بە مانای گەڕانەوە بێت بۆ مۆدێل و ئامرازە سیاسییە کۆنەکان و دووبارەکردنەوەی ئەزموونەکانی سەردەمانی پێشتر، بەڵکو مانای بەرفراوانکرنی پانتایی بەرگری و گەڕانە بەدوای چەکی نوێ و شێوازی نوێ یاخیبووندا، هەر لە ئاست و هەڵوێستە بچووکەکانی ژیانی ڕۆژانەوە هەتا دەگات بە ئەکتی گەورەی وەکو شۆڕش. لەم سەردەمەدا بۆ نواندنی بەرگری، پێویستە لەپاڵ خەباتگێڕەوەکانەوە هاککەرەکانیش هەبن؛ بەپاڵ میدیاوە پۆستەر و دیوارەکانیش وەك ڕووپەڕێکی ناسیستەماتیك هەبن؛ بەپاڵ یاخیبوونەوە دژی سیستەم عەشق و هاوڕێیەتیش هەبن؛ بەپاڵ چەکەوە مۆسیقایش هەبێت؛ چەندە گرنگە لەسەر ئاستی گەردوونی ڕزگاربببین ئەوەندەیش پێویستمان بەوەیە لەئاستی ژیانی ڕۆژانەیشدا نەبینە سوبێکتی ملکەچی ئایدیۆلۆژیا و دەسەڵات (بە هەموو فۆڕمەکانییەوە)؛ چۆن پێویستمان بە گۆڕینی کۆمەڵگە و داهێنانی کۆمەڵگەیەکی دیکە هەیە، ئاوایش پێویستمان بە داهێنانی ستایلی دیکەی ژیان وبیرکردنەوە هەیە. لە هەموویشی گرنگتری ئەوەیە: چۆن چەپ بین و سەلەفی نەبین، چۆن شۆڕشگێر بین و فاشیست نەبین.

**هاوار م.**

# دەروازە

لەم کتێبەدا، سێ توێژینەوە دەربارەی پەرەسەندنی فیکری مارکس و ئاراستە و سنوورەکانی ئەم پەرەسەندنە دەخەینە بەردەستی خوێنەر. لە بنەڕەتدا ئەم توێژینەوانە پێکەوە ئەنجام نەدراون، بەڵکو تەواو سەربەخۆ لە یەکتر بوون. هیچ هەوڵێکیشمان نەدا پاکنووسیان بکەین، یان دەستکاری و راستکردنەوەیان تێدابکەین تاوەکو لەگەڵ یەکتردا هەماهەنگ بن، یان لانیکەم سێ چرکەسات بن لە گفتوگۆیەکی رێکوپێك. بە پێچەوانەوە، ئەوەی بۆ ئێمە زۆر گرنگ بوو ئەوەبوو کە ئەم توێژینەوانە، وێرای جیاوازییەکانیان لە خاڵی دەستپێکردن و میتۆد و ستایلیاندا، بگرە وێڕای فرەیی خاڵەکانی دەستپێکردنیان، دواجار لە هەمان خاڵی هەستیاردا یەکتر دەبڕن، ئەویش تەفسیری مارکسیزم و بەکارهێنانە تیۆرییەکەیەتی: مەبەستمان لە یەکێتیی "رەخنە" دوابەدوایەکەکانی مارکسە (رەخنەی فەلسەفەی تیۆریی مێژوو، رەخنەی سیاسەت، رەخنەی ئابووریی سیاسی)، ئینجا یەکێتیی تیۆریی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریی خۆی (وەك ئەوەی سەرمایە باسی کردووە) و دواجار تیۆری شۆڕشی پرۆلیتاری؛ هەروەها واتای دژهیەکییە دوالیستییە چەمکییەکان "کۆمەڵگەی مەدەنی/دەوڵەتی سیاسی" و "ژێرخان/سەرخان"؛ هەروەها پەڕینەوەی هەر یەکێکیان بۆ ئەوی دیکەیان؛ لێکجیاکردنەوەی باڵادەستیی دەوڵەت و سیاسەت؛ هەروەها سروشتی "پوکانەوەی دەوڵەت"ـی کۆمۆنیستی و "دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا" کە پێشتر سنوورەکانی ئەو دەوڵەتە دەکێشێت ..هتد. بە ئەنقەست ویستمان ئەوە بۆ خوێنەر جێبهێڵین کە لە دۆخی هەنوکەیی ئەم توێژینەوانەدا لە روانگە هەمەجۆرەکانەوە گرنگی بە دەستنیشانکردن و

بەیەکداچوون و یەکتربڕینی ئەم جیاوازییانە بدات، ئەمەیش لەپێناو ختوکەدانی خوێنەر هەتاوەکو جارێکی دیکە بگەڕێتەوە بۆ دەقەکان و بە پرسیاری تایبەت بەخۆیەوە بەنێویاندا سۆراغ بکات.

خۆ ئەگەر لەم سەرەتایەدا هێشتایش زوو بێت دەرەنجامگیریی بکەین، ئەوا دەشێت بە یەك وشە گرەوی ئەم جۆرە توێژینەوانە دیاریی بکەین، ئەمەش گرەوێکە کە دەبێت لە داهاتوودا بەشێوەیەکی باشتر لەوەی تا ئێستا کراوە، هەوڵ بۆ دەستنیشانکردنی سنوورەکانی بدەین، لەبەرئەوەی وەك دواتر دەبینین ئەم گرەوە تەنیا لە رێگەی ئەو ستایلەوەوە کە هەریەکێکمان پەیڕەویمان لێکردووە بەرەبەرە زەق دەبێتەوە. بە دڵنیاییەوە، ئەم گرەوە لەوەدایە بە روونی لە "مارکس" و "رەخنەی مارکس" لە سیاسەت، تێبگەین. بەتایبەتیش لەوەدا کە ئێمەش لە رەخنەگرتنماندا لە سیاسەت چاوکراوە بین، ئەوە ببینین کە لە چیدا قەرزارباری مارکسین و لەو چیدا دەبێت لەگەڵیدا ناکۆك بین. ئەم رەخنەیە، کە لای مارکس بە فۆڕمی دوابەدوای یەکتر دەردەکەوێت، هەمان ئەو خاڵەیە کە تێیدا تیۆر و پراکتیکی شۆڕگێڕیی بەیەکتر دەگەن. بە لای ئێمەوە ناکرێت ئەم پرسە بە جۆرێکی تر بێت: دۆخەکە وای لێکردین بەدوای رێگای جیاوازی پراکتیکی تیۆری مارکسی و بەدوای لێکبەستنەوەی جیاوازیی تیۆر و سیاسەتدا بگەڕێین. لە چیدا و بەچی مارکس لەمڕۆدا دەتوانێت بنچینە و کەرەستەکانی ئەم لێکبەستنەوەیە، ئەم بەیەکگەیشتنەی تیۆر و پراکتیك بخاتە بەردەستمان؟

دوو وەڵام بۆ ئەم پرسیارە لە ئارادایە، کە لە خۆشی و ناخۆشیدا، گرێدراون بەو ڕووبەڕووبوونەوانەوە کە لە ئێستادا بەهۆی "قەیرانی باوی مارکسیزم"ـەوە لەنێو خەڵکیدا،

سەریان هەڵداوە؛ ئەمەیش هەمیشە دوو وەڵامی ئامادەن و خزمەت بە دوو "ئۆردگا "ی زۆر پێکدژ دەکەن: یەکەمیان بریتییە لە وەڵامی میتافیزیکا (واتە ئەو شتەی بە حیکمەتەوە ناومان ناوە دۆگماتیزم و هەر ئەم دۆگماتیزمەیش بە هەزاران لاپەڕە پەیکەری بۆ ئەم وەڵامە میتافزیکییە دروست کردووە): مارکس دامەزرێنەری سیستەمێکی گەورەیە. کەواتە بژی سیستەم! کەواتە بڕوخێ سیستەم! "داروخانی بتگەرایی". وەڵامی دووەم، وەڵامی مێژووگەراییە: مارکس "چرکەساتێك"ـە لە کولتووری فەلسەفی و ئایدیۆلۆژیی سۆسیالیستی. دەبێت زەمەن لای خۆیەوە هەر یەکێك لەم دوو چرکەساتە تێپەڕێنێت، یان لایەنیکەم دەبێت ڕۆژێك لە ڕۆژان تێیانپەڕێنێت. »کەس ناتوانێت بەسەر زەمەنەکەی خۆیدا باز بدات«. ئەی کەواتە زەحمەت نەبێ، ئەو گوزارشتە تیۆرییانەی دەربارەی ئەم بابەتە کەلەپوورییەن، مەبەستمان بزووتنەوەی کرێکارییە لە سەدەی نۆزدەدا، چ سودێکیان بۆمان هەیە و چ خزمەتێکمان پێدەکەن؟

ئێمە تا ڕادەی یەقین لەوە دڵنیاین کە هیچ یەکێك لەم دوو وەڵامە پێشوختەیە بەختی ئەوەیان نییە بە کردەیی لەگەڵ چەمکە سیاسییەکانی مارکسدا خۆیان "یەکلایی بکەنەوە" و "پاکسازی"ـیان تێدا بکەن (دەوڵەت، کۆمەڵگەی مەدەنی، سەرخان، چین، حزب و دیکتاتۆرییەتی شۆڕشگێڕان، حوکمی چینی کرێکار..هتد). چەمکەکان نە پارچەی ماشێنی تیۆریی میکانیکین و نە کەرەستەکانی ئیرادەن و نە ئاوەژووکردنەوە کولتوورییەکانن. چەمکەکان پێداویستیی ئوبێکتییانەی مەعریفەن، تەنانەت لە لێکدژییەکانیشیاندا. لەبەرئەمە بە زەرورەت سەرهەڵدان و دەرکەوتنی مەعریفەی نوێ، ئەگەر

هەر لە بنەماوە نەبێتە چەمکەکان، ئەوا بە "گۆڕان"ـێکی ڕووندا تێدەپەڕێت و دەبێتە مێژووی ڕاستەقینەی چەمکەکان، ئەم مێژووەیش بە وردییەکی شیاوەوە کۆی دۆخ و هەلومەرجە واقیعییەکەی داڕشتنیان و ئەو بونیادە ناوەکییە "فەلسەفی و زانستی"یەی کە کردوویەتییە پێویستییەکی ناچاریی، شیکار دەکات. ئەم سێ توێژینەوەیەی وا لێرەدا دەیانخەینە بەردەست، دەیانەوێت بەشداری بن لەم مێژووەدا.

دوا قسەم لەبارەی ئەم دەقانەوە: دەقی یەکەم و دووەم لەو توێژینەوانەوە وەرگیراون کە لە خولی توێژینەوەکانی "ڕەخنەی مارکس لە سیاسەت" لە (19-20ی تشرینی دووەمی 1977)ـدا پێشکەشکراون، کە سەنتەری لێکۆڵینەوە و دۆیکۆمێنتکردن لەبارەی هیگڵ و مارکسەوە لە زانکۆی پۆیتێر ڕێکی خستبوو. سوپاسی پرۆفیسۆر "گی پلانتی-پۆنجەر"ی بەڕێوەبەری سەنتەرەکە دەکەین کە ڕێگەی پێداین بڵاویانبکەینەوە. هەروەها سوپاس بۆ گۆڤاری "Critica marxista" کە دەقەکەی سیزار لۆپۆرینی Cesare Lopirini بە ناوی "ڕەخنەی سیاسەت و ڕەخنەی ئابووریی سیاسی" بڵاوکردەوە. لە کۆتاییدا سوپاس بۆ گۆڤاری "Critica marxista" و "La Pensee" کە هەڵبژاردەیەك لە دەقەکەی "ئیتیان بالیبار"یان بە ناوی "مارکس، ئەنگڵس و حزبی شۆڕشگێڕی" بڵاوکردەوە. ئەندرێ تۆزێل دەقەکەی سیزار لۆپۆرینی لە ئیتالییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فەرەنسی.

**ئیتیان بالیبار**

**پارس، 10ی کانوونی دووەمی 1979.**

# رەخنە سیاسییەکان لای مارکس

ئەندریێ تۆزێل

بۆتە کارێکی ناپێویست کە دیسانەوە خۆمان خەریك بکەین بە تۆمارکردنی بوونی ناهاوشێوەیی لەنێوان پەرەسەندنی رەخنەی ئابووریی سیاسی و پەرەسەندنی رەخنەی سیاسەت لە بەرهەمەکانی مارکسدا. خۆ ئەگەر مارکس بۆ لێکۆڵینەوە لە کایەی ئابووریی سیاسیدا سەرەتا لە رەخنەی سیاسی (و بنچینە فەلسەفەییەکەیەوە) دەستپێدەکات، خۆ ئەگەر جەوهەری بیری خۆی بۆ رەخنەی ئابووریی سیاسی تەرخان کردبێت، ئەوا لە ساڵی 1844ـەوە[1] وێنای یەکێتیی نێوان ئەم دوو رەخنەیەی کردووە. "ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی" پێویستییەکی تیۆریی رادەگەیەنێت بۆ هەوڵدان بە ئاراستەیەکی پێچەوانەدا. پێویستییەکانی خەباتی سیاسیی چینایەتی وای لە مارکس کرد هەندێك لە رەگەزەکانی ئەم رەخنە نوێیەی سیاسەت لەنێوان ساڵانی 1848-1850 روونبکاتەوە. لەدوای ئەم ساڵانەوە ئیدی هەموو لێکۆڵینەوە بەرفراوانەکانی لە کایەی رەخنەی ئابووریدا، هەمیشە ئاسۆیەکی بۆ رەخنەی سیاسییش تێدا بەدیدەکرا، دایاگرامە کێشراوەکەی لە (گرۆندریسە Grundrisse)ـدا بە ئاشکرا ئەمە دەسەلمێنێت و تاوتوێی "فۆرمەکانی دەوڵەت و ئاگایی و پەیوەندیی ئەم دووانە بە هەلومەرجی بەرهەمهێنان و ئاڵوگۆڕکردنەوە" دەکات[2]. بەم جۆرە ماتریالیزمی مێژوویی، بەو فۆرمەی کە لە ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانیدا سکێچ کراوە،

---

1 دەستنووسەکانی 1844، بڵاوکراوە کۆمەڵایەتییەکان، پاریس، 1962، ل1.
2 بەشدارییەک لە رەخنەی ئابووریی سیاسیدا، بڵاوکراوە کۆمەڵایەتییەکان، پاریس، 1957، ل172.

توانیویەتی ئەو رەخنەیە بەرهەمبهێنێت کە تارادەیەك بنچینەیەکی بۆ بەرهەم و کتێبە مێژووییەکان پێکهێناوە و چالاکییە شۆڕشگێرییەکەی مارکسی لە ساڵی 1848دا ئاراستە کردووە. ماتریالیزمی مێژوویی لە فۆڕمە هەرە پەرەسەندووەکەیدا ئەو تیۆرییە بوو کە سەرکردایەتیکردنی سیاسیی ئەنتەرناسیۆنالی یەکەمی کردە شتێکی مومکین. بگرە دواجار تونرا لە شیکاریی نوێی «مێژوویی»ـدا بەکاربهێنرێت، کە دوای ساڵی 1871 دەرەنجامەکەی بەروونی دەرکەوت، ئاسۆکانی قۆناغێکی نوێی ڕۆشن کردەوە کە لەو سەروەختەدا دەکرایەوە، ئەویش قۆناغێکی تەواوی بزووتنەوەی کرێکاریی بوو. بەڵام وا دیارە، وێڕای توانای شیکارییە مارکسییەکە بۆ بەکارهێنان لە کایەی سیاسیدا، کەچی دەقە سیاسییە پەتییەکان، کە شیکاریی مێژووییش بوون، لەرووی تیۆرییەوە لە ئاستی رەخنەیی ئابووریی سیاسییدا نەبوون.

ئەم پەرەسەندنە نیوەناچڵە -کە بە دڵنیاییەوە پەرەسەندنی نیوەناچڵی خودی بزووتنەوەی کرێکاریی دەنوێنێتەوە، کە لەو کاتەدا هێشتا ملکەچی هەیمەنەی بۆرژوازیی بوو- لەو تەفسیرەیشەوە ئاڵابوو کە دەرەنجامەکەی رەخنەگرتن بوو لە ئابووریی سیاسی لە لایەك و شیکارییە مێژوویيە-ستراتیژییەکان لەلایەکی دیکە. بە پشتبەستن بە هزری سەردەمی گەنجیی مارکس کە بڕوای بە هەڵوەشانەوەیەکی ریشەیی سیاسەت هەبوو وەك ئەبستراکتیزەیەکی ئەنجامدراو، بەشێکی گەورەی تەفسیرەکە ئەو شتەی جیاکردەوە کە بەردەوام ئامانجی

مارکسی پێگەیشتوو بووە، واتە زانستیی شۆڕشگێڕیی، بەڵام یەکگرتوو، بۆ هەر پێکهاتەیەکی ئابووریی-کۆمەڵایەتیی سەرمایەداری. بەم جۆرە توانرا ناکۆکی بخرێتە نێوان کۆمەڵناسیی مارکسی و سیاسەتناسیی مارکسییەوە، وەك دوو کایە کە هەردووکیان لە ئابووریی سیاسی جیابوونەتەوە. شاردنەوەی ئەم یەکێتییە رەخنەییە-شۆڕشگێڕییە لەنێو مارکسیزمی پراکتیکیی بزووتنەوەی کرێکاریدا، هەمیشە قۆناغەکانی خاوبوونەوەی سیاسی یان قەیرانی ستراتیژیی لەگەڵدا بووە. رەخنەی سیاسەت لە رەخنەی ئابووریی سیاسی دابڕێنرابوو، هێندەی نەمابوو رەخنەی سیاسەت لە نێو نموونەی دەوڵەتی بۆرژوازیدا نوقم ببێت، یان لەنێو وێناکردنی خەباتی چینایەتی وەك خەباتێکی کارگێڕی و ئامێریدا ون ببێت (بە پاڵ ئەمەیشەوە سیفەتە شەیتانییەکان بە چین- سوبێکت دەبەخشرا و وەك سەرداریێکی رەهای ئامێرەکانی وێنا دەکرا). رەخنەی ئابووریی سیاسیش کە لە تەفسیرەکەی دەبارەی رەخنەی سیاسەت دابڕێنرابوو، دەگۆڕێت بۆ تیۆرێکی تەکنیکی و ئابووریی دەربارەی هێزە بەرهەمهێنەکان، بەهەرحاڵ هیچ شتێك هێندەی ئەوە لەگەڵ ڕۆحی کتێبەکانی مارکس لێکدژ نییە کە دابەشکاری و دابڕان لەنێوان ئابووری و سیاسەتدا دروست بکەیت: ئاسۆی رەخنەیی ئابووریی سیاسی، لە کاپیتالیزم خۆیدا، ئاسۆی سەرلەنوێ بیناکردنەوەیەکی تەواوی سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسییە لەسەر بنەمای پەیوەندییە سەرەکییەکەی بەرهەمهێنان. ئەو شتەی کە دەتوانین پێی

بڵێین شۆڕشە کۆپەرنیکییە کردەییەکەی مارکس، لەنێو دووبارە بونیادنانەوەی شیکاریی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێناندایە، کە سەرلەنوێ بونیادنانەوەی کۆی کێشەی سیاسی و کۆمەڵایەتییە بەدوای یەکدا.

کەواتە ئێستا ماوەتەوە ئەو شتە دیاریبکەین کە مارکس توانیی بە کردەیی لەم سەرلەنوێ بونیادنانەوە گشتگیر و یەکگرتووەدا، لە کایەی رەخنەی پەتیی سیاسەتدا ئەنجامی بدات. لەسەر ئەم بنەمایە سێ قۆناغ، یان سێ شێوەی ئەم رەخنەیە لە سیاسەت لێك جیادەکەینەوە:

أ- ئەو جۆرە رەخنەیە لە سیاسەت، کە پێش رەخنەی ئابووریی سیاسی کاری لەسەر کرابوو، بەڵام زەمینەی رەخنەی ئابووریی سیاسییشی ساز کرد (1841-1844). بابەتی ئەم رەخنەیە ماف و دەوڵەتی دەستووریی مۆدێرن بوو، کە مارکس لە هەڵوێستێکدا بە کردەیی بەکاریهێناوە و بووە مایەی گوزەر لە پێگەکانی دیموکراسییەتی ریشەییەوە بۆ پێگەکانی کۆمۆنیزم، لەسەر بنەمای رەخنەگرتن لە خودی ئەم دیموکراسییەتە. ئاسۆی ئەم رەخنەیەی یەکەم، کۆتایی "سیاسەتی دابڕێنراو" بوو وەك بازنەیەکی جودا لە پەیوەندییە جەوهەرییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا. لێرەدا پرۆلیتاریا وەك لایەنی یەکلاکەرەوە دیاریکراوە بۆ یەکلاکردنەوەی لێکدژییە سەرەکییەکەی ئەم کۆمەڵگەیە، وەك لایەنێك کە توانای هەڵوەشانەوەی ئەم لێکدژییەی هەیە.

ب- رەخنەی سیاسەت، کە ئاوێزانە لەگەڵ شێوەی یەکەمی

ماتریالیزمی مێژوویی، لە دەوری پەیوەندییە سەرەکییەکەی بەرهەمهێنان (سەرمایە/کار) تەوەرە دەبەستێ. ئەم رەخنەیە، کە پەیوەست بوو بە خەباتی سیاسیی چینایەتییەوە لەپێناو کۆمۆنیزمدا، لەبارەی شەپۆلی شۆڕشگێڕیی ساڵی 1848ـەوە هاتە ئاراوە و بووە مایەی دەرەنجامگەلێك کە لە شیکارییەکەدا بە وردی دیاریکراون و زۆربەی جاریش هەمووان کاریان بۆ شاردنەوەی کردووە. ئەم رەخنەیە توانای ئەوەمان پێدەدات کە توێژینەوەیەکی ئاگامەندانە دەربارەی پەیوەندی نێوان دیموکراسییەت و گواستنەوەی شۆڕشگێڕیی (1845-1852) ئەنجام بدەین.

ج- مارکس، لەسەر بنەمای رێسایەکی دووسەرەی پەرەسەندنی رەخنەی یەکلاکەرەوەی ئابووریی سیاسی و بۆ دەرخستنی ئەزموونی قۆناغێکی تەواوی خەباتی چینایەتی، لەرێگەی دیاریکردنی پرۆسێسی گواستنەوەی سیاسییەوە، جۆرە رەخنەیەکی دیکەی لە سیاسەت پەرەپێدا. ئەم رەخنەیە بە هەڵپەسێردراوی مایەوە، وەك بڵێی لە رووی تیۆرییەوە نەگاتە ئاستی سەرمایە و بگرە بەراورد بە سەرمایە زۆریش کاڵ و کرچە. خۆ ئەگەر ئەم راستکردنەوەیە هەندێك پنتی هاوبەش لە ئینجیلی مارکسیدا پۆلێن دەکات، ئەوا تەنیا بە هۆی پەیوەستییە هەبووەکان بەڵام نەچەسپاوەکان (1871-1875)، بیر لەوە دەکاتەوە کە دەشێت لە رەخنەی ئابووریی سیاسیدا، لێکتر ببەسترێنەوە.

**1- رەخنەگرتن لە سیاسەت وەك داماڵین**

چاوێك دەگێڕین بەو دەقانەی پێش رەخنەگرتن لە مافی سیاسی هیگڵی 1843 نووسراون، بۆ ئەوەی لەم دەقەدا ئاماژە

بۆ یەکەم رەخنە لە سیاسەت بکەین، رەخنەیەکی رادیکاڵتر، رەخنەیەك کە لە کۆنتێکستی جوڵانەوەی دابڕان لە هیگڵییە گەنجەکان و فەلسەفەی نوێی مافی سروشتی و رەخنەی هیگڵ لەم فەلسەفەیە پێکهاتووە. ئەم رەخنەیە تەنیا قۆناغی گوزەرە و دەبێتە مایەی یەکەم رەخنە لە ئابووریی سیاسی کە بە "مەسەلەی یەهودیەت 1843" دەستپێدەکات. لە مەسەلەی یەهودیەتدا، کە نابێت لەگەڵ دەقەکەی پێشتردا بەراوردی بکەین، وا پێدەچێت تەنیا خودی رزگاربوونی سیاسی بەس نەبێت، ئەمە رزگاربوونێکە کە دەوڵەتی نوێنەرایەتی مۆدێرن لە بەرەنجامی ململانێ لەگەڵ دەوڵەتی نیوە فیودالی-دا فەراهەمی دەکات. مارکس بیری لەوە دەکردەوە ئەم رزگاربوونە بگوازێتەوە بۆ رزگاریی کۆمەڵایەتی، واتە بۆ کۆمۆنیزم. بەڵام وا پێدەچێت ئەم کۆمۆنیزمە کە هێشتا لەو کاتەیشدا وەك ئایدیایەکی یۆتۆپیایی دەردەکەوت چونکە لەسەر تاکایەتی و تایبەتمەندیی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی کاپیتالیزم دانەمەزرابوو، لەگەڵ ئەوەیشدا کۆمۆنیزمێکی یەکلاکەرەوە بوو، لەبەرئەوەی گۆڕانێك لە هەڵوێستی سیاسیدا دەهێنێتە بواری پراکتیکەوە، ئەم گۆڕانەی کە خودی خۆی دەبێتە کارکردی گۆڕانی تیۆرییش: مەبەست لەمە گوزەرە بۆ تیۆرێکی سەربەخۆی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی پرۆلیتاریا. "ئایدیۆلۆژیا"ی کۆمۆنیزم (کە لە ئێستادا ئایدیۆلۆژیایەکی جۆرییە، چونکە خۆی وەك ئایدیالی یەکسانییەك پیشان نادات کە دەبێت بەدەستی بهێنین) لەپێش پەرەسەندنە "زانستی"، شیکاریی-دیالێکتیکییەکەی کۆمۆنیزمەوە هاتبووە ئاراوە. خۆ ئەگەر لەجیاتی ئەوەی

دەرك بە وەزیفە مێژووییەكەی پرۆلیتاریا بكات، زیاتر دانی پێدا نابێت، ئەوا ئەگەر ئەم دانپێدانانە نەبووایە، ئەم دەرككردنەیش كاری نەكردە بوو.

ئەم یەكەم رەخنەیە لە سیاسەت، وەك بازنەی رزگاربوونی ئەبستراكت "بازنەی سیاسیی پەتی"، لەوە ئاڵۆزترە كە مەزەندەمان كردووە. خۆ ئەگەر لێرەدا ماركس تەریب بە ئانارشیزمی پۆزەتیڤگەرانەی سان سیمۆن (گۆڕینی دەسەڵاتی پیاوان و جێگرتنەوەی بە بەڕێوەبردنی كاروبارەكان)، یان ئانارشیزمی پرۆدۆن (هەڵمژینی كۆمەڵایەتییانەی وەزیفە سیاسییە دابڕاوەكان، لەسەر بنەمای دەستپێشخەریی میللی) دەڕوات، ئەوا لە پۆلی ئەم روانگە ئانارشیستییەدا ناوەستێت: ماركس ئەوەی بەلاوە پەسەند نییە پێشنۆرەیی تیۆری بە ئازادی رەهای تاكەكەس بدرێت و بە ستایشكردنی زەمینەی بەبڕشتی كۆمەڵایەتیی رەسەن، دژی نارەسەنیی دەوڵەتی سیاسییش واز ناهێنێت. ئەو جوڵەیەی كە بە گەڕاندنەوەی بۆ بازنە جەوهەرییەكەی كۆمەڵگەی مەدەنی رەخنە لە سیاسەت دەگرێت، كەچی بازنەی سیاسەت ناكاتە دیاردەیەكی لاوەكی و حاڵەتێكی كورتخایەن. سیاسەت وەك بواری دەوڵەت و مافی گشتی، ئەو رواڵەتە لاوەكییە نییە كە لەرێگەی دابەشبوونی ناوەكیی خۆیەوە -واتە دابەشبوون بەسەر هاونیشتمانیانی دابڕاو و هاونیشتمانیانی یەكگرتوو دەرهەق بە شوێنكەوتەییان بۆ ئەو دەوڵەتەی گوایە ئیرادە گشتییەكەیان دەنوێنێتەوە- دابەشبوونی تایبەتی كۆمەڵگەی مەدەنی دەردەخات، كە خۆی لێكدژییەكی دوژمنكارانەی بەرژەوەندییە تایبەتییەكانە. گوزەر بەرەو

ڕەخنەی ئابووریی سیاسی، بەدوایەکداهاتنی قۆناغ بە قۆناغ یان گۆڕانێکی ڕاستەهێڵییانە نییە. ڕاستییەکەی جۆرێك لە هاوکاتیی لەنێوان لەدایکبوونی ڕەخنەی ئابووری سیاسی وەك منداڵدانی جیابوونەوە و دابەشبوونە نوێیەکان (لەگەڵ یاسای دابەشبوونی بەرژەوەندییەکان) و ڕەخنەی سیاسەت وەك بازنەیەکی دابڕاو بۆ یەکخستنی ویستە تاکەکەسییەکان لە سایەی دەوڵەتی دەستووریدا و بەهۆی ئەم دەوڵەتەوە، هەیە. دەبێت ئەم ڕەخنە دوو سەرەیە لە یەك تێڕوانیندا کۆبکرێنەوە: لە ڕاستیدا مەسەلەکە پەیوەستە بە پرۆسەیەکی دوولایەنەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی یان خاوەندارێتی دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنی لەلایەن کەسانی "سادە"وە.

دەبێت جیاوازییە ناوەکییەکە لەم ئیشکالییەتەدا لە نێوان ڕەخنەگرتن لە مافی سیاسیی هیگڵی و مەسەلەی یەهودیەتدا دیاریبکەین. لە ڕاستیدا جیاوازییەکە لە ئوبێکتەکەدایە: یەکەمیان ڕەخنەیە لە فەلسەفەی سیاسیی هیگڵ و دەوڵەتی پروسی، مارکس ئەم ڕەخنەیە بەسەر دەوڵەتی دەستووریشدا دەگشتێنێت، ئەوەیش بەناوی دیموکراسییەتی ڕیشەییەوە. بەڵام کتێبی مەسەلەی یەهودیەت ڕەخنەیەکە تەرخانکراوە بۆ تاوتوێکردنی دیموکراسیەتی سیاسی وەك داماڵین و نامۆبوون، ئەوەیش بەناوی کۆمۆنیزمەوە وەك ڕزگاربوونی کۆمەڵایەتی و مرۆیی. دەرهەق بە یەکەمیان مارکس پشتدەبەستێت بە گشتیترین ڕەخنەی دژە تیۆری و دووپاتکردنەوەی "لۆژیکی تایبەت بە بابەتێکی تایبەت"، ئەویش کاردەکات بۆ دەرخستنی بێ شیرازەیی بیرکردنەوەی هیگڵ. مارکس پێیوایە هیگڵ، تەنیا بە شێوەیەکی خەیاڵی، ئەو سنوورانەی

تێپەڕاندووە کە تیۆرسێنەکانی مافی سروشتی پێی گەیشتبوون: ئەو پێیوابوو لەڕێگەی تۆتالیتاریزمی ئاشکرای دەوڵەتەوە ئەتۆمیزمی ئیرادە تاکەکەسییەکان، کە بەهۆی پەیمانی کۆمەڵایەتییەوە پێکەوە بەستراونەتەوە، تێدەپەڕێنێت. وردتر قسە بکەین، هیگڵ وای دەبینێت کە دەوڵەت تەنیا ئەو کاتە دەتوانێت ببێتە میدیۆمی لێکدژیی نێوان کۆنتێکستی یەکانگیریی و گشتاندنی ویستە تاکەکەسییەکان کە بە Standeـەوە ببەسترێتەوە، واتە پەیوەندیدار بێت بە کۆمەڵێك گروپ و دەستەی پیشەییەوە لەوانەی سەدەکانی ناوەڕاست، کە بە شێوەیەکی پیشەیی دیاریکراون[3]. ئەم دەستە و گروپانە میدیۆمی سروشتی ئەتۆمیانەی تایبەتی تاکەکان و گشتگیریی ئاشکرای دەوڵەتن، لە ڕێکخستنی بازنەی یاسادانانیشدا ئەو ڕۆڵە دەگێڕن کە پێیان دراوە. مارکس لەو جێیەدا کە لەبارەی پەرەگرافی 203 و 303ـی «بنەماکانی فەلسەفەی ماف»ـەوە دەدوێت، لەلایەکەوە ستایشی هیگڵ دەکات کە دەرکی بەو جیاکردنەوە نوێیەی نێوان بازنەی تایبەتی و بازنەی گشتی کردووە؛ لەلایەکی دیکەیشەوە ڕەخنەی ئەوەی لێدەگرێت کە تەنیا بەشێوەیەکی فەلسەفییانە ئەم لێکدژییەی تێپەڕاندووە، ئەویش بەهۆی دروستکردنی شوناسێکی وەهمییەوە لە نێوان ئەم دوو بازنەیەدا لە ڕێگەی میدیۆمێکی ساختەی وەکو ئەم دەستە و تاقمانە یان لە میدیۆمی دەوڵەتەوە. ڕاستییەکەی، هیگڵ دەوڵەت لەژێر کۆنترۆڵی بەرژەوەندییە موڵکایەتییە تایبەتییەکاندا دەهێڵێتەوە. بگرە

3 ڕەخنە لە فەلسەفەی مافی هیگڵ، بلاوکراوە کۆمەلایەتییەکان، پاریس، 1975، ل54.

لەمەیش خراپتر، هیگڵ لە بەرامبەر ئەو تیۆرانەی پەیمانی کۆمەڵایەتیدا پاشەکشە دەکات کە دژیان وەستابوویەوە. ئەگەر ئەم تیۆرییە دیموکراسییە-لیبرالییانە، تیۆریزەکەری لێکجیاکردنەوە نوێیەکەی ]کایەی[ تایبەتی و ]کایەی[ گشتی بووبن، ئەوا پاڵپشتی بنەمای دەستووری نوێنەرایەتی دەکەن (واتە هەڵبژاردنی ئەندامانی دەستەی یاسادانان)، ئەوەیش سوودی زیاترە، چونکە هیچ نەبێت پەنا نابانە بەر ئەو تاقمە پیشەییە "ئەندامی"یانەی کە هی سەردەمی سەدەکانی ناوەراستن تاوەکو بەسەر جیاکردنەوە ناوەکییەکەی جیهانی مۆدیرندا بەرزترببنەوە. کەواتە، هیگڵ سیستەمی میدیۆمی دەوڵەتی دەستە و گروپە پیشەییەکانی دەوێت، بەڵام بە واتای نوێی دەسەڵاتی یاسادانان (تەشریعی)، دەسەڵاتی یاسادانانـیشی دەوێت، بەڵام لە جەستەی سیستەمی دەستە و گروپە نێوەندگیرەکاندا[4]. بەم جۆرە هیگڵ بۆ تێروانینی نێوانگیرانە پاشەکشە دەکات، تا بەسەر ئەو لێکدژییە نوێیەدا سەرکەوێت کە دەیکاتە هاوشوناسی لێکدژیی کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆمەڵگەی سیاسی. لەم روانگەیەوە، تیۆری مافی سروشتی -کە تیۆرێکە لە راگەیاندنی «مافی مرۆڤ و هاوڵاتی»یدا دەگاتە لوتکە و ئینجا کۆمەڵگەی مەدەنی و دەوڵەتی سیاسی لەیەك جیادەکاتەوە- لۆژیکیترە، لەبەرئەوەی «گوزارشتێکی کردەییە دەربارەی پەیوەندییە واقیعییانەی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنیی بۆرژوازی و دەربارەی لێك جیاکردنەوەیشیان». مارکس و ئەنگڵس پێیان وایە »دەستووری نوێنەرایەتی پێشکەوتنێکی گەورەیە

4 هەمان سەرچاوە، ل126.

چونکە گوزارشتێکی راشکاوانە و بێ غەلوغەشە کە لە رەوشی دەوڵەتی مۆدێرن کەوتۆتەوە. ئەوە لێکدژییە نەشاراوەکەیە"[5].

بەم جۆرە کۆنتێکستی داماڵینی کردەیی ئەو پرسەیە کە واقیعی مۆدێرن هەڵدەسوڕێنێت. «کۆمەڵگەی مەدەنی»، کە مارکس لە رووبەڕووبوونەوەی ئەتۆمییانەی بەرژەوەندییە تایبەتییەکاندا کورتی دەکاتەوە، «دەوڵەتی سیاسی» وەك داماڵینی خۆی (کتجرید لذاتە) دەخولقێنێت، داماڵینێکی تایبەتکراو بە تێپەڕاندنێکی خەیاڵییانەی لێکدژییە ناوەکییەکانی، لە ئاسمانی سێکیولاریزمی مافی مۆدێرندا.

ئیدی لەو کاتەوە «رەخنەگرتن لە مافی سیاسیی هیگڵی» دەیتوانی، دوور لە هیگڵ و مافی سروشتیی بۆرژوازی، ئەو کایەیە دیاریبکات کە تازە ئاوەڵای کردبوو: ئەویش کایەی شیکاریی لێکجودایی کۆمەڵگەی مەدەنی و دەوڵەتی سیاسی بوو. لێرەدا لێکدژییەکی دوولایەنە هەیە کە تەنیا خۆی دەتوانێت دەوڵەتی سیاسی دیاریبکات. لە راستیدا ئەم دەوڵەتە لە لایەکەوە لە بەرامبەر دەوڵەتی مەدەنیدا و لەلایەکی دیکەیشەوە -بە شێوەیەکی قووڵتریش- لە بەرامبەر جەوهەری ئەم کۆمەڵگە مەدەنییەدا، واتە «ژیانی گەل» یان دیموکراسیەتی واقیعی، دیاریدەکرێت. بەم جۆرە لە سەرەتاوە کۆمەڵگەی مەدەنی، وەك کۆمەڵگەیەکی نا-سیاسیی کە بە لێکدژیی بەرژەوەندییەکانی نێویدا دەناسرێتەوە، بازنەی پوختی سیاسەت، وەك میدیۆمێکی ئەبستراکت و ساکاری بەرژەوەندییەکانی دەخولقێنێت و رواڵەتگەرایی و بیرۆکراسییەتەکەیشی دەردەخات. لەم ئاستەدا، کۆمەڵگەی

5 هەمان سەرچاوە، ل129.

مەدەنیی ئەتۆمیستی زیادەیەکی خراوەتە سەر، مەبەستمان بازنەی «پوخت»ی سیاسەتە. ئەم بازنەیەش، بە پێچەوانەوە، دەلالەتە لەسەر کۆمەڵگەی مەدەنی و لە نێوانگیریی رواڵەتیی بەرژەوەندییە تایبەتییەکاندا، واتە بەشێوەیەکی واقیعی، لە بەرهەمهێنانەوەی بەرژەوەندییە زاڵەکاندا لە بەین دەچێت. بەڵام لە هەمان کاتدا ژیانی جەوهەرییانەی گەل، بە واتای دیموکراسییەتی راستەقینە کە یەکەم خواست و گرنگترین خواستی ئەم ئەتۆمیزمەیە، بە هۆی کاریگەری ئەتۆمگەرایی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە، لە نامۆبوون و دابڕاو لە خۆی دەردەکەوێت. دواجاریش هەر ئەوەیە پێناسەی دەوڵەتی سیاسی بۆ ژیانی زەوتکراوی گەل کە شتێکی بنچینەیی و سەرەکیشە. لە کۆمەڵگەی مەدەنی ئەتۆمیستدا کە ئەبستراکتکردنی خۆی (میدیۆمکارییەکی خەیاڵی) -کە دەوڵەتە- دروست دەکات، گەل ]سوبێکت[ تووشی نامۆبون دەبێت. لۆژیکی تایبەت بە ئوبێکتی تایبەت، سوبێکتی راستەقینە و رەگەز تازە دەکاتەوە، لە دەوڵەتی سیاسیشدا مەحمولە نەرێکراوەکە لەم رەگەزەدا سەرکۆنە دەکات: دەوڵەت، بەوپێیەی لە دامەزراوەی نوێنەرایەتیدا بوونی هەیە، هیچ بوارێك بۆ بوژاندنەوەی جەوهەریی، واتە بۆ ژیانی گەل ناهێڵێتەوە، چونکە ئەم ژیانە لە ئەتۆمیزمی بەرەرژەوەندییەکاندا تووشی دابەشبوون دەکات. ژیانی گەل بە دەوڵەتی سیاسیدا تێدەپەڕێت، چونکە لە بنچینەدا بەهۆی لێکدژیی واقیعیی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانەوە دابەشبووە، ئەم لێکدژییەیش مۆری خۆی لە کۆمەڵگەی مەدەنی دەدات. بەم جۆرە لۆژیکی تایبەت بە بابەتی تایبەت لۆژیکی

ئەو لێکدژییانەیە کە ڕەگەزی مرۆیی وەك کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی لەتبوو دیاریدەکات و لەم ڕێگەیەشەوە تووشی دابەشبوونی دەکات[6].

لەسەر ئەم بنچینەیە تێزە پۆزەتیڤیستییەکە سەرهەڵدەدات کە تەوەری «ڕەخنەگرتن لە مافی سیاسی هیگڵی» و پراکتیکە سیاسییەکەیەتی: تاکی مرۆیی، کە هەموویان لە «گەل»دا یەکیان گرتووە، سوبێکت یان ڕەگەز یان بکەر و بەرهەمهێنەری جیهانە مێژوویی-کۆمەڵایەتییەکەی خۆیەتی. دەوڵەت، کاتێك بە شێوەیەکی بنچینەیی لە کۆمەڵگەی مەدەنی جیادەبێتەوە و دەبێتە پانتاییەکی سەربەخۆ، پەیڕەوی لە مرۆڤی ئەبستراکتی فیۆرباخ ناکات، بەڵکو پەیڕەوی لە گەل دەکات و هەر ئەمیش جەوهەر و هۆکاری بوونە تایبەتییەکەیەتی. چەمکی گەل-یش، کە سپینۆزا و ڕۆسۆ وەکو پێکهاتەیەکی سەیر تەماشایان کردووە، وەك دەسەڵاتێکی یاسایی ئەبستراکت و ئەنتی-فۆڕماڵ خۆی دەسەپێنێت و وەها خۆی پیشاندەدات کە شیاوی ئەوە نییە ڕێسای بۆ دابنێین، یان وەك تۆتالیتێیەکی بنچینەیی باڵادەستییەکی ناقابیل بۆ نامۆبوون خۆی دەنوێنێت. مارکس لێرەدا ماتریالیزمێکی تۆکمەی دیموکراسی نەك مێژوویی پەرەپێداوە، ئەو ماتریالیزمەیش واتای خۆی لەوەدا وەردەگرێت کە لە ڕێگەی خەباتی سیاسییەوە لە پێناو دیموکرسیدا وەربگێڕدرێتە سەر پراکتیك. لە ڕوانگەی مارکسەوە، دەبێت دیموکراسییەت

6 هەمان سەرچاوە، ل98 (لەبارەی دیموکراسییەتەوە)، ل136. (دەبارەی ئەتۆمیزمی کۆمەڵگەی مەدەنی: دەوڵەتی سیاسی ئەبستراکتکردنەوەی ئەم کۆمەڵگەیەیە).

بەشێوەیەکی عەقڵانی دیاریبکرێت، هەر ئەمەیشە دەتوانێت بە وردی ریالیزەی بکات: واقیعی باو هاوشوناسی بوونی ئەم دابەشبوون و کەرتبوونە ناعەقڵانییەی نێوان دەوڵەتی سیاسیی پوخت و کۆمەڵگەی مەدەنیی کەرتبووە[7]. بەم جۆرە واقیعی دەبێتە دابەشبوونێك لەنێوان ئەبستراکتیزەیەکی گشتگیر، کە بە خەیاڵ دەچێتە سەرووی ناوەڕۆکە ئەزموونییەکانییەوە، لەگەڵ ئەم ناوەڕۆکانە خۆیاندا. ئەم دەستپێکە کە عەقڵانییەت وەدیدەهێنێت، لەم ناوەڕۆکە ئەزموونییانەدا و دژی ئەبستراکتیزەکردنی ئەم ئەزموونگەرییە خەملیوە، واتە لەنێوان (ئەتۆمیزمی کۆمەڵایەتی) و (دەوڵەتی سیاسیی پوخت)ـدا. ئەم دەسپێکە لە هەمان کاتدا، چارەسەرە بۆ ئەبستراکتکردن و لێکدژییەکانی دەسەڵات. ئەم دەسپێکە وەدیهێنەرە، دەسپێکی گەل- جەوهەر- دیموکراسییەتە. دیموکراسییەتیش «جەوهەری هەموو فۆرماسیۆنێکی سیاسییە، واتە مرۆڤ تەنیا وەك پێکهاتەیەکی تایبەتی سیاسی لە رووی کۆمەڵایەتییەوە دروست دەبێت»[8]. تەنیا دیموکراسییەت، لە نەفرەتی سیاسەتی «پوخت» و ئەبستراکت دەخزێت: رەگەزی مرۆیی وەك خۆ-دیاریکردنی گەل، چەمکەکەی خۆی لە واقیعدا ریالیزە دەکات. گەل لە رواڵەتگەرایی

7 هەمان سەرچاوە، ل113. «نابێت لۆمەی هیگڵ بکەین لەبەرئەوەی وەسفی جەوهەری کۆمەڵگەی مۆدێرنی کردووە وەک ئەوەی کە هەیە، بەڵکو لەبەرئەوەی پاساوی ئەوەی داوە کە لە جەوهەری دەوڵەت دەچێت. ئەو دەڵێت ئەوەی عەقڵانیی بێت واقیعییە، رێک ئەمە ئەو شتەیە کە لە لێکدژیی واقیعی ناعەقڵانیدا دەردەکەوێت، کە لە هەموو شوێنێک پێچەوانەی ئەوەیە کە رایدەگەیەنێت و ئەوە ڕادەگەیەنێت کە بەپێچەوانەی ئەوەیە کە هەیە«.

8 هەمان سەرچاوە، ل69.

ئەبستراکتیزەی مافگەری-سیاسیدا بە تەواوەتی داگیر ناکرێت، چونکە دواجار گەلیش ئەو فۆڕمە ڕواڵەتییە وەردەگرێت کە لەگەڵ بنەما ناوەکییەکەیدا دەگونجێت. ئینجا ئابووریی «پەتی» لە کۆمەڵگەی مەدەنی و لە سیاسەتی ڕواڵەتگەریی بیرۆکراسییەتی «پوخت» جیا دەکاتەوە و لەمەیشەوە دووبارە ئازادییە بنچینەییەکەی خۆی بەدەستدەهێنێتەوە. ئامانجی مارکس ئەوەبوو کە بەم بیرۆکەیە دیموکراسییەتی نوێنەرایەتی بگۆڕێت بە دیموکراسییەتی ڕاستەقینە، ئەوەیش بەهۆی زەمینەی بە سیاسیکردنی بەرفراوانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە.

هێشتا مەسەلەیەك ماوەتەوە، هەر ئەم مەسەلەیەش بزوێنەری لێکبەستنەوەی ڕەخنەی سیاسەت و ڕەخنەی ئابووریی سیاسییە. واقیع لە چەمکەکەی دوادەکەوێت و دیموکراسییەتیش لە دەسەڵاتدا ناگاتە کاملبوون، بە ڕاست ئەم پرسە چۆن تەفسیر دەکرێت؟ دەبێت بەرگری بەرووی دەسەڵاتدا شیکار بکەین بۆ ئەوەی ئەم چەمکە بێتە پێشەوە. ئەم بەرگرییە فۆڕمی ئەتۆمیزمی کۆمەڵایەتی وەردەگرێت. مارکس ئەو تێزە هیگڵییە دەربارەی دەوڵەت ڕەتدەکاتەوە کە پێیوایە دەوڵەت سنوورێکی ئاشکرایە و لەنێو هەمان جەوهەرەوە دەردەچێت کە خۆی و دژەکەیشی لەخۆگرتووە، تاوەکو لەنێو هەمان یەکێتیدا «ئەویترەکەی» (کۆمەڵگەی مەدەنی) دروست بکات. مارکس دەیەوێت ئەرکی دروستکردنی لێکدژیی دیکە بگرێتە ئەستۆ و لە دروستکردنی دیاریکردنی چەمکەکان جیایان بکاتەوە. لێرەدا سەرەتاکانی پرسێك دەرکەوتبوو کە ڕاستەوخۆ ئاسۆکانی دەقەکەی ساڵی

1843ی روونکردەوە، واتە دەقی «مەسەلەی یەهودیەت»: بە چ میکانیزمێك ئەو دوو لێکدژە واقیعییە، «کۆمەڵگەی مەدەنی» و «دەوڵەت»، لە دوو دژی واقیعییدا بەرجەستە دەبن؟ لێرەدا مارکس، روانگەی دیموکراسییەتی رادیکاڵ تێدەپەڕێنێت: مارکس دیموکراسییەتی سیاسی وەك شوێنێکی دامەزراوەیی، تایبەت بە سەردەمی مۆدێرن، بۆ جیابوونەوە (إنفصال)ی بازنەی مەدەنی و بازنەی سیاسی، دیاریدەکات. سەردەمی مۆدێرن سەردەمی سەربەخۆبوونی ئەم دوو بازنەیەیە لە یەکتری؛ یەکێتییەکەشیان تەنیا یەکێتیی لێکجیاکردنەوەیانە لە یەکتری. بۆئەوەی هەڵوێستی کۆمۆنیستییانەیش کردەییانە بەکاربهێنرێت دەبێت بازنەی رەخنە تا ئەو رادەیە فراوان ببێتەوە کە دەوڵەتی راستەقینەی دیموکراسییش بگرێتەوە، کە لای خۆیەوە بۆتە فۆرمی باڵادەستیی سیاسی بۆ ئەتۆمیزمی کۆمەڵایەتی. مارکس کایەیەکی نوێ دیاریدەکات، ئەویش رەگەزەکانی ئەناتۆمیی کۆمەڵگەی مەدەنییە. ئەم کۆمەڵگەیە، کە کۆمەڵگەی «خەڵك» و «کەسە« (مەعنەوییەکانە)، لە راستیدا کۆمەڵگەی خاوەندارێتیی تایبەتە: ئەم کۆمەڵگەیە بە گوێرەی یەکێتییەك کە تەفرەقە دروستدەکات یان بەپێی تەفرەقەیەك کە هەمووان کۆدەکاتەوە، بە حوکمی دیفاکتۆ، تاکی ملکەچ بۆ فشاری ئابووریی پوخت دروست دەکات. بازنەی خاوەندارێتی تایبەتی و کۆنتراکتی بازرگانی، بۆ دەستەبەرکردنی پاشکۆیەکی وەزیفییانەی رێکخستن، پێویستی بە بوونی بازنەیەکی سیاسییە بۆ دەوڵەتی نوێنەرایەتی پەتی و کۆنتراکتی یەکگرتوو (هاونیشتمانیان). لە هەمان کاتدا ئەم دەوڵەتە دەبێتە پێشمەرج و بەرەنجامیش، واتە فۆڕمی

وەدیهاتووی یەکخستنە پەتییەکەی. رزگاربوونی سیاسیی لای خۆیەوە، کە ئامانجی کتێبی «رەخنەگرتن لە مافی سیاسی هیگڵ»ـە، رووبەرووی رەخنە دەکرێتەوە: لە راستیدا، ئەم رزگارییە دانان بە سەروەرێتی پەتیدا، بە ئاغایەتی مرۆڤی بۆرژوازیدا، مسۆگەر دەکات[9].

لەو کاتەوە، لە مەسەلەی یەهودیەتدا، پرسە کردەییەکە گۆڕا: ئەگەر ئازادیی سیاسی کۆك و سازگار بێت لەگەڵ سەروەرێتی «پیاوی تایبەت»ـی بۆرژوازیدا و ئینجا لە سنوورەکانی ئەودا دیاریکرابێت، ئەوا ئەمە رزگارییەکی ناکامڵ و درۆزنانەیە. هەروەها درێژە بە نامۆبوونی سیاسییش دەدات. دواتر ئەم رزگارییە ئاسۆی رزگارییەکی کۆمەڵایەتی و مرۆیی ئاوەڵا دەکات، کە بە رێگایەکی نوێی رێکخستن و پێکەوەژیانی ئابووریدا دەڕوات. بنچینەی نامۆبوونی دیموکراسییەتی سیاسی (ئایینی سێکیولار بۆ دەوڵەت و هاونیشتمانی) وا لە نامۆبوونی کاری کۆمەڵایەتیدا، لە جیاکردنەوەی هاونیشتمانی لە سیفەتەکەی وەك ئەندامێك لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا. کەواتە رزگاربوونی کۆمەڵایەتی تەنیا بە رەتکردنەوەی هەڵوەشانەوەی سیاسی دێتە دی، هەروەها فۆکەسی تەنیا لەسەر رەخنەگرتن لە دیموکراسییەت نییە،

---

9 مەسەلەی یەهودیەت، ئۆپێ، پاریس، 1971، ل73–75. »هەر کاتێک دەوڵەت دەگاتە پەرەسەندنە راستەقینەکەی، ئەوا مرۆڤ ژیانێکی دوولایەنە دەژی، ئەمە نەک تەنیا لە فیکر و لە ئاگاییەکەیدا، بەڵکو لە واقیع و لە ژیانیشدا؛ ژیانێک دەژی ئاسمانی و ئەویتریان زەمینی: ژیان لەنێو کۆمەڵێکی سیاسییدا کە خۆی بە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی دەزانێت؛ ژیان لەنێو کۆمەڵگەیەکی مەدەنیدا کە لەوێدا وەک مرۆڤێکی تایبەت پیادەی کار و چالاکیی تایبەتی خۆی دەکات و، لەوێدا ئەوانیتر وەک ئامراز دەبینێت و خۆیشی بۆ ئاستی ئامراز دادەبەزێنێت و دەبێتە گەمەیەک بە دەستی هێزە نامۆکانەوە«.

بەڵکو رەخنەگرتن لە بنچینەکانی دیموکراسییەتیشە، تەنیا فۆکەسی لەسەر دەوڵەتی ئازاد نییە، بەڵکو لەسەر رزگارکردنی دەوڵەتی سیاسییشە. بەم جۆرە کۆمۆنیزم پرۆژەیەکە بۆ دووبارە رێکخستنەوەی هێزە کۆمەڵایەتییەکان، بۆ ئەوەی بەرهەمهێنەران ئەو هێزە کۆمەڵایەتییەیان بەدەستبهێننەوە کە لە فۆڕمە سیاسییەکەیدا لێیان جیاکراوەتەوە[10].

ئەگەر رزگاربوونی کۆمەڵایەتی ئامانجی یەکلاکەرەوە بێت، ئەوا دەبێت وریای ئەوە بین ئەمە نە بە واتای ئەوەیە کە دەبێت رزگاریی سیاسی هەڵبوەشێنینەوە و نە پاکتاوکردنی مافە نوێیەکانە. ئەم مافانە بە بەراورد بە ئیمتیازاتە فیودالییەکان پێشکەوتنێکی گەورەیە. ئازادی و یەکسانی نابێت تەنیا لەبەرئەوەی مافخوازانەن و لە وەزیفەیەکدا دانیان پێدانراوە کە پەیوەستکراوە بە خاوەندارێتی تایبەتەوە، رەتبکرێنەوە. بەڵکو بەرەو ئاراستەیەکی دیاریکراوی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە واقیعییەکان، دەڕۆن کە قابیلی رەتکردنەوە نین. «پەتیبوون»ـی رەخنەی عەقڵی سیاسیی پەتی، کار بۆ خزمەتی «پەتیبوون»ـی خاوەندارێتی تایبەتی دەکات کە بە ناچاریی لەتەکیدا بوونی هەیە، هەر ئەم رەخنەیەش دووبارە مافخوازیی-سیاسی لەسەر بنچینەی رەخنەی ئابووریی سیاسی بونیاد دەنێتەوە کە رێک دەبێتە دەروازی سەردەمی دەسپێکردنی ئەم رەخنەیەی دووەمیان.

10 هەمان سەرچاوە، ل79 و 123. »تەنیا ئەو کاتە سەرفرازیی مرۆیی دەبێتە رزگارییەکی گشتی و کامڵ کە مرۆڤ بزانێت و "هێزی تایبەتی خۆی" وەک هێزێکی کۆمەڵایەتی رێکخستبێت. ئینجا هێزی کۆمەڵایەتی لە شێوەی هێزی سیاسییدا، لە خۆی جیانەکاتەوە«.

رزگاربوونی کۆمەڵایەتی وەك یەکەیەکی نوێی ئابووری و سیاسەت نیگار دەکرێت. تەنیا بەهۆی بونیادی ژێرەوە (بازنەی ئابووری) بونیادی سەرەوە (بازنەی سیاسی خاوەن ئاراستەیەکی کارگێڕی) دووبارە پێکدەهێنرێتەوە. فۆڕمە جیاوەبووەکان دەگەڕێنەوە بۆ هێزە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان، ئەمەیش بۆ ئەوە نا کە تێیدا بتوێنەوە، بەڵکو لەپێناو ئەوەی کە لەم وزە و هێزانەوە فۆڕمە بەرزترەکان دروست بن.

بەڵام وا پێدەچێت هێشتا ئەم کێشەیە ناجێگیر و لێکدژ بێت. شیکارکردنی میکانیزمەکان لە هەردوو بازنەکەدا و پەیوەندییان پێکەوە کامڵ نەکراون؛ مارکس نەیدەتوانی ئاماژە بە کەرەستە «سیاسییە« پێویستەکان بۆ دووبارە دامەزراوەندنەوەی بوارێك بکات، کە بە زەرورەت بواری دەسەڵاتی دیموکراسییەتی نوێنەرایەتی «پەتی» نەبێت. ئەو تەنیا ئاماژە دەکات بۆ پاش ئەبستراکتیزەی دەوڵەتی نوێنەرایەتی و بەتاقانەکردنی دەوڵەت لە بنەمایەکی نوێی کۆمەڵایەتیدا، لە چینێکی نوێی کۆمەڵایەتیدا، واتە پرۆلیتاریا. ئەرکی هەڵوەشاندنەوە و سڕینەوەی ئەم دوولایەنە لێکدژە: دەوڵەتی دەستووری و کۆمەڵگەی خۆپەرستی مەدەنیی خاوەندارێتی، دەکەوێتە ئەستۆی ئەم هێزە شۆڕشگێڕییە. بەڵام ئەو ساتەوەختە شۆڕگێڕییە وەك دوایین ئەکتی «سیاسی»، کە بەهۆیەوە دەوڵەتی چینەکان خاپوور دەکرێت، لە فیکری مارکسدا بە تەواوەتی دیاریی نەکراوە، ئیدی ئەو کۆنتێکستە دەستپێدەکات کە کار بە کاری کۆمەڵایەتی دەکات، ئەویش کۆنتێکستێکە کە لە ئێستادا فۆڕمە ناسراوەکانی باڵادەستیی دەوڵەت لەکاریدەخات. چۆن دەکرێت ئەو کەرەستانە

بەکاربهێنین، کە ڕێک لە بەکارهێنانەکەیدا، دەبێت تەفسیری هەڵوەشانەوەی خۆی بکات[11]؟ دوای ئەوەی پرۆلیتاریا لە پێناو «ڕووخاندن»ـی دەوڵەتی باڵادەستدا خۆی ڕێکدەخات، لەسەری پێویستە ئامرازە سیاسییە بەکارهێنراوەکان لە پێناو لەنێوبردنی جیهانی کۆندا لەنێو ببات. ئەگەر ئەو بوارەی کە کۆمۆنیزمی تێدا دادەمەزرێت، نەتوانێت بواری دەسەڵاتی سیاسیی دیموکراسی-بۆرژوازی بێت، ئەی دەکرێت بە چ جۆرێك پێشبینیی بکەین؟ چۆن بە خێرایی گۆڕانی کۆنتێکستی شۆڕشگێڕیی بۆ «کردە»ی سیاسیی وەلا بنێین، کە ڕەنگە کردەی تواندنەوەی سیاسیی بێت وەك کردەی سیاسی، واتە بەم مانایە، دوایین کردەی سیاسیی بێت؟

**2- ڕەخنەی ماتریالی-مێژوویی لە سیاسەت:**

جیاکردنەوەی سیاسەت و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری مارکس لە ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانیدا 1845 گەیشتە بەرەنجامی دیاریکردنی کێشەی نوێی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی هەلومەرجە کۆمەلایەتییەکانی بەرهەمهێنان و فۆڕمە مێژووییەکانی.

ئەم کێشەیە لەگەڵ کێشەی خەباتی چینایەتیدا هاوشوناسە: دیاردە مێژووییەکان هیچ نین جگە لە فۆڕمە هەمەجۆر و ئاڵۆزەکانی خەباتی چینایەتی. ئەم خەباتە

11 ئەمە ئەو شتەیە کە پێشەکیی ڕەخنە لە فەلسەفەی مافی هیگڵ دەیلێت، مارکس دوای نووسینی کتێبەکە، لە هەمان ئەو کاتەی کە خەریکی ئامادەکردنی مەسەلەی یەهودییە، دەڵێت: بزووتنەوەی ڕزگاری داوای ئەوە لە چینی ڕزگاریخواز دەکات کە «سەرجەم هەلومەرجەکانی بوونە مرۆییەکەی خۆی، لەبەر ڕۆشنایی ئازادییە کۆمەڵایەتییە ڕەخنەییەکەیەوە، ڕێک بخات». (سەرچاوەی پێشوو، ل210).

چینایەتییەیە کە بوونی چینەکان دیاریدەکات، نەك بە پێچەوانەوە. کۆی خەباتە چینایەتییەکان (ئابووری و کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئایدیۆلۆژی)، دواجار بە خەباتی ئابووریی چینایەتی لە بەرهەمهێناندا دیاریدەکرێن. هەموو دەقەکانی ئەم قۆناغە (کە لە نزیکەی ساڵی 1848هوە دەستپێدەکات و بە کۆتایی قۆناغی شۆڕشگێڕیی تەواو دەبێت) فۆڕمی دیاریکراوی بەرکارهێنانی ئەم گریمانە ماتریالی-مێژووییەن، لە ڕەوشی تایبەتی ئەم دەقانەدا (هەژاریی فەلسەفە لە بنەڕەتدا ئەم خاسییەتەی هەیە، بەڵام دەقەکانی تر لە بنەڕەتدا خاسییەتی سیاسییان هەیە): ئەمەش واتای ئەوەیە خەباتی چینایەتی کە سەرمایەدار ڕۆژانە لە بەرهەمهێناندا دژی کاری کرێگرتە دەچێتە نێویەوە، ئەوەیە کە وا دەکات پێشکەوتن لە کاردا پێشکەوتن بێت لە بەرهەمهێنانی قازانجدا، ئەوەیە کە لە ڕێگەی شۆڕش لە ڕێسا تەکنیکییەکانی کاردا کاریش دەتەقێنێتەوە. خەباتی ڕۆژانەی چینی کرێکاران بە رووی خواستی سەرمایەداردا، دەستەبەری هەلومەرجی پێویستی کار دەکات، بۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوەی هێزی کار کە بوونی چینی کرێکار و ئاسۆی خەباتە سیاسییە پێشهاتووەکەی دیاریی دەکات کە ئامانجەکەی باڵادەستییەکی نوێی چینایەتیی نییە، بەڵکو دەیەوێت بەهۆی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی دەوڵەتەوە پەیوەندیی کاری کرێگرتە هەڵوەشێنێتەوە.

مارکس لە هەژاریی فەلسەفەدا (1847) خۆی لە قەرەی ئەو لێکدژییە دەدات کە ئامادەکارییە تیۆرییەکەی پێشتر تێیدا شکستی هێنابوو. بۆیە دەگەڕێتەوە بۆ تیۆرێك

که له بنەمای سیاسەت-دەوڵەت بەولاوەتر بڕوات، بە ڕەچاوکردنی تیۆری دینامکییەتی چینە کۆمەڵایەتییەکان کە بونیادی سیاسی و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان پێکەوە پەیوەست دەکاتەوە. لێرەدا یەکەم دارِشتنەوەی کێشەی قۆناغی گواستنەوەی شۆڕگێڕی رادەگەیەنێت، واتە قۆناغی »گۆڕینی کۆمەڵگەی مەدەنیی پێشووتر بۆ یەکێتییەك، کە لەگەڵ بوون و لێکدژیی چینەکاندا ناکۆکە«[12]. لەبەرئەوەی سەرکەوتنی سیاسیی پرۆلیتاریا بۆ دامەزراندنی رێکخستنێکی نوێی دەسەڵاتی دەوڵەت تەرخان ناکرێت. پرۆلیتاریا، بە پێچەوانەی سەرجەم چینەکانی ترەوە، ئەرکی ئەوەیە بەهۆی لینکێکی نوێوە دەسەڵاتی سیاسیی بە واتا بەرتەسکەکەی، دووربخاتەوە. بەم جۆرە پێدەچێت ئەرکەکە لە کاتی دیاریکردنی کۆنتێکست و گۆڕانە دامەزراوەییەکان کە بۆ گەیشتن بەم ئامانجە پێویستن، سەخت و نوێ بێت. مارکس، بە دوورکەوتنەوەی لە هەر تەمەڵییەکی پێشبینیکارانە، دەیویست لە یەك کاتدا هەم شیکارگەرا بێت و هەمیشە دیالەکتیکگەرا: خەباتی چینایەتی هەر وەك خەباتێکی سیاسی دەمێنێتەوە لە پێناو هەڵوەشاندنەوەی "دەسەڵاتی سیاسیی بە واتا بەرتەسکەکەی" کە »پوختەیەکی فەرمییە بۆ لێکدژییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی«[13]. ئەم خەباتە چینایەتییە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتییە کە بزووتنەوەیەکی سیاسیشی تێدایە: لە قۆناغی دوای خەباتی چینایەتیدا "پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی" دەردەکەون، بەڵام هەرگیز

12 هەژاریی فەلسەفە، بڵاوکراوە کۆمەڵایەتییەکان، پاریس، 1961، ل179.

13 هەمان سەرچاوە.

”شۆڕشی سیاسی“ نین. هەروەها یەکەم رەخنەی ”زانستی“ لە ئابووریی سیاسی ئەوە دەردەخات کە سەربەخۆیی بازنەی سیاسی (بە پەیوەندییە ئیرادییەکانیشیەوە)، پەیوەستە بە شوێنەکەوتەیی ئەم بازنەیەوە بۆ بونیادی ئاڵوگۆڕ لە پێناو بەرهەمهێناندا، واتە بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی لە چینە لێکدژەکاندا. ئەم بازنە سیاسییە درێژبوونەوەیەکە گوزارشت لەو پەیوەندییانەی بەرهەمهێنان دەکات کە لێیان جیا دەبێتەوە، لە هەمان کاتیشدا کار بۆ شاردنەوەی ئەم پەیوەندییانە دەکات. بەڵام ئەم جیاکارییە هێشتا هەر نوقسانە، لەبەرئەوەی دەوڵەت وەك ئامڕاز، وەك فۆڕمێکی رێکخراوی باڵادەستیی چینایەتی بۆرژوازیی وێناکراوە. وێڕای ئەم سنوورە، مارکس دەستدەکات بە توێژینەوە لەو میکانیزمانەی کە بەهۆیانەوە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریی لە شێوەی دەوڵەتدا، وەك ”گوزارشتێکی گەردوونی“ و ”ئیرادەی ئازاد“ و ”گشتی“ دەردەکەون. لە هەمان کاتدا، دەوڵەتی دیموکراسی-نوێنەرایەتی وەك فۆڕمێکی تایبەتی باڵادەستیی چینایەتی بۆرژوازییەت، دەردەخات -ئەم توێژینەوەیە هێشتایش تەواو نەکراوە-. خۆ ئەگەر لێرەدا پرسی گواستنەوە بۆ یەکەمجار دیاریی بکرێت، خۆ ئەگەر مەبەستەکەیش گۆڕینی یەکگرتووی رواڵەتیی دەوڵەتی مۆدێرن بێت (کە تەنیا ئەندامەکانی چینی باڵادەست خاوەنی ئازادییەکان بن) بە یەکگرتوویی راستەقینەی تاکە یەکگرتووەکان، کە لەوێدا تاکەکان ئازادییە عەقڵییەکانیان و کەرەستەکانی پەرەدان بە تواناکانیان بەدەست دێننەوە، ئەوا پرسی دەستەبەرکردنی داهێنانی مێژوویی بۆ فۆرمە

نوێیەکانی رێکخستنی کۆمەڵایەتی دەمێنێتەوە، کە بتوانێت ئەم گۆڕانە و جێگرتنەوەیە ئەنجام بدات.

قۆناغی شۆڕشگێڕیی 1848 بواری پێوانەکردنی توانا شیکارییە-دیالەکتیکییەکانی ئەم رەخنە نوێیە لە سیاسەتی هاوزەمەن و تەبا لەگەڵ دەستپێکی ماتریالیزمی مێژووییدا دەرەخسێنێت. ئیدی لەم وەختەوە رەخنەی سیاسەت پەیوەست بوو بە دوو کۆنتێکستەوە کە تێهەڵکێش بە یەکتر بووبوون و بەمەش کێشەی تایبەت بە "هەنووکە"یان پێکدەهێنا: ئەوانیش کۆنتێکستی قووڵکردنەوەی شیکاریی تیۆری بوو بۆ شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریی (لەگەڵ تێگەیشتن لە بازنەی سیاسی وەك بازنەیەك کە بە گوێرەی کۆمەڵگەی چینایەتیی چەوسێنەر ئیش دەکات) و، کۆنتێکستی سیاسی پوخت بۆ رێکخستنی چینی کرێکار لە چینێکی شۆڕشگێڕیی "گشتی"ـدا. ئەم ماتریالیزمە میژووییە –کە هێشتایش کێشەی زێدەبەها و زێدە بەرهەمهێنانی دیاریی نەکردبوو- دەیتوانی رۆڵی بزوێنەری دروستکەری جەماوەری میللی بگێڕێت، ئەمەیش لەو پێناوەدا بوو کە لە جەماوەر تێبگات و بەشێوەیەی رێژەیی ئاراستەی بکات. خۆ ئەگەر لەم ئاستەدا هێشتایش تیۆرێکمان لەبەردەستدا نەبێت بۆ رەخنەگرتن لە فۆڕمە سیاسییەکان، تیۆرێکمان نوقسان بێت کە لە ئەنجامی پەیوەندی لەگەڵ رەخنەیەکی رێکوپێکی فۆڕمە ئابوورییەکاندا پێکهاتبێت، ئەوا ئەم رەخنەیە لە سیاسەت، کە دابڕانی 1845 ئاراستەکەی دەکێشێت، شیکارکردنی دۆخە مێژوویی-سیاسییەکە دەکاتە شتێکی مومکین، ئەم شیکارییەیش توانایەکی گەورەی هەیە و بۆتە جۆرێك لە "کلاسیزم"ـی تیۆریی.

ئیدی لەو کاتەوە مانیفێستی کۆمۆنیزم (1848) بایەخێکی کردەیی پەیدا دەکات[14]. مانیفێست سەرکەوتووبووە لە بەکارهێنانی ئەم مەعریفەیەی ماتریالیزمی مێژوویی لە شیکارییەکی رەخنەیی دوولایەنەدا کە لە جودابوونەوەی ئابووری لە سیاسەت گیراوە، چونکە خۆی وەك رەگەزێکی رێکخەری هێزێکی نوێی کۆمەڵایەتی بینیووە، کە بەرپرسە لە پرۆسەی گواستنەوەی شۆڕشگێڕی. ئەگەرچی مارکس لە شیکارییەکەیدا تارادەیەکی ئێجگار زۆر لەژێر کاریگەری فەلسەفەی مێژووی گەردوونیدایە، لە دروستکردنی چەمکەکانیشدا ئێجگار زۆر لەژێر کاریگەری شتێك لە ئابووریگەرایدایە، کەچی مانیفێست رەخنەی سیاسەت دەبەستێتەوە بە هەوڵێکی نوێوە بۆ دیاریکردنی قۆناغی گواستنەوەیی (بەتایبەتیش لەو بەشەدا کە تەرخانکراوە بۆ ئەو رێوشوێنە شۆڕشگێڕییانەی کە دەبێت دوای تێشکانی بۆرژوازییەت بگیرێنەبەر تاوەکو جوڵەیەك بکەوێتە گەڕ کە شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریی تێپەڕێنێت). ئا ئەمە شتێکی تێدایە کە لە رەخنەی سیاسەت زیاترە، واتە تیۆرێك پێشنیار دەکات بۆ دەستگرتن بەسەر دەسەڵاتی سیاسیدا و بەڕێوەبردنی نوێی لەلایەن پرۆلیتاریای رێکخراوەوە لە حزبی کۆمۆنیستیدا. ئەوە تەرجەمەیەکی سیاسیە بۆ ئەم رەخنەیە لە سیاسەت. ئەم تەرجەمە ستراتیژییە دوو چرکەساتی هەیە: بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی دەوڵەت، ئینجا بەڕێوەبردنی ئەم

14 بۆ زانیاریی لەبارەی هەموو ئەم بابەتانەوە بگەڕێوە بۆ: ئیتیان بالیبار «راستکردنەوەی مانیفێستی کۆمۆنیزم»، لە پێنج توێژینەوەدا دەربارەی ماتریالیزمی مێژوویی، ماسپیرۆ، پاریس، 1974.

دەسەڵاتە و گۆڕینی ئەو شتەی کە دەستی بەسەردا گیراوە. دەرهەق بە ڕێکخستنی پرۆلیتاریا لە چینی شۆڕشگێڕییدا، دەبێت بڵێین پەیڕەوی لە یەکەم تیۆر دەربارەی قەیرانە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری دەکات. لێکدژیی سەرەکی لەنێوان هێزەکانی بەرهەمهێنان و شێوازی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێناندا ئەوە بەسەر کرێکاراندا دەسەپێنێت کە هەتا بەرهەمهێنان زیاتر بێت ئەوانیش هەژارتر بن، بۆیە ئەم پەیوەندییە زەمینەی ئەوە سازدەکات کە کرێکاران ببنە چینێکی گشتی. مارکس، جۆرێك لە جیهانبینیی کارەساتگەریی دەبارەی ئەو قەیرانە دەخاتەڕوو کە لە کۆنتێکستێکی کورتی ڕێژەییدا دامەزراندنی دەسەڵاتی سیاسیی تایبەتی چینایەتیی بەسەر پرۆلیتاریادا دەسەپێنێت. بەم جۆرە پرۆلیتاریا دەتوانێت بەبێ پچڕان، لە پشتوانیکردنی باڵی پێشکەوتووی بۆرژوازییەتەوە بپەڕێتەوە بۆ بەدەستەوەگرتنی یەکجاریی دەسەڵات. دیموکراسییەتی بۆرژوازی، بنچینەی سیاسیی زەرورە بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات.

دەرهەق بە تیۆری کارگێڕیی دەسەڵات لەلایەن پرۆلیتارپاوە، مارکس ئەرکی بەکارهێنانی بونیادی نوێنەرایەتی دەوڵەت دەسپێرێتە پرۆلیتاریا، بەڵام لە پێناو ئامانجی جیاوازدا. بەم جۆرە دەبێت لە سەرەتاوە کەرەستەکانی بەرهەمهێنان سەنتراڵ بکرێن، بێگومان ئەمەیش پێویستی بە پێشێلکردنی مافی بۆرژوازی هەیە، "دەستێوەردانی ستەمگەرانە" هێرش دەباتە سەر ئەسڵی بونیادی خاوەندارێتیی تایبەت. هەر کە رووخانێکی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری پشت

بەم ڕێوشوێنانە دەبەستێت، هەر کە بەرهەمهێنان لە تاکە یەکگرتووەکاندا چڕ دەبێتەوە، دەسەڵاتی گشتی سیفەتە "سیاسییەکەی" لەدەست دەدات.

لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانین ئاماژە بە چوار تایبەتمەندی قۆناغی گواستنەوە بکەین:

أ- بەردەوامبوونی ئامرازی دامەزراوەیی بۆرژوازی و دەزگا بۆرژوازییە سەرکوتکەرەکان وەك ئامرازی باڵادەستیی بەدەستی پرۆلیتاریاوە.

ب- گرتنی بازنەی سیاسی، کە لێرەدا لە ژیانی مەدەنی دابڕێنراوە و خۆی خستۆتە سەرووی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە، ئەمەیش هۆکاری خۆی هەیە و بنەمای گۆڕانی کۆمەڵایەتی و ئابوورییە. دەبێت دەوڵەتی سیاسی ویستی سیاسیی پرۆلیتاریا تەرجەمە بکات و وەك پێشمەرجێکی پێویستیش، لەسەر بنچینەی ئەو پەیوەندییانەی بەرهەمهێنان کە سەرلەنوێ ڕێک دەخرێنەوە، پەرەسەندنی هێزە نوێیەکانی بەرهەمهێنانی بۆ دەستەبەر بکات.

ج- هەموو ئەو ڕێوشوێنە سیاسییانەی پەیوەستن بە خاوەندارێتییەوە، بە جۆرێك ڕێک بخرێن کە بە ئاراستەی دوایین ئامانج کار بکات، ئەویش: هەڵوەشاندنەوەی هەموو چینەکانە.

د- سیفەتی بریکار agent ببەخشرێتە بازنەی سیاسی بۆ ئەوەی پاشکۆیەتییەکەی تێپەڕێنێت: مەبەستی مارکس ئەوەیە کە دەوڵەتی سیاسی دەتوانێت ڕێک بەهۆی مەرجی بوونەکەیەوە خۆی نەفیی بکاتەوە. لەلایەکی دیکەیشەوە سنوورەکانی ئەم دەقە هەر لێرەدایە، چونکە هێشتاش

بۆشاییەك ماوەتەوە. ئەویش ئەوەیە نەخشەی بەکارهێنانی دەوڵەت لە چرکەساتی یەکەمدا، کە وەك چالاکیەکی دابڕاو و جیاوەبوو کۆتایی سیاسەتی بەدوادا دێت، لە شیکاریی کۆتایی لێکدژییەکانی پێشتردا دووبارە دەبێتەوە.

دەقە "مێژووییەکان" (ڕۆژنامەی نوێی ڕینانی، خەباتی چینایەتی لە فەرەنسا، هەژدەهەمی برۆمێری لویس پۆناپەرت) بازێکی جددیین بەهۆی دانانی نەخشەڕێگایەك بۆ تیۆری پەیوەندی سیاسی-ئابووری و چڕبوونەوەی لەسەر توێژینەوەی فۆرمەکانی گۆڕانی سیاسی. بە روونی دەکرێت ئەم ناوکە تیۆرییە بەکارهێنراوانە لە خستنەڕووی مێژووییدا بگەڕێنینەوە بۆ شەش خاڵ:

1- لەبارەی کۆماری دیموکراسییەوە: فۆڕمی سیاسی دوالیزمێکی سەرەکیی هەیە. لەلایەکەوە، زۆرینەی دامەزراوە سیاسییەکان پەیوەستن بە باڵادەستیی چینی بۆرژوازییەوە، ئەو بنچینانە فراوان دەکەن کە وا لەم چینە دەکات بتوانێت هەموو بەرژەوەندییەکانی یەك بخات[15]. لەلایەکی دیکەوە، دیموکراسییەتی سیاسی، هەر لە بەر ئەم هۆکارە، بواری ئەوە دەرەخسێنێت کە پرۆلیتاریا پەرە بەو خەباتە چینایەتییە بدات کە شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریی پێ دەناسرێتەوە. بەمەیش دەبێتە باشترین پانتایی شۆڕش[16].

2- دەربارەی پەیوەندی لەنێوان فۆڕمە سیاسییەکان و فۆڕمەکانی چەوساندنەوە: لینکێکی ڕێکخراوی میکانیکی لەنێوان باڵادەستیی چینی بۆرژوازیی و فۆڕمی ئەم باڵادەستییە سیاسییەدا نییە. دیموکراسییەت و بۆرژوازییەت پێکەوە گەشە

15 خەباتی چینایەتی لە فەرەنسا، بڵاوکراوە کۆمەڵایەتییەکان، پاریس، 1974، ل150.
16 هەمان سەرچاوە، ل62–63. دەربارەی هەڵبژاردنی گشتی کە «هۆیەکی کاریگەر بوو.... بۆ دەستپێکردنی خەباتی چینایەتی».

دەکەن، لەبەر ئەوەی دیموکراسییەت جەوهەریی ئابووریی بۆ دەسەڵاتی بۆرژوازیی مسۆگەر دەکات. بەم جۆرە، بەرهەمی ساڵانی شۆرش لە فەرەنسا ئاکامەکەی تۆقاندنی دژهشۆڕش و دامەزراندنی فۆڕمێکی نوێی سیاسی بوو کە بەلای بۆرژوازییەت خۆیشییەوە سەیر بوو، ئەویش ئیمپراتۆرییەتی ستەمگەرانەی پشت بەستوو بوو بە هەڵبژاردنی گشتی. بۆرژوازییەت، لەپێناو دەربازکردنی بەرژهوەندییە چینایەتییە ئابوورییەکانی خۆیدا دەتوانێت فۆڕمەکانی باڵادەستییە سیاسییەکەی خۆی بگۆڕێت، ئەم کارەش بەو جۆرە دەکات کە دەسەڵاتەکەی دەبەخشێتە کۆمەڵێك نوێنەر کە دەتوانن لە رووی سیاسییەوە ئاوەژووی بکەنەوە و بە زۆرەملێ فێری ئەوە بکرێن کە لە کوێ بەرژهوەندییەکانی بۆرژوازییەت هەیە. »بۆرژوازییەت، ئەگەر دەیەوێت بازاڕ داراییەکەی بپارێزێت، بە ناچاری دەبێت تاجەکەی بدۆڕێنێت«[17].

3- دەربارەی وەزیفەی دەوڵەت لە باڵادەستیی چینایەتیدا: دەوڵەت لە بونیادەکەیدا واقیعێکی جێگیر نییە؛ فۆڕمی دەوڵەت هەندێك گۆڕانی بەسەردا دێت کە بەرەنجام و لێکەوتەی خەباتی سیاسیی چینایەتین. بۆرژوازییەت دەوڵەت بە جۆرێك بەکارناهێنێت وەك بڵێی دەوڵەتە بە تەواوی ئیرادەی خۆیەوە لە لەگەڵیدا لە پەیوەندییەکی ئازاد و خۆویستانەدایە. بۆرژوازییەت وەك چینێك، بەهۆی گۆڕانەکانی دەوڵەتەوە خۆی وەك ئامراز بەرهەم دێنێت و بەرهەم دێنێتەوە (بڕوانە: بەهێزکردنی دەزگای بیرۆکراسییەت

17 هەژدەهەمی برۆمێری لویس پۆناپەرت، بڵاوکراوە کۆمەلایەتییەکان، پاریس، 1956، ل53-54.

و سەرکوتکاریی لە فەرەنسا، بەرفراوانبوونی وەزیفەکانی دەسەڵاتی دەوڵەت لە چاودێریی و بەڕێوەبردنی جەماوەر لە سەرەوە)[18]. خۆ ئەگەر چەمکی ئامرازی دەوڵەت بە فەرمی رانەگەیەنرابێت، ئەوا لەرووی کردەییەوە ئامادەیی هەبووە و وەك بەرەنجامی خەباتە بونیادنەرە پەتییەکانی بۆرژوازییەت وەك هێزێکی سیاسی، دەردەکەوێت.

4- لەبارەی دەسەڵاتی سیاسییەوە: دەسەڵاتی سیاسیی چینێك (وەك بۆرژوازیی)، کە بەرەنجام و پێشمەرجی باڵادەستییە چینایەتی و ئابوورییەکەیەتی، دەسەڵاتێکی کردەیی بۆ نوێنەرەکانی ئەم چینە بەسەر دەزگای دەوڵەتدا مسۆگەر دەکات. ئەم نوێنەرانە خۆیان هەمیشە ئەندامن لە توێژێکی دیاریکراوی چینی باڵادەستدا. لەبەرئەوە دەکرێت دەسەڵات سیاسی گرەوی ململانێ بێت لەنێوان ئەم توێژانەدا (وەك ئەوەی لە ناکۆکی نێوان ئۆریلیانییەکان و پادشایەتییەکان لە فەرەنسادا هەبوو). بەڵام نابێت دەسەڵاتی کردەیی ئەوانەی دەستیان بەسەر دەزگای دەوڵەتدا گرتووە لەگەڵ دەسەڵاتی رێکخراوی دەزگای دەوڵەت لە رووی یاساییەوە بەسەر کۆمەڵگەدا تێکەڵ بکەین: ئەم دەسەڵاتە کە بە یاسا رێکخراوە دەگەڕێتەوە بۆ ریالیزەبوونی دەسەڵاتی کردەیی. دەسەڵاتی سیاسیی دەوڵەت هەرگیز لە شێوەی پەیوەندی راستەوخۆ لەنێوان چینێك و چینێکی تردا دەرناکەوێت. لەلایەکەوە، راستە پەیوەندیی چینایەتی، لەسەر ئاستی دەسەڵاتی سیاسیی دەوڵەت دەپارێزرێت و بەرهەم دەهێنرێتەوە، بەڵام لەلایەکی دیکەوە، ئەوەیش راستە کە

18 هەمان سەرچاوە، ل100-101، هەموو شیکاریی گۆڕانەکانی ئامێری دەوڵەت.

بوونی دەوڵەت وەك ئامراز، بە شێوەیەکی گشتی، باڵادەستیی سیاسیی چینی باڵادەست وەدی دێنێت[19].

5- دەربارەی ئیش و کاری دەوڵەت: دەزگای دەوڵەت پەیوەندیی چینایەتی لە شوێنێکی دیکە، لە کایەی ئابووریدا، وەدی دێنێت. بەڵام میکانیزمی بەدیهێنانی ئەم پەیوەندییە، ئەو کاتە کاری خۆی دەکات کاتێك کە کار بۆ شاردنەوەی ئەم پەیوەندییە دەکات. دەوڵەت، وەك ئامراز، هەرگیز کاری وەك چینەکان خۆیان کاری بەسەر چینەکانەوە نییە، کاری بەو چینانەش نییە کە دەسەڵاتیان گرتووە، کاری بەوانەش نییە کە لە رووی سیاسییەوە بەسەریدا خۆیان باڵادەست کردووە. دوایین کاری دەوڵەت کە بەهۆی بوون و گۆڕانی تایبەت بەخۆیەوە دروست دەبێت، دروستبوونی کۆمەڵگە و دەوڵەت خۆیانن لە رووبەرووبوونەوەی یەکتریدا. کاری دەوڵەت لە وەدیهێنانی ئەم ناکۆکییەدایە کە لە هەمان کاتدا شوێنکەوتەیی و یەکخستنیشە. دەوڵەت کۆمەڵگە رووپۆش دەکات و وەك دەوڵەت وەدیدەهێنێت، لەم رێگەیەشەوە هەژموونی بەرژەوەندییە باڵادەستەکان دەکاتە شتێکی مومکین. بەم جۆرە ئیشی دەوڵەت ئەوەیە نوێنەرە "شەرعییەکان" بۆ مومارەسەکردنی دەسەڵات ئامادەبکات و دەرفەتی پیادەکردنی دەسەڵاتیان پێبدات، بۆ ئەوەی پێگەی نوێنەرانیکردنی کۆمەڵگە داگیر بکەن، ئەو پێگەیەی کە لە رووی سیاسییەوە رەوایەتی خۆی بەدەستهێناوە و ئینجا شاردراوەتەوە[20].

---

19 هەمان سەرچاوە، ل76. کۆماری بۆرژوازی ئەو فۆڕمە سیاسییەیە کە لە سایەی کارگێڕیی دەوڵەتدا، بواری یەکخستنی سەرجەم توێژەکانی چینی باڵادەست دەڕەخسێنێت؛ ئەم کارگێڕییە پانتایی پێکهاتنی بەرژەوەندییەکانیان دەخاتە بەردەست، و چینی باڵادەست لەبەرامبەر چینی ژێردەستاندا یەکدەخات.

20 هەمان سەرچاوە.

6- دەبارەی خەباتی سیاسیی چینایەتی لە شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا: خەباتی سیاسیی چینایەتی پرۆسەی بەردەوام دووبارە خستنەوەڕووی جێگیریی فۆڕمی سیاسییە کە باڵادەستی ئابووری وەدیدێنێت. بۆرژوازییەت، لە رووی بونیادییەوە هەر وەك پرۆلیتاریا، بەڵام لە سایەی هەلومەرجی جیاواز و نالێکچوودا، دەبێت لەنێو بژاردە سیاسییەکانی فۆڕمی سیاسیی سەرکردایەتیکردندا، ئەو بژاردەیەیان هەڵبژێرێت کە لە باڵادەستییە ئابوورییەکەیدا جەوهەرییە. لە شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا چینی باڵادەست، بە بەردەوامی ئەرکی پەرەدان بە دەوڵەت و گۆڕینی دەوڵەتی دەکەوێتە ئەستۆ، بە جۆرێك کە دەوڵەت دەتوانێت رێساکانی کۆمەڵگە دابنێت و هەموو کۆمەڵگە و لێکدژییەکانی و خەباتە ئابوورییە چینایەتییەکانی، بخاتە نێو چالاکییەکانییەوە[21]. کەواتە بەر لە لینین، مارکس ئاماژەی بەوە کردووە کە خەباتی سیاسیی چینایەتی گوزارشتێکی سەنتەری و چڕە لە خەباتی ئابووریی چینایەتی. ئەم خەباتە بۆ بۆرژوازییەت شتێکی بنەرەتی و بەرایییە، چونکە تەنیا ئەمە بواری ئەوە بۆ دەوڵەت دەرەخسێنێت کە ناکۆکییەکەی لەگەڵ کۆمەڵگەدا هەڵبگرێت و ئاشتی بکاتەوە، واتە بیگرێتە خۆی و لەچوارچێوەی بدات، ئەم کارەش پێویستی بە تایبەتمەندکردن و سەنتراڵکردنی ئێجگار بەرزی دەزگاکەی هەیە[22].

21 بەم جۆرە دەبێت شیکاریی بۆ گواستنەوە لە کۆماری-ئیمپراتۆری بکەینەوە، کە پشت بە هەڵبژاردنی گشتی دەبەستێت.

22 هەژدەهەمی برۆمێری لویس پۆناپەرت، سەرچاوەی پێشوو، ل100، لەبارەی بیرۆکراسییەتی مۆدێرنەوە.

دەقە مێژووییەکانی ساڵانی 1850-1852، کە لەگەڵ ئەم ڕەگەزە تیۆرییانەدا بە یەکتر دەگەن، نەخشەڕێگایەکی تیۆریین بۆ پەڕینەوەی شۆڕشگێڕانەی پرۆلیتاری، ئەو پەڕینەوەیەی کە مارکس، بۆ یەکەمجار، ناوی دەنێت دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا[23]. دەکرێت لە سێ خاڵدا درێژە بەم پرۆسە بدەین:

1- دەربارەی پەیوەندیی دیموکراسییەت-بۆرژوازییەت-پرۆلیتاریا: چونکە کۆماری دیموکراسییەتی-بۆرژوازی فۆڕمێکی سیاسیی گونجاوترە بۆ پەرەپێدان و چەسپاندن و بەهێزکردنی بۆرژوازییەتی پیشەسازیی، لە هەمان کاتیشدا، زیاتر قابیلییەتی هاندان و پشتیوانیلێکردنی هەیە لەلایەن چینی کرێکارەوە[24]. کەواتە لەبەر ئەمە، چینی کرێکار، لە ڕووی جەوهەرییەوە، ئەو هێزە کۆمەڵایەتییەیە کە لە نەزمی دیموکراسی زیاتر سوودمەند دەبێت. لەسەریشی پێویستە پانتایی دیموکراسییەت بکاتە کایەیەك تاوەکو لەم پانتاییەدا هەوڵ بدات دووبارە چینەکانی ناوەند لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە، ئەوەیش ئەو چینانەیە کە بۆرژوازییەت زانیویەتی تاکو ئێستا چۆن ]لەگەڵ خۆیدا[ یەکیان بخات.

2- دەربارەی ڕێکخستنی چینی کرێکار لە چینێکی گشتیی شۆڕشگێڕدا: ناشێت تیۆرێکی سەربەخۆ هەبێت

23 ئەم گوزارەیە لە کتێبی «خەباتی چینایەتی لە فەرەنسا»دا هاتووە، سەرچاوەی پێشوو، ل67.

24 خەباتی چینایەتی لە فەرەنسا، سەرچاوەی پێشوو، ل50. باڵادەستیی گشتی بۆرژوازییەت بەسەر پرۆلیتاریادا بواری ئەوە دەڕەخسێنێت کە »شۆڕشەکەی تا ئاستی شۆڕشی نەتەوەیی بەرز بکاتەوە« و »ریشە ماتریالییەکان لە کۆمەڵگەی فیودالییدا هەڵبکێشێت« و »ئەو تاکە زەمینەیە ئامادە بکات کە دەکرێت شۆڕشی پرۆلیتاریای تێیدا ڕووبدات«.

بۆ لایەنە ”ئەرێنییەکان“ـی دیموکراسییەت بۆ پرۆلیتاریا، ئەگەر بێتوو پەیوەست نەبێت بە ئاسۆی گۆڕانەکانی ئەم دیموکراسییەتەوە. بەم واتایە مارکس لە شکستی 1848ی بزووتنەوەی کرێکارییەوە پەندێکی وەرگرت: دەبێت چینی پرۆلیتاریا بتوانێت سەرلەنوێ پەرە بە خەباتی چینایەتیی خۆی بدات، بەوەی کایەی دیموکراسی بسەپێنێت کە دنەی سەرجەم گروپە کۆمەڵایەتییە ناپرۆلیتارییەکان بدات دژ بە بۆرژوازییەت بجوڵێنەوە، لەمەشەوە کۆتایی بە شوێنکەوتەییەکەیان بۆ دەوڵەتی بۆرژوازی بهێنێت. ئیدی لەم کاتەدا، لە هێڵە گشتییەکانی ئەم پرۆسەیەدا سیاسەتێکی تەواوکارانەی هاوپەیمانییە هاوبەندەکان دەردەکەوێت، تاوەکو ئەم چین و گروپانە دەگەنە ئەو باوەڕەی کە تەنیا ئەو کاتە دەتوانن لە پێناو بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیاندا خەبات بکەن و ئاسۆیەك بۆ خۆیان ببینن، کە دەرکی لینکی نێوان قازانجی سەرمایەداری و فۆڕمە هاوشانەکانی چەوساندنەوە بکەن[25]. لەم روانگەیەوە، دەبێت سەرلەنوێ ناکۆکی نێوان پرۆلیتاریا و دیموکراسییەت هەڵبسەنگێنرێتەوە: ئەگەر پرۆلیتاریا هەڵگری سیستەمێکی نوێ و سەربەخۆ بێت بۆ رێکخستنی کۆمەڵایەتی، کە لە ئاکامی خاپووربوونی دەوڵەت وەك بازنەیەکی جودا و سەربەخۆوە دێتە ئاراوە، ئەوا ئەم نامە مێژووییە، بە شێوەیەکی پارادۆکسیکاڵ، بەرژەوەندیی ئۆرگانیی پرۆلیتاریا دیاریدەکات و ئەوەی پیشاندەدات کام

25 هەژدەهەمی برۆمێری لویس پۆناپەرت، سەرچاوەی پێشوو، ل130. زەرورەتی هاوپەیمانی لەگەڵ جوتیاراندا بە جۆرێک کە »شۆڕشی پرۆلیتاریی«، بەم هۆیەوە ئەو ئاوازە بەکۆمەڵییە وەدیبهێنێت کە بەبێ ئەمە ژەنینێک لە هەموو نەتەوە جوتیارییەکاندا دەبێتە سرودی جەنازەیی«.

فۆڕمی سیاسیی دیموکراسیی لەگەڵیدا تەریب و گونجاوە و دەشێت پەرەی پێبدات، تاوەکو ئەو کاتەی لە مێژوودا لەنێوی دەبات. ئەو فۆڕمە لە دیموکراسییەتی سیاسی کە پەیوەستە بە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی باڵادەستیی بۆرژوازییەتەوە، بەشێوەیەکی لێکدژ، وا دەکات چەندین ئامانج یەکبخرێن کە لە پێویستییە ماتریالییەکانی چینە ناسەرمایەدار و ناپرۆلیتارەکانەوە هەڵدەقوڵێن، ئەوەش لە دەوری پرۆلیتاریا خۆی. یەکگرتنی سیاسیی چینی کرێکار لەگەڵ ئەم چینانەدا لە کایەی دیموکراسییەتی دەستووریدا دەگاتە ترۆپکی خۆی: ئەم چوارچێوە دیموکراسییە لەلایەن بۆرژوازییەت خۆیەوە خاپوور دەکرێت، کاتێکیش ئەمە بەکردەیی دەسەلمێنێت کە ترسی ئەوەی لێدەنیشێت ئەم دیموکراسییەتە بەرەو بەرژەوەندیی سیاسیی پرۆلیتاریا بڕوات[26].

3- دەربارەی سیفەتی نا-لێکچووی ڕێکخستنی سیاسیی چینی کرێکار، دەربارەی دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا: مارکس وەسفی کۆنتێکستێك ناکات بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات. خۆ ئەگەر مۆدێلی "ڕاپەڕین" مۆدێلێکی زاڵ بێت، ئەوا ناتوانین بڵێین مارکس ئەم بەهایەی پێداوە. ئەوەی بەر لە هەر شتێکی تر بۆ ئەو گرنگ بوو، ئەو کۆنتێکستە شۆڕشگێڕییە

26 خەباتی چینایەتی لە فەرەنسا، سەرچاوەی پێشوو، ل68 و 168. بۆ هەمان واتا بڕوانە: هەژدەهەمی برۆمێری لویس پۆناپەرت، سەرچاوەی پێشوو، ل53-54. »بۆرژوازییەت دەزانێت هەموو ئازادییە بۆرژوازییە بانگەشەییەکان و دامەزراوەکانی پێشکەوتن هەڕەشە و هێرشن بۆ سەر باڵادەستییە چینایەتییەکەی، هەم لە بنچینە کۆمەڵایەتییەکەیدا و هەم لە سەرتۆپە سیاسییەکەیدا، ئینجا دواتر ئەمانە بوونەتە "سۆسیالیستی"«. هەروەها، تێبینییەکان لەبارەی دەنگدانی گشتی لە "خەباتی چینایەتی لە فەرەنسا"، ل152.

بوو که سەرجەم گروپە کۆمەلایەتییە نا-سەرمایەدارییەکان بەشداریی تێدا بکەن. ئینجا شتێکی تریش کە بۆ ئەو گرنگ بوو، ئەو قۆناغە بوو کە راستەوخۆ بەدوای بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتدا دێت، کە بە "دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا" وەسفی دەکات. ئەم دیکتاتۆرییەتە ئاماژەیە بە فۆڕمێك لە فۆڕمەکانی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی سیاسی و دەتوانین لە وردبوونەوە لە ئامانجە تایبەتییەکەی و لە جەوهەرەکەیەوە لێی تێبگەین: لەنێوبردنی دەوڵەتی سەربەخۆ لە کۆمەڵگەدا و لەنێوبردنی چینە خەباتکارەکان. لەم بارەیەوە، دەبێت سەرنج لە جیاوازییەك بدەین لەنێوان خەباتی چینایەتی لە فەرەنسا و هەژدەهەمی برۆمێری لویس پۆناپەرتـدا. لە یەکەمیاندا وا وێنای دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا کراوە کە دامەزراوەیەکی دژ و ئەڵتەرناتیڤی دەوڵەتی دیموکراسییە کە هەر ئەم دەوڵەتە کایەی سەرهەڵدانییەتی. لەوێدا دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا فۆڕمێکی سیاسیی روونە بۆ قۆناغی گواستنەوە و تێپەڕین، بەڵام ناوەڕۆکە شیکارییەکەی بە کاڵی دەرکەوتووە: بەر لە هەر شتێك، زەرورەتی تێپەڕاندنی جودایی و سەبەخۆیی سیاسییە لەرێگەی گۆڕانکاری سیاسیی لە دەوڵەتدا. جا لەبەرئەوەی ئەم گۆڕانە سەرجەم ئاستەکانی پێکهاتەی ئابووری-کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە، ئەوا لە دەوری گۆڕانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە سەرمایەدارییەکان لە بەرهەمهێناندا چڕدەبێتەوە، بە جۆرێك کە زەمینەی کارگێڕی و یەکگرتنی سیاسی دەرەخسێنێت[27].

27 خەباتی چینایەتی لە فەرەنسا، سەرچاوەی پێشوو، ل67. دەبێت پرۆلیتاریا »لەو حەقیقەتە تێبگات کە سادەترین چاکسازیی و باشبوون لە دۆخەکەیدا لە سایەی کۆماری بۆرژوازیدا، تەنیا وەهمێکە، هەر کاتێکیش

له هەژدەهەمی برۆمێردا سەرنجی ئەوە دەدەین کە هەوڵێکی شیکاریی-ئەزموونی هەیە ئامانجی دیاریکردنی ئەرکەکانی گواستنەوەی سیاسییە: لەنێوبردنی دەزگای دەوڵەت، وەدیهێنانی مەرکەزیەتی نابیرۆکراسی لە دەسەڵاتی دەوڵەتدا لەنێو هاوپەیمانییەکی چینایەتیی بەرفراواندا[28]. یەکەم ئەرك کە دەکەوێتە ئەستۆی دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا، دژ بەو دەوڵەتەی کە بەهۆی یەکێتیی پەیوەندیی نێوان وزە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەمێنێتەوە و لە حاڵەتی نەبوونی هێزە کۆمەڵایەتییە ژێر دەستەکاندا دەهێڵرێتەوە (کە بە هێز و بە سەربەخۆیی کەرتە مافی-فۆڕماڵەکان بووبوونە ژێردەستی)، "رووخاندن"ـی ئەم دەزگایەیە. جا لە کاتێکدا هەموو شۆڕشەکان تەنیا بۆ چاککردنی ئەم دەزگایە بوون، لە بری تێکشکاندنی، ئەوا »دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا تێکی دەشکێنێت، چونکە ئەمە پێشمەرجی هەر هەوڵێکە بۆ بەخاوەنبوونەوەی کۆمەڵایەتیی وزە مرۆییەکانی کەرەستەکانی بەرهەمهێنان«. لێرەدا لە کۆنتێکستی گۆڕانی نالێکچووی پرۆلیتاریادا شتێکی نوێ دەردەکەوێت: واتە

هەوڵبدەین ئەم چاکسازییە سادەیەوە وەدیبێنین، ئەم وەهمە دەگۆڕێت و دەبێتە تاوان«. دەبێت »دروشمی بوێرانەی شۆڕشگێڕیی بخەینە ڕوو: ڕووخانی بۆرژوازییەت، دیکتاتۆریەتی چینی کرێکار«. دەبێت ئەمە بەم گوتەیە تەواو بکەین: دیکتاتۆریەتی چینی کرێکار »خاڵی پێویستی گواستنەوەیە بۆ گەیشتن بە هەڵوەشانەوەی هەموو چینە گشتییەکان و هەڵوەشانەوەی هەموو پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان کە پشتی پێدەبەستێت، هەروەها هەڵوەشانەوەی هەموو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کە لەگەڵ ئەم پەیوەندییانەی بەرهەمهێناندا تەبا و گونجاون، لەوەیش زیاتر ڕووخاندنی هەموو ئەو بۆچوون و ئایدیایانەی کە لەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەوە هەڵقوڵاون«. (ل147).

28 هەژدەهەمی برۆمێری لویس پۆناپەرت، سەرچاوەی پێشوو، ل103.

نابێت پرۆلیتاریا تەنیا بۆ دەستگرتن بەسەر دەوڵەتدا وەك چینێکی نوێی باڵادەست دەسەڵات بە دەستەوە بگرێت. پرۆلیتاریا تەنیا ئەو کاتە دەتوانێت دەسەڵات بەدەستەوە بگرێت کە سەرجەمی گروپە کۆمەڵایەتییەکان لە دەوری کۆبووبنەوە و یەکیان گرتبێت، ئەوەیش لە لەسەر بنەمای ئامانجەکانی چینێکی گشتی، کە بەهۆی خواستەکەیەوە دەتوانێت ببێتە رزگارکەری سەرجەم هێزە بەرهەمهێنەکان و بۆ هەموو کەرتەکانی ئەم هێزانەی دەسەلمێنێت کە دژایەتییەکی رادیکاڵی پەرەسەندنی فۆرمەکانی بەرهەمهێنان و سیاسەتی سەرمایەداریی دەکات. دەبێت دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا، کە دەشێت دامەزراوە دیموکراسییە کۆمارییەکان بهێڵێتەوە، ئەو جوڵەیە قڵپ بکاتەوە کە تایبەتمەندیی هەر پرۆسەیەکی گۆڕانی بونیادی مێژوویی دەزگای دەوڵەتی بۆرژوازییە. ئەگەرچی ئەو فۆرمولەیەی کە دەڵێت "دەبێت ئەم دەزگایە تێکبشکێنرێت" هێشتا دیاریی نەکراوە، بەڵام ئاماژە بە رێگایەکی نوێ دەدات، رێگای گۆڕانێك کە بتوانێت پەیوەندی نێوان یەکگرتن-جیابوونەوەی نێوان ئابووری و سیاسەت پوچەڵبکاتەوە، ئەوەیش لەرێگەی سەنتێزێکی نوێی هێزە بەرهەمهێنەرەکانەوە، واتە پوچەڵکردنەوەی پەیوەندیی تایبەت بە شێوازەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری[29]. ئەو کاتە، توندوتیژیی سەرکوتکاریی بۆ مسۆگەرکردنی پەرەسەندنی ئەم هێزە بەرهەمهێنییانە و لە هەمان کاتدا ئەم هێزە ئابووری و سیاسییانە، لە چوارچێوەی پەیوەندییە نوێیەکاندا وەك حاڵەتێکی خوازراو لە کاتی پێویستدا

29 هەمان سەرچاوە، ل96.

دەردەکەوێت. مەرج نییە ئەم دیکتاتۆرییەتە رواڵەتێکی دیموکراسییانەی نەبێت، جا بە بەردەوامیدان بە دامەزراوە دیموکراسییەکانی بۆرژوازییەت یان بە دابڕانێکی جەوهەریی لەگەڵیدا، بەڵام وا پێدەچێت ئەم فۆڕمە دیموکراسییە لە رووی ناوەڕۆکە ئابوورییەکەییەوە شتێکی نوێ بێت و قابیلی ئەوە بێت "فۆڕم"ــی جۆراوجۆر وەربگرێت[30].

### 3- دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا و فۆڕم-بەها: بەرەو راستکردنەوە؟

مارکس، لە دوای ساڵی 1852ـەوەوە، بە وردی بە رەخنەی ئابووریی سیاسییەوە سەرقاڵبوو: بزووتنەوەی کرێکاریی، لەسەر ئاستی "ئەنتەرناسیۆنال" رێکخست، ئەویش بە بەرپاکردنی خەباتی بەردەوام دژی سەرجەم فۆرمە سۆسیالیستییەکان. کۆمۆنەی ساڵی 1871 کۆتایی ئەم قۆناغەیە و ئیدی قۆناغی بزووتنەوە کرێکارییە رێکخراوەکان لە رووی سیاسییەوە دەستپێکرد و لەگەڵ ئەو رێکخراوە جەماوەرییانەی لە چوارچێوەی نەتەوەیی-میللیدا رێکخرابوون لێك بەسترانەوە. بەم جۆرە مارکس دەچێتە نێوان کەلێنی ئەم دوو قۆناغەوە: کتێبی جەنگی ناوخۆیی

30 هەمان سەرچاوە. شکستی 1848 ئەوەی سەلماند کە «کۆماری بۆرژوازی لێرەدا واتای زۆرداریيەکی رەهای چینێکە بەسەر چینەکانی تردا. ئەوەی سەلماند کە کۆماری لەو وڵاتانەدا کە خاوەنی شارستانێتییەکی لەمێژینەن، بونیادی زۆر پێشکەوتووی چینایەتی هەیە و هەلومەرجی نوێی لە بەرهەمهێناندا هەیە، ئاگاییەکی ئەخلاقیی هەیە کە بەهۆی کاری لەمێژینەوە هەموو فیکر و بۆچوونە کۆنەکان تێیدا تواونەتەوە، بەشێوەیەکی گشتیی کۆماری لەو وڵاتانەدا فۆڕمی گۆڕانی سیاسیی کۆمەڵگەی بۆرژوازییە، نەک فۆڕمی پارێزگاریی لێکردنی».

لە فەرەنسا لەپێش رەخنەی بەرنامەی گۆتاوە نووسرابوو، کە مارکس بە بۆنەی کۆنگرەی یەکگرتنی حزبە سۆسیالیستەکانی ئەڵمانییەوە، لە ساڵی 1875دا ئامادەی کردبوو. ئەم دوو دەقە دەچنە سەر ژێر هەمان راستەهێڵی رەخنەی پێشترەوە و دەبنە بەشێك لە شیکارییەکی وردتری لێکدژییەکانی قۆناغی گواستنەوە ]پەڕینەوە بەرەو کۆمۆنیزم[، ئەم شیکارییەیش لەسەر روخانی دەوڵەت چڕبۆتەوە. بەڵام هەموو شتێك بەو جۆرە دەڕوات وەك بڵێی کێشەی ساڵانی 1848-1852 لە ئامادەکردنی سەرمایەدا رۆڵێکی ئەوتۆی نەبووە، یان باشتر بلێین، وەك بڵێی تەنیا خۆیی بەس بوو، وەك بڵێی ناکرێت رەخنەی پەرەسەندووی ئابووریی سیاسی، لە ئاستی تایبەتی خۆیدا، بە هەمان پێداگریی چەمکییانەوە پەرە بە رەخنە لە سیاسەتیش بدات.

جەنگی ناوخۆیی لە فەرەنسا، لە شیکاریی و سەرژمێرییەکی باڵای ئەزموونی کۆمۆنەی پاریس دەچێت »ئەو شیکارییەیش هەر لە کاتی روودانی ئەزموونەکەدا ئامادە کرابوو«. ئەم دەقە راستکردنەوەی شیکارییەکانی پێشترە و تیۆرێکی جیاوازتری دەربارەی فۆڕمی سیاسی خستەروو کە سەرلەنوێ وەڵامی لێکدژییەکانی ساڵی 1848ی دایەوە. لە راستیدا، مارکس لە سەر ئاستی چەمك، ئەو شتەمان بۆ دەگوازێتەوە کە تا ئێستا نزیکتر بووە لە حاڵەتی وەسفییەوە. ئەو بە روونی جیاکاری دەکات لەنێوان دەسەڵاتی دەوڵەت و دەزگای دەوڵەتدا، ئەوە پیشان دەدات کە سەرجەم خەباتی چینایەتیی بۆرژوازی (واتە خەباتی سیاسی)، تەنیا باڵادەستییە ئابوورییەکەی بەرهەم دێنێتەوە.

لەگەڵ کۆمۆنەدا، هێڵە سەرەکییەکانی وەڵامی "زانست" بۆ پرسیاری مەعریفە سەرهەڵدەدات: »چ گۆڕانێك بەسەر دەوڵەتدا دێت لە کۆمەڵگەی کۆمۆنیستیدا؟ چ وەزیفەیەکی کۆمەڵایەتی هاوشێوەی وەزیفەکانی ئێستای دەوڵەت لە کۆمەڵگەی کۆمۆنیستیدا بەردەوام دەبێت؟«[31]. کۆمۆنە شۆڕشی دژ بەو دەوڵەتە سەنتراڵە بوو کە »باڵادەستییە سەروو ئاساییەکەی بەسەر کۆمەڵگەی واقیعیدا« پەرە پێدەدات، ئەم شۆڕشە هەوڵێکە بۆ روخاندنی دەزگای بیرۆکراسیی بۆرژوازی. لە راستیدا، ئەو هەوڵیدا وا بکات گەل خاوەندارێتییە کۆمەڵایەتییەکەی ژیانی خۆی وەربگرێتەوە، ئەوەیش بە تێپەڕاندنی لێکدژیی نێوان بازنەی ئابووری-کۆمەلایەتی و دەسەڵاتی بیرۆکراسییەتی دەوڵەت. ئەم هەوڵە لەسەر ئاستی دامەزراوەکان هەوڵێکی عەدەمیی نەبوو، بەڵکو تا رادەیەکی زۆر پەرەسەندنی فۆڕمە سیاسییە ناسەنتراڵ و نابیرۆکراسییەکانی بەرهەمهێنا، کە قابیلی دەستپێشخەریی سیاسیی بنکەی جەماوەری بوون. لە هەمان کاتدا، لەسەر بنەمای پێوەرە هەرەوەزییەکان و بەشداریکردن، دووبارە ڕیکخستنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە بەرهەمهێنییەکانی لەگەڵدا بوو. جێگای سەرنجە مارکس گوزارەی دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا بۆ دیاریکردنی سروشتی قۆناغی گواستنەوە بەکارناهێنێت. ئەو دەربارەی »فۆڕمێکی سیاسی کە بە تەواوی دەشێت فراوان بکرێت« دەدوێت و نهێنییە راستەقینەکەیشی لەوەدایە کە بنچینەی حوکمی چینی کرێکارە و دەرەنجامی

31 لێرەدا بە گوزارشتەکانی «رەخنەی بەرنامەی گۆتا» دوواوین. رەخنەی بەرنامەی گۆتا، بڵاوکراوە کۆمەڵایەتییەکان، پاریس، 1950، ل234.

خەباتی چینی بەرهەمهێنەرانە دژ بە چینی خاوەندار، ئینجا ئەو فۆڕمە سیاسییەیە کە دواجار دەمانبێت و هەلی وەدیهێنانی رزگاریی ئابووریی کاری تێدایە«[32]. کۆمۆنە وەڵامی لێکدژییەکی سەرەکی قۆناغی گواستنەوەی دایەوە، بەهۆی ئەوەوە کە ئیرادەی ئەوە هەبوو دەوڵەتە نوێیەکە، لە هەمان کاتدا، ببێتە نادەوڵەت، دەوڵەتێك کە دەسەڵاتی پرۆلیتاریی لە دەوڵەتدا بچەسپێنێت، ئەمەیش کار دەکات بۆ گۆڕینی ئەم دەزگایە بۆ شتێکی وەکو نادەزگا. پارادۆکسەکە لێرەدایە[33]: مەرجی چەسپانی دەسەڵاتی پرۆلیتاریی دەوڵەت خەباتکردنە دژ بە ئەم دەزگایە، بۆ جوداکردنەوەی لە چینێك و پسپۆڕکاری و دابەشکردن و بەشبەشکردنی.

کۆمۆنە وەك دەوڵەتێکی گواستنەوەیی وەسف کراوە، بە گوێرەی تەوەرێکی دوولایەنە کە چارەسەرێکی بۆ لێکدژییەکیی سەرەکی پێیە، ئەم چارەسەرەیش خواستی کۆمۆنە بوو: ئەم تەوەرە دوولایەنە بریتییە لە تەوەری سیاسی و تەوەری ئابووری.

**یەکەم: تەوەری سیاسی:**

چیتر کۆمۆنە تەنیا دامەزراوەیەکی پەرلەمانی نییە؛ گریمانەی ئەوە دەکات »چینی کرێکار تەنیا ئەوەی بەس نییە کە دەزگای دەوڵەت وەك ئەوەی هەیە بەدەستەوە بگرێت و، لە خزمەتی خۆیدا بیخاتە کار«[34]. پرۆلیتاریا هەوڵ دەدات رێکخراوە سیاسییەکان بە تەرزێکی نوێ دابهێنێت

32 جەنگی ناوخۆیی لە فەرەنسا (1871)، بڵاوکراوە کۆمەڵایەتییەکان، پاریس، 1952، ل51.

33 ئیتیان بالیبار زۆر بە باشی ئەمەی روونکردۆتەوە. وتاری پێشوو، پێنج تویژینەوە دەربارەی ماتریالیزمی مێژوویی.

34 جەنگی ناوخۆیی لە فەرەنسا (1871)، سەرچاوەی پێشوو، ل45.

کە دەست بەسەر دەزگای دەوڵەتدا بگرن و بیگۆڕن، ئینجا بەشداری و تەدەخولی جەماوەر مسۆگەر بکەن. کۆمۆنە کە وەك »دەستەی کارکەر و جێبەجێکەر و یاسادانەر، لە یەك کاتدا«[35] دیاریی کراوە، ئەو سامانە گشتییانە دەگێڕێتەوە کە تا ئێستا »موڵکی تایبەتی دروستکەرانی دەسەڵاتی سەنتەری بووە«؛ هەروەها پۆلیس و کارگێڕی و سوپا ناسپێرێتە "نوێنەرەکان"، بەڵکو دەیانسپێرێتە فەرمانبەرە بەرپرسەکان کە دەشێت لاببرێن. بە هەمان شێوە لە هەموو ئاستەکانی بەڕێوەبردندا پشت بە دابەشکردنە کارگێڕییەکان دەبەستێت لەنێو شارەوانییەکاندا -ئەمەش کارێکی نامەرکەزییە- کە "دەسەڵاتی بەرهەمهێنەرەکان خۆیان" دەخاتە پانتایی کردارەوە: ئەم دابەشکرنە کارگێڕییە بۆ شارەوانییەکان، پشت بە دەنگدانی گشتی دەبەستێت، ئەمەیش دەرخەری دیالەکتیکێکی نوێی یەکە نەتەوەییەکانە[36]. بەم جۆرە، بەهۆی ئاراستەی کاروبارەکانەوە، پرۆسێسی رێکخستنی کردەیی زۆرینە ئەنجام دەدرێت کە ئامانجی »داماڵینی وەزیفە شەرعییەکانی نەزمی بەڕێوەبردنی پێشترە« لە »دەسەڵاتێك کە بانگەشەی ئەوە دەکات لەسەرووی کۆمەڵگە خۆیەوە وەستاوە«[37]. بەم جۆرە، کۆمۆنە، بەهۆی ئەوەی لە سەر

---

35 هەمان سەرچاوە، ل48.

36 سەرچاوەی پێشوو، ل49–50. »نابێت یەکێتی نەتەوەیی تێکبشکرێنرێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە، دەبێت بە دەستووری نیشتمانی رێکبخرێت. دەبێت بە تێکشکانی دەسەلاتی دەولەت کە خۆی وەک بەرجەستەکەری ئەم یەکێتییە پیشان دەدات، ببێتە واقیع، بەلام ئەوەی دەیەوێت خۆی لە نەتەوە جیا بکاتەوە و بچێتە سەرووییەوە، بۆ نەتەوە هیچ نییە جگە لە زیادەیەکی مشەخۆر«.

37 سەرچاوەی پێشوو، ل48.

ئەرزی واقیع هەبوو، دەلیلی ئەو ڕێگایە بوو کە دەبێت فۆڕمی سیاسیی قۆناغی گواستنەوە پەیڕەویی لێ بکات؛ ئەوە ئەو ڕێگایەیە کە ئامانجەکەی خۆی دیاریی دەکات »بەوەی کە هەموو ئەو هێزە کۆمەڵایەتییانە بگەڕێنێتەوە بۆ جەستەی کۆمەڵایەتی کە تاوەکو ئێستا دەوڵەتی مشەخۆر، کە لەسەر هەژماری کۆمەڵگە دەژی و جووڵەکەی پەك دەخات، هەڵی مژیبوون«. کۆمۆنە، وەك دەوڵەتێکی قۆناغی گواستنەوە، »فۆرمە ئەرێنییەکەی کۆماری کۆمەڵایەتی« بوو[38].

**دووەم و هاوکات: تەوەری ئابووری:**

بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی دەوڵەت و گۆڕینی بەهۆی تۆرێک لە »دامەزراوە دیموکراسییە کردەییەکانەوە«، بوار دەرەخسێنێت بۆ دەستپێکردنی پرۆسەی راستەوخۆی رزگاریی کۆمەڵایەتیی کرێکاران. مومارەسە سیاسییە نوێیەکە دەچێتە نێو بازنەی بەرهەمهێنانەوە: دەبێت کرێکاران بەو سیفەتەی کە بەرهەمهێنەرن مومارەسەی دەسەڵات بکەن. دەبێت پرۆلیتاریا، هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی قۆناغی گواستنەوەوە، خۆیان لە چینی زاڵ و پێشڕەودا رێکبخەن کە کار بۆ هەڵوەشاندنەوەی چینەکان دەکات. »باڵادەستیی سیاسیی بەرهەمهێنەر ناتوانێت لەگەڵ بە ئەبەدییکردنی کۆیلایەتییە کۆمەڵایەتییەکەیدا هەڵبکات. کەواتە دەبوو کۆمۆنە، لە بەرزکەرەوەی رووخاندنی بنچینە ئابوورییەکان بچووایە کە بوونی چینەکان و ئینجا باڵادەستیی چینایەتیی لەسەر دامەزراوە. هەر کە کار ئازاد دەکرێت، خێرا هەموو

38 هەمان سەرچاوە.

مرۆڤێك دەبێتە كاركەر، ئیدی كاری بەرهەمهێنەر لەوە دەكەوێت كە خاسییەتی چینێك بێت«[39]. بەم جۆرە كۆمۆنە ئاماژە بوو بۆ زەورەتی پچڕان لەو فۆڕمە سیاسییانەی كە بە زۆرەملێ، لەنێو بازنەی ئابوورییدا جڵەوی پەرەسەندنی هێزەكانی بەرهەمهێنانیان كردبوو. هەروەها ئاماژەیەكیش بوو بۆ زەرورەتی پەلەكردن لە سڕینەوەی خاوەندارێتی تایبەتی كەرەستەكانی بەرهەمهێنان[40]، بەشێوەیەكی ئەرێنییتریش، كۆمۆنە بەهۆی دانانی نەخشەرێگا بۆ كۆمەڵێكی گەورەی كۆمەڵە هەرەوەزییەكان، هێڵە سەرەكییەكانی زەمینەی گۆڕینی پەیوەندییەكانی بەرهەمهێنانی دانا[41]. ئەم بەرفراوانكردنەی كۆمەڵەكانی هێزە بەرهەمهێنییەكان پێویستی بە ڕەزامەندی جەماوەری ئەم هێزانە خۆیانە -هەڵبەت هێزە مرۆییەكان- بۆ ئەو هەژموونەی كە پرۆلیتاریا دایدەمەزرێنێت، ئەمەیش لەرێگەی هاندانەوە بۆ بەشداریی داهێنەرانەی كۆمەڵایەتی. چینی كرێكار »یۆتۆپیای ئامادەی نییە تاوەكو بە رێوڕەسم بیهێنێتە نێو گەلەوە«، بەڵكو لەسەری پێویستە »رەگەزكانی كۆمەڵگەی نوێ رزگار بكات كە كۆمەڵگەی بۆرژوازیی كۆنی داتەپیوو، لە هەناویدا هەڵی گرتبوون«[42]. بەم جۆرە بەرهەمهێنەران دەبنە خاوەنی مەعریفەی كۆمەڵایەتی دەربارەی سیاسەت و ئابووری؛ خۆیشیان وەك چینێكی

39 هەمان سەرچاوە، ل52.

40 هەمان سەرچاوە.

41 هەمان سەرچاوە، ل53. »دەبێت سەرجەم كۆمەڵە هەروەزییەكان بەپێی پلانێكی هاوبەش بەرهەمهێنانی نیشتمانی رێكبخەن، ئەوەیش بەوە دەبێت كە بیخەنە ژێر دەسەڵاتێكی تایبەتییەوە و سنوورێك بۆ ئەو فەوزا و قەیرانە خولییانە دابنێین كە چارەنووسی حەتمیی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییە«.

42 هەمان سەرچاوە.

گشتی پیشان دەدەنەوە -»ئەو تاکە چینەی کە هێشتایش توانای دەستپێشخەریی کۆمەڵایەتی هەیە«[43]. ئەوان (ئەگەر بمانەوێت لۆژیکی کارەکەیان روون بکەینەوە) لایەنیکەم ویستی ئەوەیان هەیە چینەکانی ناوەراست و جووتیارەکان و هەژارەکان لە دەوری خۆیان یەکبخەن[44]. کۆمۆنە، لە لۆژیکە ناوەکیەکەیدا کە پەیوەندییەکی نوێ لەنێوان ئابووری و سیاسەتدا دادەمەزرێنێت، ئاماژە بەوە دەکات کە قۆناغی گواستنەوە تەنیا بەو جۆرە فۆڕمی سیاسی وەردەگرێت کە لە هەمان کاتدا لە "حکومەتی کرێکاری" و لە "نواندنەوەی راستەقینەی سەرجەم رەگەزەکانی کۆمەڵگەی تەبا" و لە "حکومەتێکی راستەقینەی نەتەوەییدا" بەرجەستە ببێت[45]. دەوڵەتی قۆناغی گواستنەوە، لەبەرئەوەی نادەوڵەتی دژە دەوڵەتە -کە رێکخستنی گەل تێکدەدات- و گۆڕانی سیاسی و گۆڕانی ئابووری لەیەکتر دەبەستێتەوە، ئەوا بە راستی ئەو دەوڵەتەیە کە گەل دەبوژێنێتەوە و لە دەوری چینی بەرهەمهێنەران کۆی دەکاتەوە.

مارکس، لەگەڵ رەخنەی بەرنامەی گۆتادا (1875)، بە خێرایی ئاماژە بە بواری بەیەکگەیشتنی نێوان پرسی گۆڕانی کۆمۆنیستی

43 هەمان سەرچاوە.

44 هەمان سەرچاوە، ل55. مارکس نەخشەڕێگایەک دووبارە دەکاتەوە «بە سنووررِێژکردن»ی ئەو رێوشوێنانەی کە بەجۆرێک لە جۆرەکان نزیکبوو لەوەی کە کۆمۆنەی پاریس هێڵە سەرەکییەکانی دەکێشا: کۆمۆنە رێک بەو هۆیە شکستی هێنا کە نەیتوانی بپەڕێتەوە بۆ ئەم سنوورانە و بەرەیەکی بەرفراوانی وەک ئەو هاوپەیمانێتییە دروست بکات کە باسمان کرد.

45 هەمان سەرچاوە، ل55. تەنیا دیاریکردنی ئەم رەگەزە نەتەوەیی–میلییە بواری ئەوەمان پێدەدات کە بزانین چۆن مارکس لە ئەنتەرناسیۆنال تێگەیشتووە.

وەزیفەکانی دەوڵەت و پرسی هەڵسەنگاندنی سەرمایەداریی دەدات. بەڵام وا پێدەچێت ئەم سەرەتایە تەنیا وەك پرۆگرامێك مابێتەوە و بۆشایی و نوقسانیی زۆری هەبێت. لە راستیدا ئەو ئەنجامەی مارکس پێیگەیشت، پچڕانی پرۆسێسی پەڕینەوە بۆ دوو قۆناغەکە بە روونی پیشان دەدات: قۆناغی نزمی کۆمۆنیزم (هەر کەسێك بە پێی کاری خۆی...) و قۆناغی باڵا (هەر کەسێك بە گوێرەی پێویستیی خۆی). لە هەمان کاتدا ئاماژە بەوە دەدات کە ئەم پەڕینەوەیە، لە یەك کاتدا، کۆنتێکستێکە کە تێیدا لەنێوچوونی فۆڕم-بەهای بەرهەمهێنەری کاری تێدا جێبەجێدەبێت، کە لەوێدا بەرهەمهێنانی کاڵایی، بە واتا حەرفییەکەی وشەکە، وندەبێت[46]. دەبێت قۆناغی پەڕینەوە، بۆ ماوەیەکی درێژ، ئامانجی سڕینەوەی بەرەبەرەی لێکدژیی بێت لەنێوان کاری بەرجەستە و کاری ئەبستراکتدا و بەشێوەیەکی وردتریش دەبێت ئامانجی سڕینەوەی کاری ئەبستراکت بێت. لە هەمان کاتدا، وا دەردەکەوێت کە کێشەکانی قۆناغی یەکەم. کە دواتر ناونرا قۆناغی سۆسیالیزم، کێشەی کۆمەڵگەیەکە کە »کە لەسەر بنچینە تایبەتییەکانی خۆی پەرەی نەسەندووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، کۆمەڵگەیەکە تازە لە کۆمەڵگەی سەرمایەدارییەوە هاتۆتە دەرەوە؛ ئەوەیش کۆمەڵگەیەکە کە لە

46 رەخنەی بەرنامەی گۆتا، سەرچاوەی پێشوو، ل23. »بەرهەمهێنەران لەنێو نەزمێکی کۆمەڵایەتی هاوبەشدا کە لەسەر بنەمای خاوەندارێتی هاوبەشی کەرەستەکانی بەرهەمهێنان دامەزرابێت، بەرهەمەکانیان ئاڵوگۆڕ ناکەن؛ وێڕای ئەوەیش، لێرەدا کاری بەرجەستەبوو لەم بەرهەمانەدا وەک بەهای بەرهەمەکان، وەک سیفەتێکی راستەقینە دەرناکەوێت کە ئەوان بوونەتە خاوەنی، لەبەرئەوەی لەمەبەدوا کاری تاکەکەس، بە پێچەوانەی ئەوەی لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا هەیە، راستەوخۆ و بە پێچ و پەنا، دەبێتە بەرشێکی تەواکەری کاری کۆمەڵەکە«.

هەموو لایەنە ئابووری و ئەخلاقی و فیکرییەکانەوە، هەڵگری تایبەتمەندییەکانی ئەو کۆمەڵگا کۆنەیە وا لێیەوە دەرپەڕیوە«[47]. لێرەدا هێشتایش پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان بە »ئاڵوگۆڕی کاڵاکان وەك ئاڵوگۆڕی بەهای یەکسان«ـدا دەناسرێتەوە. خۆ ئەگەر خاوەندارێتی تایبەتی کەرەستەکانی بەرهەمهێنان و خاوەندارێتی تایبەتی زێدەبەها هەڵبوەشێنرێتەوە، ئەوا تاك بە تاکی بەرهەمهێنەرەکان »بە کاملّی قەرەبووی ئەوە وەردەگرن کە پێشکەشی کۆمەڵگایان کردووە«[48]. (بەشی تاکەکەسی لە رۆژانەی کاری کۆمەڵایەتی). بەڵام ئەم دابەشکردنە دوای چەند دابەشکردنێك دێت کە تەرخانکراوە بۆ تازەکردنەوەی کەرەستەکانی بەرهەمهێنان، و دەستبەرکردنی تێچوونەکانی کارگێڕیی گشتیی سەربەخۆ لە بەرهەمهێنان، و دابینکردنی پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان، و دەستەبەرکردنی چاودێریی ئەوانەی کە توانای کاریان نییە. ئەوەی لێرەدا روودەدات، ملکەچبوونی کەڵەکەبوونی سەرمایە و ئینجا ملکەچبوونی بەرهەمە کۆمەڵایەتییەکەیەتی بۆ کارگێڕیی هێزی کار و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی بەرفراوان کە چیتر قابیلی ئەوە نییە بکرێت بە سەرمایە. خۆ ئەگەر لەم روانگەیەوە، دابڕان لە سنووری بنچینەیی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریی رووبدات (کە لەم حاڵەتەدا، دووبارە بەرهەمهێنانەوەی هێزی کار، مەرجێکی پێویست و ئامرازێکە بۆ کەڵەکەبوونی سەرمایە)، ئەوا کۆمەڵگەی گواستنەوەیی، لە قۆناغی یەکەمیدا، لە هەمان کاتدا کۆمەڵگەیەکە کە یەکسانی لە سنووری بازنەی دابەشکردندا

47 هەمان سەرچاوە.

48 هەمان سەرچاوە.

دەوەستێنێت. بنەمای دابەشکردن لەنێوان بەرهەمهێنەراندا، دوای ئەنجامدانی کەرتکردنی پێویست، ئەو بنەمایەیە کە ئاڵوگۆڕی یەکسانیی کاڵا ڕێکدەخات: ئاڵوگۆڕی بڕی کار کە خۆی بە فۆڕمێك هەیە، دەگۆڕدرێتەوە بە بڕێک لە کاری یەکسان کە لە فۆڕمێکی تردا هەیە. لێرەدا مافی بۆرژوازی، وەك مافێکی یەکسان، پارێزراو دەبێت. یەکسانی »لە بەکارهێنانی کاردایە وەك یەکەی پێوانەکردن«. بەڵام »ئەم مافەش وەك هەر مافێکی تر لەسەر بنەماکانی نایەکسانی دەمێنێتەوە«[49]. ئەمەیش لەبەرئەوەی بەرهەمهێنەران، ئەگەر وەك تاکەکان وەریان بگرین، نەك بەپێی خەمڵاندنیان لەسەر بنەمای یەکەی هاوبەشی پێوانەکردن، ئەوا هەر نایەکسانن. ماف لە قۆناغی گواستنەوەدا چاو لە هەموو تایبەتمەندییە تاکەکەسییەکان دەپۆشێت. تەنیا بایەخ بە جۆری بەرهەمهێنەرەکان دەدات وەك ئەوەی کات بۆ کار تەرخان دەکەن، ئەو کاتەی کە بەشەکەیان تێیدا یەکسانە بە هەمان "ڕۆژانەی کاری کۆمەڵایەتی".

ئەنجامگیریی لەم خاڵەوە ئەوەیە کە دەوڵەت لە قۆناغی گواستنەوەدا واتای بنەمای یەکخستنی زۆرەملێ و بەیەکگەیاندنی پێوانەیی پێکهاتەیەکی نوێی ئابووری-کۆمەلایەتی، وەردەگرێت. بە زەرورەتیش فۆڕمە نوێنەرایەتییەکانی دەپارێزرێن و بە هەمان ئەندازەش ئەم فۆرمانە دەخرێنە خزمەتی بازنەی ئاڵوگۆڕی کاڵاییەوە، مارکس لەوپەڕی وریاییدایە لە تاکایەتی فۆڕمە بەرجەستەکانی گواستنەوە. ئەم فۆرمانە تەنیا لە لێکبەستنەوەیەکی نوێی ئابووری و سیاسییەوە پەیدا دەبن. نەریتی حەتمیی تایبەت

49 هەمان سەرچاوە، ل24.

بە پێوانەکانی دابەشکردنی بەرهەمهێنانەوەی ڕێکخستنێکی سیاسیی ئەم بەرهەمە لەخۆ دەگرێت، ئەوەیش ڕێکخستنێکە کە لەلایەن بەرهەمهێنەرانەوە گواستراوەتەوە و ملکەچی ڕێسای دیکەیە، ئەوەیش ڕێسای هێزی کاری زیندوو و هاوبەشە.

بەم جۆرە دەتوانین چاو بە پرسی روخانی دەوڵەتدا بخشێنینەوە، بەڵام لەسەر زەمینەیەکی "زانستی"ـی رەخنەی ئابووریی سیاسی. بەڵام ئەم بابەتە تەنیا پەیوەندیدارە بە پۆتێنشیەلێکی ناوەکییەوە. کەواتە ئەمە وەزیفەی دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریایە، کە ئەمجارەیان پرسەکەی بە روون و پتەوی فۆرمولە کراوە. ئەوە "فۆڕمێکە" کە دەبێت قەڵەمڕەویی »کۆمەڵگەی بەرهەمهێنەران، وەك مەرجەعێکی گروپی، بڕوای پێ بهێنن، ئەوەیش لەبەرئەوەی فۆڕمەکانی باڵادەستی دەوڵەت ریشەکانی وا لەنێو "پەیوەندییەکانی ژیانی ماتریالیدا". دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا چۆتە دیالەکتیکێکی توندەوە لەگەڵ خواستی باڵادەستی دەوڵەت لای لاسال کە باڵی بەسەر بزووتنەوەی کرێکاریی ئەڵمانیدا کێشابوو. دەبێت دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا گۆڕان ئەنجام بدات، بەبێ پیرۆزکردنی دەوڵەت وەك گۆڕاوێکی سەربەخۆ، یاخود بەبێ ئەوەی بیکاتە بت بە رووی پێداویستی کۆمەڵگەی بەرهەمهێنەراندا. ئەمە فۆرمی وەزیفیی دەوڵەتە، کە لەگەڵ ئەم پێویستییەدا دەگونجێت، کە دەبێت هاوکار بێت لەوەی ببێت و هەر لەویشەوە ئەرکە تایبەتییەکەی وەربگرێت. ئەمەیش هیچ نییە جگە لە فۆڕمی سیاسی گەلی کارکەر، فۆڕمێك کە لەلایەن گۆڕانی هاوکاتی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانەوە دیاریی دەکرێت[50].

50 هەمان سەرچاوە، ل33. »لە بری ئەوەی کۆمەڵگەی هەنووکە (هەڵبەت کۆمەڵگەی داهاتوویشمان) بە بنچینەی ئێستا (یان لە کۆمەڵگەی داهاتوودا

پرسی گۆڕینی دەوڵەتی نوێنەرایەتی و ئەو فۆڕمە نوێیانەی دەوڵەت کە وەزیفە کۆمەڵایەتییە "شەرعییەکان"ـی دەوڵەتی بۆرژوازیی هاوچەرخ بە میرات وەردەگرێت، وا خۆی پیشاندەدات کە "زانست"ی و ئەزموونییە و کایەی مومارەسەی سیاسییە، هەر لەم روانگەیەشەوە، خۆی بوار و هەلومەرجی پەرەسەندنی زانستە[51]. تەنیا ئەو کاتە دەتوانین ماف و دەوڵەت، کە تا ئەم رادەیە پێکەوە لکاون، بگۆڕین بە پێوەرەکانی سازاندنی راستەقینەی کۆمەڵایەتی، کە لە قاڵبی "نرخی بازاڕ" بیهێنینە دەرەوە. دەبێت دیکتاتۆریەتی پرۆلیتارییایش ئەرکەکەی ئەنجام بدات. دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا رێکخستنی بە کۆمەڵی بەرهەمهێنان بۆ پرۆسەی رزگاربوونی هێزە چالاکەکانی بەرهەمهێنان (و هێزە بەرهەمهێنییەکان) دێنێتەدی و خوازیاری پرۆسەیەکی سیاسییە کە دەبێت -لەگەڵ فۆڕمە نوێیەکانی کارگێڕیدا- وا لە گەل دەکات »چارکسازییەکی یەکلاکەرەوە لە دەوڵەتی سەرکوتکاردا بکات«، بەم واتایە دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا فۆڕمێکی سیاسی نییە. ئەم جۆرە دەسەڵاتە پرۆلیتارییە ویستێکی عەلمانییانەی هەیە، لەگەڵ ئەمەیشدا پرۆسێسی پوختی پەرەسەندنی ئابووری و پرۆسێسی پوختی پەرەسەندنی سیاسیی نییە، بۆیە خۆی لەو تەڵەزگەیە دەپارێزێت کە حەرفییانە باوەڕ بە دەوڵەت بهێنێت و شەهادەت بە باڵای

---

بە بنچینەی داهاتوو) دابنێین، بە پێچەوانەوە، دەوڵەت بە واقیعێکی سەربەخۆ هەژمار دەکرێت کە گوایە بنچینەی فیکری و ئەخلاقی ئازاد و تایبەت بەخۆی هەیە« (تێزی لاسال).

51 هەمان سەرچاوە، ل34.

”پەرجوو“ی دیموکراسییدا بخوێنێت، بەڵکو ئامانجەکەی ئەنجامدانی ”ئامێزانکردن“ـێکی نوێی سیاسی و ئابوورییە، لەمەشدا دژ بە لێکجیاکردنەوە، یان باشتر بڵێین دژ بە یەکێتییە ئەبستراکتە رووتە بۆرژوازییەکەی سیاسی و ئابووری، دەجەنگێت. ئەمەیش رەخنەیە لە پرۆسەیەکی دوولایەنە کە پێکهێنەری شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییە. لەلایەکەوە، رەخنە لە شێوازی پێکەوەژیانی ئابووریی دەگرێت کە گرێبەستی بازاڕ وەك دانىان بە سەروەرێتییەکی تایبەتدا، دروستی دەکات، دیارە ئەمە رەخنەیە لە چەوساندنەوەی ئابووریی ”پوخت“ کە لەسەر ئەم بنەمایە بەرهەمهێنەری هاوچەرخ بە خواست و ”ئازادی“ی خۆی پەیوەست دەبێت بە گرێبەستی کاری کرێگرتەوە، لە کاتێکدا بە هەمان رادەی ئەم رەزامەندییە لە پەیوەستییە یاساییەکان (کۆمەڵە پیشەییەکان یان سیستەمی فیودالی) و لە کەرەستە ماتریالییەکانی بەردەوامبوونەکەی لە ژیاندا بێبەش دەبێت. لەلایەکی دیکەیشەوە، رەخنەیە لە شێوازی پێکەوەژیانی سیاسی کە لە گرێبەستێکی تردا ریالیزە دەبێت؛ دیارە ئەم جارەیان گرێبەستی ئاڵوگۆڕی (پەیوەندار بە خاوەندارێتی تایبەتەوە) نییە، بەڵکو گرێبەستی هاوبەشیی سیاسییە (بڕیاری گەلی خۆ-سەروەر) کە بەرەنجامی مومارەسەیەکی ناچارییە بۆ سەروەرێتی هاونیشتمانی بەسەر دەوڵەتدا. بەم جۆرە، دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا وەك رەخنەیەکی کردەیی هەم لە زۆرداریی موڵکایەتیی تایبەت و هەمیش لە دەزگای دەوڵەتی

بیرۆکراسی (کە شتێکی وەك دەزگایەکی سەرکوتکارییە)، بە تاکە خاوەنداری کۆمەڵایەتی و دوولایەنەی ئابووری و سیاسی (لەلایەن بەرهەمهێنەران و هاوپەیمانەکانییانەوە) دادەنرێت. »لە نێوان کۆمەڵگەی سەرمایەداریی و کۆمەڵگەی کۆمۆنیستییدا، قۆناغی گۆڕانێکی شۆڕشگێڕانە لەمیانەوە بۆ ئەویتریان روودەدات. لەگەڵ ئەم قۆناغەیشدا قۆناغێکی سیاسیی گواستنەوەیی دەگونجێت کە دەوڵەت تەنیا دەبێت ببێتە دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕیی«[52]. کۆماری بۆرژوازی، وەك ئەوەی لە ساڵانی 1848-1852 هەبوو، هەمیشە باشترین زەمینە بووە بۆ دروستکردنی ئەم قۆناغە گواستنەوەییە[53]. لەنێوبردنی وەهمی دیموکراسی[54] رێگری لەوە ناکات کە کۆماریی »لە کۆمەڵگەی بۆرژوازیدا ببێتە دوایین فۆرمی دەوڵەت« کە لە هەناویدا گەورەترین جەنگ لەنێوان چینەکاندا دەگوزەرێت. گرنگیی دەنگدانی گشتیش هەر لێرەدایە: لەنێو و بەهۆی ئەم میکانیزمەوە سیستەمی سیاسیی بۆرژوازی خۆی لە کۆمەڵگەی مەدەنی جیادەکاتەوە و بەرەو ئەوە دەچێت بوونی تایبەتی خۆی بکاتە بوونێکی گشتی؛ بەڵام هەڵگەڕانەوەی شۆڕشگێڕانە دەتوانێت لەم زەمینەوە پێبگات. دەشێت دیموکراسییەتی بۆرژوازی پردی پەڕینەوە بێت بۆ دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا، ئەویش

---

52 هەمان سەرچاوە، ل34.

53 هەمان سەرچاوە.

54 هەمان سەرچاوە، ل35. ئەمە »دیموکراسییەتی ئاستنزم«ە کە لە کۆماری دیموکراسیدا لە "هەزارساڵەی تەمەنی"دا دەژی.

به پاراستنی هەندێك دامەزراوەی و گۆڕینی هەندێکی تری (ئەنگڵسیش لە پێشەکی کتێبی خەباتی چینایەتی لە فەرەنسادا هەر بەم جۆرە و بەو واتایەی مەبەستمانە، تەفسیری مارکس دەکات)[55]. دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا دیموکراسییەت تا سنوورێکی زۆر بێپێشینە بەرفراوان دەکات، ئەوەیش لە ڕێگەی بەشداریی پێکردنی سیاسیی زۆر فراوانەوە کە تا ئێستا نموونەی نەبووە: بوونی تێگەیشتنێکی بەفراوان لە میکانیزمەکانی کاری کۆمەڵگە و سیاسەت، پراکتیزەکردنی فۆڕمە نوێیەکانی باڵادەستی بەسەر پرۆسەکانی بەرهەمهێناندا لەلایەن بەرهەمهێنەرانەوە، دیاریکردنی فۆڕمە نوێیەکان بۆ بڕیاردانی بەکۆمەڵ و جێبەجێکردنیان، گەشەسەندنی هێزی بەرهەمهێنیی کە بە ئازادی و عەقڵانییەتەوە چیتر بەرگەی هیچ فۆڕمێك لە فۆڕمەکانی شوێنکەوتەیی ناپەسەند ناگرێت، ئاستێکی بەرزی ڕۆشنبیریی لای ئیشکەرانی بە کۆمەڵ[56].

بەم جۆرە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا، بە ئامانجە دوولایەنە ماتریالییەکەیەوە، وەك وێنەیەك دەربارەی قۆناغی گواستنەوە پیشان دەدرێت، ئەو ئامانجە دوولایەنەیش بریتین لە: هەڵوەشاندنەوەی شێواز و پرۆسەی هەڵسەنگاندنی

55 خەباتی چینایەتی لە فەرەنسا، سەرچاوەی پێشوو، ل34.

56 لێکۆڵەرە مارکسیستە ئیتالییەکان، لە تاوتوێکردنی ئەم پرسەدا، زۆر لەپێشن. بگەڕێوە بۆ: د. زۆلۆ.

La teoria communista dell’ instituzione dello stato, De Donato, Bari, 1974, F, .Zolo, stato Socialista e liberta borghesi

La terza, Bari, 1976: U. Cettoni, Teoria politica e socialismo, Editori Riuniti, .Roma, 1973

Et à L’origine d’un débat capital, N, Bobbio, Quale Socialismo?, Einaudi, .Torino, 1976

سەرمایەدارییانە (چیتر بەرهەمهێنەران خۆیان زێدە-بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی دیاریی دەکەن)؛ هەڵوەشاندنەوە پرۆسەی بە سەنتەرکردن-سەربەخۆیی دەزگای دەوڵەت. ئەمەیش بواری ئەوەمان پێدەدات باشتر لەوە تێبگەین کە بۆچی لە شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییدا سیاسەت وە پێویستییەکی دابڕاو و بەرزتر لە کۆمەڵگە هێندە گرنگە، ئەمەیش لەو پێناوەدایە خودی سیستەمی کۆمەڵایەتی بەسەر ڕێسای بازاڕدا بسەپێنرێت و بازاڕ لە بابەتی پابەستییەکانی کاری کۆمەڵایەتیدا بە گوێرەی پێوەری یەکسانیی ڕێکخرابێت. ئەم سیستەمە ناچارکردن لەخۆ دەگرێت، بەهۆی لۆژیکی ڕێسای پەیڕەوکراوی یەکسانییەوە کە لەسەر کەسە ناهاوتاکان جێبەجێدەکرێت.

لە بەرامبەردا دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا ئەوە دەردەخات کە پرۆسەی دانانی ڕێسا سیاسییەکان (لێکدژیی نێوان باڵادەستان و ژێردەستان) هۆکارێکی گرنگە بۆ هەستکردن بەوەی بازاڕ پێویستی بە بنچینەیەکی هاوبەشی کرێی بەرهەمهێنەران هەیە، واتە دابەشبوون بۆ چینەکان. جا بۆئەوەی بە کەمێك زەغت و زۆرەوە پێوانەی سیاسی-یاسایی هەڵبوەشێنرێتەوە و بنەمای نایەکسانی کۆتایی پێ بهێنرێت، دەبێت بە تەواوەتی ملکەچبوونی تاکەکان بۆ دابەشکردنی کۆمەڵایەتییانەی کار هەڵبوەشێتەوە. بۆ ئەوەی ئەمەیش ڕووبدات، دەبێت تاکەکان بچنە پەرەسەندنێکی سەرتاسەرییەوە و سامانی کۆمەڵایەتی دووقات بکەنەوە، بە جۆرێك هەر تاکەکەسێك بەپێی توانای خۆی، ببێتە خاوەنی خێروبێرەکان و بەشداری بکات لە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵایەتیدا. دواجار ئەمەیش

واتای ئەوەیە کە بۆئەوەی کۆتایی بە بەهای ئاڵوێرییانە بهێنرێت پێویستە مێژوو "کار" وەك چالاکییەکی بۆرژوازی و وەك چالاکییەکی مرۆیی کە بە یەك زەرورەت و یەك ئامانجی دەرەکی دیاریکراوە، تێپەڕێنێت و ئینجا بیگۆڕێت بە "کاری ئازاد"[57]، وەك پێویستیی بەرایی تاك و ژیانی تاکەکەس.

بەم جۆرە دەوڵەت، لەسەر ئەم ئاستە، رەگەزێکی بونیادییە لە کۆمەڵگەی چینایەتیدا کە لەسەر بنچینەی خاسیەتی زۆرداری بەرامبەر رۆڵە کۆمەڵایەتییە تایبەتییەکان پێکهاتووە. لە هەمان کاتیشدا، گوزارشتە لە جیاکردنەوەیەکی دەزگایی بۆرژوازانەی کار و بەکاربردن- کاری ئەبستراکت مەرجی گریمانەکراوی بەرهەمی کۆمەڵگەیە (تەنیا وزەی "کارکەر" دەتوانێت چەندێتییەکەی زیاتر بکات).

گەر وابێت، هەڵوەشاندنەوە و پوکانەوەی دەوڵەت، وەك ئەوەی لە پوختەی رەخنەی سیاسەت لای مارکس لە ساڵی 1875 دا دەیبینین، تەنیا لە کۆمەڵگایەکدا دەبێت کە ماوەی بەکارهێنانی هێزی کار بەسەریدا باڵادەست نەبێت، بەڵکو پەرەسەندنی تاکی کۆمەڵایەتی و پەرەسەندنی تواناکانی بۆ باڵادەستی و بۆ دەرککردنی سروشت و لەنێویشیدا سروشتی کۆمەڵایەتی، تێیدا بنەمایە. کاتێك بەرهەمهێنەران ناچار نابن بەرهەمەکان وەك کاڵا بگۆڕنەوە و کاتێك دابەشکردنی وەزیفە کۆمەڵایەتییە گشتییەکان بوار بۆ چەوساندنەوە و هەژموون ناهێڵنەوە، ئەو کاتە سیاسەتی "پوخت" کۆتایی پێدێت و مومارەسەیەکی نوێی سیاسەت جێگای دەگرێتەوە کە لەسەر پەرەسەندنی پەیوەندییە نوێیەکانی بەرهەمهێنان

57 خەباتی چینایەتی لە فەرەنسا، سەرچاوەی پێشوو، ل25.

چڕ بۆتەوە، ئیدی لەوێدا مۆرکە ڕاستەوخۆکەی کاری ئازاد پەسەند دەکرێت. لەم دەزگا کۆمەڵایەتییەدا تەنیا ”وەزیفە کۆمەڵایەتییە شەرعییەکان“ مومارەسە دەکرێن، ئەویش بە گوێرەی دامەزراوەی نوێ. واتای ئەمە کۆتایی سیاسەت نییە وەك سیاسەت، بەڵکو کۆتایی سیاسەتی ”پوخت“ـە و سەرەتای سیاسەتێکە کە پەیوەستە بە بەڕێوەبردنی کۆمەڵایەتیی بەرهەمهێنەرە هاوبەشەکانەوە.

### 4- مەتەڵ

پەیوەندیی نێوان تیۆری بەها و ڕەخنەی سیاسەت، ئەم ڕەخنەیەی کە هەر لە ساڵی 1848-1852هوە مارکس ئەنجامیدا و جێگیری کرد، کەرەستەی نوێی شیکاری دەخاتە بەردەست، هاوکات توانایەکی پراکتیکی نوێیشمان پێدەدات بۆ دیارییکردنی تیۆری گواستنەوەی شۆڕگێڕی. مارکس لە دەقێکی ساڵی 1875 دا، دەگاتە بەرزترین خاڵی ڕێڕەوەکەی: لەوێدا بەشێوەیەکی ڕوونتر دەستبەرداری هەڵوێستی ئەو گەنجانە دەبێت کە ویستێکی ئانارشییانەیان هەبوو، ئەوەیش بە ڕەتکردنەوەی هەر تێزێك دەربارەی خاپوورکردنی بونیادی دەسەڵات و کارگێڕی لە کۆمەڵگەیەکدا کە ئەوان وەك گشتێکی هۆمۆژین و بێ ناکۆکی وێنایان کردبوو. ئەو، ڕەخنەی سیاسەت (سیاسەت وەك سەربەخۆیی- جیاکردنەوەی دەسەڵاتی مومارەسەی وەزیفە کۆمەڵایەتییەکان) دەبەستێتەوە بە وەرگێڕانی ئەم ڕەخنەیەوە بۆ پرسی گۆڕانی شۆڕشگێڕیی دامەزراوە دیموکراسییە نوێنەرایەتییەکان، کە پێیوابوو پرسێکی ”زانستی“ی دیالەکتیکی-ئەزموونگەرییە.

دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا مانیفێستی فۆرمی سیاسیی گواستنەوە نییە، بەڵکو مانیفێستی کێشەکەیەتی. ئەوە تێرمێکە بۆ کۆنتێکستێکی گواستنەوەیی کە پەیوەندی بە هیچ چوارچێوەیەکی هێڵییانەوە نییە، پەیوەندیی بە هیچ فۆڕمێکی سیاسی و ئابوورییەوە نییە کە پێشتر دیاریی کرابێت و ناکرێت تەنیا واتای "خۆ-هەڵوەشانەوە"ی بازنەیەکی سیاسی بێت لە کایۆسی کۆمەڵایەتیدا. ئەم کۆنتێکستە ] مارکسییە[ رەخنەیەکی بەردەوامی تێدایە لە دامەزراوە سیاسییە بۆماوەکان و خوزیاری بەرهەمهێنانی دامەزراوەی نوێیە. ئەم کۆنتێکستە رەهەندێکی ئەزموونیی هەیە، چونکە بونیادی دامەزراوەی سیاسی و ئابووریی نوێ تاقیدەکاتەوە و بونیادە کۆنەکە راستدەکاتەوە.

وێڕای ئەوەی لەساڵی 1875 بە کراوەیی باسی ئەم پرسە کراوە (کە لەوێدا رەخنەی ئابووریی سیاسی لەگەڵ رەخنەی سیاسەت لێك گرێدەدرێنەوە)، دەبێت سەرنج لەوەیش بدەین کە رەخنەی سیاسەت بەردەوام لە فیکری مارکسدا ئامادەیی هەبووە، ئەم رەخنەیەش دەکەوێتە نێوان ساڵانی 1845-1852ـەوە، کە لەبارەی ماتریالیزمی مێژووییەوە بەرهەمهێنراوە و لەو کاتەیشدا هێشتا هەموو کێشەکانی رەخنەی ئابووری لەم روانگەیەوە باس نەکرابوون، مارکسیش ئەو پرسەی بە کراوەیی هێشتۆتەوە کە لە ساڵی 1875دا خۆی پێیەوە سەرقاڵ کرد: ئەمە پرسی تێپەڕاندنی سەربەخۆیی سیاسی و پەیوەندی کاڵایی هەڵسەنگاندنی سەرمایەدارییە پێکەوە. ئەم پرسە پرسێکی "هەنوکەیی"ـە و لە هەمان کاتدا زانستی و سیاسییشە و دەبێت بەهۆی

فۆڕمەکانی دامەزراوەی سیاسییەوە ئیمکانی چارەسەری کۆمەڵایەتیی عەقڵانی دەربخات، ئەویش بە داهێنانی فۆرمی نوێی سیاسیی خۆ-رەخنەکەر، بەو جۆرەی کە گوزارشت لە جەوهەری هێزە زیندووەکانی بەرهەمهێنان بکات. ئەرکی دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریایە لە دوولایەنەوە پچڕان دروست بکات، ئەویش لەسەر ئاستی دامەزراوەکان و لەسەر ئاستی فۆڕمەکانی بەرهەمهێنان، بەڵام تەنیا ئەو کاتە دەتوانێت ئەم دابڕانە دوولایەنە ئەنجامبدات، کە وەك فۆڕمێکی یەکگیریی گۆڕانەکانی بونیادی سیاسی و بونیادی ئابووری سەوز ببێت. دەبێت ئەم بونیادانەش رێکخستنی چینی کرێکار لە چینێکی گشتیدا مسۆگەر بکەن، بەوەی وا لەم چینە گشتییە بکات بتوانێت ئەڵتەرناتیڤ و ئەڵتەرناتیڤی دامەزراوەیی بۆ حاڵەتی یەکگرتن-جیابوونەوەی بۆرژوازییانەی بازنەی ئابووریی تایبەت (کە خاوەندارێتی زێدەبەهایی بەرێوەی دەبات) و بازنەی سیاسیی دیموکراسییەتی-نوێنەرایەتی، بەرهەم بهێنێت.

بەڵام هێشتاش مەتەڵێك ماوەتەوە. بۆچی بەو درەنگ وەختە ئەم رەخنەیە دەبەسترێتەوە بە سەرمایەوە و پەیوەندییەکی روون لەنێوانیاندا دادەمەزرێنرێت؟ چۆن تەفسیری سەربەخۆیی رێژەیی رەخنەی سیاسەت لە رەخنەیی ئابووریی سیاسی پەرەسەندوو بکەین؟

بۆ ئەم مەتەڵە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ تیۆری بەها، لێرەوە سەرجەم دژوارییە تایبەتییەکانی ئەم تیۆرییەیش خۆی زەق دەبێتەوە، لایەنیکەم بەتایبەت لە یەکێك لە تەفسیرەکانیدا (ئەویش بە دیاریکراوی بۆچوونی جەوهەرگەرایانەیە). بەم

واتایە، زانستی ئابووری و سیاسەتی تەواوکار، کە ئامانجی مارکس بووە، بە هەڵپەسێردراوی دەمێننەوە، ئەوەیش لەبەرئەوەی رەخنەی سیاسەت بنچینە تایبەتییەکەی خۆی دەپارێزێت کە گرێی دەداتەوە بە بنەما گشتییەکانی ماتریالیزمی مێژوویی ساڵانی 1845-1852ـەوە، بەبێ ئەوەی بتوانین ببیەستینەوە بە رەخنەی پەرەسەندووی دواتری ئابووریی سیاسییەوە. خۆ ئەگەر ئەم رەخنەیەی سیاسەت بە وردی ئیشی تێدا کرابێت و رەخنەیەکی دەوڵەمەند بێت کە میکانیزمی ئەنتەرناسیۆنالی دووەم و کارگێڕیی ئەنتەرناسیۆنالیی سێیەم بە جۆرێك لە جۆرەکان فەرامۆشیان کردووە، خۆ ئەگەر ئەم رەخنەیە ئیمکانی بوونی قۆناغێك بۆ رێکخستنی بزووتنەوەی کرێکاریی تێدا هەبێت، ئەوا نکوڵیکردن لە بوونی ئەم بۆشایی و کەلێنە هەڵوێستێکی پووچە. ئەمە بواری کراوەی بەرپرسیارێتییە تیۆرییەکەمان دیاریی دەکات.

با بۆ تەواوکردنی کارەکەمان گریمانەیەکی لێکۆڵینەوە دابنێین، با ئاماژە بە هەندێك شوێنی هەستیار بدەین لە سەرمایە خۆیدا، کە دەشیت ئەمانە بە رێسای لێکبەستنەوەی هەردوو رەخنەکە ]رەخنەی سیاسەت و رەخنەی ئابووریی سیاسی[ دابنێین. دەتوانین بڵێین دەشێت سەرمایە لەبارەی سێ "چرکەسات"ـەوە دووبارە فۆرموله بکەینەوە، هەر یەکێکیان شێوەیەکی تایبەتی پەیوەندی نیوان ئابووری و سیاسەتە، لە هەر یەکێکیشیاندا تیۆری چینە کۆمەڵایەتییەکان و ململانێی چینەکان رەگەزی ناوەند، یان میدیۆمی ئەم پەیوەندییەیە[58].

58 لەبارەی ئەم گریمانەیەوە، بڕوانە: V. Cerroni: Teoria della crisi sociale in Marx, De Donato, Bari, 1971, p.174.

له سەرەتاوە، دەتوانین زێدەبایی وەك چرکەساتی یەکەمی سەرمایە، واتە چرکەساتی شیکاریی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری وەك بەرهەمهێنانی ئەو پەیوەندییەی کە لە سەرمایەدا هەیە، دیاریی بکەین، هێزی کاری کرێگرتەش بنەما و بەرەنجامیەتی. مارکس لەبارەی ئاڵوگۆڕی بونیادییانەی سوڕی "س. م. س." بۆ "م. س. م." شیکارییەکی لۆژیکی-دیالەکتیکی بۆ ئەم بەرەنجامە ئەنجام دەدات. ئەمەیش تەفسیری دروستبوونە مێژووییەکەی ئەم بەرەنجامە دەکات کە بوو بە بنەمای "کەڵەکەبوونی یەکەم". ئەم بەرەنجامە هاوئاست و هاوکاتە لەگەڵ "پەیوەندیداریی سیاسیی"ـدا. گواستنەوە لە ئابووری سروشتییەوە بۆ ئابووریی ئاڵوگۆڕکاری پرۆسەیەکە کە ڕەوایەتییەکی مێژوویی-لۆژیکی بە بەڕێوەبردنی ناراستەوخۆی کۆمەڵگە لەلایەن دەوڵەتەوە دەدات، ئینجا ڕەوایەتی بە لێکجیاکردنەوەی بازنەی ئابووری و بازنەی سیاسی دەبەخشێت. میکانیزمی بەها بەڕێوەبردنی "نوێنەرایەتی" دیاریدەکات کە لە هەمان کاتدا لای خۆیەوە ئەم میکانیزمە دەستەبەر دەکات. دەوڵەتی هاوچەرخیش بنەما و بەرەنجامی ئەم میکانیزمەیە. وەك چۆن پەیوەندی ئابووری بەهای بەکارهێنان/بەهای ئاڵوگۆڕکارییە و دوو جەمسەرە، هەر بەو جۆرەیش پەیوەندی سیاسیی دەوڵەتی نوێنەرایەتی/کۆمەڵگەی خاوەندارێتی تایبەت، دەبێتە پەیوەندییەکی دوو جەمسەر.

بابەتی چرکەساتی دووەمی سەرمایە، بونیادی ڕێکخراوی میکانیزمی سەرمایەداریی نییە، بەڵکو خاسیەتە لێکدژییەکەی و دینامییەتە لۆژیکییەکەی و دیالەکتیکە مێژووییەکەیەتی.

لە ڕاستیدا، کاتیگۆرییە لۆژیکییەکانی نەزمەکە وەها بەهای ئاڵوگۆڕ، زێدەبەها دەسەپێنن کە لێکدژ بن لەگەڵ سەرجەمی کاتیگۆرییەکانی تردا کە لە سەرەتاوە ڕۆڵەکەیان بەتاڵ کرابوویەوە، وەکو بەهای بەکارهێنان، پڕکردنەوەی پێداویستییەکان، پرۆسەی کار. لەسەر ئاستی سیاسییش ئەدگارەکانی لێکدژییەکی تایبەت نەخش دەگرن، ئەمەیش ئەو لێکدژییەیە کە فۆڕمی ڕزگاریی سیاسی و فشاری کردەیی پێویستییەکانی ڕزگاربوونی کۆمەڵایەتی دەخاتە لێکدژییەوە. چوارچێوەی مافخوازی-سیاسی، کە پرۆسەی سیستەماتیزەکردنێکی فۆڕماڵە، بەرهەمهێنان دەخاتە نێو هاوکێشە بازرگانییەکانەوە، هاوکاتیش بەردەوامێتی جیاکارییە کردەییەکان دەشارێتەوە. ئەم چوارچێوەیە ڕێکخەری یەکسانییەکە کە یەکسانیی تێدا نییە، ڕێک وەك هاوکێشەی ئاڵوگۆڕی بەرهەمهێنان (کرێ لەبری بەکارهێنانی هێزی کار) کە هاوکێشە نییە. لێرەدا لەژێر بازنەی دەستکەوتەکانەوە ڕەخنەیەك پێداویستییە "سروشتییەکان" دەجوڵێنێت، ئەوە بنچینەیی لێکدژی چینایەتی خۆیەتی.

دواجار دەبێت چرکەساتی سێیەم لە سەرمایەدا دیاریبکەین؛ ئەمەیان لەچاو ئەوانی تردا پەرەیەکی ئەوتۆی پێنەدراوە: بابەتی ئەم چرکەساتە تێپەڕاندنی لێکدژییە لەنێوان سەرمایە و کاردا، لەنێوان بەهای ئاڵوگۆڕ و بەهای بەکارهێناندا. ئەم چرکەساتە لە دژیەکی نێوان کار-ماندوویێتی و کار-پشوودا دەگاتە ترۆپکی خۆی، ئەم دژیەکییە بە ئاستەم هێڵە سەرەتاییەکانی دیاریی کراون. ئەو قەیرانە سەرمایەدارییەی کە لەرووی بونیادییەوە بەردەوامێتیی هەیە، لەسەر ئاستی سیاسی وەردەگێڕدرێتە سەر ڕوانگەیەك کە ئەمیش پەیوەستە

به بونیادی میکانیزمی نوێی بەرهەمهێنییەوە، کە پشت دەبەستێت بە زانستەکان و یەکخستنی هێزی کار و ویستی دەوڵەت و ماف بۆ هەڵوەشانەوە و پوکانەوە. وەك چۆن بونیادی بازاڕی سەرمایەداری ]واتە لەپێشترێتی بەهای ئاڵوگۆڕکاری[ دەچێتە ناکۆکییەوە لەگەڵ بونیادی "سروشتی"ـدا کە کۆمەڵی مرۆیی پشتی پێدەبەستن ]لەپێشترێتی بەهای بەکارهێنان[، هەر بەو جۆرەیش دەوڵەتی نوێنەرایەتی لە "جیابوونەوە"یدا بەهۆی بنەمای کاری نوێنەرایەتییەوە، دەچێتە نێو رووبەروبوونەوەی لۆژیکی سەروەرێتی میللی خەڵکانەوە کە لەرووکەشدا یەکسانن. بەرهەمهێنەرەکانیش وەك ئەوەی خاوەنی "ئیرادەی ئازاد"ن، کە دەبێت خۆیان بە هاوکێشە رووکەشەکانەوە بابدەن، لەسەر ئاستی بڕیاری سیاسی دەبنە "هاونیشتمانیانی ئازاد". شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری دوو لێکدژی یەکلاکەرەوە پێکەوە دەبەستێتەوە: وەك گریمانە دەکرێت، لە سەربەخۆیەتی رووکەشی کەسەکانەوە لەسەر ئاستی سیاسی، کەلێنێك دەکەوێتە نێوان ئەوانەی شتەکان دەگۆڕنەوە و ئەوانەی وزەی کاری زیندوو دەگۆڕنەوە، ئینجا ئەمە دەبێتە مایەی جیابوونەوەی نێوان ئەوانەی خاوەن شتەکانن ]کەرەستەکانی بەرهەمهێنان[ و ئەوانەی خاوەنی هێزی کارن. لەلایەکی دیکەیش، کاتێك کۆمەڵگەی مۆدێرن دەبێتە بازنەی ئەو خاوەنداریتییەی کە هۆکاری بێبەشبوون و بەدبەختیی خەڵکانێکی زۆرە، ئەوا دەبێت لەسەر ئاستی کارگێڕیی "سیاسی"ی باو و جیاوەبوو، ئەو سیستەمە کارگێڕییە پێچەوانە بکاتەوە کە کۆمەڵگەی پێ بەڕێوەدەبات: ناسەروەرێتی کردەیی گەل، راستەوخۆ و دەستبەجێ ئەو

یەکسانییە سەرتاسەرییەی خەڵکی بەدرۆدەخاتەوە کە ئەم سەروەرێتییە میلییە گریمانەی دەکات. هەروەها دامەزراندنی دەوڵەت لەسەر ویستی گەل، بەهۆی سەربەخۆیی دەوڵەت و بەرجەستەبوونییەوە لە جەستەی سیاسیی نوێنەرایەتیدا، کە تاکە رێپێدراوە بۆ دەرکردنی بڕیارەکان، راستەوخۆ بە درۆدا دەکەوێتەوە.

بەم جۆرە ویستی خستنەوەپاڵی یەکتری ئەم لێکدژییانە دەبێتە وزە و جوڵەی هەموو پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی-ئابووریی سەرمایەداری. ئایا ئەم ئاماژانە بەسن بۆ دووبارە فۆرمولەکردنەوەیەکی یەکرەنگی فۆڕمی کۆمەڵایەتی و ئابووری و فۆرمی سیاسی؟ سەرلەنوێ دەبێت ئەم پرسیارە بخرێتەوەروو. ئەمە ئەو بوارە دیاریی دەکات کە دەبێت روون بکرێتەوە. رەنگە هەر ئەمە توێژینەوەی لە دەقەکانی "فیلۆلۆژیا" پەردەپۆش کردبێت کە نەمانتوانی لە پرسی "قۆناغی گواستنەوە"ی نزیك بکەینەوە، لەمڕۆدا چیتر ئەم قۆناغە "لە دوای" بە دەستەوەگرتنی دەسەڵاتی دەوڵەت دەستپێناکات، بەڵکو "بەر لە بەدەستەوەگرتن"ی دەسەڵات دەستپێدەکات.

# پرسی سیاسی و باڵادەستیی دەوڵەت
# رەخنەیەك یان دوو رەخنە؟

سیزار لۆپۆرینی

## 1- مەسەلەی ڕێبازی ڕەخنەیی مارکس

وەك هەمووومان دەزانین پەرەسەندنی فیکری مارکس، تەنانەت لە زۆربەی قۆناغەکان و لە دەربڕینە هەرە میتۆدییەکانیشدا، بە توندی گرێدراو بووە بە گوزارەی "ڕەخنە"هوە، بۆیە هەرگیز ناکرێت لێی جیا ببێتەوە. بێگومان ئەمەیش بەناچاری واتای ئەوە نییە کە ئەم گوزارەیە لای مارکس، لە کایە هەمەجۆرەکانی پراکتیزەبوونیدا (ئەگەرچی کایەی ئابووری سیاسی لە پێش کایەکانی ترەوەیە)، یان لە جۆراو جۆریی قۆناغەکانی فیکریدا، ناوەڕۆکێکی جێگیر و وەستاو یان مەدلولێکی ماناپارێزی هەیە. لێرەدا نامەوێت مەسەلەی ڕێبازی ڕەخنەیی مارکس بە تەنیا لە خۆیەوە و بە شێوەیەکی ئەبستراکت، یان پەیوەندی ئەم ڕێبازە ڕەخنەییە بە فۆڕم و فۆڕمە دوابەدوا یەکەکانیەوە، دیاریی بکەم. هەڵبەت دەشێت ئەم کارە بکرێت، بەڵام پێناچێت سوودێکی ئەوتۆی هەبێت، یان ڕەنگە ئەگەر بێتوو ئەم کارە بەجۆرێك تەرجەمە بکرێت کە تێیدا فۆڕم (یان فۆڕمەکانی) ڕەخنەکە لە جووڵەی کرۆکی فیکری مارکس جیا بکاتەوە، ئەوا مەترسی ئەوەی لێ بکرێت ببێتە هۆی سەرلێتێکدان و شێواندن. ئەوەی لە ڕێبازی مارکسدا بۆمان گرنگە پەیوەندیی ئەم ڕەخنەیەیە بەم ناوەڕۆکەوە. چونکە هەر بە زوویی پێماندەڵێن ڕەگەزی ڕەخنەیی لە فیکری مارکسدا سەرلەبەری دیاریکراوە و سنوورەکانی دیارە (و بە جۆرێك لە جۆرەکان و وشەی "ڕەخنە"ش لە خۆیدا، گوزارشتە لە کاتیگۆرییەکی باڵا). مەبەستەکەیش لە واقیعدا فیکرێکی ڕەخنەییە کە لە هەموو بەشەکانیدا "ڕەخنەی هەبوو"ی (مرۆیی،

کۆمەڵایەتی، مێژوویی) بە پێویست زانیووە و گریمانەی کردووە و لە هەناوی خۆیشیدا هەڵیگرتووە، یان لایەنیکەم شتێکی هاوشێوەی ئەمەیە. ئەم جۆرە رەخنەیە شتێکی نوێ نییە؛ مارکسیش داهێنەری نەبووە، بەر لەویش، لەلایەك لە چەپی هیگڵی و کانت، لەلایەکی تریش لە هەموو تیۆر و پراکتیکەکانی "کۆمۆنیزم" و "سۆسیالیزم"ـەکانی بەر لە مارکسدا، کە رەخنەی "هەبوو" ]یان دۆخی باو[یان دەکرد-هەبووە، رێکەوتیش نییە کە مارکس بە رەخنەی-یۆتۆپی ناوی بردوون. وەك دەشزانین لەسەر بنەمای ئەم ویستە رەخنەییە بووە کە رێبازی رەخنەیی مارکس (و ئەنگڵس) لە "مانیفێستی کۆمۆنیزدا"ـدا مومارەسە کراوە.

وەسفکردنی ئەم "سۆسیالیزم" و "کۆمۆنیزم"ـانە بە وشەی "یۆتۆپیزم" (ئەگەرچی ئەم پۆلێنەیش هەر داهێنراوی مارکس و ئەنگڵس نەبووە) رەخنەی رەخنەیە، ئەمەش رەخنەیەکە کە گەلێك ناوەڕۆکی ئوبێکتی رەخنەکەی قبوڵ بووە. لای مارکس و ئەنگڵس، رەخنەگرتن لە هەبوو بە ئامانجی ئەوە نییە بە نموونەیەکی باڵا دژایەتی هەبوو بکرێت، بەڵکو دیاریکردنی تواناکانی گۆڕانە رێک لەم هەبووە خۆیدا و دیاریکردنی رێگا کردەییەکەی بە ئەکچوالبوونی ئەم پۆتێنشیەلانەیە. هەر وەك دەزانین، لای ئەم دوو بیرمەندە ئەمە تاقانەیی پۆلیتاریای مۆدێرنی پیشەسازییە بەهۆی ئەوەی هەڵگری سوبێکتی شۆڕشگێڕییە دژ بە سیستەمی بۆرژوازیی سەرمایەداریی. ئەم سوبێکتە پێشتر وەك بەرهەم و بەرەنجامی مێژوو یان هەلومەرجێکی مێژوویی لەوێدا هەیە؛ هەروەها بزووتنەوە و تێکۆشانیشی هەر هەبووە. کەواتە مەسەلەکە پەیوەستە

بە ڕوونکردنەوەی ئەو هەلومەرجە کردەییانەوە کە ئەم چینە لەنێویدا گەشەدەکات، ئینجا لە کاتی پێویستدا مارکس و ئەنگڵس ئاراستەی دەکەن و پێشڕەویی دەکەن (مانیفێستی کۆمۆنیزم دەیەویست مانیفێستی "حزب" بێت). وەك کەمێك لەمەوبەر وتم پرۆسە سیاسییە-فیکرییەکە لای دامەزرێنەرەکانی مارکسیزم لەنێوان ساڵانی 1844-1848 ڕوویدا.

بەڵام پێدەچێت نەتوانین ئەو پرۆسێسەی پێشووی ئەم دووانە بە پرۆسێسێکی لاوەکی دابنێین[59]. بەتایبەت لەبەرئەوەی لای مارکس ئەزموونێك شێوەی گرتبوو کە تێیدا نەك تەنیا شوێنەوارێکی پتەوی ئەو شتەی نەهێشتەوە کە دەکرێت پێی بڵێین بونیادی زەینی پێگەیشتنە فیکرییەکەی (ئەمەیش مەدلولێکی گەورەی هەیە)، بەڵکو لە هەندێ ناوەڕۆکیشدا کە ئوبێکتی ئەم ئەزموونەیش بووە هەر وابوو. مەسەلەکە پەیوەستە بە ئەزموونێکی گشتیی کەسییەوە، کە تێیدا پاڵنەرە فەلسەفییەکان و ڕەگەزەکانی ڕێبازێکی تایبەتی

59 پێشتر هەوڵمداوە ئەم پەرەسەندنەی مارکس (و هەندێکیش ئەنگلز) ڕوون بکەمەوە، ئەویش لە پێشەکییەکەمدا بۆ کتێبی «ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی»ی مارکس و ئەنگلز، بڵاوکراوەکانی ریۆنیتی، ڕۆما 1967. لێرەدا هەندێک پرسم باسکردۆتەوە، نەک تەنیا لە گۆشەنگیای مێژووییەوە، بەڵکو تیۆرییشەوە، لە «لۆژیکێکی تایبەت بە بابەتێکی تایبەت: دەربارەی مشتومڕی مارکس لەگەڵ ئەنگلز»دا، کە وتارێکە و لە کتێبێکی دەستەکۆییدا بڵاوکراوەتەوە بە ناونیشانی «پرسە تیۆرییەکان لە مارکسیزمدا»، بڵاوکراوەکانی ڕیۆنیتی، ڕۆما، 1976، کە وەرگێڕانی ئەو دەقە بوو وا لە کۆنگرەی شتوتگارتدا دەربارەی هیگڵ، ساڵی 1970، پێشکەشم کردبوو. لە بەشی یەکەمی ئەو دەقەدا هەندێک ڕواڵەتی پەرەسەندنی مارکسم ڕوون کردۆتەوە لەپێش کەشفکردنی ماتریالیزمی مێژووییەوە، ئەو ڕواڵەتانە لە سەرەتادا بەلامەوە دڵخواز بوون.

رەخنەیی و تێڕامانی سیاسی، بەنێو یەکتردا دەچن و لە یەکتر جیادەبنەوە. ئەمەش لە جەوهەرەکەیدا دوو رواڵەتی سەرەکی هەڵگرتووە: یەکەمیان: تیۆری-فەلسەفی، دووەمیان: تیۆری-سیاسی. هەردووکیان رەگەزە رەخنەییەکەیان تێدایە و "قەیرانەکان"ـی تیۆرییە خێرا و یەك لەدوای یەکەکان دیاریدەکەن کە پەیوەندییان بە شیکاریی گەشەکردووی حەقیقەتی کۆمەڵایەتی و ئەو بڕیارە کەسییانەوە هەیە کە لەم بابەتەدا هەیە (واتە هەڵبژاردنی شێوازی ژیان).

با باس لە روخساری یەکەمیان بکەین. هەڵبەت لای کانت و هیگڵ و قوتابخانە هیگڵییەکان سەنگە مێژوویی-کولتوورییەکانی بەکارهێنانی وشەی "رەخنە" فەرامۆش کرابوون. ئەم بەکارهێنانە گەیشتبووە رادەی زمانزبریی لای "چەپ"ـی هیگڵی ]هیگڵییە گەنجەکان[، بەتایبەتیش لای پرۆنۆ پاوەر. لە راستیدا ئەم دۆخە قەیرانێکی سیاسی تێدا بوو کە مارکس دەیزانی چۆن دەرکی پێدەکات: قەیرانەکە واتای ئەو مەودایە بوو کە ئەم گروپ و دەستە رۆشنبیرە خستبوویانە نێوان خۆیان و جەماوەرەوە، ئەم گروپە رۆشنبیرەش کە لە ساتەوەختێکدا لە ئەڵمانیاندا پێشڕەو بوون (و لە تەواوی شوێنەکانی تری ئەوروپادا نموونەیان نەبوو)، نەك هەر مەودایان لە جەماوەر وەرگرت، بگرە تەنانەت هەڵوێستی دژە جەماوەرانەشیان هەبوو (بۆ نموونە لای پرۆنۆ پاوەر)، ئەوەیش رێک لەو کاتەدا بوو کە ئیفیلجی و شکستی بزووتنەوە سەرەکییە دیموکراتییەکەیان ببووە شتێکی روون و ئاشکرا. واتە ئێمە لەم باسەدا لە ئەڵمانیای 1842-1843داین. کاتێك مارکس لە هاوڕێ کۆنەکانی جیابوویەوە و دەستیکرد

به پاکسازی و حیساب لەگەڵ ”ئاگاییە فەلسەفییەکەی پێشتری خۆی“دا (ئەم پرۆسەیەیش ساڵی 1845 تەواو دەبێت)، ئەو وێنە کاریکاتۆرییەی کە لە خێزانی پیرۆزدا دەربارەی ستایلی پرۆنۆ باوەر –رەخنەی رەخنەی رەخنە-کێشای، بەشێکی تێکهەڵکێش بوو بە رێبازی رەخنەیی تایبەتی مارکس، ئەمەیش ئەو رێبازە بوو کە بە کاریگەری فەلسەفییانە (نەك سیاسییانە)ی فیۆرباخ نەشونمای کرد. مەسەلەکە پەیوەستە بە رەخنەگرتنی فەلسەفەی تیۆرییەوە، کە ئەم رەخنەیە لە رووی تەکنکییەوە، پشتدەبەستێت بە هەڵگەڕانەوە و قلْپکردنەوەیەکی بەناوبانگ، یان دروستتر بڵێین بە رێککردنەوەی پەیوەندی نێوان بابەت-هەڵگیراو وەك ئەوەی لەنێو ئەم فەلسەفەیەدا دەردەکەوێت. بەڵام وا پێدەچێت مارکس ئەم کاریگەرییەی بەشێوەی رەخنەیی وەرگرتبێت.

باڵاترین ئاست کە فیۆرباخ پێیگەیشت لێکبەستنەوەی ئۆرگانیکیی نێوان دوو رەخنە بوو: رەخنەکەی لە نامۆبوونی ئایینی و رەخنەکەی لە فەلسەفەی تیۆری. مارکس دان بەم فەزڵەی ئەودا دەنێت[60]، بەڵام پێیوایە فیۆرباخ بەشێوەیەکی ”رەخنەیی“ لەگەڵ پانتایی و شوێنی ”نامۆبوونی ئایینی“

60 مارکس لە دەستنووسە ئابووری و فەلسەفییەکاندا دەڵێت »یەکەم ”کاری گەورە“ی فیۆرباخ وا لە ”بەڵگاندنی ئەوەی کە فەلسەفە جگە لە ئایین هیچ شتێکی تر نییە کە بە شێوەی ئایدیاکان دانراوە و فیکریش پەرەی پێداوە؛ ئینجا هیچ نییە جگە لە فۆڕمێکی تر و تەرزێکی تری نامۆبوونی مرۆڤ؛ بۆیە دەبێت بە تەواوەتی سەرزەنشت بکرێت«. دەستنووسەکان 1844 (وەرگێڕانە فەرەنسییەکەی: E. Bottigelli)، بڵاوکراوە کۆمەڵایەتییەکان، پاریس، 1962، ل126.

مامەڵەدەکات- بەبێ ئەوەی هەرگیز رەخنە لە پانتاییەکەی تر، واتە رەخنەی فەلسەفەی تیۆری، بگرێت. لێرەدا ئێمە لەبەردەم پراکتیکێکی تیۆرییداین کە وەك شتێکی زۆر سادە دێتە پێش چاومان، بەڵام مژدەیەکیشە کە زۆر گرنگ و بایەخدارە: بە بڕوای مارکس دەبێت لە بنەمای "نامۆبوونی ئاگایی" (واتە نامۆبوونی ئایینی)ـدا، کە نەك تەنیا رۆشنبیرەکان بەڵکو جەماوەریش دەگرێتەوە، "نامۆبوونێکی واقیعی" بوونی هەبێت. بەر لەوەی مارکس (لە ساڵی 1844)ـدا بە سەرکەوتوویی ئەم کێشەیە بخاتەڕوو، پێشتر و لە ساڵی (1843)ـدا نامۆبوونی واقیعی بە رواڵەتەکەی خۆیەوە وەك نامۆبوونی سیاسی دەرك کردبوو، واتە نامۆبوونی مرۆڤ لە دەوڵەتدا (دواتر ئەمە دەبینین). بەڵام مارکس دوای ماوەیەکی کەم ئەوەی بۆ دەردەکەوێت کە بنچینەی هەر نامۆبوونێك (جا واقیعی بێت یان ئاگاییانە) لە نامۆبوونی کاردایە ]واتە نامۆبوونی کرێکار[، وەك ئەوەی لە سیستەمی سەرمایەداریدا دەردەکەوێت، کە بە مانای جیاکردنەوەی کرێکارە لە هەلومەرجەکانی بەرهەمهێنان و بەرهەمەکەی، یان باڵادەستی بەرهەمەکانە بەسەر کرێکاردا: بەسەر بوون و ژیانیدا -ئەمەیش ناودەنرێت "نامۆبوونی ئابووری"، ئەم نامۆبوونەش لەسەر هەموو بەشەکانی کۆمەڵگە رەنگدەداتەوە.

وێرای ئەوانەیش، ئەم پەرەسەندنە تیۆرییانە هەر لە سەرەتاوە پێویستییان بە بنەمایەکی فەلسەفی و بە دیاریکراوییش بنەمایەکی ئەنترۆپۆلۆژی هەیە، کە ئەمەش بنچینەیەکی فیۆرباخییانەی هەیە. دواجار کاتێك مارکس، بە شێوەیەکی رەخنەیی، خۆی لە ئەنترۆپۆلۆژیای فەلسەفی

دادەبڕێت کە وەك بنچینە خرابووەڕووو، (تێزەکان دەربارەی فیۆرباخ، 1845)، کتوپڕ خۆمان لەبەردەم رەهەندێکی تەواو نوێی تیۆریدا دەبینینەوە (ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی، 1845) کە چیتر فەلسەفی نییە، بەڵکو رەهەندی تیۆریی ماتریالیزمی مێژووییە، ئەمەیش رێک ئەو شتەیە کە ئاڵتوسێر بە بەکارهێنانی کاتیگۆرییەکی باشلار پێیدەڵێت "دابڕانی ئیپستمۆلۆژی". کەواتە ئەمە پەرەسەندنی رواڵەتە تیۆری-فەلسەفییەکەیە و بە کورت و پوختی باس لە فیکری رەخنەیی مارکسی بەر لە مارکسیزم دەکات (ئەگەرچی بەرەنجامەکەیشی دژ بە فەلسەفەیە).

باسی رواڵەتێکی تیۆری-سیاسییشم کرد. بەڵام دەبێت یەکسەر بڵێین کە مەسەلەکە تەنیا پەیوەست نییە بە "رواڵەت" یان "لایەن"ـێکەوە کە دەکرێت بەرەبەرە یان بە یەکجار لە رواڵەتەکەی پێشتر، واتە لە تیۆری-فەلسەفییەکە، جودابکرێتەوە و ئینجا دواتر پێکیانبهێنینەوە. دیارە ئەم رواڵەت یان لایەنە تیۆری-سیاسییە لایەنەکەی تر تەواودەکات و بە تەواوکاریی ئیش دەکەن، لەبەرئەوەی ئەم رواڵەتە بەرجەستەکەری ئەو پرۆسێسەیە کە مارکس بڕیوویەتی، واتە بەرجەستەکەری هەموو پەرەسەندنەکەیەتی. مەبەستم لەم قسەیە ئەوەیە کە پەرەسەندنی مارکسی بەر لە مارکسیزم، لە جەوهەردا پەرەسەندنێکی سیاسی بووە، ئەمەیش زەرورییە بۆ تێگەیشتن لە فیکری دواتری مارکس، هەوڵیش دەدەم ئەمە بسەلمێنم. ئەمە پەرەسەندنێکی خێرای راستەهێڵییانەی سیاسی بووە، بەڵام بە چەند قۆناغێکی جیاوازدا تێپەڕیوە، ئەگەرچی خێرایی بەدوایەکداهاتنی قۆناغەکان لای مارکس

نەیتوانیبێت دەستبەجێ کاریگەرییە سیاسییە راستەوخۆکان دروستبکات. ساتگەلێکی قەیران، کە هەندێکیان زۆر روونن و هەندێکیان کەمتر، ئەم قۆناغانەی فیکری مارکس لێکتر جودا دەکەنەوە. با هەژماریان بکەین، ئەگەرچی پێشتریش باسکراون و ئاشنان.

-1 "لیبرالیزم" لە قۆناغی راین زیتۆنگدا، (1842).

-2 "دیموکراتخوازیی پەتی"، وەك ئەوەی لە "رەخنە لە فەلسەفەی مافی هیگڵ"ـدا دەردەکەوێت، کە بڵاو نەکراوەتەوە، (1843).

3- پەڕینەوە بەرەو پەسەندکردنی کۆمۆنیزم (بەر لە کەشفکردنی ماتریالیزمی مێژوویی)، دەستنووسە [ئابووری و فەلسەفییەکان] بەڵگەی ئەمەیە، (1844).

دەبێت زۆر باش ئاگاداری ئەوە بین کە ئەم پەڕینەوەیەی کۆتاییان پرۆسەی راگەیاندنی بەپەلەی (ئەو شتە نییە کە بە جۆرێك لە جۆرەکان، لەگەڵ ئەنگلسدا کردیان)، بەڵکو بە پێچەوانەوە، ئەمە دوای مشتومرێکی رەخنەیی ئەو فۆڕمانەی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم بوو کە لەو کاتەدا هەبوون و ئینجا دوای رەتکردنەوەی ئەمانە بوو. مارکس لە (1843)ـدا، -بە پێچەوانەی پرۆنۆ پاوەرەوە، ئەوەی هەڵبژارد پشتیوانیی لە جەماوەر بکات و لەگەڵیاندا بمێنێتەوە- ئەڵمانیای کردە ئەو وڵاتەی کە دەتوانێت رۆڵێکی مێژوویی شۆڕشگێڕیی بۆ پرۆلیتاریای پیشەسازیی بگێڕێت، کە لەو کاتەدا ئەم چینە لەم وڵاتەدا لە سەرەتای لەدایکبوونیدا بوو. بەربەرەکانێ رەخنەییەکەیشی لەگەڵ مۆدێلەکانی ئەوکاتەی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمدا وای لێکرد ئەم ئەرکەی پرۆلیتاریا بەسەر هەموو

وڵاتە شارستانییەکاندا بگشتێنێت. لەو کاتەوە وێنەی کرێکاری کرێگرتە سەنتەری بیرکردنەوەی مارکس داگیردەکات. ئەو گرێ تیۆرییەیش کە دەبوو مارکس راستەوخۆ رووبەرووی ببێتەوە بووە شتێکی هەمەلایەن و جیاواز: ئەمە مەسەلەی ”موڵکایەتی تایبەت“ بوو کە سۆسیالیزم، بە شێوەیەکی ریشەیی خستبوویە مشتومڕ و باسوخواسی خۆیەوە. ئەمەیش پاڵی بە مارکسەوە نا کە رەخنەییانە رووبەرووی ئابووریی سیاسی و کاتیگۆرییەکانی ببێتەوە، ئەمەیش هەمان ئەو رێگایە بوو کە ئەنگڵسیش لای خۆیەوە خەریکبوو پێیدا دەڕۆیشت.

خۆ ئەگەر ئەمە پرۆسێسە کۆنکرێتییە تیۆری-پراکتیکیەکە بووبێت کە مارکس بەر لە ماتریالیزمی مێژوویی پێیدا ڕۆیشتووە: ئەوا ئاسانە لەوە تێبگەین کە بۆچی و چۆن لە فیکری مارکسدا رەخنەی سیاسەت پێش رەخنەی ئابووریی کەوتووە.

وەك پێشتریش گوتمان ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە فیکری مارکسی بەر لە مارکسیزمە، بەو مەسەلانەیشەوە کە لێرەدا دەمانەوێت سەروکارمان لەگەڵیدا هەبێت، نەك لەبەر هۆکاری فەلسەفی و زمانەوانی، بەڵکو لەبەرئەوەی لەو قۆناغەدا دەرەنجامی ئەرێنی و نەرێنیشی لێ کەوتەوە، ئەم دەرەنجامانەیش هەرگیز لە فیکری مارکس و ئەنگڵس دەرناچن و بەردەوام لەگەڵیاندا دەمێننەوە.

دیارترین ئەو دەرەنجامانە ”دانپێدانان“ـە کە لە هیگڵەوە وەرگیراوە، داننان بە شتێکدا کە بەلای مارکسەوە لە بەڵگەنەویستی و روون و ئاشکرایی مەسەلەی واقیع

دەچوو: ئەوەیش لێکجیاکردنەوەی کۆمەڵگەی "مەدەنی" و دەوڵەتی "سیاسی" بوو، ئەم جیاکردنەوەش لە جیهانی مۆدێرندا روودەدات و لەگەڵیشیدا جەخت لەوە دەکرێتەوە کە بۆرژوازییەت وەك چینی باڵادەست بوونی هەیە، لە هەمان کاتیشدا ئاماژەیەکی تایبەتی دەدات بە شۆڕشەکانی ئەم چینە، ئەمە بێجگە لەو شوێنەوارانەی کە ئاکامی ئەم لێکجیاکردنەوەیەن و کاریگەری لەسەر هەر تاکە ئەندامێك لە کۆمەڵگەدا دادەنێن: دابەشبوون لەنێوان بۆرژوا و هاوڵاتیدا، بۆرژوازیی تاکەکەسیی خۆپەرست و هاوڵاتی سادەی گشتی و یەکسان. مارکس لە سەرەتادا لە "رەخنە لە فەلسەفەی مافی هیگڵ"ـدا (بڵاونەکراوە) ئەو تێزە دەخاتەڕوو کە تێپەڕاندنی ئەم لێکجیاکردنەوەیەی نێوان "ژیانی واقیعی" و "ژیانی گشتی" و تێپەڕاندنی ئەم کەرتبوونەی "نێو مرۆڤ"، دەشێت ببێتە مایەی پەرەسەندنێکی تەواوی دیموکراسییەت (لەگەڵ ئامرازی دەنگدانی گشتی). ئەمە جەوهەرە سیاسییەیەکەی ئەو تێکستەی مارکسە. ئەم جەوهەرەیش پشت بە دەرککردنێک دەبەستێت کە وەك جوڵەیەکی ئۆرگانیکیی رەسەنی عەقڵانی دەهاتە بەرچاوی مارکس و لە نەتەوە ئەوروپییە هەرە پێگەیشتووەکاندا پێشدەکەوت (ئەم میکانیزمە لەو کاتەدا لە ئەڵمانیا پەیڕەو نەدەکراو و بوونی نەبوو): ئەوە »ئارەزووی کۆمەڵگەی مەدەنییە بۆ وەرگرتنی قەوارەیەکی سیاسی یان بۆ ئەوەی قەوارەی سیاسی بکاتە بوونی راستەقینەی تایبەت بە خۆی«. تا ئەمڕۆیش بەم ئارەزووە دەوترێت "بەشداری" »وەك گشتیترین بەشداریی مومکین لە دەسەڵاتی یاساداناندا«، ئەگەرچی مارکس بەشێوەیەك وێنای کردووە

کە لە ئێستادا بۆ ئێمە وەك وێناکردنێکی سنووردار و کورتبڕ دەردەکەوێت (بەڵام واتایەکی گەورەی مێژوویی هەبووە)، گشتێتی ئەم بەشدارییەیش پەیوەستە بە تەفسیری مارکسەوە بۆ دەسەڵاتی یاسادانان کە لای ئەو »گشتێتی دەوڵەتی سیاسی“یە. بەڵام دەبێت لە پشتەوەی ئەم سنوورەوە (بەڵام لە پشتەوەی ئەو سنوورەیشەوە کە مەسەلەی ”دەوڵەتی نوێنەرایەتی“ و ئینجا مەسەلەی ”دەوڵەتی دیموکراسییەتی راستەوخۆ“ وەك دژەکەی، لە خۆ دەگرێت، کە مارکس لەم دەقەیدا نەختێک بە ئاڵۆزی و تەمومژاوی وێنای کردووە) دەرك بەوە بکەین بابەتەکە پەیوەستە بە دەرککردنێکی گەورەوە کە وا پێدەچێت تەنیا لەمڕۆدا لە ئاستێکی بەرزی چالاکی و کاراییدا بێت و لە ”قەیرانی ئابووری“ـدا گەیشتبێتە مەرجەعێکی راستەقینە و لایەنیکەم تووشی هەندێك لەو وڵاتە گەورانەی رۆژئاوا بووە کە سیستەمی سەرمایەداریی دوایینیان هەیە. بەدڵنیاییەوە ئەمە راستە و بە هەمان شێوە پرسیارەکە پەڕیوەتەوە بۆ کایەکی دیکە: ئەمەیش شێوازێکی نوێی وێناکردن و پیادەکردنی لێکبەستنەوەی دیموکراسییەت و سۆسیالیزمە، هەروەها شێوازێکی نوێی پەڕینەوەی مارکسە بۆ کۆمۆنیزم وەك قۆناغێکی دیکەی پەرەسەندنە فیکرییەکەی، ئەم شێوازە نوێیەش تەنیا وێنەیی ]فۆڕماڵ[ و فیکری نییە. ئینجا ئەوەیشمان بۆ دەردەکەوێت کە کێشەیەك هەیە سەرلەنوێ کتوپڕ رووبەروومان کراوەتەوە.

بەڵام با بگەڕێینەوە بۆ مارکس. لە فیکری مارکسدا هەر بە زوویی چارەسەری دیموکراسیخوازی رەها (تەنانەت دامودەزگاییش)، کە پێیوابوو لە جووڵەی ئێستای مێژوو

هەڵیهێنجاوە، دەچێتە قەیرانەوە. وتارەکەی مارکس لەبارەی پرۆنۆ پاوەرەوە و مەسەلەی یەهودیەتەوە، کە لە ساڵنامەی فەرەنسی-ئەڵمانیدا (لە ساڵی 1843)ـدا بڵاوکرانەوە، گوزارشتن لەم قەیرانە. مارکس کە شیکاریی "دیموکراسییەت لە ئەمریکا"ـی تۆکڤیلی کردووە، گەیشتە ئەو بەرەنجامەی کە دیموکراسییەتی تەواو گەشەسەندوویش هەرگیز نابێتە مایەی تێپەڕاندنی لێکجیاکردنەوەی نێوان کۆمەڵگەی مەدەنی و دەوڵەتی سیاسی و ئینجا هەڵوەشاندنەوەی دابەشبوونی بۆرژوا و هاونیشتمانی، بەڵکو ئەم جودایی و دابەشکارییە دەگەیەنێتە لوتکە. بەم جۆرە لەم کاتەدا هەڵوێستەکەی کەمێك لەمەوبەر هەڵدەگەڕێنێتەوە: کۆمەڵگەی مەدەنی ئەوە نییە کە "گشتێتی" لە دەوڵەتی سیاسیدا دەچەسپێنێت؛ کەواتە مەسەلەکە پەیوەست نییە بە دەرککردنی ئەم جووڵە مێژووییە و کارکردن لە پراکتیکدا بۆ فراوانکردنی، بەڵکو بەپێچەوانەوە، دەبێت کۆمەڵگە و هەر تاکێك لە ئەندامەکانی "هێزە تایبەتییەکەیان" بەدەستبهێننەوە و هەڵمژن، ئەمە ئەو شتەیە کە مارکس دەیڵێت و بۆ ئەمەیش بە دەستکارییەوە کۆتەیشنێك لە رۆسۆوە دێنێت- واتە بەدەستهێنانەوەی ئەو هێزانەی کە بۆ دروستبوونی دەسەڵاتی سەربەخۆی دەوڵەتی سیاسی لێیان داماڵراوە.

بەم جۆرە، بە شاراوەیی دەکەوین بەسەر بەرنامەیەکی شۆڕشگێڕیدا کە ئامانجی هەڵوەشانەوەی ئەو دەوڵەتەیە کە وەك کیانێکی سەربەخۆ لە خۆیدا و وەك وەزیفەیەکی جیاواز لە کۆمەڵگە و لە سەرووی کۆمەڵگەوە، دامەزراوە. ئا ئەوە کایەی لەدایکبوونی مارکسی تیۆرسێنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی و سیاسییە (بە واتا ئەنتی-باڵادەستییە دەوڵەتییەکەی). ئەم

هەڵوێستە تەنیا لەرووی زەمەنییەوە پێش ماتریالیزمی مێژوویی نەکەوتووە، بەڵکو تەنانەت پێش پەڕینەوەی مارکس بووە بەرەو کۆمۆنیزمیش. بەڵام گرنگە سەرنجی ئەوە بدەین کاتێك مارکس لە ساڵی 1871 پێیوابوو وێڕای ئەو شکستە مێژووییەی کە دووچاری کۆمۆنەی پاریس کرایەوە، لە کۆمۆنە و پرۆژە دەستوورییە نیشتمانییەکەیەوە ئیلهامی »ئەو فۆڕمە سیاسییەی وەرگرتووە کە دواجار ]لەلایەن "چینی بەرهەمهێنەران"ـەوە[ پێکدەهێنرێت و هەلی رزگاربوونی کاری ئابووری دەرەخسێنێت«، ئەو خۆی تەفسیرێکی بۆ ئەمە کردووە کە لەرووی جەوهەرییەوە کوتومت هاوشێوەی ئەو تەفسیرەیە کە لە ساڵی 1843دا کردوویەتی: مارکس دەڵێت: »دەستووری کۆمۆنە دەیتوانی سەرجەمی ئەو هێزانە بۆ جەستەی کۆمەڵایەتی بگەڕێنێتەوە کە تا ئەو کاتە دەوڵەتی مشەخۆر -کە لەسەر هەژماری کۆمەڵگە دەژی و لە جوڵەی دەخات- هەڵیمژیبوو«. هەروەها مارکس دەڵێت: کۆمۆنە »فۆڕمێکی سیاسی بوو کە بەتەواوی توانای ئەوەی هەبوو فراوان ببێت، بەڵام سەرجەم فۆڕمەکانی پێشووی فەرمانڕەوایەتی لە جەوهەری خۆیاندا سەرکوتکاریی بوون«[61].

**2- قەیرانی میتۆدی:**

ئەو دەرەتانەی کە مارکس لە "کۆمۆنیزمی نوێ"ـدا –وەك ئەوەی دواتر ئەنگڵس ئەم ناوەی لێنا- پێیگەیشت لەگەڵ چرکەساتێکی دیکەی جیاوازی قەیرانی فیکرە تیۆرییەکەیدا تەبا و هاوکات بوو. ئەمە قەیرانێکە کە ئەمجارەیان مۆرکێکی میتۆدیی هەیە، کە لە سەرەتادا تەنیا چارەسەرێکی کاتی

61 ک. مارکس: جەنگی ناوخۆیی لە فەرەنسا، بڵاوکراوە کۆمەڵایەتییەکان، پاریس، 1952، ل 51-53.

و بەرنامەیی دەبینێت (یان با بڵێین ئەوە چارەسەرێکی شلۆق بوو)، بەڵام دەلالەتێکی گەورەی تێدا بوو، چونکە وەك دەبینین خاڵێکی لەخۆی گرتووە کە پاشگەزبوونەوەی تێدا نییە. بەڵگەنامەی ئەم قەیرانە، پێشەکییەکەی مارکس خۆیەتی بۆ دەستنووسە پاریسییەکانی ساڵی 1844، کە بە ناوی "دەستنووسە ئابووری و فەلسەفییەکان" ناسراوە، بەڵام دەبوو ناوبنرێتZur kritik der politischen OEkonomie. لە ڕواتدا وا دەردەکەوێت بابەتی دەستنووسەکان تەرخانە بۆ باسکردن لە حاڵەتێکی ئەدەبی. مارکس باس لەوە دەکات کە »لە ساڵنامەی ئەڵمانیادا رەخنەی زانستی ماف و زانستی سیاسەتی، بە شێوەی رەخنە لە فەلسەفەی مافی هیگڵدا، ڕاگەیاندووە«. بەڵام ئەوەیش دەڵێت کە لە وەختی ئامادەکردنی "دەستنووسەکە بۆ چاپخانە"، دەرکی ئەوەی کردووە کە »"بەشێوەیەکی تەواو نەگونجاو" ئەو رەخنەیەی کە هەرگیز هیچ بابەتێکی نییە جگە لە فەلسەفەی تێڕامانگەری، تێکەڵ بە رەخنەیەکی هەمە بابەت کردووە، ئەم تێکەڵکردنەیش باسەکەی تووشی تەنگژە کردووە و بۆتە مایەی بەدحاڵیبوون و سەرلێتێکچوونی«[62].

بۆچی بە بۆچوونی من ئەم رەخنە خودییە کە لە رواڵەتدا خاکەڕاو و سادەیە، بایەخێکی گەورەیەی هەیە؟ چونکە لێرەدا مارکس، زۆر بە روونی و بۆ یەکەمجار، رەخنەی فەلسەفەی تێڕامانگەری (کە رەخنەیەکە بنچینەیەکی فیۆرباخییانەی هەیە)، لە رەخنەی "بابەتەکانی تر"، جیادەکاتەوە، واتە جیاکاری دەخاتە نێوان رەخنەی تێڕامان و ئەو رەخنەیەی

62 ک. مارکس: دەستنووسەکان 1844، سەرچاوەی پێشوو، ل1.

کە بەرهەمی زەمینەسازیی زانستە و لە چوارچێوەی زانستدا تایبەت و دیاریکراوە و دەشێت بە جۆرێك لە جۆرەکان ئەو پانتاییە بێت کە پێوەی پەیوەستە. دەبێت ئەم رەخنەیە وەك ڕۆشنبوونەوەیەکی سەرەکی لە پەرەسەندنی ڕێبازی رەخنەیی مارکسدا تێبگەین (ئەو خاڵەی کە وتمان پاشگەزبوونەوەی تیا نییە ئا لێرەدایە). مارکس، لەسەر بنچینەی ئەم جیاکارییە، بەرنامەیەکی نوێی لێکۆڵینەوە رادەگەیەنێت: »بە شێوەیەکی دوابەدوای یەك، بە شێوەی کوراسەی تایبەت؛ رەخنەی ماف، ئەخلاق، سیاسەت، ...هتد، بۆ کۆتاییهێنان بە بابەتەکەیش، هەوڵ دەدەم هەموویان پێکەوە پەیوەست بکەمەوە و لە کارێکی تایبەتیشدا پەیوەندیی لەنێوان هەموو بەشە جیاوازەکاندا دادەمەزرێنم، دواجار، رەخنە لەو میتۆدە دەگرم کە بەهۆیەوە فەلسەفەی تێڕامانگەری خۆی بەم بابەتانەوە خەریکدەکات«.

ئەمە بەنامەیەکی سەرنجڕاکێشە، بەتایبەتیش ئەگەر بەراوردی بکەین بەو رێگایە کە دواتر هەر لە واقیعدا مارکس بڕیوویەتی. کەواتە مارکس دەیەویست تاوتوێی ئەم ”بابەتە هەمەجۆرانە“ بکات، هەر بابەتێکیان بەجیا و بە شێوازێکی رەخنەییش، ئەوەیش لەپێناو ئەوەی سەرلەنوێ ”هەموویان و پەیوەندیی بەشە جیاوازەکان، لە کارێکی تایبەتدا« لێکببەستێتەوە: واتە بیناکردنەوەی کۆیەکی تیۆری دەربارەی ”پەیوەستیی هەموویان“ (ئەمەیش لێکبەستنەوەیەکی تێڕامانگەری نییە، بەڵکو رەخنەیی-پراکتیکییە)، کە لێیەوە، دەبێت ”بابەتە جیاوازەکان“ وەکو ”بەشە هەمەجۆرەکان“ خۆیان بخەنەڕوو. ئەم گشتێتییە تیۆرییە بۆ ئەوە نییە کە

دژبێت لەگەڵ گشتێتیی تێڕامانگەریدا (چونکە ئەمە چیتر بایەخێکی نییە)، بەڵکو بۆ ئەوەیە دژایەتی دەرەنجامەکانی "دەرکەوتنی تێڕامانگەرانە" دەربارەی "بەشە جیاوازەکان" بکات، کە لە هەرحاڵێکدا وەك پرۆسەی ئەنجامگیریی سەیردەکرێت (ئینجا بۆ ئەوەی هەموویان لە کۆیەکی میتۆدیدا بەروونی دەربکەون)، ئەگەرچی هەر لە سەرەتاوە ئەم ئەنجامانە لە شێوازی چارەسەرکردنی نوێی رەخنەیی ئەم "بابەتە هەمەجۆرانە"دا لابرابوون. ناچارم نەختێك بە ئاڵۆزی و گرێوگۆڵ بیرۆکەکە دەرببڕم بۆ ئەوەی واتایەکی ورد بە هەر یەکێك لە خاڵەکانی ئەم بەرنامەیەی مارکس بدەم. بەڵام کەمێك سادەتر قسە بکەین، مارکس دەیەوێت: 1) زنجیرەیەك چارەسەری رەخنەیی جیاواز بۆ ئەم "بابەتانە" پێشکەش بکات (لەنێویشیاندا ئەوانە کە دەشیت بکەونە نێو "هتد"هوە"!)؛ 2) هەوڵی دروستکردنی لینکێکی گشتگیریی میتۆدی لەنێوانیاندا؛ 3) دژایەتیکردنی ئەم لینکە بەو جۆرەی کە ئەم بابەتانە خۆیان بەهۆی فەلسەفەی تێڕامانگەرییەوە، هەر یەکەیان لە تاکایەتییەکەی خۆیاندا، روون دەبنەوە.

لەم بەرنامەیەی مارکس و لەو مۆدێلە تیۆرییەدا کە پشتی پێدەبەستێت، خاڵێکی ئێجگار روون هەیە: ئەو لێکجیاکردنەوەی کە ئاماژەم پێدا لەنێوان رەخنەی پەتی، کە لە هەر یەکێك لەم زانستە رەچاوکراوانەدا پەیڕەو دەکرێت، لەگەڵ رەخنەی "تێڕامان" و "دەرکەوتنی تێڕمانگەرییانە"؛ هەر بەم جۆرە رەخنەی زانستی و رەخنەی فەلسەفی، بەشێوەیەکی رادیکاڵ لەیەك جیادەکرێنەوە (ئیتر لەمە بەدوا، چەمك بە واتای رەخنەی فەلسەفەی تێڕامانگەرییە).

لەم چرکەساتەوە، مارکس هەوڵدەدات وەفادار بێت بۆ ئەم جیاکردنەوەی نێوان ئاستەکان. وەك ”گرامشی“ش دەڵێت، ڕێزنەگرتن لەم مەسەلەیە، واتای تووشبوونە بەو هەڵە بەردەوامەی کە تەرجەمەکردنی مارکسیزم دەگەڕێنێتەوە بۆ ”زمانی تێڕامانگەری“. بەڵام لە راستیدا، رەخنەی فەلسەفەی تێڕامانگەری هەرگیز لە ئاسۆی بیرکردنەوەوەی مارکسدا وننەبووە. ئەو لەم کاتەدا لە پانتایی پاکژکردنەوە و یەکلاییکردنەوەی تەواو حسابەکاندا دەجوڵێت. بەم جۆرە دەستنووسەکانی 1844 بە مشتومڕی رەخنەیی فینۆمینۆلۆژیای هیگڵ، کە ”زێد“ی فەلسەفەکەی بوو، کۆتایی دێت، مارکس هەوڵدەدات لەو پێشەکییەدا کە پێشتر باسمانکرد، پاساوی بوونی ئەم باسە بدات. دواتر لە ساڵی 1845ـدا ئەم مشتومڕە دەکەوێتە نێو ”رەخنەی ئایدیۆلۆژیا“وە -کە کەشفکردنی ئایدیۆلۆژیا لای مارکس هاوکاتە لەگەڵ لەدایکبوونی ماتریالیزمی مێژووییدا- و لەمەشدا رواڵەتە تایبەتییەکەی خۆی دەپارێزێت. کاتێك کە ئەم مشتومڕە دەگاتە لوتکەی خۆی، وەك ئەوەی لە کۆتایی چاپی دووەمی سەرمایەدا (1873) دەیبینین، هەست بەوە دەکەین کە رەخنەی تێڕامان بە روونی سەر بە ئاستێکی ترە، کە دەتوانین ناوی بنێین پاش-رەخنەیی، ئەمە ئیتر خود-تێڕامانێکی ناوەکییە لە میتۆد: لێرەدا مارکس دەیەوێت کار بۆ ئەوە بکات کە پیشانی بدات میتۆدە تایبەتییە دیالێکتییکە-ماتریالییەکەی ئەو، رێک پێچەوانەی میتۆدی تێڕامانگەریی هیگڵییە. ئەمە ”هەڵگەڕانەوە“ بەناوبانگەکەی دیالەکتیکە ]خستنەوە سەرپێی هیگڵ[ کە ئەگەر تەنیا لە میتافۆڕی بەرهەست-شوێندا کورتی بکەینەوە،

وەك ئەوەی ئالتوسێر کردوویەتی، ئەوا زێدەڕەوییە لە ئاسانکرنەوە و سادەکردنەوەدا. بەپێچەوانەوە، مەسەلەکە پەیوەستە بە شتێکەوە کە بەشێوەیەکی بنجبڕ کە ئێمە لەمڕۆدا دەتوانین بیزانین، لۆژیکی پەیوەندییەکان لەخۆدەگرێت: ئەوە هەڵگەڕانەوەی ئاراستەیە یان بەرەنگارییەکە کە گریمانەی ناتەبایی پەیوەندییە ڕەچاوکراوەکان دەکات. ئەم هەڵگەڕانەوەیە دەرەنجامێکی راستەوخۆی کردەیەکی خۆویستانە نەبووە، بەڵکو گۆڕانێکی ریشەیی ئەو شتەیە کە بە سەرەکی دەزانرا (کە لە راستیدا ئەم بنەما سەرەکییە "ئایدیا" نییە، بەڵکو پەیوەندییە ماتریالییەکانی کۆمەڵگەیە). کەواتە، ئاڵوگۆڕ و پێچەوانەکردنەوەی ریزبەندیی ئەم ئاستەیە و بەمەش ناوەرۆکی سەرجەم کێشەکانی گۆڕیوە (هەڵبەت، بۆ ئەم کارە، بە ناچاریی دەبێتە بنچینەیەك هەبێت).

ئەو مۆدێلە تیۆرییەی کە مارکس لە پێشەکی 1844دا بۆ دەرچوون لە تەنگژەی میتۆدییەکەی ئامادەی کردبوو، شوێن و پێگەیەك دەبەخشێتە بەرنامەی کارێك کە هێشتاش جێبەجێ نەکراوە و رەنگە قابیلی جێبەجێکردنیش نەبێت. خۆ ئەگەر دانمان بە ئیمکانی بوونی ئاراستەیەك یان دەرەتانێکی ئەرێنیدا نا بۆ ئەم رەخنانەی کە تەریبن بە "بابەتە هەمەجۆرەکان" کە لە رووی ژمارەوە بێ کۆتان، (جگە لە سێ بابەتە باسکراوەکەی پێشتر) -ئەمانەیش رەخنەی سەربەخۆن و جیان لە رەخنەی "بابەتە تێڕامانییەکان"-، ئەی چ شتێك دەستەبەری ئەوە دەکات کە دەکرێت لە کۆتاییدا پەیوەندییە میتۆدییەکەی ئەم بابەتانە، و ئینجا گشتە تیۆرییە ناتێڕامێنییەکەیان، روون بکرێتەوە؟ راستییەکەی، ئەم گریمانەیە نموونەیەکی بەتاڵە،

تەنیا گوزارشتە لە زەرورەتێکی هەمەکی و بەنێو چەندین کایەدا چووە کە بە جۆرێك لە جۆرەکان لە یەکتر نزیکن یان هاوسنوورن. ئەو سێ "بابەت"ـەی باسکران (ماف، ئەخلاق، سیاسەت) سەر بەو شتەن کە لە ماتریالیزمی مێژوویی دواتردا، سەرخانی ئایدیۆلۆژی دروستدەکەن. ناشتوانین بە مەعریفەیەکی ڕەهای یەقینییەوە بزانین کە ئایا وشەی "هتد"، کە مارکس خستوویەتییە سەر ژماردنی "بابەتەکان" (کە دەبێت لە ڕێگەی کۆمەڵێك ڕێگەی رەخنەیی هاوتەریب و هاوکاتەوە لە گشتێکی تیۆریدا، کۆبکرێنەوە)، ڕەخنەی ئابووریی سیاسییش لەخۆ دەگرێت یان نا. لێرەدا دەبێت لە مەسەلەیەکی هەستیار بڕوانین، چونکە ئەم دەقە بەدیاریکراوی پێشەکییە بۆ یەکەم هەوڵی مارکس بۆ ڕەخنەی ئابووریی سیاسی. لەمەشدا دەبێت لە بابەتەکەدا پەیوەندییەکی ناوەکی و شاراوە هەبێت. لە دوا شیکارییدا، ئەوە چیبوو کە دەیتوانی مارکس بەرەو مۆدێلی تیۆری بەرێت، ئەگەرچی وەستان لە ئاستی ئەم مۆدێلە تیۆرییەدا کاتی و تێپەڕیش بووبێت؟ ئەمە هیچ نییە جگە لە بەیەکگەیشتنی ڕەخنەیی لەگەڵ زانستی ئابووریی سیاسی و کاتیگۆرییەکانیدا. بەڵام گەر وابێت، تۆبڵێی ئەو کاتە مەسەلەکە پەیوەست نەبیت بە زەرورەتێکەوە کە هەمان مادە پڕیکردۆتەوە؟ لێرەدا مارکس سەروکاری لەگەڵ هیچ "دەرکەوتنێکی تێڕامانگەرییانە"ی لەو جۆرەدا نییە کە هیگڵ بۆ فەلسەفەی ماف دەیخاتەڕوو، بێگومان سەروکاری لەگەڵ ئەو سێبەرە کاڵەیشدا نییە کە هیگڵ خستوویەتییە سەر ئابووریی سیاسیی کلاسیکی ئینگلیزی (ئەمە لە کاتێکدا هیگڵ

فەزڵێکی گەورەی هەیە، چونکە لە دامەزراندنی چەمکی "کۆمەڵگەی مەدەنی"ـدا پێگەیەکی لەپێشی هەیە)؛ بەڵکو مارکس راستەوخۆ خودی ئەم زانستە تاوتوێ دەکات. هەرگیز ئەوە بە بیری مارکسدا نەهاتووە کە ئەم ئابوورییە سیاسییە لەگەڵ "دەرکەوتنی تێڕامانگەرییانە"دا تێکەڵ بکات[63]، ئەو هەرگیز نکوڵی لەوە ناکات کە دەشێت لە تێڕاماندا نەزمی زانستی هەبێت و بگرە تەنانەت تایبەتمەندیی خۆڕەخنەکردنی بنچینەیی سیستەمی بۆرژوازییشی تێدایە، ئەوە وێڕای ئەو سنوورە زانستی و ئایدیۆلۆژی و "بۆرژوازی"ـیانەی، لە کاتی رەخنەگرتندا لە ئابووری سیاسی، بە سەرکەوتوویی دیاریی کردوون. بە پێچەوانەوە، مارکس لە سەرەتای ئەم رەخنەیەدا (ساڵی 1844) بە کردەیی خۆی ئاڵۆزکاو و دوودڵ بینییەوە، بەدڵنیاییەوە لەبەرئەمە رەخنەکەی بەفۆڕمی فەلسەفەیەکی ناتێڕامانگەری داڕشت، واتە جۆرێك لە رەخنەی ئەنترۆپۆلۆژی

63 ناتوانم لەمرۆدا بڵێم رەخنەی فەلسەفەی تێڕامانگەری تەنیا بەڵگەنەویستێکی «مێژوویی نەبووە، بەڵکو تێڕامانگەرییش بوو» لەو رێبازە رەخنەییەی کە رەخنەی مارکسییانەی ئابووریی سیاسی دەجوڵێنێت (ئەمە ئەگەر بێتوو بە واتا میتۆدییەکەی لە وشەی «تێڕامان» تێبگەین)، وەک ئەوەی لە «مارکس بە گوێرەی بینینی مارکس»دا جەختم لێ کردۆتەوە.

C. LUPORINI: "Marx secondo Marx", Doalettica e Materialis,o, .Editori Riuniti, Roma, 1964, p.259

لەبەرئەوەی "سەربەخۆیی" رێکوپێکی ئەم ویستەی دووەمیان بۆ رەخنە، ئەوەیە کە رەخنەی تێڕامان، بەو مانایەی کە لە سەرەوە دیاریمان کرد، دەجوڵێنێت. بەم جۆرە، ئەو خۆپارێزییانەیش دەمێننەوە و بەهێزتریش دەبن کە بۆ ئەم مەبەستە لەبەرامبەر ڕێگاکەی ج. دێلا ڤۆلپ بۆ خستنەڕووی پرسی پەیوەندی نیوان رەخنەی ئابووری و رەخنەی فەلسەفەی تێڕامانگەری لای مارکس، پەیڕەوییم لێیان کردووە. (هەمان سەرچاوە).

بە شێوازە فیۆرباخییەکە، دواتریش نەگەیشتە ئەو ئاستە بەرزەی مەبەستی رەخنەیی-زانستی کە پاڵنەری کارەکەی بوو. ئەم پرۆژەیە تەنیا ئەو کاتە بووە شتێکی مومکین کە پێویستە سەربەخۆکان بە تەنیا و تایبەت بۆ ئەم رەخنەیە هاتنە ئاراوە و رەهەندە تیۆرییەکانی و دەستەبەرییە پاش-رەخنەیی (و میتۆدی)ـیەکەی لە ماتریالیزمی مێژووییدا، تایبەت بەخۆی بەرهەمهێنا.

دەشێت ئەو گشتێتییە تیۆرییەی کە مارکس بۆ ساتێك لە ساڵی 1844ـدا گریمانەکەی دەخاتەڕوو، دەربکەوێت و لەمەیشدا دوو کێشە وەلادەنێت: کێشەی گەڕان بەدوای مەرجەعە واقیعییەکەیدا (کە بچێتە ئەودیوی ئامادەیی ئەزموونی و کولتووری و ئایدیۆلۆژیی "ماف و ئەخلاق و سیاسەت و..هتد"ەوە) و کێشەی بنچینە ناوەکییەکەی. بەڵام ئەم شتە تەنیا تایبەتمەندییەکی رواڵەتییە. ناشتوانین لەوە زیاتر بزانین دەربارەی ئەوەی کە ئایا مارکس لەکاتی لێکجیاکردنەوەی کۆتایی هەر یەکە لە "بابەتە جیاوازە" ملکەچەکان بۆ خۆڕەخنەکردنی ناوەکی، بیری لەوە کردۆتەوە کە ئەمە جۆرێکە لە ئاڵوگۆڕ لەنێوانیاندا یان نا؛ لایەنیکەم ئەمە ئەو بۆچوونەیە کە لای ئێمە دروستدەبێت. بەڵام دەشزانین کە بە تێروانینی مارکس بنچینەیەك هەیە کە لە بەڵگەنەویستێکی (شاراوە)ی فەلسەفی-ئەنترپۆلۆژییەوە دروستدەبێت، بەڵگەنەویستێکی "پۆزەتیڤی خاوەن خۆدامەزرانێکی پۆزەتیڤ و پشتبەستوو بە خۆی" وەك ئەوەی فیۆرباخ لێیتێگەیشتووە و مارکسیش لەم بارەیەوە

ستایشی دەكات[64]. هێشتایش نازانین بە چ ڕێگەیەك ماركس بیری لەوە كردۆتەوە كە ئەم بەڵگەنەویستە بخاتە نێو ئەم گشتێتییە تیۆرییەوە. بەڵام بەدڵنیاییەوە لە ڕوانگەی ئەودا ئەمە لەگەڵ مەرجەعێكی "واقیعی"ـدا تەبا و سازگارە: وەك بڵێی -ئەگەر بگونجێت بڵێین- مرۆڤێكی ئەنترۆپۆلۆژیی كۆمەلایەتی هەیە، لە ئەسڵ و تاقانەیی خۆیدا (وەك فیۆرباخ دەڵێت، ئەو مرۆڤەی كە هەر لە ئەزەلەوە لە پەیوەندیی ڕەمزی "من" و "تۆ"دا وەدیدێت)، مرۆڤێك -بەبێ ئەوەی بزانین چۆن، بەڵام بەهەرحاڵ بە ڕێگەیەكی ناتێڕامانییانەی باو، تایبەتمەندییەكانی دەستنیشان دەكرێت- كە بە ڕوونی وەك مرۆڤی ماف و مرۆڤی ئەخلاق و مرۆڤی سیاسەت و..هتد، دیاریدەكرێت. مرۆڤی هەموو ئەم كایە پۆزەتیڤییانە، لە ڕەخنە ناوەكی و دەرەكییەكەی پارێزراوە و لە لێكدژییەكی ڕیشەییدایە لەگەڵ كایەی ئایینداا، كە كایەیەكە ڕەخنە وێرانی كردووە. ماركس لە سەرەتای پێشەكییەكەیدا بۆ ڕەخنە لە فەلسەفەی مافی هیگڵ كە بۆ بڵاوكردنەوە ئامادە نەكرابوو، ئەگەرچی لە ساڵنامەی فەرەنسی ئەڵمانیدا بڵاوكراوەتەوە، دەڵێت: »ڕەخنەی ئایین پێشمەرجی هەموو ڕەخنەیەكە«. (ئەم سەرنجە، بەر لەوەی ناوەڕۆكەكەی بگوازرێتەوە بۆ ماتریالیزمی مێژوویی، بووە سەرنجێكی بەناوبانگ و لەمڕۆدا دەتوانین دەرك بە گرنگییەكەی بكەین).

64 لە خاڵی سێیەمی ژماردنی فەزیلەتەكانی فیۆرباخدا كە ماركس لە دەستنووسە ئابوورییو و فەلسەفییەكانی ساڵی 1844دا باسی كردووە (پەراوێزی 3)، ئەمە دەخوێنینەوە: »گرنگیی فیۆرباخ ئەوەیە كە بە دژایەتیكردنی نەفیی نەفی كە دەیەوێت پۆزەتیڤی ڕەها بێت، پۆزەتیڤێكی دامەزراند كە لەخۆیدا و پشت بەستوو بە بەخۆی، پۆزەتیڤە«. سەرچاوەی پێشوو، ل127.

هیچ شتێکی ترم نییە دەربارەی ئەم ساتەوەختە ناوازەیەی قەیرانی تیۆری-میتۆدی بیڵێم، کە بۆ چارەسەرکردنی بابەتی ئەو کێشەیەی کە لە دەستنووسەکانی 1844دا هەیە، لە پێشەکییەکەی مارکسدا باسکراوە، واتە بۆ یەکەم هەوڵی ئەو دەربارەی "رەخنەی ئابووریی سیاسی". ئەوەیش ساتەوەختی قەیرانێکە، کە لە هەموو دۆخەکاندا، لای مارکس کاریگەرییەکی ئەوتۆی بەجێ هێشتووە کە هەرگیز ون نابێت: جیابووەوەی تەواوەتی لە شێوازی رەخنەی تێڕامانگەری و رەخنەگرتن لە تێڕامانگەری لە هەر مۆدێل و شێوازێکی رەخنەدا. رەنگە بتوانین باس لە حەدسگەراییش بکەین کە دەبوو مارکس بە مەسەلەی مێژووی کۆمەڵایەتی بەرەبەرەکانێی بکات. (بەڵام رەنگە ئەمە رێگایەکی ئایدیالی بێت، وێڕای ئەوەی ریشەی لە فیۆرباخیزمدا هەیە و لەگەڵیشیدا لێکدژە).

### 3- "کۆمەڵایەتی"، "سروشتی"، "مێژوویی": کێشەی پێشمەرجە بنەڕەتییەکان:

بەپێچەوانەوە، لە دەستنووسەکانی 1844 خۆیدا، بە شێوازێکی کۆنکرێتی و ماتریالی بەیەکگەیشتنێکی زەروری لەگەڵ مەسەلەی مێژوودا هەیە، ئەگەرچی ئەمە لە دەروازەیەکی بەرتەسکیشدا بووە. لەسەر ئەم دەروازەیە نووسرابوو: "مەسەلەی موڵکایەتی تایبەت"، جا ئەو کێشە باوەی لە کۆمۆنیزمدا هەبوو ئەمەی بەسەر مارکسدا سەپاند.

لەوە بەدوا، موڵکایەتی تایبەت، بەو جۆرەی کە لەمڕۆدا هەیە، لە پەیوەندییە ئاڵۆزەکەیدا لەنێوان سەرمایە و زەوی (موڵکایەتی زەوی و زار) و پیشەسازی و کاردا، بە بەرهەم و

دەرەنجامی مێژوو و "جوڵەی" مێژوو لە قەڵەم دەدرێت. ڕێک لەم ڕوانگەیەوە، کە ڕوانگەیەکی چالاک و کارایە ئەگەرچی سنوورداریشە، مارکس لە ساڵی 1844دا ناچاربوو کێشەی جوڵەی مێژوو بخاتە حسابی خۆیەوە (بەمەیش دەیویست بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە لە چوارچێوە فیۆرباخییەکە دەربچێت، یان لایەنیکەم دواجار بکەوێتە پێشییەوە).

بەڵام دەبێت بەتایبەت باسی ئەوە بکەین کە ناتوانین ڕاستەوخۆ کێشەی جووڵەی مێژوو دیاریی بکەین؛ ئەم جوڵەیە گەڕانەوە نییە بۆ پەرەسەندنگەراییەکی سادە و ڕاستەهێڵییانە (جووڵەی مێژوو دووبارەکردنەوەی "فۆڕمی ڕۆحی"ی هیگڵی نییە). دەکرێت بڵێین بە پێچەوانەوە دووبارە ئاوەڵاکردنی خەسڵەتەکانی پەرەسەندنی زەمەنییە لە میانەی لێکئاڵان و بەیەکداچوونی دیاردە هاوزەمەنەکانەوە. لە ڕاستیدا، مارکس لەبەرئەوە سەرزەنشی ئابووریناسەکان ناکات کە بایەخ بە مێژوو نادەن و فەرامۆشیان کردووە، بەڵکو لەبەرئەوەیە کە دەرك بە کاتیگۆرییە تایبەتییەکانی ناکەن لە پەیوەندییە ناوەکییەکەی و لە پێناسە ئاڵوگۆڕەکانی و بەدوایەکداهاتنەکانیدا (یان لێی تێناگەن)، بە تایبەتیش لەسەر ئەوە سەرزەنشتیان دەکات کە مێژوو دەسپێرن بە ڕێکەوتەکانی دیاردە دەرەکییەکان لە هەلومەرجێکی مێژووییدا. ئەمە لە کاتێکدا ئەو میتۆدە ڕەخنەییەی کە مارکس بەرپای دەکات دژ بەمەیە: ئەو میتۆدە وا لە دووبارە بونیادنانەوەی پەرەسەندنی ڕێکوپێکی ناوەکیدا وەك ئەوەی لە کۆمەڵگەی ئێستاماندا دروستبووە و دەبێت ئابووریناسەکانیش یەکسەر ئەوە قبوڵبکەن کە کاتیگۆریی کار کاتیگۆرییەکی سەنتراڵە

و کار بکەن بۆ روونکردنەوەی هاڕمۆنیای جوڵەی مێژوویی (ئابووری) کە ئەم سیستەمەی ئێستای بەرهەمهێناوە. کەواتە ئەم رێگەیە بۆ دووبارە ئاوەڵاکردنەوەی مێژوو و جووڵەی مێژوو، رێگایەکی ریزکردنی سەربەرەوژوورە، کە بە هەڵگەڕانەوە و قڵپبوونەوە کاردەکات. مارکس بە دووالیزمە لێکدژەکان کاردەکات، بەرفراوانترینیشیان لەئێستادا دووالیزمی موڵکایەتی/ناموڵکایەتییە. »بەڵام لێکدژی لەنێوان موڵکایەتی/ناموڵکایەتی هێشتایش بایەخێکی ئەوتۆی پێنەدراوە و لە پەیوەندییە چالاکەکەیدا و لە پەیوەندییە ناوەکییەکەیدا دەرك نەکراوە و تا ئێستاش وەك لێکدژی نەناسێنراوە. ئەوەش لەبەرئەوەی وەك لێکدژیی نێوان کار و سەرمایە دەرك نەکراوە. دەشێت ئەم لێکدژییە تەنانەت، بەبێ جوڵەی پەرەسەندووی موڵکایەتیی تایبەت لە رۆما و تورکیادا و..هتد، بە شێوەی یەکەیەك (واتە موڵکایەتی/ناموڵکایەتی) گوزارشت لە خۆی بکات: لەبەرئەمە وا پێناچێت تا ئێستایش خودی موڵکایەتیی تایبەت ئەو شتە بێت کە دەیخاتەڕوو«[65]. لە ناوەڕۆکی دەقی دەستنووسەکانی 1844ـدا، بە شاراوەیی، مەسەلەیەکی گەورە دەردەکەوێت کە هێشتا لەوێیشدا بە زمانێکی ئەوپەڕی فەلسەفییەوە ئاڵێنراوە و ناڕوونە، ئەمەش لە ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانیدا پەرەدەستێنێت، تاوەکو لە کۆتایی پەنجاکاندا، لە گرۆندریسە[66]دا، بە شێوەیەکی نایاب کێشەکە

65 ك. مارکس، دەستنووسەکان 1844، سەرچاوەی پێشوو، ل84. لەم تەفسیرەی پێشوودا راستەوخۆ دەگەڕێمەوە بۆ سەرەتای ئەو بەشەی دەستنووسەکان کە بە ناونیشانی «کاری نامۆکار»ەوەیە.

66 ك. مارکس: بنچینەکانی رەخنەی ئابووریی سیاسی، وەرگێڕانی: ر. دانجیڤێل، ئەنترۆپۆس، پاریس، 1967.

یەکلایی دەکرێتەوە: ئەویش مەسەلەی بەرەبەرەکانێ و لێکدژیی چەمککاریی نێوان جووڵەی ناوەکی سیستەمی ئێستا و هەموو "فۆرمە بەرهەمێنەرەکانی پێش سەرمایەداری"[67]یە بە هەموو جۆرەکانییەوە.

کە ئەم کێشەیە دەگاتە قۆناغی پێگەیشتن، بەو ئەنجامە دەگەین کە کاتێك لێکدژی نێوان موڵکایەتی/ناموڵکایەتی، دەگەڕێنینەوە بۆ جیهانی بەرجەستە و مێژوویی، ئیتر هیچ واتایەکی بنەڕەتی و ڕەسەنی نامێنێت. بەڵکو ئەمە هەر خۆی لێکدژییە، تەنانەت "بەبێ ئەو جووڵەیەی کە دەیەوێت موڵکایەتیی تایبەت بەردەوام بباتە ئاستێکی بەرزتر (واتە بەبێ فۆڕمە سەرمایەدارییەکەی) و ئینجا نا-موڵکایەتی (بۆ نموونە "پرۆلیتاریاکان"ـی جیهانی دێرین) بەرهەم و دەرەنجامی مێژوون، پرۆسەی مێژوویی بۆ دامەزراندنی موڵکایەتی تایبەت "بەرهەمی هێناون"- بە کورتی ئەوە دەوڵەمەندەکانن کە هەژارەکان دروستدەکەن. لە بنەڕەتدا هیچ شتێك بوونی نەبوو جگە لە موڵکایەتی، یان لایەنیگیری بە شێوەی خاوەندارێتی: خاوەندارێتی جێگیر و ناکاتییانەی ئەو زەوییانەی کە خەڵکانی گروپ و کۆمەڵەکان تێیدا نیشتەجێدەبن یان دەڕۆن. خاوەندارێتی و موڵکایەتی یان

67 Formen, die der Kapitalitischen Produktion vorhergehn.
هەڵبەت دەگەڕێمەوە بۆ ناونیشانی بەشێکی زۆر بەناوبانگی "پاژێک دەربارەی سەرمایە"ی گرۆندریسە Grundrisse. لەم لێکۆڵینەوەیەدا ناونیشانی چاپە ئیتالییە سەربەخۆکەی ئەو بەشە دەنووسم:

K. Marx: Formen economiche precapitalisiche, trad Girolamo Brunetti, avaee preface d'Eric Hobsbaem, Editori Riuniti, Roma, 1976.

لایەنگیریی هاوبەش. لێرەدا مرۆڤی "ئەنترۆپۆلۆژی" بوونی نییە، بەڵکو خەڵکی وەك ئاژەڵی مێگەلین لە جۆرێکی تایبەت و بابەتی لێکۆڵینەوەی ئەزموونگەریی ئەنترۆپۆلۆژیین وەك زانستێکی پۆزەتیڤیستی، یان باشتر بڵێین بابەتی لێکۆڵینەوەی ئێتنۆلۆژیای مێژوویین.

مارکس لە ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانیدا دەڵێت: »کەواتە ئیتر لە ئێستاوە، ئێمە پێمانوایە بەرهەمهێنانی ژیان و ژیانی کەسییانە لەرێگەی کارکردنەوە، و ژیانی ئەوانیتر بەشێوە بایۆلۆژییە زگماگییەکەی، لە پەیوەندییەکی دوولایەنە دەچێت: لەلایەکەوە پەیوەندییەکی سروشتییە و لەلایەکی تریشەوە پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتیە، کۆمەڵایەتی بەو واتایەی کە ئێمە وای بۆ دەچین کاری هەرەوەزیی چەند کەسێکە و گرنگیش نییە لە چ هەلومەرجێکدایە و بە چ شێوازێکە و بە چ ئامانجێکە. لەمەیشەوە پەیوەندییەکی جێگیری شێوازێکی تایبەتی بەرهەمهێنان یان قۆناغێکی دیاریکراوی پیشەسازی لەگەڵ جۆرێك هاریکاری تایبەتدا یان لەگەڵ قۆناغێکی دیاریکراویی کۆمەڵایەتیدا، دروستدەبێت، ئەم شێوازی بەرهەمهێنانەیش خۆی "هێزی بەرهەمهێنییە"؛ هەروەها دەرەنجامێکی دیکەی ئەمە ئەوەیە کۆی هێزەکانی بەرهەمهێنان کە خەڵکی هەیانە، دۆخی کۆمەڵایەتی دیاریی دەکات«[68]. کەواتە، ئێمە لێرەدا بونیادێکی جێگیر دەبینین کە ماتریالیزمی مێژوویی روونی کردۆتەوە و بە گوێرەی ئەمە هەلومەرجە مێژووییە زۆر ناکۆکەکان (ناکۆکییە سەرەتایی یان

68 ک. مارکس، ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی، بڵاوکراوە کۆمەڵایەتییەکان، پاریس، 1968، ل85.

جیاوازەکان لە رادەی پێشکەوتندا)، لەگەڵ یەکتردا دەسازێن.

بەڵام وا پێدەچێت لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، لە بنەمای ئەم "کارە هەرەوەزییە"دا، کە دەبێت بەردەوام بێت و لەگەڵیدا بواری کۆمەڵایەتی دروست بکات، رەگەزی سروشتیی پەیوەندییەکە لەگەڵ "زەوی"ـدا هەبێت، ئەو شتەیش هەبێت کە لە کۆنتێکستە سروشتییەکەیدا بەرهەمهێنراوە، و دەبێت بەر لە هەر شتێکیش، نیشتەجێبوونێکی مرۆیی (جێگیر یان گەڕۆك) لەسەر خودی ئەم زەوییە هەبێت، بە کورتی واتا پەیوەندیی سروشتی مرۆڤ بە زەوییەوە. ئەو گشتێتییە تیۆرییەی کە ماتریالیزمی مێژوویی بەرهەمیهێناوە لە میتافۆری ئەندازەیی بەناوبانگی ژێرخانی ئابووریی و سەرخانی ئایدیۆلۆژیدا خۆی دەنوێنێت، و دەبێت ئەمەیش وەك "بنچینەی واقیعی" real Basis لەبەرچاو بگیرێت.

بەم جۆرە ئەمە لە "رێکخستنی مەعریفە"دا خۆی پیشان دەدات (هەڵبەت ئەگەر بمانەوێت بە ئازادیی گوزارشتە کانتییەکە بەکاربهێنین)، خۆ ئەگەر وەك ئاڵتوسێریش وێنای کردووە شتێك بێت وەك "تیۆری کاتیگۆرییە گشتییەکان"[69]، ئەوا بەمجۆرە، بە واتا و فۆڕمەوە دەبێتە رێکخستنی مەعریفە. بەڵام ئەم گشتێتییە تیۆرییە کە بەم جۆرە لە سیستەمەکەی و کاتیگۆرییە گشتییەکانیدا نوێنراوەتەوە، بەهایەکی هەیە کە دەتوانێت بزانێت، چونکە لە ئوبێکتیڤیزمی واقیعیدا یەکەم مەرجەعی ئاشکرای هەیە (ئەمەیش ئەو میتافۆرەی پێدەدات کە دەربارەی وەزیفەی ئەو چەمکەیە کە تێیدا نوێنراوەتەوە):

69 بگەڕێوە بۆ: ل. ئالتۆسێر: وێستگەکان، بڵاوکراوە کۆمەڵایەتییەکان، پاریس، 1976، ل75.

ئەوە پەیوەندییەکی کارایە لەنێوان ویستی هاوکاری نێوان خەڵکی، واتە نێو گروپە مرۆییەکان، لەگەڵ ئەو زەوییەی کە لەسەری نیشتەجێ دەبن و وەك بنچینە، بە واتا حەرفییەکەی، پشتی پێدەبەستن. بە واتایەکیتر، میتافۆڕی چکۆلەی گوزارەی "بنچینە" ئەم پشتیوان و مەرجەعە واقیعییە (سروشتییە)ی هەیە، کە پرۆسەی بەچەمککردنەکەی بەها چەمکییەکەی هەر میتافۆرێک پیشان دەداتەوە (کە بە گوزارشتەکانی وەکو "ئاڵوگۆڕی ئۆرگانی" و "پرۆسێسی کار" تەرجەمە دەکرێت). کەواتە مارکس، "سروشتی" و "کۆمەڵایەتی" دەخاتە لێکدژی و ]ئینجا[ سەنتێزەوە ("سروشتی" تەنیا بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ و بە رێگایەکی لاوەکی لەگەڵ "مێژوویی"ـدا لێکدژە)[70]. کەواتە، لە خاسیەتی کۆمەڵایەتی و مێژوویی خەڵکیدا ] کۆمەڵە مرۆییەکان[ خاسیەتێکی جێگری سروشتی بوونی هەیە. ئەم لایەنە بە روونی تەنیا پەیوەندییە دەرەکییەکە ناگرێتەوە -واتە "ئاڵوگۆڕی ئۆرگانیکی"ی کۆمەڵگە لەگەڵ ئەو شتەدا کە پێیدەوترێت "سروشتی"، ئەگەر بمانەوێت بە زمانی مارکس قسە بکەین-، بەڵکو پەیوەندیی خەڵکییش لەگەڵ خۆیاندا، و پەیوەندیی سروشتە جەستەییەکەیان لەگەڵ لەشی خۆیشیاندا، دەگرێتەوە. هەروەها لێرەشدا، پەیوەندیی سێکسی دەبێتە پەیوەندییەکی سەرەکی و وەچەخستنەوە و

70 بەیەکگەیشتنی هەمان کێشە هەلی دەرکەوتنی ئەو شتە دەدات کە لە بۆنەیەکی تردا وەکو «پێشنۆرەیی» ]ئەولەویەت[ مەعریفی لای مارکس لە دامەزراندنی زانستی کۆمەڵگادا لەبەرامبەر کێشەی مێژوودا، باسم کردووە.
C. Luporini, "problemi filosodici ed epistimologici.
لە کتێبێکی دەستەکۆدا بە ناونیشانی Marx Vivo، میلانۆ، 1969، بەرگی 1، ل292.

لەدایکبوون، ئەمەیش لە بونیادی کۆمەڵایەتیدا لەخۆگیراوە: «دابەشکردنی کار لە بنەرەتدا هیچ نییە جگە لە دابەشکردنی کار لە کردەی سێکسکردندا»، ئەمە ئەو شتەیە کە مارکس لە ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانیدا دەیڵێت. لە خاسیەتە جێگیرە سروشتییەکەیشەوە، کە هەمیشە کۆمەڵایەتییانەیە و بەدەوام لە پرۆسەی پەرەسەندنە مێژووییەکاندا تێدەپەڕێنرێن، خاسیەتێکی سروشتیی ئەسڵی دەمێنێتەوە کە پێشکەوتنی مێژوو دووری دەخاتەوە و وەلای دەنێت.

ئەگەر بمانەوێت هەموو ڕێکخستنە چەمکییەکەی ماتریالیزمی مێژوویی نەشێوێنین، ناکرێت ئەم جیاکارییە فەرامۆش بکەین. تەواو هەڵەیە بڕوامان وابێت پێویستە کێشەی ئەسڵ لە ماتریالیزمی مێژوویی دووربخەینەوە، بۆیە ئەو شۆڕشە تیۆرییەی بانگەشەی بۆ دەکرێت و بەم لێکجیاکردنەوەیەدا دەناسرێتەوە، شتێکی ئەرێنی دژ بە میتافیزیك و تێڕامانگەرییە. سادەتر قسەبکەین، کێشەی ئەسڵەکان لە ماتریالیزمی مێژووییدا، لە خەیاڵکردن و تێڕامان رزگاری دەبێت و بە تەواوەتی دەچێتە کایەی لێکۆڵینەوەی زانستییەوە. ئەوە بۆیە مارکس و ئەنگڵس ئەو بایەخە گەورەیەیان بە لێکۆڵینەوە نوێیەکانی ئێتنۆلۆژیای مێژوویی داوە. لە هەموو دۆخێکدا، ئەمە بنچینەیەکی تیۆریی زۆر گرنگی هەیە و هەر کەسێکیش کە خۆی بە مارکسیست بزانێت نابێت ئەمە فەرامۆش بکات. مارکس ئەمەی لە پەرەگرافێکی Formen (پەراوێزی 9)ـدا فۆرمولە کردووە: «ناکرێت لە ئەسڵدا هەلومەرجەکانی بەرهەمهێنان بەرهەمبهێنرێن، یاخود بەرەنجامی پرۆسەی بەرهەمهێنان

بن... یەکێتیی نێوان خەڵکە کارکەرەکان و هەلومەرجە سروشتی و نائۆرگانییەکانی میتابۆلیزمەکانیان mitabolisme لەگەڵ سروشت (یان ئاڵوگۆڕە ئۆرگانییەکان)ـدا ئەو شتە نییە کە پێویستی بە تەفسیرە، یان بەرەنجامی پرۆسەی مێژووییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە، ئەوە لێکجیاکردنەوەی ئەم هەلومەرجە نائۆرگانییە و بوون و چالاکیی مرۆییە کە پێویستی بە تەفسیرە، ئەوەیش لێکجیاکردنەوەیەکە کە بۆ یەکەمجار و تەنیا لە پەیوەندی نێوان کاری کرێگرتە و سەرمایەدا، ریالیزە دەبێت«[71]. ئەم هەڵوێستە تیۆرییە دەرفەتی ئەوەمان پێدەدات بچینە قوڵایی چەمکی موڵکایەتییەوە و رەوایەتییە بونیادییەکەی (نەك تەنیا لە بەرهەمهێناندا، بەڵکو لە هەلومەرجەکانی بەرهەمهێنانیشدا) بپشکنین، بەرلەوەی پێناسە بەرودوا مێژوویی-ئایدیۆلۆژییە (مافییەکان)ی بۆ دابنرێت، بگرە بە جۆرێك ئەم کارە بکەین کە چوارچێوەیەکی چەمکسازیی بۆ قبوڵکردن و تەفسیرکردنی پرۆسەکانی دانانی ئەم پێناسە بەرودوایانە، پیشان بدات.

مارکس دەڵێت: »لە ئەسڵدا، موڵکایەتی، لە فۆڕمە ئاسایی و سلاقی و جەرمانی و کۆنەکەیدا، رەفتاری کەسی کارکەرە (کە خۆی بەرهەم دێنێت و بەرهەم دێنێتەوە) لەبەرامبەر هەلومەرجەکانی بەرهەمهێنان و دووبارە بەرهەمهێنانەوەیدا، وەك ئەوەی هەیە. بەم جۆرە موڵکایەتی بەپێی هەلومەرجەکانی ئەم بەرهەمهێنانە فۆڕمی جیاوازی هەیە. ئامانجی بەرهەمهێنان دووبارە بەرهەمهێنانەوەی

71 ك. مارکس، بنچینەکانی رەخنەی ئابووریی سیاسی، سەرچاوەی پێشوو، بەشی یەکەم، ل452–453.

بەرهەمهێنراوە لەنێو و لەگەڵ هەلومەرجە ئوبێکتییەکانی بوونەکەیدا. ئەم پەیوەندییەی خاوەندار دەرەنجامەکە نییە، بەڵکو پێشمەرجی کار و بەرهەمهێنانە (جەختکردنەوەکە لەلایەن نووسەرەوەیە): ئەمەیش پێویستی بە فۆڕمێکی دیاریکراوی بوونی تاکەکەسە، واتە ئینتیمای بۆ خێڵێك یان کۆمەڵێك (کە خۆیشی تاڕادەیەك، دەبێتە موڵکیان)«[72]. بەم جۆرە پەیوەندی لەگەڵ "کۆمەڵی ئەسڵی"ـدا، لەگەڵ "کۆمەڵی سەرەتایی"ـدا، لەگەڵ "کۆمەڵی سروشتی"ـدا (کە تاکەکەس تێیدا "ئەندامێکی سروشتی"ـی شێوە موڵکییە) و، بەراوردی بەردەوامی ئەم کۆمەڵەیە لەگەڵ هەموو پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی دواتردا، لە چوارچێوەیەکی تیۆریی ماتریالیزمی مێژووییدا دەبێتە بوارێکی پێویست و هێڵێکی پێویستی ئاراستەکراوی هەموو پەرەسەندن و هەموو پراکتیزەکردنێکی شیکارییە مێژووییەکان (کۆمەڵایەتی-ئابووری-کولتووری). (بەم جۆرە مارکس دەیتوانی لەسەر ئەم بنەمایە، دژ بە "رۆبنسۆنیزم"ـی ئایدیۆلۆژیی سەدەی هەژدە، جەخت لەوە بکاتەوە و ئەوە دووپات بکاتەوە کە »مرۆڤ تەنیا لە میانەی پرۆسەی مێژووییەوە خەسڵەتی تایبەت وەردەگرێت«. مرۆڤ لە ئەسڵدا ئەندامێکە لە رەگەزەکەی، بوونەوەرێکی خێڵەکییە، ئاژەڵێکی مێگەلییە -هەرگیز ئاژەڵێکی سیاسی نییە، بە واتای سیاسیی گوزارشتەکە. ئاڵوگۆڕ خۆی یەکێکە لە هۆکارەکانی ئەم تاقانەییەی مرۆڤ. ئاڵوگۆڕ مێگەل لە زەرورەت دەخات، بۆیە دەیتوێنێتەوە)[73].

72 هەمان سەرچاوە، ل458-459.

73 هەمان سەرچاوە، ل459.

جەمسەری یەکەم لەم بەراوردەدا، واتە چەمکی کۆمەڵی ئەسڵی، ڕەگەزێکی جێگیرە کە جەوهەرێکی تیۆریی هەیە، بەڵام ئەوانیتر خشتەی ئەو ڕەگەز و فۆڕمانەیش لەخۆدەگرن کە لەو دەمەدا لێکۆڵینەوەی مێژوویی و مێژوویی-ئێتنۆلۆژی خستبوونیەڕوو. بەم جۆرە بابەتەکە بووە بوارێکی کراوە بۆ لێکۆڵینەوەی بەراوردکاریی، کە دەبێتە بنەمای بە مۆدێلکردنەکان و هاوشوناسییەکان لەنێوان قۆناغەکانی پرۆسە مێژووییەکاندا کە لە شوێن و کاتدا بە ڕێگایەکی تەواو جودا لەیەکتر ڕوودەدەن. »هەموو کۆمەڵە سەرەتاییەکان دەرکەوتەی جیاوازی هەمان مۆدێل نەبوون. بەڵام بە پێچەوانەوە، هەموویان زنجیرەیەك کۆمەڵبوونی کۆمەڵایەتییان دروستکردووە کە لەرووی نموونە و تەمەنەوە لێکتر جیان و ئەو قۆناغە دوابەدوایەکانەی پەرەسەندن دیاریی دەکەن کە هاوتای هەر یەکێك لەو کۆمەڵانەیە«[74]. ئەم دێڕانە کاتێك نووسراون کە میتۆدی مارکس گەیشتبووە دوایین ڕادەی پێگەیشتن و وێناکردنە مێژووییەکەی گەورەترین نەرمیی تێدابوو، هیچ بوارێکیش بۆ ئەو ئەگەرە ناهێڵێتەوە

74 هەڵبژاردەیەک لە ک. مارکس و ف. ئەنگلز: (هیند، چین، روسیا)، پێشەکی: پرۆنۆ مافی، میلانۆ، 1960، ل239. ئەم رستەیە لەنێو سێیەم ڕەشنووسی نامەیەکی (1881)ی مارکس بۆ ڤیرا زاسۆلیچدا هاتووە. دەتوانین ئەم ڕەشنووسە وەرگێڕادراوانە بۆ زمانی ئەڵمانی لە ئەسڵە فەرەنسییەکەیدا بخوێنینەوە: ک. مارکس، ف. ئەنگلز، Bd19, Werke ،1962، ل402. (هەڵبەت دەزانین ڕازیانۆڤ ئەسڵە فەرەنسییەکەی ئەم نامانەی لە دیکۆمێنتەکانی مارکس–ئەنگلزدا بڵاوکردۆتەوە، 1926). دەتوانین ڕێک دەقە فەرەنسییە هاوشێوەکەی ئەو نامەی کە هەر بە راستی مارکس بۆ ڤێرا زاسۆلیچی ناردووە لەم سەرچاوەیدا بخوێنینەوە: ک. مارکس و ف. ئەنگلز، Ausgewàhlte .briefe, Berlin, 1953, 408

کە بشێت ئەم بۆچوونە لەگەڵ فەلسەفەی مێژوو یان تیۆری مێژوویی-فەلسەفی تێکەڵ بکات[75]. بەڵام ئەم رەگەزە کە مارکس لە کاتی ئامادەکردنی Formen (پەراوێزی 9)ـدا کەشفی کرد، بە ناچاری وەك بنچینەیەکی سەرەکی و بنەمای یارمەتیدەری کەشفکردن دەمێنێتەوە: »هەلومەرجەکانی بەرهەمهێنان لە دۆخی ئەسڵیدا ناکرێت بەرهەم بهێنرێن یان دەرەنجامی بەرهەمهێنان بن«. ئا ئەمە رێک بنەما تیۆرییە جێگیرەکەیە. ئەمەیش واتای ئەوەیە کە دەبێت هەمیشە لە ئەسڵی مێژوویی کۆمەڵگە مرۆییەکاندا بونیادێکی کۆمەڵایەتی بدۆزینەوە کە لەلایەن بەرهەمهێنانەوە دیاریی نەکراوە، بەڵکو ئەو بەرهەمهێنان دیاریی دەکات، لەلایەکی دیکەشەوە خۆیشی دیاریی دەبێت و سنووورە ئەسڵییەکەی خۆی وەردەگرێت: ئەو بونیادە کۆمەڵایەتییەیش بریتییە لە پرۆسەی دامەزراندنی دامەزراوەکان بۆ پەیوەندیی سێکسیی دووبارە بەرهەمهێنانەوە، و ئینجا لە پەیوەندییە خوێنی و خزمایەتییەکاندا و...هتد.

---

75 ئەو چەمک و دیاریکردنانەی کە مارکس لە نامەیەکی کۆتایی ساڵی 1877 دا بۆ دەستەی نووسەرانی Oetehtestvennie Zapiski ی ناردووە و لە (هیند، چین، روسیا، سەرچاوەی پێشوو، ل235)، بڵاوکراوەتەوە، بایەخێکی زۆری هەیە. دەتوانین دەقە ئەسڵە فەرەنسییەکەی لەم سەرچاوەیدا بخوێنینەوە: ک. مارکس و ف. ئەنگلز Ausgewàhlte briefe، ل365. دەبێت سەرنجی ئەوە بدەین کە مارکس لە وەرگێڕانە فەرەنسییەکەی کتێبی یەکەمی سەرمایەدا رێکخستن و پەرەپێدانێکی کردووە کە بۆی نەلواوە لە هەمان برگەی دەقە ئەڵمانییەکەدا بیکات. وەک بڵاوکەرەوەی Ausgewàhlte briefe ئاماژەی پێداوە ئەمە یەکێکە لەو حاڵەتانەی کە دەقە فەرەنسییەکەی کتێبی یەکەمی سەرمایە دەکرێت وەکو دەقێکی ئەسڵیی هاوتای ئەڵمانییەکە حسێبی بۆ بکرێت.

لەگەڵ ئەوەیشدا دەرەنجامەکانی لێکۆڵینەوە ئێتنۆگرافییە نوێیەکان جەخت لەسەر ئەم تێروانینە دەکەنەوە کە دەبێت بەردەوامی بەو بنەما تیۆری (خاوەن خەسڵەتی نێگەتیڤ) و کەشفگەرییە بدات کە مارکس لە بنەمادا جیا لە یەکتر دایمەزراندوون.

بەڵام ئەوەیش زۆر روون و ئاشکرایە ئەمە واتای دانانی بەڵگەنەویستێك نییە دەربارەی لەپێشترێتی کۆمەڵایەتی بەسەر ئابووریدا، بەڵکو ئێمە تەنیا ئاراستەی دیاریکردنە دوولایەنەکەیانمان لە ئەسڵدا دیاریی کردووە (کە دواتر مێژوو هەڵی دەگەڕێنێتەوە)، و ناچاریش بووین ئەم کارە بکەین. کۆمەڵی سەرەتایی (کە سروشتییانە دروست بووە) لە ئەسڵدا ئابوورییە، ئەوەیش وەك خاوەنداریێتییەکی هاوبەشی هەلومەرجەکانی بەرهەمهێنان (زەوی و بەرهەمەکانی) و وەك ئەوەی کە خۆی هێزی بەرهەمهێنییە (لە هەرەوەزیدا). بەڵام ئەو بونیادە دامەزراوەییەی کە چرکەساتی ئابووریی تێیدا ریالیزە دەبێت، لەم حاڵەتەوە ناکەوێتەوە ]کەواتە لە کۆمەڵی سەرەتاییدا کۆمەڵایەتی دەرەنجامی ئابووری نییە[.

مێژوو ئەوەمان پیشان دەدات ئەو بونیادە دامەزراوەییانەی لە پەیوەندییە خزمایەتییە ئەسڵییەکانەوە، یان لەو پەیوەندییانەوە کە دواتر شێوەی پەیوەندییە خزمایەتییەکانیان وەرگرت، پەیدابوون، چۆن بە تێپەڕینی کات بونیادەکە توانیویەتی بەسەر فۆڕمی کۆمەڵەکەدا باڵادەست بێت (بۆ نموونە، رۆژئاوا لە جیهانی کلاسیکی یان پێش کلاسیکیی کۆندا) و بە لەدەستدانی ئەم باڵادەستییەیش بەهۆی کاریگەری هەڵگەڕانەوە شۆڕشگێڕییە ئابووری و

کۆمەڵایەتییەکانەوە، بە پلەی جیاواز هەڵوەشاتەوە. رەگەزی شۆڕشگێڕییانە بە چوونە نێو پەیوەندییەکانی موڵکایەتی تایبەت (واتە خاوەندارێتی زەوی و زار)، ئینجا بە کاری جیاواز و دابەشکراو وەك شێوەی کەڵەکەبوونی تایبەت، دروست دەبێت، کە بواری شێوەکانی گۆڕان و پەڕینەوە دەرەخسێنێت. زیادەبوونەکانی دەستکەوت و سەرانەی کۆن کە دەدرا بە کەسایەتییە "مێژوویی"یەکان، وەك ئەوەی لە ئەسینا و رۆمادا هەبوو، نموونەی باڵای هەڵگەڕانەوە شۆڕشگێڕییەکان بوون کە لەسەر ئاستی ئابووری-کۆمەلایەتی و لە چەسپاندن و جێگیرکردنی ئەو دۆخەوە روویانداوە. دەکرا دامەزراوە وەسەنییەکان ماوەیەکی زۆتریان بخایاندایە؛ لە ئێستاشەوە گرنگە بەشێوەیەکی گشتی بزانین ئەو شتە چییە کە کۆمەڵگە (یان کۆمەڵێك) لە کۆ-بونیادییەکەیدا دەپارێزێت؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە کە بە پلەی یەکەم، پێویستە هەر مێژوونووسێك لە خۆیی بکات، ئەرستۆیش پێشتر لە ئاستی تیۆرییدا لە خۆیی کردووە[76].

ئەو شتەی کە مارکس ناوی دەنێت "کۆمەڵی کشتوکاڵی" پێگەیەکی تایبەتی لەو نموونە مارکسییەدا هەیە کە مارکس لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا باسی کردووە و زیاتر لە زەرورەتی

76 ئەرستۆ ئەم پرسیارەی دەربارەی هەر جۆرە کۆمەڵێک یان (چ جۆرە پەیوەندییەکی مرۆیی و خۆکرد)، لەخۆی کردووە و هەموویشیانی لەژێر دەستەواژەی Koinoniaدا کۆکردۆتەوە. ئەگەرچی کۆمەڵەکان خاسیەت و سیفەتی سەربەخۆ و جیا لە یەکتریان هەیە، کەچی ئەو پێیوایە هەر هەموویان ملکەچی "کۆمەڵی سیاسی"ن یان ئەو کاتەی لە ڕووی مێژووییە جێگیر دەبن دەبنە بەشێکن لەو کۆمەڵەیە (بگەڕێوە بۆ: ئاکاری نیکۆماخۆس، Ethique ‘a nicomaque, VIII, 1160b)، بەڵام بە گوێرەی مەیل و بنەمای سروشتی. (بگەڕێوە بۆ کتێبی: سیاسەت politique, I, 1253a).

لێکۆڵینەوە دەچێت نەك لە نموونەیەکی پێشتر دیاریکراو، (کێشەکەی ئەو لەبارەی ئەم خاڵەوە، بەهۆی ئەو پرسیارە سیاسییانەی کە دەربارەی چارەنووسی مێژوویی میری روسی "موڵکایەتی بەکۆمەڵی زەوی لە روسیا" خرانەڕوو، بۆتە کێشەیەکی زیندوو و هەنووکەیی). ئەو وەك "قۆناغی دروستبوونی سەرەتایی کۆمەڵگە" پێناسەی دەکات، کە لە هەمان کاتدا، قۆناغی پەڕینەوە و گوزەر بووە بەرەو قۆناغی دووەم، و ئینجا پەڕینەوە لە کۆمەڵگەی باوەوە کە لەسەر موڵکایەتیی هاوبەش دامەزراوە، بۆ کۆمەڵگەیەك کە لەسەر بنەمای موڵکایەتیی تایبەتە[77]. بەڵام وا دیارە، لە بۆچوونی مارکسدا، مەسەلەکە پەیوەست نییە بە پەڕینەوەیەکەوە کە بە زەرورەت لەخۆیدایە وخێرایە، ئینجا تایبەت نییە بە ماوەیەکی کورت. مارکس پێچەوانەی ئەمەی پێراستە و

77 مارکس ئەوەیش دەڵێت: »پێکهاتەی دووەم هەر زنجیرەیەکی ئەو کۆمەڵگایانە لەخۆ دەگرێت کە پشت بە کۆیلایەتی و بەندە دەبەستێت«. (ک. مارکس، هیند، چین، روسیا، سەرچاوەی پێشوو، ل241). پەیوەست بەو دەستەواژانەوە کە مارکس لێرەدا بەکاریان دەهێنێت، دەبێت سەرنجی ئەوە بدەین کە لە ڕەشنووسی یەکەمیدا، لەنێوان دوو کەوانەدا نووسیویەتی: »لە پێکهاتە مێژووییەکاندا، وەک لە پێکهاتە جیۆلۆژییەکاندا، زنجیرەیەکی تەواوی قۆناغەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم و..هتد، هەیە« (ک. مارکس و ف. ئەنگلز، Werke, Bd 19، سەرچاوەی پێشوو، ل386). دەشێت ئەم پێشنیارە وێنەیەکمان پێ بدات دەربارەی ئەو ئەسڵەی کە مارکس بۆ بەکارهێنانی جێگیریی دەستەواژەی "پێکهاتن" خواستوویەتی، کە لە ساڵانی ڕابردوودا بەشێوەیەکی باش مشتومڕ کراوە. بەڵام دەمەوێت شتێکی بۆ زیاد بکەم دەربارەی پەیوەندی نێوان جێگیربوون لە گوزارەکان و لە ئایدیای بە مۆدێلکردنە هاوشێوەکەیدا. بگەڕێوە بۆ:

C ; LUPORINI, “per L’interpretozione della categoria” “formazione economico-sociale”, Critica marxista, No3, .1977, p.7

باوەڕی وایە دووالیزمی دروستبوونی کۆمەڵی کشتوکاڵی -لەنێوان خاوەندارێتی تایبەتی تاك خێزانی و خاوەندایێتیی بەکۆمەڵ- دەیتوانی "بوونێکی بەهێز" بەم کۆمەڵە بدات، ئینجا لە ڕەوشی گونجاوی مێژووییدا، تا ئاستی هاوسەنگیی جێگیر درێژ ببێتەوە (ڕێک ئا ئەمە حاڵەتی میری ڕوسی بوو کە ئەسلێکی سلاڤی هەبوو، نەك حاڵەتی کۆمەڵی جەرمانی کە تاسیت وەسفی کردووە).

ئەوەی بەلامانەوە گرنگە ئەوەیە کە ئەم جۆرە کۆمەڵانە »یەکەم کۆبوونەوەی کۆمەلایەتی خەڵکە ئازادەکان بووە، کە لە سنوورەکانی پەیوەندیی خوێنییدا دانەمەزراوە« و "بونیاد"ەکەیشی "بونیادی درەختی بنەماڵە" نەبووە. ئەم بابەتە لە تێروانینی مارکسدا، گۆڕان یان دابڕانێکی مێژوویی بووە کە مانایەکی گەورەی هەیە و بە میتافۆرێکی زمانەوانی گوزارشتی لێکردووە کە ئەمەیە: ئەم کۆمەڵە "ئەو پەتی ناوکە-وێڵاشەی بڕیوە کە بە سروشتەوە بەستبوویەوە«. بە روونی دیارە وشەی "سروشتی" کە لەم گریمانە و گریمانە هاوشێوەکانی دیکەی مارکسدا هاتووە، واتای کۆگای ئیمکانی کەرەستەکانی کار ("تاقیگە"ی مرۆڤ) نییە و سروشتی تایبەت بە مرۆڤیش نییە، وەك بڵێی مەبەستی لە سیفەتە بایۆلۆژی و فیزیکییەکانی مرۆڤ نییە، چونکە ئەم پەیوەندییە هەرگیز بە تەواوەتی ناپچڕێت، بەڵکو زیاتر "سروشت" وەك فۆڕمی کۆمەڵەی سەرەتایی باسکراوە، لە پەیوەندیی ئەم کۆمەڵەیەدا بەو شتەوە کە بونیادە کۆمەڵایەتییەکەی دیاریی کردووە، ئەو بونیادەی کە تا ئێستا لە چالاکی بەرهەمهێنانەوە دروست بووە.

### 4- پرسی "سیاسی"

لە کۆمەڵی ئەسڵییدا، ئینجا کە دواتریش لەو سەردەمە دێرینەدا بەرەو کۆمەڵی سەرەتایی پەرەی سەندووە، "کۆمەڵایەتی" و "ئابووری" لەگەڵ یەکدا سازگاربوون و لە تەباییدا بوون، لەبەر ئەوەی هەردووکیان راستەوخۆ پەیوەست بوون بە "سروشتی"یەوە (بەو واتا و شێوازەی کە پێشتر دیارییمان کرد). ئەوەیش روونە کە لێرەدا هێشتا بەر بابەتی سیاسی نەکەوتووین.

سیاسی[*78]، لایەنیکەم لە نەریتی رۆژئاواییدا، هەر لە سەردەمە دێرینە کلاسیکییەکانەوە، پەیوەستە بە مەسەلەی فۆڕمەکانی دەسەڵاتەوە، هەمان کات پەیوەستە بە مەسەلەی دەستوور و حوکمی کۆمارییەوە. تەنیا لە سەردەمی رێنسانسەوە قسە لە "دەوڵەت" کراوە. خەڵکانی پێشتر شتێکیان دەربارەی مەدلولە ئاڵۆزەکەی دەوڵەت نەزانیوە، تەنانەت ئاشنای چەمکە (ئایدیۆلۆژی و زانستییەکەیشی نەبوون). بێگومان ئەمەیش واتای ئەوە نییە کە دەوڵەت بوونی نەبووە. رێگە بە خۆم دەدەم گومان لەو بۆچوونە بکەم

78* لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی (the political) هەیە، کە لە زمانی عەرەبیدا دەکرێتە (السياسي) و لە زمانی فارسیشدا دەکرێتە (أمر سیاسی). (the) و (ال) و (أمر) ئامرازی ناساندنن و وشەکەی دواتریان ئاوەڵناوە، وەرگێڕانێکی وردی ئەم جۆرە وشانە بۆ زمانی کوردی کەمێک زەحمەتە. ئێمە لێرەدا لە هەندێ شوێندا "پرسی سیاسی"یمان بۆ بەکارهێناوە و لە زۆر جێگایشدا بەم جۆرە وەرمانگێڕاوە "سیاسی" واتە لەڕێگەی تەکنیکی بۆڵد و ئیتالیکەوە لە وشەی "سیاسی" جیای دەکەینەوە و وەک بەرامبەرێک بۆ ئەو وشانەی سەرەوە بەکاری دەهێنین. (و. کوردی)

کە دەڵێت دەوڵەت بوونی نەبووە، چونکە ئەگەر مەبەستمان لە دەوڵەت ئەو دەسەڵاتە گشتییە بێت کە لە کۆمەڵگە جیادەبێتەوە و خۆی لە دامەزراوەکاندا بەرجەستە دەکات و بەهۆی کەرەستە نیمچە جێگیرەکانییەوە، لەسەرووی کۆمەڵگەوە دەوەستێت، ئەوا گومانەکەمان دروستە. ئەنگڵس لە بارەی ئەسینای سەردەمی کلاسیکەوە دەڵێت، دەوڵەت »بە بێدەنگی و بە خامۆشی تەداخولی دەکرد«. منیش لێرەدا پێموایە شتەکە بەم جۆرە نەبووە و دەبێت پێداچوونەوە بەو گشتاندنەدا بکەین کە ئەنگڵس لە "بنەچەی خێزان و موڵکایەتی تایبەت و دەوڵەت" و دەقەکانی تردا کردوویەتی. بەڵام لە هەمان کاتیشدا بڕوام وایە تەفسیرەکەی ئەو زۆر مانادارە و لە رووی چەمکییەوە دەمانخاتە سەر رێگایەکی دروست. ئەوەیش لەبەرئەوەی دەوڵەت، بە مانا تایبەت و چۆنایەتییەکەی، واتەی ئەو دەسەڵاتەیە کە بە گشتی بە بێدەنگی دەست دەخاتە نێو بونیادە دامەزراوەییەکان و ئەو بونیادە گشتییانەوە کە لە پێشییەوە هەن و هێشتا نەبوونەتە دەوڵەت، خۆ ئەگەر لە هەر کاتێکدا بونیادی سیاسی هەبێت ئەمە واتای ئەوە نییە کە سیاسی لەپێش باڵادەستیی دەوڵەتەوەیە، یان لە پێشتر دروستبووە، ئینجا ئێمەیش دەبێت وا دەستنیشانی سیاسی بکەین کە سەربەخۆیە لەم باڵادەستییە (نەك بە ناچاری بەپێچەوانەوە بێت). پێموایە جیاوازیی نێوانیان جەوهەرییانەیە و دەشێت تەنانەت لەسەر ئاستی هەستی هاوبەشیشدا دیارییان بکەین.

هیچ بیرمەندێکی کۆن نەیدەتوانی لە گوزارەیەکی وەکو "داخوازی بەرژەوەندیی باڵا" تێبگات، جا ئەم گوزارەیە بەو

واتا لێڵ و سیحرییەیشیەوە کە هەیەتی -ئەوەیش بەهۆی سەربەخۆیی سیاسییەوە لە دەوڵەت[79]- یان هەر بە سادەیی لەبەرئەوەی شتەکە بوونی نەبوو (ئەوەی کە بە نهێنی ئاڵوگۆڕ دەکرا لە پیلانگێڕی و دەسیسە و ئامادەیی ستەم و خەبات لە دژی ئەم ستەمە دەچوو، ئەوە شتێك بوو کە نەدەکرا شەرعیەت لەو شتەوە وەربگرێت کە هەبوو). لە بەرامبەردا دەشێت هەمووان بە روونی لە گوزارەیەکی وەکو salus rei publicae تێگەیشتبن، جا پاڵنەری بەرژەوەندییەکانیان بۆ وتنی ئەم گوزارەیە هەرچی بووبێت. جیهانی سەردەمی کلاسیکی لە شەفافیەتێکی رەهای دامەزراوە سیاسی-دەستوورییەکانیدا دەژیا، جا چ لە یاسا نووسراوەکاندا جێگیر کرابووایە یان نا. ئەم شەفافییەتە پەیوەستییەکی ناچاریی ئیمانانسییانە بوو بە کۆمەڵگەکەیانەوە، کە نەیاندەتوانی، لەگەڵ هەموو هەمەجۆرییەکان و گۆڕانە مێژووییەکانیاندا لێی جیاببنەوە یان بە سەربەخۆیی بوونیان هەبێت. ئەمەیش واتای ئەوە نییە ئەوان هەمیشە ئاستی کۆمەڵایەتی-دامەزراوەیی لەگەڵ ئاستی سیاسی-دامەزراوەییان تێکەڵ بەیەکتر کردووە. ئەوە شتێکی سەرسوڕهێنەر بوو کە ئەرستۆ خۆی لە شیکارییە زانستییەکەیدا بۆ دەوڵەتشار (polis) -کە لێکۆڵینەوەیەکی وردە لە دەستوورەکان و بە فراوانی بە یەك بەراوردیان دەکات تاوەکو بگاتە بەمۆدێلکردنی ئەو تایپەی کە خۆی پێشنیاری دەکات، کە ئەوەیش خۆی بەرگرییەکی "مێژوویی

---

79 بڕوانە وەرگێڕانە فەرەنسییەکەی کتێبی Moses I. FINLEY "دیموکراسییەتی کۆن و دیموکراسییەتی نوێ"، Petite Bibli othéque Payot, Paris.

درەنگوەخت بوو- هەستی بەوە کردووە پێویستە لە کتێبی یەکەمی "سیاسەت"ـدا بونیادی (Oikia) شیکار بکات، واتە هەمان ئەو شتەی کە ئێمە ناوی دەنێین کۆمەڵگەی مەدەنی، و لەوێیشدا پێداگری لەسەرئەوە دەکات کە نابێت بکەوینە تەڵەزگە و داوی ئەو بۆچوونەوە کە پێیوایە فۆڕمی سیاسی هەر درێژکراوەی ئەم کۆمەڵگەیەیە[80]. ئەگەرچی ئەرستۆ ئەم شیکارییەی لەوە زیاتر نەبردۆتە پێش، بەڵام ئەمە تەنیا بەهۆی ئاماژە ناڕەستەوخۆ و بەشەکییەکانەوە بووە بە ئاراستەی "توێکاری"ی کۆمەڵگا، واتە بە ئاراستەی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێناندا[81]. پێموایە ئەم شەفافییەت-

80 "polis" تەنیا بە گوێرەی پێویستییەکانی "ژیان" ڕێک ناخرێت، بەڵکو بەگوێرەی پێویستییەکانی "ژیانی باش"یش و ئینجا دەبێتە ئەو پێشمەرجانەی کە دەرفەتی ڕیالیزکردنێکی تەواوی سروشتی مرۆیی دەرەخسێنێت. ئەو ڕەگەزە ناتەبایەی axiologique، کە لە شیکارییە ئەزموونگەری و بەراوردکارییەکەی ئەرستۆدا هەیە و هەمیشەیش تێیدا ڕەگی داکوتاوە، بە توونديی پەیوەستە بە شیکردنەوەی مرۆڤەوە وەک ئاژەڵێکی عەقڵانیی. بەڵام دەبێت سەرنج لەوە بدەین کە ئەرستۆ عەقڵی یەکەم Logos لە سیاسەتدا، وەک کردەیەکی کۆمەڵایەتی کۆکەرەوەی عەقڵانی، پیشان دەداتەوە، بە دیاریکراوی و هەمان کات، بە شوێنێکی دادەنێت بۆ دەستنیشانکردنی چەمکییانەی ئاڵوگۆڕییانە و، دروستبوونی بەها کۆمەڵایەتییەکان (وەک پەڕینەوەیەک لە ئاگایی سودبەخش/زیانبەخش بۆ ئاگایی دادپەورەر/نادادپەورەر). لە کتێبی سیاسەتی ئەرستۆدا دەبینین کایەی سیاسی زۆر بەرتەسک کراوەتەوە (و هەمان کاتیش زۆر پشتیوانیی لێکراوە)- چ دەرهەق بە نەریت بێت، یان دەرهەق بە کتێبەکانی دیکەی ئەرستۆ، وەکو کتێبی ئاکاری نیکۆماخۆس بەجۆرێک کە نەزمی پاشایەتی، کە بە زۆری وەکو پێش-سیاسی دەردەکەوێت، لە سیاسەت دادەماڵرێت، ئەوەیش بەهۆی ئەو ڕواڵەتە باوکایەتی و سروشتییەوە کە تێیدا دەسەڵات بە دیاریکراوی (وەک دەسەڵاتی باوک لەبەرامبەر ڕۆڵەکانیدا) پیادە دەکرێت.

81 دەبێت خۆمان لەو ئەگەرە ببوێرین کە گوایە تەفسیرکردنی پەیوەندی

ئیمانانسییه له دامەزراوەکاندا یەکێکه لەو پێشمەرجانەی کە وای کردووە ئەم بەچەمککردنە نایاب و ئاڵۆزەی فۆڕمە سیاسییەکان لە سەردەمی کلاسیکی یۆنانیدا مومکین بێت، واتە بەچەمککردنی پەیوەندی حاکمان و حوکمکراوان، پەیوندی باڵادەستان و ژێردەستان[82]، ئەم بەچەمککردنە کاریگەرییەکی

---

ئاغا-کۆیلە، بەو جۆرەی کە ئەرستۆ وەک پەیوەندییەکی بنەڕەتی لە بونیادی (oikia)دا پیشانی داوە، بە پاڵ پەیوەندییەکانی دیکەی مێرد-ژن و باوک-کوڕەوە، وەک پەیوەندییەکی بەرهەمهێنانی خراوەتە ڕوو (ئەگەرچی کۆیلەی لەنێو چەمکی «ئامراز»دا لەخۆ گیراوە)، ئەوەیش نەک تەنیا لەبەرئەوەی بە پەیوەندیی خزمەتکردن لەنێو (oikia)دا حسێب دەکرێت، بەڵکو لەبەرئەوەی سیفەتی ئابوورییانەی (oikia) بە شێوەیەکی تایبەت لەوێدا دەبێتە سیفەتێکی هەڵگەڕاوە؛ لە ڕاستیدا، ئەمە پەیوەست نییە بە چالاکیی بەرهەمهێنانەوە، بەڵکو پەیوەندییەکی باوکانە (ی کارگێڕیی وەرگیراوە لەنێو سنوورە دیاریکراوەکانیدا). پرسی پەیوەندی لەنێوان وەرگرتنی سامانەکاندا، واتە خاوەندارێتیی سامان و بەرهەمهێنانی، کە ئەرستۆ لێی دوواوە، بە کراوەیی دەمێنێتەوە. ئەرستۆ بایەخی بە بەرهەمهێنان داوە، بەڵام ئەوە روونە کە زیاتر لایەنە تەکنۆلۆییەکەی بەلاوە گرنگ بووە نەک لایەنە ئابوورییەکەی (ئابووری بە واتا مۆدێرنەکەی). لە کتێبی یەکەمی سیاسەتدا کێشەی بەرهەمهێنانی سامانەکان هەیە، بەڵام ئەم کێشەیە لە ئاڵوگۆڕیی بازرگانیدا کورت کراوەتەوە، کە وەک بەرهەمهێنەری سامانەکان وێنا کراوە.

82 من پێموایە دووالیزمی arkontes-archiumenoi کە هەموو کێشەی سیاسەت لای ئەفلاتوون و ئەرستۆ دەجولێنێت و جەوهەرە راستەقینەکەی پێکدەهێنێت، بە یەکگرتنیان لەنێوان دوالیزمی "فەرمان/فەرمانپێکراو"دا ئەم دوو واتایەی تێدا کورت دەبێتەوە و هەندێجار ئاڵوگۆڕیش دەکەن. تەنانەت ئەرستۆ هەوڵ دەدات پاساوێکی لۆژیکی-ئایدیالی بهێنێتەوە، بە جەختکردنەوەی لەسەر ئەو تیۆرییەی کە باوەڕی وایە لە هەر یەکێتییەکی راستەقینەدا کە لە بەشەکان پێکهاتبێت، چ بەشی پەیوەندداربن یان نادیار و شایەنی هەڵوەشانەوە، پەیوەندیی ملکەچی بوونی هەیە (واتە پەیوەندی arkon و archoumenon)، نەک تەنیا لای بوونەوەرە زیندووەکان، بەڵکو لە کۆمەڵە یەکگرتووە نا زیندووەکانیشدا هەر پرەنسیپی باڵادەستە، وەک ئەوەی لە حاڵەتی ڕیتمی میوزیکدا هەیە و هەر وەکو ڕیتمیش دەمێنێتەوە چونکە tis orke-ی تێدایە (سیاسەت، کتێبی

دوورمەدودای لەسەر فیکری رۆژئاوایی داناوە، ئەگەرچی کاریگەرییەکی کاڵ و لاوازیش بووە. هەروەها کاریگەریی لەسەر ئەو رێگایەیش هەبووە کە بەهۆیەوە دەتوانین لەم پرۆسەی ئامادەسازییە دێرینەدا، بە ئاسانی بوونی "هەبووی پێویست" ]واجب الوجود[ و شیکاریی زانستی "هەبووی سیاسی"، لە رەگەزی پەتیی ئایدیۆلۆژی جیا بکەینەوە، واتە ئامادەکردنی بەها ئەخلاقییەکان، کە دواتر بووە ئەو رەگەزەی (لەسەر ئاستی ئایدیۆلۆژی) شتەکان و جەنگە سیاسییەکانی دروست کرد و هەر لەمەیشەوە شەرعییەتی خۆی وەرگرت. رەنگە بگونجێت بڵێین غیابی دەوڵەتی سیاسیی سەربەخۆ (کە ئەنگڵس ناوی دەنێت "یەکەم دەسەڵات ئایدیۆلۆژی" و لەمەیشدا لەسەر هەقە)، رێک هۆکاری ئەوە بووە کە هەتا

---

یەکەم، 1254a). بەڵام خاسیەتی سیاسی تایبەت بە polis وەک پانتایی ریالیزەبوونی مرۆڤ (کە هەر لەبەر ئەم هۆکارە ئاژەڵێکی سیاسییە)، لای ئەرستۆ، بەو چۆنیەتییە پێوانە دەکرێت کە بە هۆیەوە پەیوەندیی نێوان to arkon و to arkomenon دەجوڵێت، ئینجا بەهۆی جەختکردنەوە لەسەر بنەمای بەدوایەکداهاتنی نێوان حاکمان و حوکمکراوان. تەنیا بەسایەی ئەم ئامرازەوە مەیلی یەکسانی نێوان ئەندامانی کۆمەڵەیەکی سیاسی دەجوڵێت، تەنانەت ئەگەر بەشە حاکمەکەی بە ئەزموونی هەوڵ بدات بە هێمای سەرکردایەتی و باڵادەستی خۆی جیا بکاتەوە (سیاسەت، 1، 1259b). بۆ پرسی یەکسانی بڕوانە لە: polis, J. P. Vernant بنەڕەتەکانی فیکری یۆنانی، P,U.F، پاریس، 1962، ل62 و دواتر. لەو لاپەڕانەدا شیکارییەکی قەشەنگ هەیە. بەڵام من پێموایە، لەبەر هۆکارگەلێک کە دەتوانین لە هەموو ئەو شتانەوە ئەنجامگیرییان بکەین وا پێشتر لەبارەی پەیوەندی "to arkon–to arkomenon"ە و پراکتیزەکردنییەوە بەسەر polisدا لەلایەن ئەرستۆوە، وتمان، ئەوە جێگای گومانە بتوانین گۆڕانی ئەندازەیی گشتگیر–و رەها– بەکاربهێنین، یان هاوشوناسییەکی ئەندازەیی لەنێوانیاندا دروست بکەین کە لە یەکسانی نێوان "یەکسانەکان" دەچێت لەبەرامبەر mesonدا، وەک ئەوەی Vernant لە توێژینەوە سەرنجڕاکێشەکەیدا لەبارەی وێناکردنی یۆنانییەکان بۆ polis کردوویەتی.

سیاسی بەردەوام بێت ئاوا روون و ئاشکرا بێت. لە بنەمای ئەمەدا ئەو جیاکارییە کردەییە هەیە کە لێمان وەرگرتووە، ئەوە جیاکارییە لەنێوان ”هاوبەش“ یان گشتی و تایبەتدا[83] کە لینکی نێوان بەیەککردن-لێکجیاکردنەوە، نێوان کۆمەڵایەتی و سیاسی، دروست دەکات. هەڵبەت لەنێو ئەم گشتەدا رەگەزی ئابووریی کەشف دەکەین. گشتی ئەوکاتە دەبێتە گشتی کە تایبەتی دەکەوێتە بەرامبەرییەوە و رووبەرووی دەبێتەوە، واتە پەیوەندیی تایبەتی کوڵکایەتی. نەك بە شێوە گشتییەکەی خاوەندارێتی بەڵکو بە شێوە زەویوزارییەکەی. بەڵام پەیوەندییە چینایەتییەکان کە دروست دەبن، هێشتا و بۆمایوەکی درێژیش پێویستیان بە دامەزراوەی سەرکوتکاری و چەوسێنەری سەربەخۆ نەبوو: ئەم دامەزراوەیە ئەو کاتە دامەزرێنرا کە لە میانەی سەربەخۆیی فۆڕمە سیاسی کۆمەڵایەتییەکەوە وەك هێزێکی کاریگەری لەسەر تاك و گروپەکان و پاراستنی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، دامەزراوەیەکی سوودبەخشە.

مارکسیش خۆی چەندینجار سەرنجی لەسەر جیهانی کۆنی کلاسیکی دەربڕیوە، کە بە قووڵی لە جیهانی مۆدێرن جیای دەکاتەوە. بۆ نموونە ئەو بەشێوەیەکی رادیکاڵ و ریشەیی لە les Formenـدا ئازادی و یەکسانی لە کۆمەڵگا کۆنەکان و ئازادی و یەکسانی لە کۆمەڵگە هاوچەرخە نوێیەکاندا جیاکردۆتەوە. یەکەمیان »لە پەیوەندیی ئاڵوگۆڕی نێوان خاوەندارە تایبەت و ئازاد و یەکسانەکان«ـەوە

83 دەبێت دۆخی «ماڵ» لە ڕیزی بواری «تایبەت»دا دابنرێت، ئەم چەمکەیش دواتر بواری دەرکەوتنی چەندین مەدلولی مەجازیی ڕەخساند.

پەیدادەبێت، کۆمەڵەکەیش ئەم پەیوەندییە لە هەر زەبرێکی دەرەکی دەپارێزن، هەروەها ئەو شتەیش بووە کە »لە هەمان کاتدا، گریمانەی شێوازی بوونی دواتری کۆمەڵەکەی کردووە«. مارکس دەشلێت کە ئازادی و یەکسانی هاوچەرخ، لە بەرامبەردا بەندە بە پەیوەندی ئاڵوێر و بازاڕەوە، بەم هۆیەوەیش تەنیا پێویستە دەستەبەری یاسایی ئەم پەیوەندییە بکرێت، بە بێ ئەوەی فشارە کۆمەڵایەتی و سیاسییە زیادەکانی بخرێتە سەر. بێگومان ئەمەیش واتای ئەوە نییە کە پەیوەندی بازاڕ و بەهای ئاڵوێر  لە جیهانی کۆندا بوونی نەبووە (چونکە ئەم پەیوەندییە بەشێوە چەمکییەکەی بوونی هەبووە: وەك دەزانین ئەرستۆ بە روونی بەهای ئاڵووێری لە بەهای بەکارهێنان جیاکردۆتەوە)؛ بەڵکو واتای ئەوەیە کە کە پەیوەندی بازاڕ و بەهای ئاڵووێر، وێڕای ئەوەی لە قۆناغە مێژووییە جیاوازەکاندا هەبوون، بەڵام لە بونیادنانی کۆمەڵگە و فۆڕمە سیاسییەکەیدا دیاریی نەکرا بوون و رەگەزی کاریگەر نەبوون. هەر لەم بارەوە، جوڵەکانی بازاڕ بە بێ رێکخستنە یاساییەکەیان هەرگیز لە بەدەستهێنانی شەرعییەتی تەواوی ئەخلاقییدا سەرکەوتوو نابن. دەمەوێت ئەوەش بڵێم کە بە بۆچوونی من دەبێت بە پێی ئەم تێبینییانە بە تەواوەتی بەسەر مەسەلەی کۆیلایەتی لە جیهانی کۆندا بچینەوە (ئەمەیش ئەوە شتەیە کە پێموایە لە توێژینەوەکانی ئێستادا روودەدات)، دەبێت ئەمە بکەین بۆ ئەوەی باشتر بتوانین ئەو مەسەلەیە دیاریی بکەین کە لە کوێ و چۆن و کەی (و لە چ سەردەمێکدا) کۆیلایەتی بە کردەیی بوو بە پەیوەندیی سەرەکی بەرهەمهێنان. لە راستییدا هەست بەوە دەکەین کە

مەسەلەی بنچینەی بەرهەمهێنان لە کۆمەڵگا کۆنەکاندا لەوە ئاڵۆزترە کە لە رۆژانی مارکس و ئەنگڵسدا دەردەکەوت.

کەواتە دەبێت سیاسی (و گشتی)، لە بازنەیەکی چەمککاریی فراوانتردا، بە سەربەخۆیی ببینین و لە مەسەلەی باڵادەستی دەوڵەت بە واتا بەرتەسکەکەی، جیای بکەینەوە. بەڵام دەرهەق بە مێژووی دیار و کۆنکریت، رەنگە بتوانین بە واتای شێوە-دەوڵەتێك قسەی لێ بکەین، چونکە دەربڕینێکی لەمە باشترمان نییە، (سەربەخۆیی فۆڕمە دەستووری و دامەزراوەییەکان کە لەنێویدا خەباتە چینایەتییە سیاسییەکان پەرە دەستێنن)، ئەوەیش سەرجەم فۆڕمە کۆمارییە کلاسیکییە کۆنەکان تا کۆتایی دوایین ئیمپراتۆریەتی رۆمانی دەگرێتەوە[84]. بێگومان، لێرەدا مەسەلەی موڵکایەتییە هێلینی

84 بە دڵنیاییەوە، دەبێت زۆر بە باشی ئەم پرسە لە پرسی شێوازەکانی پراکتیزەکردنی کردەیی دەسەڵاتی سیاسی، کە دەشێت لە یەک کەسیشدا چڕ ببێتەوە، جیا بکەینەوە. رۆستۆزیف Rostouzev (بڕوانە: Storia economica e sosiale dell impero romano, Frenze, 1976, p.150etS.) لەبارەی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانییەوە لە دوو سەدەی یەکەمی دەسەڵاتەکەیدا، زۆر پشتی بە گوتارە بە ناوبانگەکەی ئیلی ئیرستید Eis Romen بەستووە؛ لەوێدا ئیمپراتۆریەت خۆی وەکو "کۆمەڵێک شار"ی کۆنی یۆنانی و ڕۆمانی و شاری ناوچەکان دەردەکەوێت، کە هەر یەکێکیان خاوەنی هەرێمی خۆیەتی (بەپێی نموونە کۆنەکەی پەیوەندیی شار–گوند بە سەرۆکایەتی شار)، ئەوەیش بەو سیفەتەی کە ئەم گوتارە، لە جەوهەردا، چوارچێوەیەکی گریمانەکراوە بۆ "بونیادەکەی". ڕۆستۆزیف ئاماژە بە سەربەخۆیی "نیمچە تەواو"ی شارەکان دەکات، ئینجا بەو پرسەی کە »بیرۆکراسییەتی ئیمپراتۆری بە دەگمەن تەدەخولی لە کاروبارە لۆکاڵییەکاندا دەکرد«، بە جۆرێک کە ئەم «خۆ بەڕێوەبەرییە«ی هەر دەسەڵاتێکی ئەم شارانە، هاوبەرامبەری هیچ فەرمانڕەواییەکی سەنتەری کە لە سەروویەوە بوەستێت، نەبوو. لایەنیکەم گرنگە لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە ئاماژە بەوە بدەین کە کاتێک ئیریستیدا ویستی یەکێتی و گشتگیریی ئیمپراتۆری لەگەڵ رەگەزە کارگێڕییە ناسراوەکانی و

و ڕۆژهەڵاتییەکانم فەرامۆش کردووە، و مەسەلەی فۆڕمی سیاسیی گونجاو بۆ شێوازی بەرهەمهێنانی ئاسیاییم بواردووە کە لەم ساڵانەی دواییدا هێنرایەوە بەر باس. ئەوەیش تەنیا لەبەرئەوە نییە کە ناتوانم شتێکی گونجاو لە بارەیانەوە بڵێم، بەڵکو لەبەرئەوەیە کە تەنیا ئامانجم ئەوەیە چەمکەکان لەسەر ئاستی گشتی روون بکەمەوە و بۆ ئەمەیش دەبێت سەرچاوە مێژووییەکان بخەینە ژێر باری ئەم مەبەستەوە.

ڕەنگە داوای ئەوەم لێبکرێت کە وردتر سنوورە تایبەتییەکانی سیاسی دەستنیشان بکەم. بۆیە هەوڵی گرتنەبەری ڕێگایەك دەدەم کە لە نێگەتیڤەوە بەرەو پۆزەتیڤ دەردەچێت. کۆمەڵی سەرەتایی و ئەو فۆڕمانەی کە لە مێژوودا (لەسەر بنەمای خێڵەکی) لەم کۆمەڵەوە پەیدا بوون، کۆمەڵی سیاسی نەبوون، یاخود تەنیا ئەو کاتە –لە سنووری ئەم چەمکەدا- سیاسی بوون کە پەیوەندییەکەیان لەگەڵ دەرەوەدا لەبەرچاو گیراوە. یان لایەنیکەم، تا ئەو کاتەی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و بونیادە کۆمەڵایەتییەکەی لەگەڵ یەکدا تەبا و سازگار بوون و نەکەوتبوونە نێو دژیەکییەوە، کۆمەڵی سیاسی نەبوون، بەڵام کاتێك پەیوەندیی خاوەندارێتیی تایبەت دێتە نێویەوە ئیدی دەبوو ئەم حاڵەتە پێچەوانە ببێتەوە. پێموایە، دەتوانین بڵێین ڕەگەزی سیاسی کاتێك ڕوودەدات (یان کاتیگۆری سیاسی ئەو کاتە توانای

---

چینە باڵادەستەکانیدا، کە وێڕای هەمە جۆرییە بنەڕەتییەکەیان لێکترنزیک بوون، بنوێنێتەوە، ئەوا ناچاربوو تەنیا پەنابەرێتە بەر میتافۆڕی polis، کە هەموو جیهانی شارستانیی تێدا هاوشوناس دەکرێت. ڕەنگە ئەگەر وێنەری ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانی نەبووایەتە وێنەی شانشینی بە واتا تەقلیدی و باوەکەی وشەکە، ئەوا ئەمە تەنیا وەهمێک نەبووایە.

پراكتیزەبوونی دەبێت) كە كۆمەڵگە هەست بەوە بكات پێویستی بە هێزێكی ڕێكخەر -ی نائابووری- هەیە و ئەم هێزە بتوانێت لە بونیاد و دامەزراوەكانی كۆمەڵەكە خۆیدا ئەو پەیوەندییە كۆمەڵایەتی و ئابوورییە جیاوازانە بپارێزێت كە لەنێویدا پەیدا بوون و بەرهەمیشیان بهێنێتەوە. بە شێوەیەكی گشتی، ئەو فۆڕمە یاساییە لەگەڵ ئەم پێویستییەدا دەگونجا تاوەكو بڕیار لەم پەیوەندییانە بدات و دانپێدانانیان بۆ فەراهەم بكات (مەرجیش نییە یاسا هەمیشە نووسراو بێت). پێموایە ئەوەی بە شێوەیەكی گشتی فۆڕمی سیاسیی باو جیا دەكاتەوە بوونی پەیوەندی باڵادەست/ژێردەست، حاكم/حوكمكراوە، بە جۆرێك كە ئەم پەیوەندییە پێش هەموو شتێك رواڵەتێكی فۆڕماڵی پێبدرێت. بڕوام وایە ئەوە روونە كە سیاسی، لەم جۆرە پێناسەیەدا، هاومانای باڵادەستیی دەوڵەت نییە، بەڵكو لە ناوەوەی خۆیدا هەڵیگرتووە، وەك بڵێی تایبەتە بەم باڵادەستییە؛ ئەمە ئەگەر لە واتا حەرفییەكەیدا، مەبەستمان لە دەوڵەت ئەو دامەزراوە یەكتر تەواوكەرانە بێت كە سەربەخۆن لە كۆمەڵگە، یان ئەو دەزگایە بێت كە خۆی دەخاتە سەرووی كۆمەڵگەوە. ئەنگڵس دەڵێت (كە زۆرینەی ماركسییەكانیش هاوڕای ئەون): لە دەوڵەتدا «پێداویستییە ئابوورییەكانی چینی باڵادەست لەسەر بەرهەمهێنان» "رەنگدەدەنەوە" و "پشتی پێدەبەستن". بەڵام ئەم باڵادەستییە دەكرێت بە جۆری تریش پراكتیزە بكرێت، وەك ئەوەی لە فیودالیزمی پەرەسەندوودا یان لە كۆمیونیتییەكانی سەدەكانی ناوەڕاستدا هەبوو، ئەمەیش ئەو فۆڕمانەن كە گرامشی ناوی لێنان "ئابووری-سەندیكایی". لەمەدا بونیادی سیاسی (یاخود

بونیادی باڵادەستی دەوڵەت بە واتا گشتییەکەی)، بونیادی کۆمەڵایەتی کە لە دامەزراوەکاندا بەرجەستە دەبێت، تەبا و جووت دەبن: لێرەدا دەوڵەتێکی سەربەخۆ بوونی نییە، یان لە نزمترین ئاستەکانی سەربەخۆییدا بوونی هەیە، هەندێجاریش نیمچە تایبەتە، یاخود بە تەواوەتی گشتی نییە (لەم دۆخانەدا تەنیا وەکو ناوك بۆ فۆڕمی داهاتوو بوونی هەیە).

وا پێدەچێت ئەم پێناسەیە بۆ سیاسی (کە لە پێناسەی باڵادەستیی دەوڵەت بەرفراوانترە)، ئەگەرچی لە کتێبەکانی مارکس و ئەنگڵسیشدا بوونی نەبێت، بە باشترین شێوە لەگەڵ ئەو شیکارییەدا تەبا دەبێت کە مارکس بۆ شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریی کردوویەتی و لە ریشەوە لە هەموو شێوازەکانی دیکەی بەرهەمهێنان و ئەو فۆرماسیۆنە کۆمەڵایەتییانەی تر کە لە شێوازی سەرمایەداریی نزیك بوون و پێشتر هەبوون، جیای دەکاتەوە. وا پێدەچێت ئەم جیاکارییە لە هەر ڕەگەزێکی دیکەی بەردەوامێتی یان لە هەموو بەراوردە گریمانکراوەکان، کە دەشێت لە نێوان بونیادی سیاسی بۆرژوازی و بونیادی سیاسی لە رابردوودا (وەکو پاشایەتی و کۆماری و دیموکراسی) لێیان هەڵبکەوین، دەلالەتدارتر بێت، ئەم جیاکارییەیش تایبەتە بەو کۆمەڵگایانەی کە خۆیان کۆمەڵگەی چینایەتی پێکناکۆکن، تایبەتە بە فۆڕمە تایبەتییەکانی چەوساندنەوەی ئابووری (کە بەهۆی زێدەکاری کۆمەڵایەتییەوە بە کردەیی بوون بە فۆرمگەلێکی مومکین). ئەگەرچی دەشیت سەرجەمی فۆڕمە سیاسییەکان تارادەیەکی زۆر هاوشیوە و لێکچوو بن، بەڵام ئەوەی لە شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییدا

بەشێوەیەکی رادیکاڵ گۆڕانی بەسەرداهاتووە، ناوەڕۆك و جەوهەری ئەم فۆڕمانەیە، ئەوەیش بە ئەندازەی گۆڕانی پەیوەندیی نێوان ئابووری و سیاسی.

جەوهەری جیاوازییەکە لە جیاوازیی شێوازی بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵایەتیدایە. هەموو فۆڕمە پێش-سەرمایەدارییەکان کە بەهای بەکارهێنان تێیاندا زاڵە، دەیانەوێت راستەوخۆ خۆیان وەك فۆڕمی کۆمەڵایەتی دووبارە بەهەم بهێننەوە. پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان وەك ئەوەی کە هەن و ئەو فۆڕمە سیاسییە گریمانەکراوەی کە لەگەڵ ئەم شێوازە پەیوەندییەدا دەگونجێت، ئەو شتەیە کە زەمانەتی بەردەوامبوون (یان دووبارە بەرهەمهێنانەوە)ی ئەو پەیوەندییە ئابووریانە دەکات کە هەر لە سەرەتاوە تێیدا دروستبوون. ئەمەیش بە تەواوەتی خاڵییە لە میکانیزمی ئابووری. لەبەرئەمە رێکخستنی کۆمەڵایەتی و دابونەریتەکان، هەروەها یاساکان و ئینجا پەیوەستیی سیاسییش، بە تایبەتی لە کۆمەڵگا چینایەتییەکاندا، دووبارە بەرهەم دێنێتەوە. ئەمە لە شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا بە پێچەوانەوەیە، تەنانەت ئەگەر یاسای هاوبەشی گشتییش کارا بێت: ئەو یاسایەی دەڵێت ئەو کەسەی کە پێشمەرجی بەرهەمهێنانی هەیە خۆی خاوەنی بەرهەمهێنانە و ئینجا بەرهەمهێنەرەکانیش بەڕێوەدەبات. بەڵام وا پێدەچێت کە جەوهەر و فۆڕمی ئەم ”بەڕێوەبردنە“ بەشێوەیەکی ریشەیی گۆڕانیان بەسەردا هاتبێت. ئامانجی خوازراوی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری (دەبێت سەرنجی ئەوە بدەین کە لە کاتی قسەکردنماندا دەربارەی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ئابووری مەحاڵە کاتیگۆری ”ئامانج“ نەهێنینە ناو باسەکەوە) پاراستن و بەردەوامیدان نییە بە فۆڕمێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو

و فۆڕمێکی سیاسی لاوازتر، بەڵکو بە پێچەوانەوە، ئەم شێوازەی بەرهەمهێنان هەمیشە دەتوانێت هێزی زیاتریان پێبداتەوە. مارکس دەڵێت و دووبارەی دەکاتەوە کە "ئامانجی ڕاستەوخۆ" و "هۆکاری دیاریکراو"ی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری تەنیا گەشەدانە بە سەرمایە، واتە بەرفراوانکردن و زۆرکردنی سەرمایە. »لە بنەمادا سەرمایە سەرمایە]ی دیکە[ بەرهەم دێنێت؛ ئەمەیش تەنیا بە ئەندازەی بەرهەمهێنانی زێدەبایی«. لەبەرئەمە مارکس سەرنجی ئەوە دەدات کە: »زاڵێتی سەرمایەداری لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا ڕاستەوخۆیە، چونکە سەرمایە بەرجەستە دەکات، ئەو وەزیفە کۆمەڵایەتییەش کە وەك بەڕێوەبەر و سەروەری بەرهەمهێنان دەیدەنێ، جەوهەرییانە جیاوازە لە سەروەرێتی پشتبەستوو بە بەرهەمهێنان بەهۆی کۆیلەوە و دەستگرتن بەسەر زەوی و زاردا«[85].

کەواتە "میکانیزمێکی ئابووری" هەیە کە لەسەر بنچینەیەکی تایبەتی دادەمەزرێت و مەیلی لە پاراستن و بەردەوامیدانە بە خۆی و دەیەوێت دووبارە خۆی بەرهەمبهێنێتەوە و گەشەپێبدات، هەر بەم ڕادەیەیش مەیلی لە بەرفراوانکردنی ڕەهای هێزە بەرهەمهێنییەکانە (ئەو ڕێگایەی کە ئەم مەیلە بە بەردەوامی دەچێتە نێوییەوە لە لێکدژییدایە لەگەڵ سنوورە ناوەکییەکانی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییدا، ئەمەیش دەبێتە مایەی قەیرانی خولی، ئەمە لایەنێکی فیکری مارکسە کە لە بواری توێژینەوەکەی ئێمە دەچێتە دەرەوە). مارکس خودی ئەم

85 ک. مارکس، سەرمایە، 1، بەشی 91: »پەیوەندییەکانی دابەشکردن و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان«، بڵاوکراوە کۆمەلایەتییەکان، پاریس، 1950، بەشی 80، ل256-255.

میکانیزمە ئابوورییە ناودەنێت "میکانیزمی کۆمەڵایەتی". بەڵام خاڵە جەوهەرییەکە ئەوەیە کە میکانیزمی ئابووری راستەوخۆ لەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەوە دەرناکەوێت کە لێیەوە پەیدابوون، بەڵکو لەپشتی ئەم پەیوەندییانە بە شاراوەیی دەمێنێتەوە و دەبێتە مایەی دروستبوونی ئەو شتەی کە مارکس پێیدەڵێت "فێڵی ئابووری". ئەم تایبەتمەندییانەی سەرمایەداری تایبەتن بەم سیستەمە. لە راستیدا، ئەو دیاردەیەی کە مارکس پێیدەڵێت "فیتیشزمی کاڵایی"، کە بە شێوەیەکی ئاسایی وەك رواڵەتێکی زەروریی پەیوەست بەم سیستەمەوە دەردەکەوێت، دیاردەیەکی تایبەت بە سیستەمی سەرمایەداری نییە. فیتیشیزم هەمیشە و لە هەموو ئەو شوێنانەدا بوونی هەیە کە بەرهەمهێنانی بازاڕ و پەیوەندییەکانی بازاڕ بوونیان هەیە، ئەگەچی لەنێو شێوازی دیکەی بەرهەمهێنانیشدا بێت یان هێنرابێتە نێو شێوازی دیکەیشەوە. بەڵام لە "فیتیشیزمی سەرمایە"دا، واتە لە دەرکەوتنی کاڵادا وەك شت (ئامرازی بەرهەمهێنان، سامان) نەك وەك پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی کە تێیدا شتێك دەبێتە سەرمایە، ئەوەی بە شاراوەیی دەمێنێتەوە سروشتی کرێیە و، هاوکاتیش پێویستییە سەرەکییەکەی سەرمایەیە (پەیوەندییەکەی بە جوڵەی ناوەکی سەرمایەوە) تاوەکو ئەم پێویستییە وەك پەیوەندیی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی دروست ببێت. ئەو جیاوازییەی کە مارکس لەنێو هێزی کاردا وەك وەزیفەی ئەم هێزەدا کەشفی کردووە، نهێنی کرێ دەردەخات و ئەو مەسەلەیە روون دەکاتەوە کە لە کرێدا تەنیا پەیوەندیی پاشکۆیەتی رەهای ئابووری (پاشکۆیەتی

کرێ بۆ سەرمایە و پاشکۆیەتی کرێکار بۆ سەرمایەداری) ناشاردرێتەوە، بەڵکو بە زەرورەت بە شێوەی یاسایی وەك گرێبەستی کڕین و فرۆشتنی یەکسان، ئینجا وەك ئازادی و یەکسانیەکی فۆڕماڵ لەنێوان گرێبەستکراواندا کە بەرودوا دەبنە خاوەنی کاڵا-سەرمایە و کاڵا-کار، وەدی دێت. هەرگیز کاری بێ کرێ، کاری زیادە، لە رووکارەکەدا دەرناکەوێت، وەك ئەوەی لە فۆڕمەکانی پێش سەرمایەداریدا باو بوو، ئەمە پەیوەست نییە بە زۆرەملێیەکی نا ئابوورییەوە. کەواتە لێرەدا ئەو "شێوە سەیروسەمەرەیە"ی کە پەیوەندیی گرێبەستییانەی لەنێواندایە، واتە یاسا، تەواو جیاوازە لە ناوەڕۆکە ئابوورییەکەی (کە رەخنەی ئابووریی سیاسی روونی کردۆتەوە). بەڵام مارکس دەڵێت لەسەر بنەمای "ئەم شێوە سەیروسەمەرە زەرورییە، سەرجەم ئایدیا یاساییەکان لای سەرمایەدار و کرێکار دادەمەزرێت"، ململانێی چینایەتییش لەنێوان سەرمایەداران و کرێکاراندا، دەکەوێتە نێو ئەم پەیوەندییە و ئەو وەهمە یاساییەوە کە لەگەڵیدایە، ئەگەرچی کرێکار لە پرۆسەی راستەوخۆی بەرهەمهێناندا (بەڵام تەنیا لەم سنوورەدا)، دەرك بە چەوساندنەوەیش بکات. بەڵام کرێکارە کرێگرتەکان، لە پەیوەندیی گشتگیری کۆمەڵایەتیدا و لەو ململانێیەدا کە دەچنە نێوییەوە، نەك تەنیا لە دۆخێکی نەگونجاوتری ئابوورییەوە ناڕوانن، کە ئەمە شتێکی سروشتییە، بەڵکو لە ئاستی ئایدیۆلۆژیشدا هەر بەم جۆرەیە: ئەمەیش تارادەیەك بەهۆی فشارە دەرەکییە تەقلیدییەکانەوە نییە، بەڵکو بەهۆی دۆخە تایبەتییەکەیانەوەیە لە میکانیزمی بەرهەمهێناندا، ئەمەیش ئەو شتەیە کە بەرەنجامی کولتووری

و سیاسی زۆر گرنگی بۆ توانای رزگارییان و فۆڕمەکانی ئەم ڕزگاییەی لێدەکەوێتەوە. ئەمەیش لە ئەنجامی گۆڕینی زۆرەملێی نائابووری لە کاردا، کە لە سەرجەم شێوازە بەرهەمهێنییە پێش سەرمایەدارییەکاندا هەبوو، بۆ زۆرەملێی ئابووری. بەهۆی نێوانگیریی ئەم زۆرەملێی ئابوورییەوە و لە گرێبەستی کارەکەدا کە بۆ فۆڕمی یاسایی بازاڕ زەرورییە، وەك مارکس لە رستەیەکی سەرنجڕاکێشدا دەیڵێت، »کرێکار ناچار دەکرێت خۆبەخشانە خۆی بفرۆشێت«.

مارکس هەموو لایەنەکانی ئەم دۆخە بەرهەمهێنراوە مێژووییەی لە لاپەڕەیەکدا دەربارەی ”یەکەمین کەڵەکەبوونی پێشبینیکراو“، کۆکردۆتەوە کە: »لە لایەکەوە، هەلومەرجە ماتریالییەکانی کار زۆر بەشێوەی سەرمایە دەرناکەون، ئەگەرچی لەلایەکی دیکە ئەو کەسانە بە بەرچاومانەوە بن کە هیچیان نییە بیفرۆشن جگە لە هێزی کاری خۆیان. ئەم دۆخە لە کۆنتێکستی پێشکەوتنی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا، هەرگیز بەوەوە ناوەستێت کە کەسانێك بە زۆرەملێ ناچار بکرێن خۆبەخشانە خۆیان بفرۆشن و چینێکی کرێکار دروست ببێت کە بە بەردەوامی ژمارەیان روو لە زیادبوونە، بەڵکو ئەم کرێکارانانە بەهۆی پەروەردە و تەقلید و نەریتەوە، داخوازییەکانی ئەم شێوازە بەرهەمهێنانە دابین دەکەن، وەك بڵێی وەك یاسای سروشتی لەم دۆخە تێدەگەن. هەر کە ئەم شێوازە بەرهەمهێنانە کەمێك گەشە بکات، ئیدی بە میکانیزمەکەی خۆی هەموو بەرگرییەك تێك دەشکێنێت؛ بوونی بەردەوامی زیادەی رێژەیی دانیشتوان یاسای خستنەروو

و داواکاری لە کاردا درێژە پێدەدات و، لەمەیشەوە، لە سنووری گونجاوەکانی پێویستییەکانی سەرمایەدا بەردەوامی بە بوونی کرێ دەدات و فشاری پەیوەندییە تووندە ئابوورییەکان ستەمی سەرمایەدار لەسەر کرێکار کامڵ دەکات. هەندێ کاتیش پەنا دەبرێتە بەر زۆرلێکردن و ناچارکردن و بەکارهێنانی هێزی وەحشیگەرییانەی نائابووری، بەڵام ئەمە بە ئاوارتە و نا ئاسایی دانانرێت. بەڵام لە پرۆسەیەکی ئاساییدا، کرێکار دەخرێتە ژێر کاریگەریی "یاسا بەرهەمهێنییە سروشتییەکان"ـەوە، واتە دەکرێتە پاشکۆی سەرمایە، کە دیسانیش هۆکاری ئەمەیە هەمان میکانیزمی بەرهەمهێنانە، بەو واتایەی ئەم پەیوەندییە لە میکانیزمی بەرهەمهێناندایە و هەر ئەمیش دەیهێڵێتەوە. بەڵام واپێدەچێت بابەتەکە لە سەردەمی دروستبوونە مێژووییەکەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا جیاواز بێت. لەو سەردەمەدا بۆرژوازییەتی تازە دەرکەوتوو، نەیدەتوانی دەستبەرداری دەستێوەردانی بەردەوامی دەوڵەت ببێت؛ دەوڵەتی بۆ "رێکخستن"ـی کرێ بەکاردەهێنا، واتە دەیەویست دەوڵەت کرێ کەم بکاتەوە تاوەکو لە ئاستی گونجاوی دروستبوونی زێدەبەهاییدا بێت و رۆژەکانی کار درێژ بکاتەوە و خودی کرێکاریش لە ئاستێکی سادەی پاشکۆیەتیدا بهێڵێتەوە. ئەمە چرکەساتێکی سەرەکییە لە کەڵەکەبوونی سەرەتایی پێشبینیکراو[86].

86 ک. مارکس، سەرمایە، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی یەکەم، بەشی 28. «یاساداناانی توندوتیژانە دژی لەموڵکخەران لە کۆتایی سەدەی پانزەوە«، بەشی 3، ل179–178.

### 5- لێکدژیی تیۆری
### "کۆمەڵگە/دەوڵەت" یان "ژێرخان/سەرخان":

ئەو چەمکانەی لێرەدا مارکس روونیان دەکاتەوە، بە شێوەیەکی سەرەکی و ئۆرگانی سەر بە "رەخنەی ئابووری سیاسی" و شیکارییەکەیەتی بۆ سەرمایە. بەڵام بە شێوەیەکی پێشبینینەکراو، لە دۆخی لێکدژییدا، بە پرسوباسەکەی ئێمە دەگات. مارکس زۆر بە روونی پێمان دەڵێت بۆرژوازییەت تەنیا لە قۆناغی دامەزراندنی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا پێویستی بە دەوڵەتە؛ ئەمە لە کاتێکدا خستنەگەڕی میکانیزمی ناوەکی ئەم شێوازەی بەرهەمهێنان، بەسە بۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوە، واتە زامنکردن و بەردەوامیدان بە باڵادەستییە چینایەتییەکەی: »رێکخستنی پرۆسەی بەرهەمهێنان هەموو بەرگرییەك دەشکێنێت«. بۆیە دەبێت بپرسین: بۆچی دەوڵەتی سیاسی بوونی هەیە و بگرە بۆتە دەوڵەتێکی کامڵیش؟ بۆچی دەوڵەت بەم فۆڕمە، سەربەخۆ لە کۆمەڵگە و بەتایبەتیش لە ماوەی باڵادەستی سەرمایەداریی بۆرژوازییەتدا، وەك ئامرازی گوشار و سەرکوت بوونی هەیە؟ (بە روانینی مارکس "دەوڵەتی هاوچەرخ" لەسەر بنەمای موڵکایەتی رەها جۆرێکە لە دەوڵەتانی قۆناغی پێش مێژوویی، بەڵام لە بونیادە "هاوچەرخە" نموونەییەکانیدا، بەکردەیی لەگەڵ ناپۆلیۆندا دروست دەبێت). ئەمە وەك تۆمارکردنی رووداوێك، وەك بینینێکی ئەزموونی دێتە پێشچاو. بەڵام وا دەردەکەوێت کە ئەم باسە و ئاراستەکردنی ئەو سیاسەتە شۆڕشگێڕییەی کە چینی کرێکار لەسەری مکوڕە، هەموو کتێبە مێژوویی-سیاسییەکانی مارکسی بەخۆیەوە خەریك

کردووە (کە پڕیانە لە پێشنیاری تیۆری). وەك ئاشکرایە پرسی "دەسەڵاتی دەوڵەت" لەم سیاسەتەدا، یەکلاکەرەوەیە و کار بە دوو چەمکی تیۆری دەکات: "دیکتاتۆرییەتی بۆرژوازی" و "دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا" کە هەر یەکەیان لای خۆیەوە پەیوەستە بە پێگەیشتنی زەرورەتی شۆڕشگێڕییەوە بۆ خاپوورکردنی "دەزگا"ی دەوڵەتی بۆرژوازی و گۆڕینی بە دەوڵەتێك کە رێک هۆکاری هەڵوەشانەوەیەتی. هەموو ئەمانە پێشتر زانراوە و باسکراوە. ئەم چەمکە تیۆری-کردەییانە بوونەتە شتانێکی دەرککراو لەنێو دووالیزمی لێکدژی "کۆمەڵگەی مەدەنی/دەوڵەتی سیاسی"یدا، کە دەمێکە پێیان ئاشناین، مارکس و ئەنگڵسیش هیچ کاتێك دەستیان لە بەکارهێنانی ئەم دووالیزمە لە شوێنی گونجاودا هەڵنەگرتووە. کەواتە کاتی ئەوە هاتووە دەربارەی سروشتی ئەم دووانە لێکدژەوە پرسیار بکەین:

من پێموایە ئەم دووانە لێکدژە سروشتێکیان هەیە کە بەهۆی بەکارهێنانە وەسفییەکەیانەوە دروست بووە، ئەم بەکارهێنانەیش بە تەواوی کۆك و گونجاوە بۆ مادەی مێژوویی-ئەزموونی کە ئەم دووالیزمە پێیەوە بەستراوە و لە راگەیاندنیشیدا لەسەر ئەو زەمینەیە جێگرکراوە: واتە لەسەر بنەمای ژێرخانی گشتیی ئەزموون. لە راستیدا، ئەوە رێکەوت نییە، بەڵکو هۆکاری تایبەت بەخۆی هەیە، کە ئەم دووالیزمە لەنێو پرۆسەی بە چەمککردنی تایبەت بە "رەخنەی ئابووری سیاسی"، واتە لە سەرمایەدا، کار ناکات. چونکە ئەمەی دواییان، بە پێچەوانەوە، لەلایەن دووالیزمێکی دیکەی پاش رەخنەییەوە بەڕێوە دەبرێت واتە "ژێرخان

(ئابووری)/ سەرخان (یاسایی و سیاسەت..هد)، کە ناوەسفین و ناهێڵن هیچ شتێك لەسەر ئاستی ئەزموون راستەوخۆ "دیار و بینراو" بێت، کە زۆرجار بۆ پیادەکردن و پاساودانەوەی ئەم کارە پێویستی بە بەچەمککردنێکی تەواوی ئەو ناوەڕۆکانە هەیە کە پێیەوە پەیوەندیدارن، ئەوەیش بەهۆی کۆمەڵێك کاتیگۆرییەوە کە "رەخنەی ئابووریی سیاسی" بەرپرسیارێتی دارشتن و پوختەکردنیانی گرتۆتە ئەستۆی خۆی[87]. لەنێوان ئەو

87 ئاڵتوسێر لە «وێستگەکان»دا، ئەو میتافۆڕە تۆبۆگرافییەی وەک میتافۆرێکی تایبەت بە چارەسەرکردنی شوێنگەی نموونەیی روون کردۆتەوە کە لەم پەیوەندییەدا بوونی هەیە «ژێرخان/سەرخان»، کە بەشێوەیەکی گونجاو ئەم گوزارشتە کۆنەی وا پێشتر ئەرستۆ بەکاری هێناوە و کانتیش تازەی کردۆتەوە، بەسەر ماتریالیزمی مێژووییدا پراکتیزە کردووە. ئەو بەم کارە ئاماژەیەکی سوودبەخش و گرنگ دەخاتە بەردەست بۆ چارەسەرکردنێکی لۆژیکی- چەمکییانەی ئەم میتافۆڕە خۆی. (بەڵام لەبەرئەم ئەم شوێنگیرییە فۆڕمێکی ئەندازەیی هەیە، ئەوا چارەسەرە چەمکییەکەی تەنیا بەوە دەبێت ڕەوایەتییەکی چەمکیی بە دەستەواژەی «ژێرخان» بدەین، ئەمە ئەو شتەیە کە من لە بڕگەی سێیەمی سەرەوەدا ئەنجامم داوە). بەڵام ئاڵتوسێر لە سەرەتادا دژایەتی ئەم بەچەمککردن یان ناوچەیە دەکات (کە بەم شێوەیە چونکە ئاماژە بە بەکارهێنانی ئەم گوزارشتانە دەدات) و ڕایدەگەیەنێت کە پەیوەندیی «ژێرخان/سەرخان» «تیۆرێکی وەسفی»یە، ئەم جارەیان وەک «قۆناغی یەکەمی هەر تیۆرێک»-ی قۆناغی «گواستنەوە«- تێیدەگەیشترێت، چونکە هێشتایش گیرساوەتەوە بە »چەمک یان وێناکردنە وەسفییەکانەوە«. بەڵام دەبێت ئەوە بزانین کە ئەمە وەسفییە دەرهەق بە شتێکی دەرەوەی هاوشوناسی واتا (وێناکان یان چەمکەکان، چۆن بتەوێت)، ئەوەیش بە ئەندازەی ئەوەی کە ئەم هاوشوناسییەی ئەم شتە راستەوخۆ «دیار» بێت، واتە قابیلی جیاکردنەوە و دەرککردن بێت و ئینجا بکرێت لە ئەزموونی گشتیدا بیناسینەوە. بە هەرحاڵ دەبێت سەرنجی ئەوە بدەین هیچ شتێکی وەسفی لە دووالیزمی «ژێرخان/سەرخان»دا بوونی نییە، مەگەر تەنیا «وەسف»ی ئەو میتافۆرە نەبێت کە لەنێویدا هەیە، ئەوەیش هەمان ئەو شتەیە کە دەبێت بکرێتە چەمک (واتە لە رواڵەتە مەجازییەکەی جیا بکرێتەوە)، ئەوەیش شتێکی وزەکو قۆناعێکی دووەمی تیۆر نییە، بەڵکو بە بەکارهێنانە چەمکییەکەیەتی کە دەبێتە گشتگیرکردنی هەمان تیۆر خۆی و لەوێدا کە ئەمە ڕوودەدات.

دوو دووالیزمە لێکدژەدا ناچوونییەکییەکی لۆژیکی بوونی هەیە. راستە جارێکیان مارکس لینکێکی لەنێوانیاندا دروست کرد، لینکەکەیش ئەوە بوو کە ]مارکس[ وتی: بونیادی ئابووری بریتییە لە "پێکهاتەی کۆمەڵگەی مەدەنی. بەڵام ئەم چەمکە کە بەهۆی میتافۆڕەوە خراوەتە روو، هێشتایش لەسەر ئاستی چەمك چاوەڕوانی پرۆسەی داڕشتنەوەیە.

بەڵام ئەو لێکدژییە تیۆرییەی کە ئاماژەم پێدا بە کردەیی لە کوێدایە؟ با لە نزیکترەوە ئەمە ببینین. دووالیزمی "ژێرخان/سەرخان" لە سەرمایەدا پرۆسەیەکی تەواوە

---

میتافۆڕی ئەندازەیی «ژێرخان/سەرخان» هیچ بەکارهێنانی مومکینی نییە جگە لەم بەکارهێنانە بەچەمکیکراوە، چونکە کاتێک کە بەم جۆرەیە، راستەوخۆ هیچ شتێک ناکاتە شتێکی «دیار» لە ئەزموون‌دا. واتە بۆنموونە ڕاگەیاندنی ئەوەی کە دیاردەیەک وەک دیاردەیەکی سەرخانییە، لەم بەچەمککردنەدا دەنوێنرێتەوە نەک تەنیا وەسفکردنی فینۆمیینۆلۆژییانەی دیاردەکە، ئەمەیش ئەو شتەیە کە دەبوو پێشتر بکرایە). کەواتە ئەو پرسەی کە ئالتوسێر دەیخاتەڕوو (دەرچوون لە وەسفگەرایی گریمانەکراو و پەڕینەوە بۆ قۆناغی «دووەم») پرسێکە بوونی نییە. واپێدەچێت ئەو لەبیری چووبێت کە هەر جۆرێک لە چەمکەکان تەنیا بە بەکارهێنانەکەی دەشێت بە تەواوەتی دیاریی بکرێت نەک لە خۆیدا (ئەگەرچی ئەسڵە ئەزموونی و تیۆرییەکەیشی تا ڕادەیەکی زۆزر گرنگ بێت). کەواتە ئەوە ئاسانە ببینین کە کاروبارەکان بە شێوەیەکی جیاوازن لە دوولیزمی «کۆمەڵگەی مەدەنی/دەوڵەت»، کە ئەمەیان تەنیا بەکارهێنانێکی وەسفییانەی سادە و ئەزموونیی راستەوخۆ و (و ئینجا پۆلێنکارانە)ی هەیە. ئەم دووالیزکمەیش خۆی ئەزموونییە. هەڵبەت ئەمە ڕێگری لەوە ناکات کە بیر لە کۆمەڵگەی مەدەنی و دەوڵەت بکەینەوە و بە چەمکیان بکەین، بەڵام لە نێو چوارچێوەی ئەم ئەزموونگەرییەدا (کە ئەزموونی مێژووییە). لەم دوو دەستەواژەیەدا میتافۆر بوونی نییە. بە پارادۆکسەوە، میتافۆڕ لە دووالیزمی «ژێرخان/سەروخان»دا ڕووی ڕاستەقینەی خۆی دەردەخات، واتە وەزیفەکەی: چەمکێکی پوخت، یان چەمکێکی تەواو تیۆریی دەگوازێتەوە، بەهۆی خستنەگەڕ و نواندنەویە ئەزموونەوە. ئەوەی بە تایبەتی گرنگە ئەوەیە کە بە هەر جۆڕ.یک بوونە دەرک بە ڕووی نالێکژووی ئەم دوو دوولیزمی پێکدژە بکەین.

(دەتوانین بڵێین، بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ هەموو دەلالەت و پێکهاتە لۆژیکییەکەی سەرمایە دادەڕێژێت). بەڵام لێرەدا، کاری ئاڵوگۆڕی ئەو نەخشانە دەبینین کە تێیدایە. بەمجۆرە، پێویست بەوە ناکات شیکاریی بۆ بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بکەین تاوەکو بتوانین رەگەزە یاساییەکە ببینین کە بە شێوەی تەرزێکی سەرەکی هەموو بەرهەمهێنانێکی بازاڕ کاردەکات، ئێمە دەتوانین هەرزوو بە سادەیی دەرك بەمە بکەین، لە کاتێکدا کە ئەم رەگەزە، تەنیا لە سیستەمی سەرمایەدارییدا، ژێرخانی هەموو ئایدیۆلۆژیایەك پێکدەهێنێت (ئەوەی کە بەندە لەسەر ئاڵوگۆڕی نێوان کەسە ئازادە تایبەتییەکانی گرێبەستەکە). ئینجا، شیکاریی پرۆسەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریی چینە سەرەکییەکانی (سەرمایەداران و کرێکاران) تەنیا وەك بەکرێگیراوی بەرهەمهێنان پیشان نادات، بەڵکو لەپێناو ئەم میکانیزمەدا، بە رێگەیەکی ورد ئەو خەباتە چینایەتییەیش پیشان دەداتەوە کە لەگەڵیدا بوونی هەیە و بۆی گونجاوە. هەڵبەت بە لەبەرچاوگرتنی ئەم خاڵە، دەتوانین دەرك بەوە بکەین کە ئەم ململانێیە بە دەستپێشخەریی چینە سەردەستەکان دەست پێدەکات، نەك بە دەستپێشخەریی چینە ژێردەستەکان، (لەبەرئەوە، ئەم جەنگانە بۆ ماوەیەکی درێژ جەنگی خۆپاراستن بوون). سەرمایەداران دەچنە نێو جەنگی بەردەوامەوە لەگەڵ یەکتردا، بەڵام لەبەرامبەر چینی کرێکاردا، لەبەرامبەر ئەو شتەدا کە مارکس پێیدەڵێت "پێویستییەکانی پەرەسەندن"ـی کرێکار، وەك یەك بەرەی تەبا و هاوئاهەنگن، یەك "ئامراز"ی کردەیی

ڕەفتار دەنوێنن[88]. بەڵام ئەمە هەر بە سادەیی واتای ئەوەیە ئەوان وەك یەك چین ڕەفتار دەکەن. چەمکی چین لای مارکس لە واتا گشتییەکەیدا چەمکی ڕەفتاری کۆمەلایەتی-سیاسییە کە ریشەکەی وا لە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێناندا[89]. چینێك بەو ئەندازەیە بە کردەیی هەیە کە وەك چینێك بەرامبەر بە چینەکانی تر مامەڵە بکات. یەکێتی و تەباییەکەی بۆ یەکجار و بۆ هەمیشە بەپێشوەختە پێدراو نییە، بەڵکو ئەم دوو سیفەتە لە پرۆسەی ململانێی چینایەتیدا بەدەستدەهێنێت. دەبێت ئەو پرۆلیتاریایەی کە تەنانەت وەك چینێکیش ڕەفتار دەکات، بە ئەزموون و تیۆر ئاگایی چینایەتی بەدەست بهێنێت[90] و ئەو دابەشبوونە کێبەرکێکارییە تێپەڕێنێت کە لە بنەرەتدا، پرۆسەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری خستوویەتییە

88 ک. مارکس، سەرمایە، سەرچاوە پێشوو، بەشی 3، پاژی دەیەم «یەکسانکردنەوەی ڕێژەی قازانج بە کێبەرکێ»، بەرگی 6، ل212.

89 مارکس لە نامەیەکیدا بۆ جۆزێف فیدمایەر، لە 5ی ئازاری 1852 دا، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە »پێشتر ئابووریناسە بۆرژوازەکان پێکهاتەی چینە ئابوورییەکانیان وەسف کردووە« (نامەکان دەربارەی سەرمایە، بڵاوکراوە کۆمەڵایەتییەکان، پاریس، 1964، ل59). لەم حاڵەتەدا ئەوە قورس نییە کەبزانین پرسی میتافۆر لە "پێکهاتن"دا چۆن لە ڕووی چەمکییەوە چارەسەر کراوە، ئەگەر بێتوو کۆی بەدوایەکداهاتنی دانراوەکەی مارکس لەبەرچاو بگرین. چینە ئابوورییەکان بەو ئەندازەیە دروست دەبن کە ڕەگەزی سەرەکی لە چەمکی چیندا لە کارکردەکانی پرۆسەی بەرهەمهێنان گرێ بدەنەوە و، بەو ئەندازەیە پەیڕەوی لەم پرۆسەیە بکەن، نەک لەکاری نەخەن. ئەم چەمکە، لە کامڵبووندا، بە ناچاریی دەچێتە نێو چەمکی خەباتی چینایەتییەوە و کێشەی "ڕەفتاری چینایەتی" دەگرێتەوە.

90 پرۆلیتاریا، کاتێک ئاگایی چینایەتی بەرز دەبێتەوە لەپێناو خۆرێکخستن وەک چینێکدا تێدەکۆشێت. ئەم گریمانەیە هەر لە هەژاریی فەلسەفەوە هەتا ڕەخنەی بەرنامەی گۆتا زەینی مارکسی سەرقاڵ کردبوو.

نێو چینەکەیەوە، دەبێت ئەو ڕەنگدانەوە سەندیکاییانە تێپەڕێنێت کە ئەم پێگەیە تۆخی دەکاتەوە (ئیمتیازاتەکان لە کاتی پێویستدا: بڕوانە "ئۆرستۆکراتییەتی کرێکاری کە لە لینین لەبارەیەوە قسەی کردووە"). ئەمە پێشمەرجی مەیلی پرۆلیتاریایە بۆ یەکێتی چینایەتیی خۆی و ڕەفتارکردن وەك چینێك لە ململانێی چینایەتیدا (کە لەو سەروەختەدا دەگوزەرێت). بۆرژوازییەت وەك چینێك پێویستی بە ئاگایی چینایەتی نییە، چونکە ئەوەی بەسە لە واقیعدا دژ بە چینی کرێکار بەشێوەیەکی بۆرژوازانە مامەڵە بکات. بەڵام بۆرژوازییەت بەم هۆیەوە ئامێزان و تەبا نابن و یەکێتی خۆی دروست ناکات، چونکە کۆمەڵێك هۆکاریی بونیادی ڕێی ئەمەی لێدەگرێت (بەشبەشکردنی سەرمایە). خەباتی بۆرژوازییەت دژی پرۆلیتاریا، هاوکات خەباتی بەردەوامیشە ڕێک لە نێو خۆیدا، لەنێوان گروپەکان یان کۆگروپەکانیدا، لەپێناو سەرپەرشتیکردنی ململانێ چینایەتییەکەی دژی پرۆلیتاریا- کە ناتوانێت بە تەنیا ژێرخانییانە بێت، بەڵکو بە ناچاری سیاسییشە. هەموو ئەمانە بە زەرورەت لە شیکارییە بەردەستەکەی مارکسدا بۆ "میکانیزم"ـی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریی تۆمار دەکرێن، یان دەچنە خانەی ئەو شیکارییەوە، تەنانەت ئەگەر مارکس بە شێوەیەکی تایبەت کاری بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم ڕەگەزە سیاسییەیش نەکردبێت، گەرچی هەموو هەوڵێکی خۆی بۆ دەرخستنی سەربەخۆیی ئابووریی لە کاری ئەم میکانیزمە تەرخان کرد. ڕەنگە چارەنووسی ئەم لایەنە سیاسییە لەو بەشەدا دیاریی بکرایە کە مارکس تەنیا دەستیکرد بە نووسینی و ناونیشانی

”چینەکان“ـی بۆ دانا (هەڵبەت شتێکی ئەوتۆ دەربارەی ئەمە نازانین)، ئەمەیش ئەو شوێنەبوو کە کتێبی سێیەمی سەرمایە تێیدا پچڕا و نەگەیەنرایە کۆتایی.

کۆی ئەو بابەتانەی لێرەدا بە کورتی باسکران و، بە گوزارشتەکانی دووالیزمی لێکدژی (وەسفی) ”کۆمەڵگەی مەدەنی/دەوڵەت“ دامانە قەڵەم، تەرجەمەکەی لەو چەمکەدایە کە ئەنگڵس لە لۆدڤیگ فیۆرباخدا گوزارشتی لێکردووە و »لایەنیکەم لە ئێستادا (واتە لە مێژووی هاوچەرخدا) دەوڵەت و نەزمی سیاسی، رەگەزە لاوەکییەکەی ئەم چەمکە پێکدەهێنن، لە کاتێکدا کۆمەڵگەی مەدەنی و پانتایی پەیوەندییە ئابوورییەکان رەگەزە سەرەکی و یەکلاکەرەوەکەیین«[91]. بەم جۆرە بۆچوونە هیگڵییەکە قڵپ کرایەوە. ئەمە لەگەڵ ئەو بۆچوونەیشدا هاوڕایە کە لە خودی دەقەکەدا گوزارشتی لێکراوە و دەڵێت ئەسڵ و پەرەسەندنی هەردوو چینە گەورە لێکدژە هاوچەرخەکە، سەرمایەداران کرێکاران، »بەرێگەیەکی روون و بەرجەستە لەسەر هۆکارە ئابوورییە پەتییەکان، دامەزراوە« و ئەم هۆکارانەیش »لە ئەنجامی گۆڕانی شێوازی بەرهەمهێنانەوە دروست بووە«، ئەمەیش پێچەوانەی موڵکایەتی گەورەی زەویوزارە، کە لە بنەرەتدا لەسەر بنەمای خاوەندارێتی توندوتیژانە دامەزراوە و لایەنیکەم، لە نیگای یەکەمدا، سروشتێکی سیاسییانەی هەیە.

بە بۆچوونی مارکس، ئەوە سەلمێنراو »کە لە دواجاردا

91 ف. ئەنگلز، «لۆدفیگ فیۆرباخ و کۆتایی فەلسەفەی کلاسیکیی ئەڵمانی»، لە ک. مارکس و ف. ئەنگلز، توێژینەوە فەلسەفییەکان، بڵاوکراوە کۆمەڵایەتییەکان، پاریس، 1961، ل52–53 (تێبینی وەرگێڕی فەرەنسی).

هەموو خەباتە چینایەتییە ئازادیخوازەکان، لایەنیکەم لە مێژووی مۆدێرندا، وێرای فۆڕمە سیاسییەکەی ئەم خەباتانە، بە زەرورەت بۆ ئازادیی ئابووری دەگوزەرێت«. نابێت وا بیر بکەینەوە کە مارکس بە جۆرێکی دیکە بیری لەم بابەتە کردۆتەوە. چونکە لە بەرنامەی کارێکی گرنگدا کە خۆی لە دەفتەری دووەمی Gtundrisseـدا دوای کاتیگۆریای "سێ چینەکە"، وەك دوایین خاڵ تۆماری کردووە، بەر کاتیگۆریای دەوڵەت دەکەوین، بەڵام وەك بڵێی مەسەلەکە بە کێشە ئابوورییەکانەوە ئاڵێنراوە (لە راستیدا ئەوەیش بە جۆرێك لە جۆرەکان ئەرگومێنتێکە کە لە واقیعدا وەزیفەی ئابووریی دەوڵەتی وەك تەواکەری شێوازی بەرهەمهێنان، تێدایە: باجەکان، قەرزەکانی دەوڵەت، بازرگانیی دەرەکی، نرخی پەتی،..هتد). بە هەرحاڵ، ئەم دەقە زۆر بە روونی پەیوەستە بە دووالیزمی "کۆمەڵگەی مەدەنی/دەوڵەت"ـەوە و مارکس بەشێوەیەکی کێشەئامێز و بەرنامەیی، بەهەمان شێوەی بۆچوونەکەی ئەنگڵس، گوزارشتی لێدەکات: »کۆمەڵگەی مەدەنی لە دەوڵەت لە پێشترە«[92]. ئەم پەیوەستییە ئاشکرایە لەگەڵ کۆمەڵگەی مەدەنیدا لە سەرمایەدا ون دەبێت، چونکە (پێموایە) ئەم دووالیزمە وەسفییە لەگەڵ ئاستی ئەو بەچەمککردنەدا ناگونجێت کە مارکس لەم کتێبەیدا ئەنجامی دەدات. لەبەرئەوە بە ئاشکرا کێشەی دەوڵەت ون دەبێت. بەڵام لێرەدا، بە دیاریکراوی کێشەیەکی تیۆری رووبەرroومان دەبێتەوە. ماف و سیاسەت (خەباتی چینایەتی) بە شێوەیەکی

92 ک. مارکس، بنچینەکانی رەخنەی ئابووریی سیاسی، سەرچاوەی پێشوو، ل211.

ئۆرگانیکی لە سەرمایە (ڕەخنەی ئابووری سیاسی)ـدا بوونیان هەیە، بەڵام لەنێو پانتایی سیاسەتدا دەوڵەت نابینین. بێگومان لە کتێبی سەرمایەی مارکسدا زۆر باسی دەوڵەت و وەزیفەکانی کراوە (نەك تەنیا وەزیفە ئابوورییەکانی). بەڵام باسەکە پەیوەست نییە بەمەوە، بەڵکو پەیوەستە بە مەسەلەی بە چەمککردنی دەوڵەتەوە. تەنیا و تەنیاییش ئەم بەچەمککردنە بوونی نییە، ئەمەیش لەخۆیدا زۆر مەترسیدار نییە، بەڵکو پێچەوانەکەی دەبینین: واتە ڕێگریکردن لە هەر پەڕینەوە و گواستنەوەیەکی تیۆری بۆ دەوڵەت بە لەبەرچاوگرتنی کاری شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریی. چونکە ئەم شێوازە بۆ حسابی تایبەتی خۆی کاردەکات و دەبێت بەم جۆرەیش کار بکات. بە بۆچوونی مارکس، کە بۆژروازییەت پێویستی بە "دەوڵەتی سیاسی" و کامڵبوونە مۆدێرنەکەی هەیە، ئینجا پێویستی بە فشاری نا-ئابووری لەسەر کۆمەڵگە هەیە، تەنیا بۆ بەرپاکردنی باڵادەستییە چینایەتییەکەی نییە، بەڵکو بۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوە و بەردەوامیپێدانیشیەتی، هەمیشەیش لەمەدا کردەیەکی ئەزموونی دەبینین.

لێرەدایە کە بەشێوەیەکی ڕێژەیی کتێبەکانی مارکس بەسەر دوو لایەندا دابەش دەبن: لەلایەك کتێبە مێژوویيە سیاسی و سیاسییە پرۆگرامییەکان، لەلایەکی دیکە کتێبە "ئابوورییەکان". پێناچێت ئەم جیاکردنەوە دوولایەنە بۆ ساتێکیش بپچڕێت، بەڵام بەو واتایە کە لە شێوازی ڕەخنەی بەرنامەی گۆتادا هەیە (لایەنیکەم بۆ ئەوانەی کە بە باشی نێوان دێڕەکانی دەخوێننەوە). مارکس لە کاتی مشتومڕکردنیدا

لەگەڵ حزبی ئەڵمانیدا، لەبارەی باسی دەوڵەتەوە دەڵێت: »دەوڵەتە جیاوازەکانی وڵاتە شارستانییەکان، وێرای هەمەجۆرییان، لەوەدا هاوبەشن کە پشت بە زەمینەسازیی کۆمەڵگەی مۆدێرنی بۆرژوازی دەبەستن، کە لە روانگەی سەرمایەدارییەوە لە ئاستی پەرەسەندندا نالێکچوون. ئەمەیش وای کردووە کە هەندێك تایبەتمەندیی سەرەکی لەنێوانیاندا هاوبەش بێت. بەم واتایە، دەتوانین قسە لە "دەوڵەتی ئێستا" بکەین کە وەك گوزارەیەکی گشتگیر وەرگیراوە، ئەوەیش لێکدژ لەگەڵ داهاتوودا کە لە بوونی کۆمەڵگەی بۆرژوازی جیا دەبێتەوە کە لە ئێستادا شتێکە وەك بنەرەتەکەی«. بەڵام مارکس، بەر لە چەند دێرێک گاڵتە بە بەکارهێنانی "دەوڵەتی ئازاد" لە پرۆژەی بەرنامەی پارتی کرێکاریی ئەڵمانیدا دەکات و نووسیویەتی: »دەوڵەتی ئازاد مانای چییە؟ هەرگیز کردنی دەوڵەت بە دەوڵەتێکی ئازاد ئامانجی ئەو کرێکارانە نییە کە لە عەقڵییەتی سنوورداری خەڵکانی ملکەچ رزگار بوون. "دەوڵەت" لە ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانیدا تا رادەیەکی زۆر ئازادە و لە روسیایش هەروایە. ئازادی وا لە گۆڕینی دەوڵەتدا، ئەم دەزگایەی کە لەسەرووی کۆمەڵگەوە راوەستاوە، گۆڕینی بۆ دەوڵەتێك کە بە تەواوەتی ملکەچی کۆمەڵگە بێت، هەروەك ئەوەی فۆڕمەکانی دەوڵەت لەم سەردەمەماندا کەم و زۆر لەو سنوورەدا ئازادن کە "ئازادی دەوڵەت" تێیدا سنووردارە[93].

کەواتە "فرە جۆری فۆرمەکان" بایەخێکی ئەوتۆی نییە. بەڵام لێرەدا مەسەلەکە پەیوەست نییە بەو پێگە بەرزەوە

93 ک. مارکس، رەخنەی بەرنامەی گۆتا، بڵاوکراوە کۆمەڵایەتییەکان، پاریس، 1950، ل23-34.

که دەبێت بدرێت بە "دەوڵەتی دیموکراسی" وەك پانتایی سیاسی، تاوەکو لەسەر بنکەکەیەوە خەباتی چینایەتیی پرۆلیتاریا بە ئاراستەی ئامانجە مێژووییەکانی، واتە بەرەو سۆسیالیزم، ئاراستە بکرێت، ئەوەیش لە باشترین هەلومەرج و لە قوڵاییەکی زیاتردا. ئێمە لێرەدا لەبەردەم پەیژەی ئەو بەهایانەداین کە لە دۆخی ئێستاماندا کار دەکەن و پەیوەندیدارن بە پرسی ئازادییەوە. راستییەکەی ئەوە دروست نییە کە گوایە مارکس هەموو ئازادی گەڕاندۆتەوە بۆ "باڵادەستی ئازادی" لە لایەك و، یان لەلایەکی دیکەوە لە چەمکێکی فەلسەفیدا کورتی کردۆتەوە: "ئاگایی زەرورەت". بە بۆچوونی مارکس، لەو نێوانەدا هەرێمێکی سیاسی هەیە، کە تێیدا تەنیا ئازادی پێوانەی هەموو فۆڕمەکانی ئەو دەوڵەتانەن کە لەسەر زەمینەی بۆرژوازییەت راوەستاون (لە دۆخی پێچەوانەی ئەمەدا، کتێبە مێژوویی-سیاسییەکانی مارکس لەو حوکمە بەهاییانەدا نەخوێنراونەتەوە کە دەربارەی نووسراون). مارکس لەبارەی ئەم خاڵەوە بە تۆخی لیبرالیزم بەرجەستە دەکاتەوە. دەشڵێم باسەکە تایبەتە بە لیبرالیزمی ئەڵمانییەوە، نەك بە جۆرە هیگڵییەکەی، بەڵکو زیاتر لە جۆری humboldtien. دەوڵەت ئەم شتە، ئەم قەوارەیە، کە تێیدا بەو ئەندازەیە لە کۆمەڵگەدا ئازاد دەبین کە دەسەڵاتەکان (بە رەوایەتی) سنووردار بن. بە روانین لەم لیبرالیزمەوە، کە بە شێوازێکی تایبەت بەرجەستە کراوە، مارکس توانی مشتومڕی لیبرالیزم بکات لە بەرجەستەبوونە مێژوویی-سیاسییەکانیدا. لەمەشەوە، مارکس بە تایبەتی توانی ئامانجێکی نا-لیبراڵی و دوور لە لیبراڵیزم پێشنیار بکات، واتە هەڵگەڕاندنەوەی

پەیوەندی دەوڵەت-کۆمەڵگە (وەك ئەوەی لە واقیعدا هەیە و وەك ئەوەی کە لیبرالیستەکان قبوڵیانە و ڕەنگە وەك خراپەیەکیش کە هەر دەبێت هەبێ و وەك ئەو لیبرالیزمەی کە هیگڵ بۆ ئاستی باڵایەتی بەرزی کردۆتەوە)، لەمەیشدا گۆڕان بەسەر دەوڵەتدا دەهێنێت، »دەوڵەت، ئەم دەزگایەی کە لەسەرووی کۆمەڵگەوە وەستاوە، دەگۆڕێت بۆ دەزگایەکی تەواو ملکەچ بۆ کۆمەڵگە«.

بەڵام وا باشترە کەمێك لەسەر ناوەڕۆکی ئەم قسەیەی مارکس بوەستین. مارکس ئازادی بە واتا تەواو سیاسییەکەی ، لە پنتی پێچەوانەی دەوڵەتی بۆرژوازی داناوە- ئەو پنتەی کە چیتر لە سەرووی کۆمەڵگاوە نییە، ئەمەیش بۆ ئەوەی ”بەتەواوەتی ملکەچی بکات“. بە ڕەچاوکردنی ئەم خاڵە دەتوانین پێوانەی ئاستە جیاوازەکانی ئازادی ڕاستەقینە بکەین ”لە سەردەمەکەماندا“، لە کۆمەڵگەیەك یان دەوڵەتێکدا: واتە بە ڕەچاوکردنی دۆخێکی یەکلاکەرەوە، کە بە دڵنیاییەوە، ناتوانێت هیچ مەرجەعێکی واقیعی لە کۆمەڵگەی بۆرژوازیدا لە خۆ بگرێت. بەڵام ئەمە بە واتای ئەوەیە کە دواجار ناتوانین حوکم لەسەر ئازادی (یان ئازادیی سیاسی) و ئاستەکانی ریالیزەبوونەکەی بدەین، تەنیا لە ڕوانگەی کۆمۆنیزمەوە نەبێت (کە لەگەڵ ئەم هەڵگەڕانەوەیەی دەوڵەتدا تەواو تەبایە). لێرەدا خۆمان لە ناوەندی کۆمەڵێك شیمانەدا دەبینینەوە کە ڕەنگە بەرزترین خاڵ بێت کە بیرکردنەوەی مارکس لەبارەی دەوڵەتەوە پێی گەیشتبێت. ڕەنگە ڕێکەوتیش نەبێت کە ئەم پنتە، لە واقیعدا، باڵاترین پنتە لە پرۆسەی دانانی ڕێسای باسەکەدا.

با یەکسەر بزانین بۆچی. لەم دۆخەدا مارکس دەربارەی "دەوڵەتی داهاتوو لە کۆمەڵگەی کۆمۆنیستیدا" دەدوێت، کە کۆمۆنیزم بە کۆی دەستکەوتەکانییەوە و لە ریالیزەبوونە پێرفێکتەکەیدا وێنا دەکات و بەدوای »قۆناغی گواستنەوەی سیاسییدا دێتە ئاراوە، کە تێیدا دەوڵەت ناتوانێت هیچ شتێکی تر بێت جگە لە دیکتاتۆریەتی شۆڕشگێڕانەی پرۆلیتاریا«. بە هەرحاڵ دەشێت گوزارەی "دەوڵەتی داهاتوو لە کۆمەڵگەی کۆمۆنیستیدا" بە رواڵەت و بە شێوەیەکی تاکانە، لە جێی خۆیدا نەبێت. (چەمکی "هەڵوەشانەوە"ی دەوڵەت بە روون و ڕاشکاوی لە رەخنەی بەرنامەی گۆتادا دەرناکەوێت). بەڵام کاتێك مارکس بەکاری دەهێنێت، پێشتر کلیلی تەفسیرکردنەکەیشی بۆ ئامادەکردووە، لەوێدا ئەم چەمکەی لە گوزارەیەکی یەکلاکەرەوە دەربڕیوە (کە ئاماژە بە حاڵەتە یەکلاکەرەوەکەی پێشتر دەدات). ئەم کلیلە لە داڕشتنی ئەم پرسیارە دوولایەنەدایە: »لە کۆمەڵگەی کۆمۆنیزمدا چ گۆڕانێك بەسەر دەوڵەتدا دێت؟ بەشێوەیەکی دیکە: چ وەزیفەیەکی کۆمەڵایەتیی هاوشێوەی وەزیفەکانی ئێستای دەوڵەت تێیدا بوونی دەبێت؟« (جەختەکە لەلایەك نووسەرەوەیە). مارکس وەڵامی ئەم پرسیارە ناداتەوە. ئەو خۆیشی ئەم پرسیارەی وەك پرسیارێکی یەکلاییکەرەوە کردووە، کە ئەگەرچی پرسیارێکی نەرێنییش بێت، بەڵام خاوەنی کاراییەکی دەستوبردە. مارکس، کە لەم بارەیەوە بە عینادی تۆمەتبار کراوە، تەنیا ئەوەی دەوێت کە ڕۆشنبوونەوە تیۆرییە فۆرماڵەکان لەگەڵ بۆچوونە دۆگماییەکان کە پەیوەستن بە ناوەڕۆکەوە تێکەڵ نەکرێن و سەرنج لەم تێبینییەیش بدرێت »تەنیا زانست دەتوانێت

وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە«، دیارە ئەو گاڵتە بە وەڵامە کردەییەکانی نێو بەرنامە رەخنەلێگراوەکە دەکات[94].

بەڵام مارکس زۆر بە بەهێزی و بە یەك گوژم پانتایی گشتگیری کێشەی دەوڵەت بۆ دووتر لە سنوورەکانی (ئەزموونگەرایی)، کە لە کتێبەکانی تریدا ناوەڕۆکەکەی دەپارێزێت، فراوان دەکات، ئەوەیش کاتێك وەکو پرسی "بەراوردکردن" لەنێوان "وەزیفە کۆمەڵایەتییە" نوێ و سنووردارەکان لەگەڵ "وەزیفەکانی" پێشتری دەوڵەت باس لە مەسەلەی بۆماوەیی دەسەڵاتی دەوڵەت دەکات لەسەر بنچینەی رێکخستنی کۆمەڵایەتی لە ریشەوە گۆڕاو بۆ (کۆمۆنیزم). رەنگە مانای ئەمە ئەوە بێت کە بابەتەکە بە دیاریکراوی لەسەر زەمینەی "لیبرالیزمی ئامێزانکراو" کە پێشتر لێی دوام (کە خۆیشی دەکرێت تەنیا لە ئایدیای کۆمۆنیزمەوە هەڵبسەنگێنرێت)، ئەنجام بدرێت.

ئەم هەنگاوە تیۆرییە پڕ بایەخە لە بنەمادا بە پۆتێنشیەل، ئەگەرچی رووکەشیش بووبێت، لە رەخنەی بەرنامەی گۆتادا هەبوو، ئەوەیش لەو بازنەیەدا کە پەیوەندی "کۆمەڵگەی مەدەنی/دەوڵەتی سیاسی"، دایڕشتبوویەوە. ئینجا لەگەڵ ئەمەیشدا خاڵێك هەیە، کە تێیدا ئەم سنوورانە بەزێنراون، واتە لەوێدا کە مارکس پرسی "ماف" شیکار دەکات، کە لەم دەقە نایابەدا ناوکەکانی تیۆرە سەرەکییەکە پێکدەهێنێت. زۆر بە کورتی ئەم مافە واتە "مافی یەکسان"، بەتایبەتیش "مافی

94 هەوڵنادەین پرسەکە یەک قولانجیش ببەینە پێش، بەوەی بە هەزار رێگا پەنابببەینە بەر کۆکردنەوەی وشەی گەل لەگەڵ وشەی دەوڵەتدا. (ک. مارکس، رەخنەی بەرنامەی گۆزتا، سەرچاوە پێشوو، ل24).

بۆرژوازی“، ئەوەیش تا ئەو رادەیەی کە »لە ناوەڕۆکەکەیدا مافێکە پشت بە نایەکسانی دەبەستێت«. (مارکس لە لەگەڵیشیدا دەڵێت ”وەك هەموو مافێك“). دەبێت ئەم مافە لە هەموو قۆناغە سەرەتاییەکانی کۆمەڵگەی کۆمۆنیزمدا بەردەوامیی پێبدرێت، چونکە ئەم کۆمەڵگەیە لەسەر »بناغەی پەرەسەندنی تایبەت بەخۆی دانامەزرێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە، پشت بەو بناغەی پەرەسەندنە دەبەستێت کە پێشتر لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا دارێژراوە«. بەڵام دەبێت بەزانین لێرەدا هیچ لێکدژییەك لەنێوان تیۆری ”یاسایی“ و پراکتیکی ”کۆمەڵایەتی و سیاسی“ـدا بوونی نییە[95].

دەکرێت ئەم شوێنەوارەی قۆناغی رابردوو بە درێژایی قۆناغە مێژووییەکان بەردەوام بێت، چونکە هێشتا ناتوانین تێیدا ”ئەو شوێنەکەوتەییەی کە تاکەکانی ملکەچی کار دابەشکردن کردووە“ تێپەڕێنین. وەك مارکس سەرنجی دەدات، ماف ناتوانێت هەرگیز حاڵەتی کۆمەڵگەی ئابووری و ئاستی شارستانێتییە بۆ گونجاوەکەی تێپەڕێنێت«.

لێرەدا چاوپۆشی لە پرسیارێکی سەرەکی دەکەم. ئەویش پەیوەستە بە زانینی ئەوەی کە ئایا دەبێت لە دۆخی ئێستای

95 وەک دەزانین، تا ئەو جێیەی مارکس بۆی چووبێت، مەبەستەکە قۆناغێکە کە بەستراوەتەوە بە ڕێسای دادپەروەرییەکی ناوەکییەوە «هەر یەکە و بەگوێرەی کاری خۆی»، لەبەرامبەر قۆناغێکی تردا کە لە بنەمای «هەر کەسە و بە گوێڕەی پێویستیی خۆی»دا لەخۆ گیراوە، ئەم بنەمایەیش گۆڕانێکی قووڵی پێویستییەکانیش خۆیانە لە پەیوەندیدا بە «فرە پەرەسەندنی تاکەکانەوە« و، بە گەشەی هاوتای هێزەکانی بەرهەمهێنانەوە، کە بەهۆیەوە «سەرجەم سەرچاوەکانی سامانی بە کۆمەڵ، بە لێشاو هەڵدەقوڵێت». بڕوانە: ک. مارکس، ڕەخنەی بەرنامەی گۆتا، سەرچاوەی پێشوو، ل34-35.

جیهان و لە دۆخی قەیرانی سەرمایەداریی جیهانیدا، وەك ئەم دۆخی قەیرانەی وا لەمڕۆدا زەق بۆتەوە و (دەگۆڕێت)، ئەم گواستنەوە و ئاڵوگۆڕانە، بە تایبەتیش گۆڕانە تایبەتی و خودییەکانی نێوی، بە گواستنەوە و ئاڵوگۆڕی خێرا هەژمار بکەین؟ مەبەستم لەم پرسیارە ئەوەیە کە بزانین ئایا دەتوانین خێراکردنی گواستنەوەکە -ڕەنگە تەنانەت تا خاڵی ئامێزانکردنی قۆناغەکان، کە مارکس زۆر بە وردی لێکیان جیادەکاتەوە- بە پێشمەرجی باوی ئوبێکتی بۆ گۆڕانەکە دابنێین، ئەی چۆن دەکرێت ئەم خێراکردنە سوبێکتی و سیاسییانە ئەنجام بدرێن، تاوەکو کردە شۆڕشگێڕییەکان پاشەکشە نەکەن و بە کاریگەری "قەیران"ـی ئێستا شارستانییەت هەڵنەوەشێنەوە و تووشی شکست نەبن (لە کۆتاییدا دێمەوە سەر ئەم بابەتە).

با بگەڕێینەوە بۆ باسەکەی خۆمان. گرنگترین مشتومڕ لەبارەی مافەوە، لە رووی لۆژیکییەوە و بە شێوەیەکی دیالەکتیکی، دەبێتە مایەی وروژاندنی پرسی دابەشکردن، یان پرسی "دابەشکردنی مادەکانی بەکاربردن"، مارکس لە رەخنەی ئابووری سیاسییدا بە تۆخی لەم بابەتەی کۆڵیوەتەوە، تا دەگات بە "دابەشکردنی مەرجەکانی بەرهەمهێنان" (بەو پێیەی ئەوە "خاسیەتێکە لە خاسییەتەکانی هەمان شێوازی بەرهەمهێنان). سەرجەمی ئەم مشتومڕە، جیاواز لە هەموو مشتومڕەکانی تایبەت بە دەوڵەت، لەسەر زەمینەی دووالیزمە لێکدژەکان پەرەدەستێنێت "ژێرخان/سەرخان". لە رەخنەی بەرنامەی گۆتادا، پێش مشتومڕی تەرخان کراو بۆ دەوڵەت، باس لەم پرسە کراوە. لەوێدا ئەو هەستەمان لا دروست

دەبێت کە مارکس خەریکە دەستی رادەگات بەو خاڵەی کە هەردوو بازنەکەی تێدایە و پێکەوە لکاون و هەر یەکێکیان لەگەڵ ئەویتریاندا دەسازێت، لەوێدا کە دەتوانێت کێشەی "کۆمەڵگە/دەوڵەت" تا ئاستی لۆژیکی-چەمکی کێشەی "ژێرخان/سەرخان" بەرز بکاتەوە. بەڵام وا پێدەچێت هیچ یەکێك لەمانە رووینەدابێت. ئەو سەرمایەدارییەی کە مارکس لێی کۆڵیوەتەوە سەرمایەدارییەکی کێبەرکێکارییە، واتە سەرمایەدارییەکەی سەردەمی خۆی. بەڵام ئەمە هەرگیز ئەو سنوورە تیۆرییە ناسڕیتەوە کە لە سەرمایەدا لێی هەڵدەکەوین، واتە مەحاڵێتی دۆزینەوەی دەرەتانێك بۆ کێشەی دەوڵەت لەنێو رەخنەی ئابووری سیاسییدا. بێسوودە نکوڵی لەوە بکەین کە مارکس بەتایبەتی گرنگی بە سەرمایەداریی کێبەرکێکاری داوە، نەك بە سەرمایەداریی مۆنۆپۆلییانەی ئیمپریالی. لە سەرمایەداریی ئیمپریالییدا دەوڵەت وەزیفەیەکی ئۆرگانییتر هەڵدەگرێت. بەڵام لەو سەردەمەی مارکسدا هێشتا بەشێك نەبوو لە میکانیزمە سەرەکییە ئابوورییەکان[96]. نابێت لە دیوە

96 ئەو پرسیارە کە لێرەدا ئاماژەی پێدەکەین و خوێندنەوەیەکی لە دیاریکراوی بەشی تەرخانکراو بۆ دەوڵەت لە رەخنەی بەرنامەی گۆتادا، هەرگیز هیچ پەیوەندییەکی بەو پرسیارە کۆنەوە نییە کە دەربارەی پەیوەندی لیبرالویزم و مارکسیزمە. لەم بارەیەوە، من پێموایە، لە ڕوانگەی مارکسیزمەوە، وشەی کۆتایی و یەکلاکەرەوە هێشتایش قسەکەی گرامشییە. گرامشی کاتێک دیوەکانی تێڕامانێکی دووبارەکراو و ئاڵۆزی دەچنی، گەیشتە ئەو بڕوایەی کە: »لیبرالیزمیش. ڕێکخستنێکە کە خاسیەتی پەیوەست بە باڵادەستی دەوڵەتەوەی هەیە و بە ڕێگەی یاسادانان یان سەرکوتکاریی دەستوەردانی کردووە«.
Quaderni del earcere, nouvelle éd. Gerratana, Einaudi, .Torino, p.1593

ئەم جەختە لە ناوەرۆکی دەقێکدایە کە ب. بەدالۆنی، لە ڕاپۆرتێکدا بۆ دوایین کۆنگرەی جیهانیی توێژینەوە گرامشییەکان (فلۆرەنسا، 9–11ی کانوونی

زانستییەکەی هزری مارکس بەدوای ئەم شێوازەیاندا بگەڕێین یان لێی داوا بکەین، چونکە ئەم دیوە زانستییە هەمیشە هەتا کۆتایی لەگەڵ پێشبینییە واقیعییەکاندا لێکدژ بووە، (کەچی زۆرجار پێچەوانەی ئەمەی دەدەینە پاڵ). مەسەلەکە پەیوەست نییە بە دەوڵەتی سەرمایەداریی ئەم سەردەمی ئێمەوە و بەڵکو پەیوەستە بە "دەوڵەتی مۆدێرن"ـەوە کە لە کتێبە سیاسی و مێژووییەکانیدا لەبارەیەوە دەدوێت، واتە پەیوەستە بە دەوڵەتی دووالیزمی لێکدژی "کۆمەڵگەی مەدەنی/دەوڵەت"ـەوە. ئەوەمانزانی لە سەرمایەدا، بەشێوەیەکی گشتییش لە "ڕەخنەی ئابووریی سیاسی"ـدا، باس لە کایەی سیاسی (خەباتی چینایەتی) کراوە نەك دەسەڵاتی دەوڵەت. ئەوەیشمان بینی کە ئەم وەرچەرخانە تیۆرییە گەیشتە بنبەست. ڕێک لەبەر ئەم هۆکارە، هەرگیز مارکس و ئەنگڵس نەیانتوانی لە چەمکێکی پێرفێکت و تەواودا گوزارشت لەم لێکدژە وەسفییە بکەن، ئەگەرچی لە

---

یەکەمی 1977)دا، پیشانی داوە بە ناونیشانی:

Liberta individuale et uomo collective in A. Gramsci recueil politica e storia in Gramsci, I. Roma, Editori Riuniti, 1977, .36-p.34

بەدالکۆنی سەرنجی ئەوە دەدات کە: »پێشنۆرەیی ئابووری ڕاستەوخۆ و لەخۆوە نییە، دەرهەق بە بزووتنەوەی پرۆلیتاریی لە سەدەی بیستەمدا، بەڵکو بە میدیۆمی کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆمەڵگەی سیاسیدا تێدەپەڕێت«. ئەو لە بەرامبەردا «هەوڵی تارککردن»ی نێو «تیۆری تەقلیدیی بۆرژوازی دەربارەی بونیادی کۆمەڵگە« پیشان دەدات. ئەوەیش لەبەرئەوەی «ڕاستەوخۆ بەندە بە هەژموونی ئابوورییەوە«. بەڵام وا پێدەچێت ئەم سەرنجەی بەدوالۆنی پێویستی بەوە نەبێت کە لەگەڵ ئەم کێشەی مارکسیستییەی وا لێرەدا خەریکین تاووتوێی دەکەین، پێویستی بهو ڕووبەڕووبوونەویە نەبێت.

ڕەخنەی بەرنامەی گۆتادا لێی نزیکبوونەتەوە، واتە ڕوون و ئاشکرا هەڵوەشاندنەوەی ئەم چەمکە لە ژێرخان/سەرخاندا، یان کراوەتە پاشکۆی پەیوەندیی ئەم دووالیزمە. (بە ڕوونی بەشی گەورەی کێشەکەی گرامشی پەیوەستە بەم پرسیارە، یان بە سەختی ئەم پرسیارەوە). ئەمە گرێییەکی تیۆریی چارەسەر نەکراوە، کە ڕەنگە جیاکردنەوەی فەلسەفەی مارکس لە دەوڵەت، یەکێك بووبێت لە دەرەنجامە گەورەکانی.

**6- سنوورەکانی دروستبوونی چەمك**

وەك من بۆی دەچمم، ئەگەر هەر لە بنەڕەتدا ئەم تەنگژەیە بوونی هەبێت، دەتوانین بپرسین ئایا هۆکاری ئەم تەنگژەیە چییە؟ هەروەها پێموایە ئەم نوقسانییە پەیوەستە بە کێشەی سەرمایە خۆیەوە، واتە پەیوەستە بە شێوازی ئەبستراکتیزەی زانستییەوە، کە مارکس پەیڕەویی کردووە و توانای ئەوەیش بە ئێمە دەدات دووبارە ئەم مۆدێلە فۆڕماڵەی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری دابڕێژینەوە، کە بە بۆچوونی من، سەرمایەیە: واتە مۆدێلێك کە تیۆر (ڕەخنەی ئابووری سیاسی) لەبەرچاو دەگرێت و تێهەڵکێشی دەبێت.

بەڵام، ئەگەر ئێمە نەمانەوێت ئەم ئایدیای مۆدێلە قەبووڵ بکەین و ئەگەر باوەڕمان وا بێت کە پێویستە ڕەتی بکەینەوە چونکە بە ئەپستمۆلۆژیای مارکسیزم نامۆیە، ئەوا هێشتایش پرسیك دەمێنێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە وەزیفەی گشتاندنی ئەم شیکارییانەی نێو کتێبی سەرمایە (وەك ئەوەی لینین باسی کردوون) بەم ڕێگا تایبەتییەی ئەبستراکتیزەکردن ئەنجامدراوە. مارکس هەلی ئەوەی بۆ ڕەخسا ئەم ڕێگایە

دەربارەی حاڵەتێکی تایبەتی لە تێبینییەکی نێو کتێبی یەکەمی سەرمایەدا زەق بکاتەوە، لەوێدا دەڵێت: »لێرەدا، بۆئەوەی بابەتی لێکۆڵینەوەکەمان لەوپەڕی روونیدا وێنا بکەین و بۆ رزگاربوون لە لێکەوتە لابەلا و ئاڵۆزەکان، دەبێت هەموو جیهانی بازرگانی بە یەك نەتەوە دابنێین، هەروەها دەبێت گریمانەی بوونی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لە هەموو جێیەکدا بکەین، کە بۆتە ئاغای هەموو لقەکانی پیشەسازی«.

ئەم جۆرە ئەبستراکتکردنە زانستییە بە تەواوی پاساودراوە و بەرهەمە ئامادەکراوەکە[97] ]واتە سەرمایە[ بەڵگەی چالاکییەکەیەتی؛ بەڵام سنوورێکی هەیە کە پێموایە مارکس نەیتوانیوە دەرکی بکات و ئینجا نەیتوانیووە تێیپەڕێنێت. مارکس ئەم کارەی کردووە بە بێ ئەوەی بەشێوەیەکی چەمکییانەی رێکوپێك ئەوە پاساو بدات کە پرسی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، بەهۆی سروشتەیەکەیەوە، هەر لە سەرەتا و دواتریشدا لەسەر هێڵێکی دوو لایەنە پەرەی سەندووە:

1- دروستبوونی بازاڕی ناوخۆیی کە رەهەندی دیاریکراوی هەیە (بۆرژوازییەت بەهۆیەوە دەبێتە چینی باڵادەست و پێشڕەو بەسەر بنەما «نەتەوەییە« گشتییەکاندا،

97 دەبێت لێکۆڵینەوەی لە گشتگیریکردنی ئەم شێوازەی ئەبستراکتکردن بکەین لە سەرتاپای سەرمایەی مارکسدا، بە بەراوردکردنی بەو سەرەوخواربوونەوەی (پلەپلەیەی) کە مارکس پێیوابوو لە کتێبی سێیەمی سەرمایەدا وەدیهێناوە، بەرەو «فۆرمە کۆنکرێتییەکان» کە تێیاندا رواڵەتەکانی سەرمایە لە «سەر رووتەختی کۆمەڵگە« دەردەکەون: »لە کاریگەری هەموو پایتەختەکاندا لەسەر یەکتری، لە کێبەرکێ و لە ئاگایی هاوبەشی کارکردەکانی بەرهەمهێنان خۆیاندا«.

کە لە سایەی دەسەڵاتی دەوڵەتدا یەکدەخرێن)؛ هەروەها لەنێویدا کێبەرکێ لەنێوان پایتەختەکاندا بەرپا دەبێت، ئەمیش کێبەرکێیەکە کە دەبێت بەشبەش بکرێت.

2- «سیستەمی گشتگیر» (واتە دروستکردنی بازاڕی جیهانی) کە لەنێویدا کێبەرکێ لەنێوان بۆرژوازییەتە ناسیۆنالیستییە جیاوازەکانی نێو بونیادی دەوڵەتەکەیاندا بەرپا دەبێت، کە لەوێدا پەرەسەندنی ئاستجیاوازی سەرجەم وڵاتەکان دەچێتە نێو بازنەی پەرەسەندنی سەرمایەدارییەوە.

هیچ شتێك، یان زۆرینەی هەرە زۆری شتەکان، لە سەرمایەی مارکسدا فەرامۆش نەکراون، واتە شتێکی تێدا نییە کە ئەزموونیانەیش بوونی نەبێت. بەڵام دۆخی ئەو دوو دۆزەی پێشتر، لەسەر ئاستی چەمك یاخود سەلماندنی پەیوەندیی ناچاریی لەنێوانیان و کارلێکی دوولایەنەی نێوانیاندا، تێیدا بوونی نییە[98]. هەروەها، لەسەر ئاستی چەمك، «دەوڵەتی مۆدێرن» بۆ بۆرژوازییەتی سەرمایەداریی تێیدا ئامادەیی نییە. لە رووی چەمکەوە، ناتوانین راستەوخۆ بە لەبەرچاوگرتنی خەباتی چینایەتی دەستمان ڕابگات بە ئایدیای دەوڵەتی سیاسی، بەڵام دەتوانین بە لەبەرچاوگرتنی ئەم رواڵەتە و ئەم لێکبەستنەوەیەی سەرجەمی سەرمایەکان (نەتەوەیی و جیهانی)، ئەم کارە بکەین. دەنا دواتر ئەنتەرناسیۆنالی پرۆلیتاریی، ئەو کاتەی لە رووی تیۆرییەوە خۆی دامەزراند، بەرێگەیەکی ناراستەوخۆ رەگەزێکی زۆر گرنگی بەدەست

98 ئەم هەڵسەنگاندنانە لەو دەرەنجامانەوە نزیکە کە من لەو توێژینەوەیەی پێشتر باسم کرد و لەبارەی پێکهاتنی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوەیە، پێیانگەیشتووم، لە Critica Marcistaدا بڵاوکراوەتەوە، ژمارە 3، 1977.

هێنا. ئەمەیش کاتێك روویدا کە بۆرژوازییەتی سەرمایەداریی گۆڕا بۆ بۆرژوازییەتی مۆنۆپۆلی و ئیمپریالی (بە واتا نیمچە تەکنیکییە مارکسییەکە)، ئەم بابەتە پێویستی بە داهێنانی شتێکی نوێی وەك تیۆرێکی ئیمپریالی هەبوو لەلایەن هیلفریندینگ و لینین و ڕۆزا لۆکسمبۆرگەوە و هتد، چونکە لەوەوپێش گریمانەیەکی تیۆری تەواو روون بۆ ئەم بابەتە بوونی نەبوو. هێشتایش دەتوانین لەم پشکنینەی ئێستاماندا هەنگاوێك بەرەوپێش بچین و بپرسین ئایا تیۆرێك دەربارەی دەوڵەتی سەرمایەداریی دەکەوێتە کوێی چوارچێوەی بونیادی چەمکییانەی سەرمایەی مارکسەوە؟ بەشبەحاڵی خۆم تەنیا لەو جومگەیەدا دەیبینم کە مارکس پێی دەڵێت «یەکێتی»ی پرۆسەی راستەوخۆی بەرهەمهێنان و پرۆسەی کۆی ئاڵوگۆڕ، بەڵام دەبێت ئەمەیش بسەلمێنین و بەڵگەی بۆ بهێنینەوە.

کەواتە دەکرێت لەم گواستنەوە تیۆرییە بەرتەسکەوە، کە لێرەدا پیشانماندا، یان رەنگە لەم گریمانە شیکارییانەوە (بەو گریمانەیشەوە کە پەیوەستە بە خەباتی چینایەتییەوە)، درەنجامێکی گرنگ بکەوێتەوە. مەبەستیشمان ئەوەیە: لای بۆرژوازییەتی پیشەسازی وەك چینی باڵادەست بەسەر بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا، خواستێکی خۆکرد و خۆڕسك بۆ مومارەسەکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت و رابەرایەتی سیاسییانەی کۆمەڵگە بوونی نییە، ئەوەیش بە هۆی سروشتی دەوڵەت خۆیەوە. لە بەرامبەردا، بۆرژوازییەت (جیاواز لە سەرجەم چینە باڵادەستەکانی پێشتر) دەیەوێت ئەم کارانە بکات. ئەمەیش لە قۆناغێکی کامڵی پەرەسەندنی مێژووییدا لەسەر ئەرزی واقیع روویدا. کاتێك بۆرژوازییەت ناچار بوو

رابەرایەتی سیاسیی کۆمەڵگە و دەوڵەت بگرێتە دەست، بە گشتی لەو ڕێگایەوە ئەم کارەی کرد کە دەستەبژێرێکی سیاسیی بۆ دەوڵەت و تایبەت بە کاروباری دەوڵەت بەرهەم هێنا، ئەم دەستەبژێرە سیاسییە (کە زۆرجار مارکس بە «سیاسییە گەیشتووەکان» ناویان دەبات) ئەوەیان دروستکرد کە زمانێکی دیاریکراوی ڕۆژنامەنووسی ناویاننان «چینی سیاسی». ئەگەر بێتوو هەندێك لە کتێبەکانی مارکس، بۆ نموونە خەباتی چینایەتی لە فەرەنسا (1848-1852)، لەژێر ڕۆشنایی ئەم ئاماژەیەدا بخوێنرێنەوە، ئەوا دەبنە کتێبی زۆر گرنگ و پڕ دەلالەت.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەمە دەبێت پێداچوونەوە بە پرسی دەوڵەتی سیاسییدا، بە بونیادەکەی و دامەزراوەکانیدا، بکەین، بە تایبەتیش دامەزراوە نوێنەرایەتییەکان و مێژووی ئەم دامەزراوانە، دامەزراندنی سیستەمی حزبەکان و پەیوەندییان بە خەباتە چینایەتییەکانەوە، هەروەها دەرکەوتنی سیاسییانەی جەماوەر؛ ئینجا دەبێت پەیوەندی هەموو ئەمانەیش بە ڕواڵەت یان بە جەوهەری ستەمگەری- سەرکوتکاریی دەوڵەتەوە، کە بەهۆی کەرەستەکانییەوە وەدی دێت (کە مارکس ناوی دەنێت «دیکتاتۆرییەت» بە واتا چینایەتییەکەی وشەکە)، هەڵبسەنگێنینەوە. بگرە دەبێت پێداچوونەوە بە شتانێکی دیکەیشدا بکەین: واتە پرسی پەیوەندی ئەم کۆ-چینایەتییە لەگەڵ «دەسەڵاتی ئایدیۆلۆژی»ـدا کە چینی باڵادەست بەهۆی ئەو شتەوە مومارەسەی دەکات کە گرامشی ناوی دەنێت «کەرەستەکانی هەژموون» (بێگومان، لێرەدا ڕێکەوتی کێشە سەرەکییەکەی

گرامشی دەکەین). دەبێت سەرلەنوێ لەژێر ڕۆشنایی ئەم ئاماژەدەرانەدا کێشەی هەر قۆناغێکی باڵا لە پەرەسەندنی بۆرژوازییەتی سەرمایەداری بهێنینەوە بەر باس و شیکار بکەین (وەك ئەوەی گرامشی کردوویەتی، بەتایبەتیش دەربارەی ئیتالیا)، کە چۆتە ئەودیوی سنوورەکانی ئەو شوێنەی مارکس و ئەنگڵس تێیدا وەستاون. دەبێت ئەو سەرنجەیش بخەینە روو کە ئەنگڵس، لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا، دوای مەرگی مارکس، لەژێر فشاری داواکارییە سیاسییە نوێیەکاندا کە خۆی بەسەر چینی کرێکاردا سەپاندبوو، بەتایبەتیش لەسەر یەکەم حزبی گەورەی جەماوەری، واتە سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانی، سەرنجی خۆی خستە سەر هەندێك پرس و بابەت کە پێشتر باسیان نەکردبوو؛ ئەم بابەتانە تەنیا پەیوەندییان بە بونیادی هێزەکەیەوە نەبوو، بەڵکو پەیوەندییان بە دەوڵەتی نوێ و دامەزراوە نوێنەرایەتییەکانییەوە هەبوو؛ بەڵام ئەنگڵس لەسەر ئاستی ئاراستە پراکتیکییەکان ئەم کارە دەکات نەك لەسەر ئاستی دووبارە ڕۆشنکردنەوە و قووڵکردنەوەی تیۆری. ئەمەیش کۆمەڵێك دەرەنجامی هەبوو کە بوونە زەمینەیەکی بەرهەمدار بۆ مشتومڕ لەسەر هەندێك بابەت کە هێشتایش پێویستیان بە قسە و باسی زیاتر هەیە، لەوانە مشتومڕ دەربارەی ئەو شتەی کە پێیوترا مارکسیزمی ئەنتەرناسیۆنالی دووەم و بەگشتیش دەربارەی تیۆری شۆڕشگێڕیی، تاوەکو دەرکەوتنی لینینیزم لە ماوەی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا.

بەڵام ئەم داواکارییانە کە ئاماژەم پێدان و پەیوەستبوون بە دووبارە ڕۆشنکردنەوەی شتێکەوە کە تێپەڕیوە، واتە دووبارە ڕۆشنکردنەوەی لە پێشترێتی مێژوویی (تەنانەت

دەربارەی کاتیگۆرییە پێویستە تیۆرییەکانیش)، ریشەکانی لە سەردەمی ئەمرۆماندایە: واتە دەبێت بە هۆی میتۆدی بەراوردەوە، لە رووی چەمکسازییەوە بەسەر ئەو گۆڕانە گەورانەدا سەربکەوین کە ئەمرۆ لە بونیادی ئابووری-سیاسی سەرمایەداریی دواییندا و لە چوارچێوەی جیهانی ئێستادا، لەسەر ئاستی رووبەرووبوونەوە و باڵادەستی، روویانداوە، ئینجا پەیوەندی ئەم گۆڕانکارییانە بە دینامیکییەتی هێزە بەرهەمهێنییەکانەوە (و ئینجا پەیوەندییان بە «قەیران»ـیشەوە) دەربخەین. کەواتە لە کۆتاییدا ئەوەی مەبەستمانە، ئەوەیە لە رووی چەمکییەوە، دەستمان بەسەر ئەو رێگایەدا بشکێت کە هەموو ئەم بابەتانە پێکی دەهێنن و دەتوانێت خەباتی ئێستای چینەکان و جەماوەر ئاراستە بکات.

# دەوڵەت، حزب، ئایدیۆلۆژیا
# تێڕوانینێکی هەمەلایەن

ئێتیان بالیبار

پرۆفیسۆر نۆبێرتۆ بۆبیۆ، بەم دواییانە لێکۆڵینەوەیەکی بڵاوکردەوە[99] کە نەك تەنیا لە ئاستی «تیۆری»ـدا بەڵکو لە کایەی «سیاسی»یشـدا دەنگدانەوەیەکی زۆری لە قەدپاڵەکەی دیکەی ئەلپدا هەبوو، لەوێدا بە کورتی ئەمە روون دەکاتەوە: مارکسیزم هەرگیز نەیتوانیووە تیۆرێك دەربارەی دەوڵەت ئامادە بکات، نە تیۆرێك دەبارەی دەوڵەتی سەرمایەداریی مۆدێرن (دەوڵەتی لیبرالی) و نە تیۆرێك دەربارەی دەوڵەتی کۆمۆنیزم، ئەمەیش شتێکی ئەوپەڕی مەترسیدارە بۆ ئەو و بۆ ئێمەش. مارکسیزم نەیتوانیوە ئەمە بکات لەبەر هۆکارێکی سەرەکی: لەبەرئەوەی ئەرکەکەی، بەر لە هەموو شتێك، گرنگیدان بووە بە مەسەلەی حزب (حزبی شۆڕشگێڕی)، گرنگیدان بە دارشتنی تیۆرێك دەربارەی حزب و دروستکردنی حزب، لە هەموو حاڵەتەکانیشدا ئەم دوو ئەرکە ]داڕشتنی تیۆرێك دەربارەی دەوڵەت و داڕشتنی تیۆرێك دەربارەی حزب[ لە واقیعدا لێکدژن.

هەڵسەنگاندنی ئەو شیکارییانەی کە مارکس و ئەنگڵس بۆ مەسەلەی حزبی شۆڕشگێڕیی کردوویانە، بە کردەیی پەیوەستە بە پرسیاری یەکەمەوە کە دەبێت لایەنیکەم بە سکێچێك بیخەینەروو. تۆ بڵێی، لە راستیدا، لای ئەو دووانە دوو گوتاری دژبەیەك، لەبارەی پرسی حزبەوە لە ئارادا نەبێت کە بە شێوەی هەمەجۆر یەکتری دەبڕن؟ ئێمە لێرەدا دەمانەوێت ئەمە روون بکەینەوە. گوتاری یەکەمیان تایبەتە بە شێوازی شیکاریی ئەوەی کە مێژووییانە بوونی هەیە. لەم روانگەیەدا، حزبێکی دیاریکراو بەگوێرەی چەمکێك لە خۆیدا

99 N. BOBBIO, Qualc Socialismo?, Eimauoli, 1977.

و بەر لەوەی بەشێوازی جیاواز ریالیزە ببێت و بگات بە کامڵبوون، بوونی نییە: بەڵکو فۆڕمی هەمەجۆری رێکخستنی کرێکاریی و پرۆلیتاری، بە ئایدیۆلۆژیا دژایەتیکەرەکەیەوە بوونی هەیە، کە لە رەوشێکی دیاریکراوی ئابووری و سیاسییدا پەیدابووە و رۆڵی جیاوازیشی لە بەردەوامێتی خەباتە چینایەتییەکەیدا هەیە، وەکو شارتیزم، رێکخراوە نهێنییەکانی لە جۆری بلانکی، کۆبوونەوە کۆمۆنیستەکان، سەندیکا تریدیۆنییەکان، کۆمەڵەی جیهانیی ئیشکەران، یەکێتی گشتی کرێکارانی ئەڵمان (لاسالی) و..هتد. بەڵام لەپاڵ ئەم گوتارە شیکاریی و بەگشتی رەخنەییەدا، گوتارێکی پێوانەییش هەیە لەبارەی شێوازی ئەوەی کە دەبێت ببێت- لەسەر بنچینەی تیۆری ئامانجە مێژووییە دوورمەوداکان، ئەمەیان ئەوە پیشان دەدات کە دەبێت «حزبی پرۆلیتاری» چۆن بێت، چۆن لەگەڵ چەمکەکەیدا وێك دێتەوە و فیت دەبێت، چۆن لەگەڵ ئامانجە مێژووییەکەیدا هاوشوناس دەبێت: واتە گرتنە دەستی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن پرۆلیتاریاوە، لەپێناو رەتکردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی چەوساندنەوەی سەرمایەداریدا.

بەم جۆرە، بە پەیڕەویکردن لەم دوو گوتارە دەتوانین شیکاریی مانیفێستی کۆمۆنیزم بکەین، ئەم دەقەیش پێگەیەکی ستراتیژیی گرنگی هەیە، لەبەرئەوەی مارکس و ئەنگڵس بۆ ئەوە ئامادەیان کردووە کە بە کردەیی ببێتە یەکەم دەستوەردان و تەداخولی چالاکانەی سیاسی-تیۆرییان، کە دوای نیو سەدە بووە بنچینەی فەلسەفی «مارکسیزم»ـی سۆسیالیزمی دیموکراتی (سۆسیال دیموکرات). ئەی رێکخراوە کرێکارییەکانی ساڵانی چلەکانی سەدەی نۆزدە بە چیدا لە

پۆزەتیڤیزم positivism -کە پۆزەتیڤیزمێکی یۆتۆپیایی بوون و تەنیا بە وەسف و رەخنەوە گیرسابوونەوە- جیابکەینەوە ئەگەر لەوەدا نەبێت کە چووبوونە نێو کۆنتێکستێکی مێژوویی گەردوونییەوە؟ بەچیدا بیانناسینەوە ئەگەر ئەوە نەبێت کە هەر لە دەستپێکردنیانەوە روانگەی خۆیان بە شاراوەیی کردە "تۆو"ی هاوچەرخێتی بۆ داهاتوویەکی حەتمی، بە کورتی، کاریان کرد بۆ پەرەدان بە "ئامانج"ـی حزب: »کۆمۆنیستەکان حزبێکی جیاواز دروست ناکەن کە دژایەتی سەرجەم حزبە کرێکارییەکانی دیکە بکات ]... [ ئەوان کۆمەڵێك بنەمای تایبەت دانانێن کە بیانەوێت بەهۆیەوە بزووتنەوەی کرێکاری قڵپ بکەنەوە ]...[ ئەوان هەمیشە، لە سەرجەم ئەو قۆناغانەدا کە خەباتی چینایەتی نێوان پرۆلیتارەکان و بۆرژوازەکان سیما سەرەکییەکەیانە، بەرژەوەندییەکانی سەرجەمی بزووتنەوەکە دەنوێننەوە. ]... [ ئەوان، لە رووی تیۆرییەوە، بەوە لە پرۆلیتارەکانی دیکە جیا دەبنەوە کە خاوەنی دەرکێکی روون و ئاشکران بە رەوشەکانی بزووتنەوەی پرۆلیتاری و پرۆسێسەکانی و ئامانجە گشتییەکانی« (مانیفێستی کۆمۆنیزم، بەشی دووەم).

لەمڕۆدا بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو مەیلە ئامانجگەرایەی ]تیلۆلۆژی[ کە لە تێکستەکاندایە و راستەوخۆ بۆتە مایەی دروستبوونی بۆچوونێك کە سووك و ئاسان بەرگری لە بوونی حزب دەکات و لە ئەنتەرناسیۆنالی دووەم و سێیەمدا باڵادەست بوو و تا ئەمڕۆیش بە ریشەیی رەخنە نەکراوە، ناتوانین دیسانیش ئەم تێکستانە بپشکنینەوە -کە دەبێت لە هەلومەرجە سەرەتاییەکانی "تێهەڵکێشبوون"ـی بزووتنەوەی

کرێکاری و تیۆری مارکسیزمدا بۆ هۆکارەکانی ئەمە بگەڕێین-. کاوتسکی بە ڕێکوپێکی ئەم بۆچوونەی خستەروو و چەسپاندی، ڕێک لەبەرئەم هۆکارەیشبوو کە لەو سەردەمەدا، لە روانگەی ئەو رەخنانەوە کە لەلایەن "چەپ" و "راست"ـەوە لێیگیرا، بە مارکسیستێکی ئۆرسۆدۆکسی عەیارە بیست و چوار درایە قەڵەم. لێرەدا بە شێوەیەکی تایبەت دەگەڕێینەوە سەرناملیکەکانی سێ سەرچاوەکەی مارکسیزم (1908)؛ کە لەوێدا ئایدیالیزمی ئەم بۆچوونە پەرەسەندنگەرییە بە روون و ئاشکرایی دەردەکەوێت (ئەمە ئەو بۆچوونەیە کە ئالتوسێر وەك "هیگڵییزمی دۆشداماو" ئاماژەی پێداوە): وا دەردەکەوێت ئەو حزبە سیاسییەی کە سۆسیال-دیموکراتی ئەڵمانی نموونە هەرە دیارەکەی بوو، باڵاترین فۆڕمی هێڵی پەیدابوون و گەشەکردن و بەرزبوونەوە بووبێت کە حزبێك پێی بگات، ئەمەیش لە ڕێکخراوە هەرە "عەفەوییەکان"ـەوە دەستی پێدەکرد (هەرەوەزییەکان، کۆمەڵەکانی هاوکاریی دوولایەنە، رۆشنبیرکردنی کرێکاری)، تا "ئاگایی چینایەتی" ڕێکخراو (سەندیکاکان، حزب). بە هەرحاڵ ئەم فۆڕمە باڵایە (هەتا خەباتی چینایەتی بمێنێت) لە رووی مێژووییەوە دوا فۆڕم و کۆتاییە، چونکە بە بۆچوونی کاوتسکی، لە هەناویدا سەرجەمی لێکدژییەکان هەڵدەوەشێنێتەوە؛ ئەو وا پێناسەی دەکات کە "ئامێزانبوون" (لێرەدا گوزارشتەکە دەردەکەوێت)، یان "سەنتێز"ـی گشتیگرە: 1) سەنتێزی زانستە سروشتی و ئەخلاقییەکان لە تیۆرەکەیدا؛ 2) سەنتێزی دەستکەوتە پەرشوبڵاوەکان لە کولتووری مۆدێرندندا (فیکری ئابووریی ئینگلیزی، فیکری سیاسیی شۆڕشگێڕانەی فەرەنسی، فیکری

فەلسەفی ئەڵمانی..)؛ 3) سەنتێزی بزووتنەوەی کرێکاریی "عەفەوی" و سۆسیالیستی؛ 4) سەنتێزی تیۆر و پراکتیك بە گشتی. کەواتە ئەمە بابەتی ئەڵتەرناتیڤی "مەعریفەی رەها"یە. هەڵبەت ئەوە راستە کە حزبە کۆمۆنیستییەکان، لە دوای "مایەپووچبوونی ئەنتەرناسیۆنالی دووەم" و لە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر، خۆیان لە ستراتیژییەتی سیاسەتی پەرلەمانیی سۆسیال-دیموکرات دابڕاند و پەیڕەوییان لە ستراتیژی دیکە کرد، بەڵام ئەمە رێی ئەوەی لێنەگرتوون کە لە ئاستی تیۆریدا، جەوهەری ئەم نموونە ئامانجگەراییەی "حزبی چینی کرێکار" بپارێزن و بەردەوامیی پێبدەن، لەگەڵ ئەگەری قڵپکردنەوەی هەندێك لەو پراکتیکانەی کە تێیدا بوون (بەتایبەتیش لە پەیوەندیی سەندیکاکان و حزبدا)، بەڵام وەك ئاماژەی پێ دەدەین لەگەڵ بەردەوامیدان بە لێدانی دوو زەنگ[100] "دابەشکردنی کار" کە رواڵەتە هەرە سەرەکییەکەی بوو، ئینجا هیرارشییەتی جێگیری خەباتە "ئابووری و "سیاسی"یە چینایەتییەکان کە بنەماکانی رێکخستنەکەی بوو.

---

100 بڕوانە:

Bruno TRENTIN, Do Sfruttati aproduttori, De Domato, Bari, 1977. «partiti, sinoliecti e movimenti di massa nella crisi italiana», dans P.C.I., classe operaia e movimento studenlesco, ouorage collectf, Guaraldi, Firenze, 1977., elson inerventions au eollaque Pouvouir er oppasirion dans les sociétés posrsévolutionnaires, organisé por «II manifesto», el .Sevil, Paris, 1978

Lobesr MICHLS, Zur Soziologia des porreiwesens, 1911 (trad, .(fr.: les partis politiques Champs, Flammarion

بەهەرحاڵ ئەم ئامانجگەراییە (و ئەو وەزیفە بەرگریکارییەی کە لە پراکتیکدا بەدەستی هێنا) بێگومان هەر لە پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەری 1917ـەوە، ئەوەی ڕێکخستبوو کە تۆڵەیەکی ئاسان لە دژە رووکەشەکەی بکاتەوە: واتە لە پۆزەتیڤیزمی شیکاریی "سۆسیۆلۆژی" بۆ وەزیفەی "پراکتیکی"ـی حزبە کرێکارییەکان، کە لەرێگەی گۆڕینی ریالیزەبوونی مێژوویی مەیلەکانی خەباتی چینایەتی بۆ هەڵسوکەوت و لێهاتوویە تاکەکەسییەکان، میکانیزمە "کاریزماتیك"ـیەکانی زەق کردەوە (بەو واتایەی کە ماکس ڤێبەر مەبەستی بووە) بە مەبەستی ملکەچکردنی "جەماوەر" بۆ "رابەر"ەکەی و باڵادەستی بیرۆکراسییەت، کە ماشێنی سیاسی لەسەر خەباتگێڕەکان مومارەسەی دەکات. جا بە رەخنەگرتن لە سۆسیالیزم، رێگای کردەوە بۆ لێدان لە خاسییەتی "ئۆلیگارشی"ـی گریمانەکراو لە هەر دیموکراسییەتێکدا[101].

توێژینەوەی مێژوویی لەو چەمکانەی کە کێشەی حزب لە فۆڕمە هەمەجۆر و دوابەدوایەکەکانیدا بەهۆیانەوە خۆی دەخاتە نێو مارکسیزمەوە، لە یەك کاتدا بەڵگە و نیشانەیە هەم لەسەر گۆرانێکی ویستراوی قووڵ و هەمیش لەسەر کێشەیەکی چارەسەر نەکراو. ئەم توێژینەوەیە دەرفەتی ئەوەمان بۆ دەرەخسێنێت کە سەرلەنوێ کێشەی مارکسیزم بووروژێنینەوە، ئەویش لەو ساتە وەختەدا کە مۆدێلی

101 بڕوانە:

Lobesr MICHLS, Zur Soziologia des porreiwesens, 1911 (trad, .(fr.: les partis politiques Champs, Flammarion

سۆسیالیزمی دیموکراتی بە فۆڕمە هەمەجۆرەکانییەوە، چۆتە نێو قەیرانێکەوە کە لەوێدا وێنەی بزووتنەوەی کرێکاریی بە شێوەیەکی قووڵ بە گۆڕانێکی ناوەکیدا تێدەپەڕێت. لە راستیدا، وێناکردنی حزبی شۆڕشگێڕیی لای مارکس و ئەنگڵس، راستەوخۆ پەیوەستن بە وێناکردنی دەوڵەتەوە. بە هەرحاڵ چەمکی دەوڵەت لە مارکسیزمدا، بەڵگەی ئەوەیە کە کێشەیەك هەیە هێشتا بە بێ چارەسەرکردن ماوەتەوە. ئایا بە راستی ئەم کێشەیە باس کراوە و لە شوێنی خۆیدا شیکراوەتەوە؟ هەموو شتێك ئاماژە بەوە دەکەن کە پێدەچێت لای مارکس و ئەنگڵس "تیۆرێکی راستەقینە دەربارەی دەوڵەت" بوونی نەبێت.

**-1 ئایا "تیۆرێك دەربارەی دەوڵەت" بوونی هەیە؟**

دەشیت ئەم قووڵبوونەوەیە چەند مانایەکی هەبێت، ئەمە هەڵوەستەیەکە کە بە جەخت و دووپاتکردنەوەوە، لە چوارچێوەی گفتوگۆکانی ئێستا لە بارەی "قەیرانی مارکسیزم"ـەوە، روویداوە و دەرکەوتووە، وەك هەر هەڵسەنگاندنێکی نێگەتیڤیش، دەشێت بە شاراوەیی وێناکردنیکی "پۆزەتیڤ"ـی لەلان ئەو کەسانەوە بۆ کرابێت کە رایانگەیاندووە، خۆ ئەگەر لەمەیشەوە ئەوە تێبگەین کە مارکس و ئەنگڵس سیستەمێکیان بۆ دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی سۆسیالیستی و کۆمۆنیستی نەخستۆتەروو، ئەوا ئەم هەڵوەستەکردنە نابێتە هیچ لەتکبوونێك لە بونیادی تیۆری مارکسیزمدا، بەڵکو وێرای ئەوە، هاوبەندییە لۆژیکییەکەی دەردەخات، چونکە رەتکردنەوەی سەرجەم "یۆتۆپیاکان"

دەربارەی کۆمەڵگەی داهاتوو، تەنانەت بەوانەیشەوە کە لە فۆڕمی نەخشە چاکسازییە کامڵ و پۆزەتیڤییەکاندا هەن، یەکێکە لە تێزە سەرەکییەکانی ئەم تیۆرە. بەم واتایە، نەبوونی ”تیۆرێك دەربارەی دەوڵەت“ لای مارکس و ئەنگڵس، بە زۆری، گوزارشتە لە رەخنەیەکی ماتریالی بۆ هەر وێناکردنێکی مێژوو کە باوەڕی بە توانای ”هێنانەناوەوە“ی سۆسیالیزم (یان مۆدێلێکی دیاریکراوی سۆسیالیزم) هەبێت، بە پشتبەستن بە سکێچێکی پێشتر وێناکراو و بڕوای بە توانای ”جێگرتنەوە“ی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی لەلایەن یەکێکی ترەوە هەبێت لەسەر بنەمای بەراوردێکی ئایدیاڵیی نێوان ئەوەی هەیە و ئەوەی کە دەبێت هەبێت.

ئەم هەڵوێستە راستەوخۆ پەیوەستە بە یەکێك لە تێزەکانی مارکسەوە -کە تارادەیەك لێکدژە، وەك دواتر دەبینین- دەربارەی ”وەهمی سیاسەت“ و ”کۆتایی دەوڵەت“.

هەر بنیادنانێکی سیستەمێکی تیۆریی دەربارەی کۆمەڵگەی داهاتوو لەو شتەدا بەشدارە کە مارکس و ئەنگڵس ناوی دەنێن وەهمی سیاسی، واتە وەهمی بڕوابوون بەوەی کە گۆڕانە مێژووییەکان لەو بڕیارانەوە دەکەونەوە کە دەدرێن و لەو بژاردانەوە دێنە کایەوە کە لە نوسراوە دەستوورییەکاندا بەدەست دەهێنرێن و تۆمار دەکرێن. ئەوە وەهمێکە کە تایبەتمەندیی ئایدیۆلۆژیا سیاسییە عەقڵانییەکان بوو لە شۆڕشە بۆرژوازییەکاندا (بەتایبەتیش شۆڕشی فەرەنسی: بڕوانە دۆزی دەستووری کێوییەکان Les montagnards، ساڵی 1793 کە بە زوویی جێبەجێکردنەکەی هەڵپەسێردرا و مارکسیش بە وردی لێی کۆڵیوەتەوە)، کە

دواتر لە ئایدیۆلۆژیا سیاسییە باڵادەستەکانی کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا بەردەوامیی پێدرا، واتە زیندوو ڕاگیرا، ئەو وەهمەی گوایە گۆڕان بەو ئەندازەیە ڕوودەدات کە لە "ئیرادە"وە دروست دەبێت (ئیرادەی گشتی، کە ئیرادەی سەرکردەکان و دەزگای دەوڵەت و گروپە کۆمەڵایەتییە کێبەرکێکارەکانە). شتێکی جەوهەری لەم ئایدیالیزمە ناگۆڕین، ئەگەر بێتوو وێنای ئیرادەیەکی "پەتی"ـی بکەین کە گوایە بە تەواوی لە بژاردەکان سەربەست و سەربەخۆیە، یان ئەگەر هەوڵ بدەین بەهۆی خستنەرووی ئەو تێزەوە هەوڵی دەستکاریکردنی بدەین کە پێیوایە ئیرادەی سیاسی لەو ڕەوش و سنوورانەدا مومارەسە دەکرێت کە لەلایەن بونیادی ماتریالیی پێشتری کۆمەڵگە و ئەو "ئایدیایانە"ی کە مێژوو دەیخاتە "سەر"ی ئەو پیاوانەوە کە دروستی دەکەن، دیاریی دەکرێن. مارکس و ئەنگڵس دژ بە هەر وێناکردنێکی مێژوو دەوەستنەوە، بەتایبەتیش دژ بەو بۆچوونە دەربارەی شۆڕشەکان کە دەبێتە مایەی قڵپکردنەوەی دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان و ئامانجی دروستکردنی سیستەمێك یان "تیۆرێك"ـە، لە ڕێگەی ئەو بیرۆکەیەوە کە دەڵێت فۆڕمە کۆمەلایەتییەکان بەرەنجامی خەباتە چینایەتییەکانن، واتە بەرەنجامی کۆنتێکستی پەرەسەندنی لێکدژییەکانن، بە بێ بوونی "سوبێکت"ـێکی مرۆیی یان خودایی، تاکەکەسی یان دەستەکۆیی، کە بتوانێت پێشتر بەشێوەیەکی گشتگیر کۆی بکاتەوە و وێنای بکات.

هەروەها، هەموو تیۆرێك دەربارەی دەوڵەت (بەم واتایە) لێکدژە لەگەڵ تێزی "کۆتایی دەوڵەت"ـی مارکس. بە

بۆچوونی مارکس و ئەنگڵس مێژووی خەباتە چینایەتییەکان لە سەردەمی مۆدێرندا خوازیاری ئەوە نییە دەوڵەتێکی نوێ دابمەزرێنێت، کە لەرێگەی "دەستکاریکردن"ـەوە پەرە بە دەوڵەتی باڵادەست بدات، واتە لە تایبەتمەندییەکانی چەوساندنەوە و دوژمنایەتی چینەکان دایبماڵێت و پاکژی بکاتەوە و لەمەیشەوە "گشتگیرییەکەی کەم بکاتەوە"، دواجار بیکاتە رێکخراوی خزمەتگوزارییە گشتییەکان و وەزیفە دەستەکۆییەکان لەو کۆمەڵگەیەدا کە گەرەکە بهێنرێتە بوون. بەڵکو مێژوو مەیلی لە روخانی دەوڵەتە، بەو واتایەی کە ئەم وشەیە لە مێژوودا وەری گرتووە (ئەم واتایە چییە؟ بێگومان، دەبێت ئەم پرسیارە لە مارکس بکەین). ئەگەر وابێت، ئارەزوو بۆ پەرەدان بە تیۆرێك لەبارەی دەوڵەتەوە، لەپێناو ئەم تیۆرە خۆیدا، واتای بەردەوامبوونە لە مانەوە لەنێو ئەو وەهمە ئایدیۆلۆژییەدا کە دەوڵەتی ئێستا بەرهەمی هێناوە؛ هەروەها بە واتای ئەوەیشە وێناکردنی گۆڕانەکانی داهاتوو لە کۆمەڵگەدا، وەك دەڵێن ئەڵتەرناتیڤە ئێجگار رەسەنەکانە بۆ مێژووی رابردووەکەی. هەروەها، واتایەکی تریشی هەیە: وێناکردنی "فۆڕمی دەوڵەت" کە بەرەنجامی مێژوویی رەوش و هەلومەرجێکی تایبەتە، لە سەلمێنراوێکی مێژوویی و دواجار لە شتێکی رەها دەچێت. ئەمەیش وادەکات کە ئەم فۆڕمە بکاتە دەربڕی ئامانجی باڵای مێژوو. لەبەرئەمە مارکس و ئەنگڵس لەو خاڵەدا کە دەکرێت ناوی بنێین هەڵوێست لەبارەی "کۆتایی دەوڵەت"ـەوە، دژایەتی هەر فۆڕمپێدانێکی دەوڵەتی داهاتوو دەکەن (دەوڵەتی سۆسیالیستی، دەوڵەتی کۆمۆنیستی)، ئەمەیش یەکێکە لە دەربڕینە سەرەکییەکان

لە ماتریالیزم و لە هەڵوێستی ئەو چینەی کە تیۆرەکەیان لەبارەوە داڕێژراوە، هاوکاتیش ئاماژە بەوە دەکەن کە ناکرێت هەر شیکارییەکی دەوڵەتی باڵادەست (و فۆڕمە بەدوایەکداهاتووە مێژووییەکانی دەوڵەت) بە راستەوخۆیی و بێلایەنییەوە، لە راستییەکان یاخود "واقیعەکان" ورد بێتەوە. راستییە مێژووییەکان، هەمیشە و پێشوەخت، بە تۆرێک لە بۆچوونە ئایدیۆلۆژییەکان گەمارۆ دراون، ئەمانە یان بۆچوونی کردەیین (کە رۆژانە پێویستن و بەهۆی "کاری خۆیەوە" دووبارە بەرهەم دەهێنرێنەوە) یاخود بۆچوونی تیۆریین (کە "زانست"ـە یاسایی و کۆمەڵایەتییەکان و فەلسەفە، دروستیان کردوون). بۆیە دەبێت وەك "بابەتێکی ئایدیۆلۆژی" لە دەوڵەت بکۆڵینەوە، بەرلەوەی بتوانین وەك واقیعێك سەرنجی لێ بدەین. کەواتە بەم جۆرە رەخنەی دەوڵەت و ئینجا رەخنەی ئایدیۆلۆژیای سیاسی لەگەڵ ئایدیای "تیۆرێك دەربارەی دەوڵەت"ـدا ناکۆکە.

هەروەها ئەوە زۆر سەخت نییە لەوە تێبگەین کە بۆچی ناتوانین لای مارکس و ئەنگڵس دەستمان بە تیۆرێك رابگات کە ئەو فۆڕمە سیاسییانە شیکاربکات و بگرە روون بکاتەوە کە کۆمەڵگەی سەرمایەداریی لە پرۆسێسی "گواستنەوە"ی شۆڕشگێڕی بەرەو سۆسیالیزم، وەریان دەگرێت. ئەم پرسیارە، کە رەوایە (هەر لە ئۆکتۆبەری 1917ـەوە) ئاراستەی مارکسیستەکانی ئەمڕۆی بکەین، پەیوەندی بە مارکس و ئەنگڵسەوە نییە کە هەندێجار تۆزێ پەلەیان لەوە کردووە کە بە گەشبینییەوە پێیانوابووە وا خەریکە شۆڕشی پرۆلیتاری روودەدات، بەڵام دواجار تەنیا چەند هەوڵێکی نەزۆکییان بینی

لەنێوان (1848-1871) و دوای ئەوەی کار لە کارترازا ئینجا دانیان بەوەدانا کە هێشتا "پێنەگەیشتبوو". بەڵام بە زۆری ئەوەی کە کێشەکە دەوروژێنێت ئەو ڕێگایەیە کە بەهۆیەوە، دواتر توانرا، بۆ نموونە بانگەشەی ئەوە بکرێت گوایە ئەو شیکارییانەی مارکس کە کۆمۆنەی پاریس ئیلهامبەخشیان بوو، لە نەخشەیەك دەچوو، یان لە ڕاگەیاندنی بنەماکانی دەوڵەتی سۆسیالیستی یان کۆمۆنیستی دەچوو (بڕوانە: برنشیتاین، لینین، شۆڕشی کولتووریی چین).

بەڵام پێدەچێت ئەم حاڵەتە کردەییە سەرجەمی ئاستەنگە تیۆرییەکان دەرنەخات، بابەتەکە پێویستی بە شتی دیکەیشە. خۆ ئەگەر لە ڕاستیدا کێشەکەی مارکس و ئەنگڵس، هەر لە بنەمادا دروستکردنی "تیۆرێکی مارکسیستی دەربارەی دەوڵەت" بە واتای مۆدێلێك بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگا، دەکاتە شتێکی دوورەدەست، ئەوا بە ئاشکراتر گریمانەی ئەوە دەکات کە دروستبوونی دەوڵەتی باڵادەستی ئێستا (دەوڵەتی "بۆرژوازی" یان "سەرمایەداری") و سەرجەم فۆڕمەکانی و مێژووەکەی، بابەتی شیکاریی تیۆرین، بە هەمان ئەو واتایەی کە مەسەلەی تیۆری شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریی هەیەتی. بە هەرحاڵ تیۆری مارکس ڕێک لەم خاڵەدا نوقسانە. باس لەو ڕێگایە ناکەم کە مارکسیزمی دواتر ویستی بە پشتبەستن بە هەندێك مەلەسەی جیاواز لە کۆی دەقە "کلاسیکییەکان"ـدا، ئەم کەلێنە داپۆشێت. هەر لە سەرەتایشەوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ مارکس و ئەنگڵسدا بمێنینەوە، دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە پرسەکە ناکرێت تەنیا لە پرسی کات و کەرەستەکاندا کورت بکرێتەوە. بەدڵنیاییەوە، هەموو

تیۆرێکی زانستی بەهۆی ئەوەی ناتوانێت یەکسەر هەموو ئەو پرسانەی کە دەردەکەون لە خۆیدا کۆ بکاتەوە، یان بەهۆی ئەوەی ناتوانێت چارەسەری هەموو ئەو پرسانە بکات، وەك تیۆرێکی ریالیزەنەبوو دەمێنێتەوە. بەڵام نەبوونی "تیۆرێك دەربارەی دەوڵەت"، لە کارە تیۆرییەکانی مارکس و ئەنگڵسدا، وێنەیەکی زۆر پارادۆکسیکاڵترمان پێدەدات، کە لە راستیدا بابەتی زنجیرەیەك نەفیکردنەوەی لێکدژ پێکدەهێنێت. فۆمولەکردنی سەرەتایی "ماتریالیزمی مێژوویی" لە هەمان کاتدا هەم شوێنێکی پێویستی بۆ "تیۆرێك دەربارەی دەوڵەت" تەرخان کردبوو، ئەو شوێنەیش کەوتبووە نێو ئەو ئاستەوە کە مارکس ناوی دەنێت "سەرخانی یاسایی-سیاسی"ی کۆمەڵگە (بڕوانە: پێشەکی رەخنەی ئابووریی سیاسی، 1859)، هەم بابەتێکی دیاریکراوی لەم شێوەیە لە خۆ دەگرێت کە خاوەنی تایبەتمەندیی نا-واقیعییەتی جەوهەرییە، ئەوەیش بەو رادەیەی کە "ژێرخان"ـی شێوازی بەرهەمهێنان دواجار نەك تەنیا دیاریکەری گۆڕانە مێژووییەکان نییە، بەڵکو خۆی بە تەنیا بە کردەیی ماتریالییە، چونکە تەنیا ئەو لە پەیوەندی راستەوخۆدایە لەگەڵ "هێزەکانی بەرهەمهێنان"ـی کۆمەڵگەدا: سەربەخۆیی رێژەیی سەرخان تەنیا سەربەخۆیی "ئاوەژووکردنەوە"ی راستەوخۆ یان قڵپکراوەی لێکدژییەکانی ژێرخانە. دواتر دەگەڕێمەوە سەر ئەم خاڵە.

مارکس، بە گریمانەیی، لە "نەخشە"ی سەرمایەدا، واتە لە "سیستەمی خستنەروو"ی دیالەکتیکییانەی تیۆرەکەیدا، چارەسەری بۆ کێشەی "پەیوەندی نێوان سەرجەم فۆرمەکانی دەوڵەت و بونیادە ئابوورییە جیاوازەکان" داناوە. بۆ ئەم

باسە بگەڕێوە بۆ پێشەکییەکەی ساڵی 1857 و پێشەکی ساڵی 1859ی رەخنەی ئابووری سیاسی، کتێبی سێیەم، بەشی 47: "دروستکردنی قازانجی سەرمایەداریی زەوی و زار": «فۆڕمی تایبەتی ئابووری، کە تێیدا کاری زیادەی بێ بەرامبەری بەرهەمهێنەرە راستەوخۆکان ئەتك دەکرێت، پەیوەندی باڵادەستی و ملکەچی دیاریی دەکات، هەروەها راستەوخۆیش لە بەرهەمهێنان خۆیەوە هەڵدەقوڵێت و لای خۆیشییەوە بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە کاریگەری دادەنێت. ئەم پرسە ژێرخانی هەر فۆڕمێکی کۆمەڵی ئابووری پێکدەهێنێت، کە راستەوخۆ لە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانەوە پەیدابووە، لە هەمان کاتیشدا ژێرخانی فۆڕمە سیاسییە تایبەتییەکەی پێکدەهێنێت. دەبێت هەمیشەیش لە پەیوەندی راستەوخۆی نێوان خاوەنی کەرەستەکانی بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنەری راستەخۆدا، ]...[ قووڵترین نهێنی بپشکنین و کەشف بکەین، بەدوای بنچینە شاراوەکەی هەر بونیادێکی کۆمەڵایەتیدا بگەڕێین، ئینجا نهێنیی فۆڕمە سیاسییەکەی پەیوەندی باڵادەستی و ژێردەستی بپشکنین، بە کورتی ژێرخانی ئەو فۆڕمە تایبەتییەی کە دەوڵەتێك لە سەردەمێکی دیاریکراودا هەیەتی. ئەمە رێگری لەوە ناکات کە ژێرخانی ئابووری خۆی (هەمان ژێرخانی پەیوەندییە سەرەکییەکەی)، لەژێر کاریگەری زۆر هەلومەرجی جیاوازی ئەزموونی و دۆخی سروشتی و پەیوەندییە نەژادییەکان و کاریگەرییە دەرەکییە مێژووییەکاندا و..هتد، ئەڵتەرناتیڤ و جیاوازییە ناکۆتاکان دەربخات، بە جۆرێك کە تەنیا دەتوانین بۆ شیکارکردنی ئەم رەوش و هەلومەرجە ئەزموونیانە روونی بکەینەوە».

مارکس لە نامەیەکیدا کە لە 28ی کانوونی یەکەمی 1862دا بۆ کوگلمانی ناردووە، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەم گواستنەوەیە لە شێوازی بەرهەمهێنانەوە بۆ دەوڵەت تاکە پەرەسەندنی تیۆری سەرمایەیە، کە ڕەنگە تەنیا مارکس خۆیشی توانای ئەوەی هەبووبێت لەسە بنەمای کتێبی یەکەم، بینووسێت. بەهۆی نەبوونی هەر مادەیەکی وردەکار و درێژەوە دەربارەی ئەم خاڵە -لە کاتێکدا کە دەستنووسەکانی بەشەکانی سەرمایە هێشتا لەلایەن ئەنگڵس و کاوتسکییەوە ئامادەنەکرابوون و بڵاونەکرابوونەوە، یان ئەوانەی کە پەیمانگاکانی مۆسکۆ و ئەمستردام هەڵیاندایەوە و هەزاران لاپەڕەبوون- دەکرێت بە دوو ڕێگا لێکدانەوە بۆ ئەم قسەیە بکەین: یان بە بۆچوونی مارکس، واتای ئەوەیە دەتوانین لە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانەوە دەرەنجامگیریی تیۆرێك دەربارەی دەوڵەت بکەین، بەڵام تەنیا بەهۆی پەنابردنێکی ڕاشکاوانەوە دەبێت بۆ دیالێکتیکی مێژوویی بە تایبەتمەندییەکەی خۆیەوە (کە مارکس خۆیشی "بەڵێن"ـی ئەوەی دابوو بە تایبەتی لەبارەیەوە بنووسێت، بەڵام ئەمە ڕۆشنایی نەبینی)؛ یاخود بە پێچەوانەوە مەحاڵە ڕاستەوخۆ تیۆرێك دەربارەی دەوڵەت لە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانەوە دابتاشین، بە بێ ئەوەی بچینە نێو تیۆری ڕەگەزە سەرەکییەکانی دیکەیشەوە، "خاڵی دیکەی دەستپێکردن" کە لە کتێبی یەکەمی سەرمایەدا باس نەکراوە (واتە بەبێ هێنانەناوەوەی چەمکی "پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان" کە جیاوازە لە پەیوەندی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریی و پەیوەندی ئاڵوویری بازاڕ). ڕەنگە مافی

خۆمان بێت کە پێمان وابێت مارکس خۆیشی دەستەخەڕۆ بووە، بەتایبەتیش کە لێرەدا بەر تەنگژەیەکی راستەقینەی نێو کێشەکەی دەکەوێت، کە بە شێوەیەکی لێکدژییانە، پێشمەجی بوونی توانای خستنەرووی پرسی دەوڵەتی سەرمایەدارییە و پێشمەرجی ئەوەیە کە مەحاڵە بە کردەیی مەسەلەی دەوڵەت بخەینەروو و چارەسەری بکەین.

کاتێك ئەنگڵس لای خۆیەوە ” کە راسپێردراو بوو ویستێك جێبەجێ بکات“، ویستی لە بنەرەتی خێزان و موڵکایەتی تایبەت و دەوڵەت (1884)ـدا، تیۆرە ونبووەکە لەبارەی دەوڵەتەوە لە روانگەی ماتریالیزمی مێژوویەوە پیشان بدات، ئەوا بە رێگایەکی تەواو جیاواز ئەمەی کردووە: واتە بە دووبارە پێکهێنانەوەی دروستبوونی دەوڵەت لە کۆمەڵگە پێش-سەرمایەدارییەکاندا. ئەمەیشی بە لەبەرچاوگرتنی چەند زانیاریەك کردووە کە زانستی پێش-مێژوو و ئێتنۆلۆژیای پەرەسەندنگەرایی لەو سەردەمەدا (بەتایبەتیش ل. هـ. مۆرگان، کۆمەڵگەی دێرین) خستبوویانە بەردەستی. ئەم تیۆرییە زگماکییەی دەوڵەت ]کە پێی وایە دەوڵەتی سەرمایەداریی بەرەنجامی دەوڵەتانی پێش خۆیەتی[، لە هەمان کاتدا توانای ئەوەی پێدا بیر لە پەیوەندی دوولایەنەی پێویست لەنێوان بوونی دەوڵەت و بوونی لێکدژییە دوژمنکارییە چینایەتییەکان بکاتەوە و سەرنج لەوە بدات کە ناکرێت کیشەی سیاسی (کە ماتریالیانە لە «دەزگا»ی تایبەتی دەوڵەتدا بەرجەستە بووە)، تەنیا وەك «ئاوەژووکردنەوە«یەکی سادەی ژێرخانی هەنوکەی ئابووری ببینین. بەڵام ئەم تێزە هەرگیز دەرفەتی شیکارکردنی فۆڕمە تایبەتییەکەی دەوڵەت و بگرە فۆڕمە

جیاوازەکانی دەوڵەت لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا، نادات. ئەمە دەبێتە مایەی ئایدیای تەقلیدی دێرین کە لە جەوهەری دەوڵەتدا هێشتایش ماوەتەوە، کە پەرەسەندنەکەی لەگەڵ ئەو رۆڵەدا تەواو دەبێت کە لە «کەڵەکەکردنی یەکەم»ـی هەلومەرجەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا دەیگێڕێت. کەواتە مێژووی دەوڵەت، لەنێوان بنەرەتەکەی لە خەباتە چینایەتییەکانی پێش سەرمایەداریدا و کۆتاییەکەی لە کۆمەڵگەی کۆمۆنیستیدا، وەك شتێکی بیر لێنەکراوە، بگرە وەك شتێك کە قابیلی ئەوە نییە بیری لێبکرێتەوە، ماوەتەوە.

هەموو ئەم سەرنجانە ئەو ئەگەرە دوورناخەنەوە کە تیۆری نائامادەیی دەوڵەت پشت دەبەستێ بە ئاسۆکانی زنجیرەیەك پرسی سەرەکی، کە لەلایەن مارکس و ئەنگڵسەوە خراونەتەروو:

أ- لەلایەکەوە پشتبەستن پێی وەك مەرجەعی توێژینەوە مێژووییەکان دەربارەی ململانێ چینایەتییەکانی ساڵانی 1840-1890، واتە شیکارکردنی پەیوەندییە سیاسییەکان لە بارودۆخێکی تایبەتدا: بۆ نموونە، بێتوانایی بۆرژوازییەتی ئەڵمانی لە دروستکردنی «شۆڕشی بۆرژوازی» لە تایپە ئینگلیزی یان فەرەنسییەکەی (بڕوانە وتارەکانی رۆژنامەی رینانیزمی نوێ، شۆڕش و دژە شۆڕش لە ئەڵمانیا)؛ دواتریش، رۆڵی دەوڵەتی پروسی، کە بنەرەتێکی فودالییانەی هەیە، لە ئەفراندنی پێشمەرجەکانی گەشەکردنی سەرمایەداری لە ئەڵمانیای «بیسمارکی»ـدا. نموونەیەکی دیکە: تایبەتمەندی وردە «چین»ـی جووتیاران کە شۆڕشی فەرەنسی دروستی کردبوو، ئەم «هێزی سێیەم»ـە لەنێوان بۆرژوازییەت و

پرۆلیتاریادا، کە شکستی هەردوو شۆڕشی 1848 و 1871 تەفسیری دەکەن، کە بوونە مایەی «کامڵبوونی دەزگای دەوڵەت» (پۆناپارتیزم: بڕوانە ململانێ چینایەتییەکان لە فەرەنسا، هەژدەهەمی برۆمێری لویس پۆناپەرت). ئەم نموونانە ئەوە دەسەلمێنن کە «تیۆری دەوڵەت» بەستراوەتەوە بە پرسەکانی پەرەسەندنی جیاوازی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و لێکجیاکردنەوەی پێکهاتە کۆمەڵایەتییە ناسیۆنالیستییەکان لە چوارچێوەی هەمان شێوازی بەرهەمهێناندا، ئەم شێوازی بەرهەمهێنانەیش بەهۆی ئەو مەیل و ویستەی کە هەیەتی، دەستبەسەر پانتایی بڵاوبوونەوەدا دەگرێت کە لە بازاڕی جیهانی پێکدێت (دەبێت سەرنجی ئەوە بدەین کە «نەخشەرێگا»ی مارکس، بەشێوەیەکی پارادۆکسیکاڵ، دەوڵەت «وەك جۆرێك لە بەسەنتەرکردنی کۆمەڵگەی بۆرژوازی»، دەخاتە پێش توێژینەوە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی بەرهەمهێنان و توێژینەوە لە بازاڕی جیهانی و قەیرانەکانەوە).

ب- پاشان، ئەم تیۆرەی کە لە شیکاریی فۆرمەکانی خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریادا و لە ڕەخنەی ئایدیۆلۆژییە یۆتۆپیستەکانی سۆسیالیزمی تریدۆنیۆنیزم و ئانارشیزم و سۆسیالیزمی دەوڵەتی ڕیفۆرم (بڕوانە لاسال)، لەخۆگیراوە. لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە دوو خاڵی گرنگ بدەین:

- مارکس بەڵگەی ئەوەی هێناوەتەوە کە دەشێت خەباتی «ئابووری»ـی چینایەتی «سەندیکایی» رووت، کە بەرەنجامێکی زەروری شۆڕشی پیشەسازییە، وەڵامێك بێت بەگژ خواستی کەمکردنەوەی کرێدا بچێتەوە، بەڵام

ناتوانێت ببێتە مایەی گۆڕانی شۆڕشگێڕانە لە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێناندا (بگەڕێوە: کرێ، نرخ، قازانج، 1860)؛ خواستی پرۆلیتارياييش، وەك چینێکی شۆڕشگێڕ، بۆ دەستگرتن بەسەر دەسەڵاتی سیاسیدا هەر لێرەدایە، کە ئەمیش لای خۆیەوە گریمانەی کۆمەڵێك فۆڕمی تایبەتی ڕێکخستن دەکات، کە بەهۆی ئەم خواستەیەوە، لە فۆڕمی سەندیکایی جیاوازە.

- مارکس و بەتایبەتییش ئەنگلس، بەڵگەی ئەوەیان هێناوەتەوە کە خەباتی سیاسیی چینایەتی لای خۆیەوە گریمانەی خەباتێکی چینایەتیی تیۆریی دەکات، ئەم تیۆرەیش بۆ ئەوە ئامادە دەکرێت کە لەنێو پرۆلیتاریادا "وێنایەکی زانستی و شۆڕشگێرانە دەربارەی جیهان" (سۆسیالیزمی زانستی)، دروست بکاتەوە و بەنێو ئەم چینەدا بڵاوببێتەوە. لە راستیدا، باڵادەستیی چینایەتی تەنیا باڵادەستیی ئابوورییانەی سەرمایە نییە بەسەر ئەو هێزی کارەدا کە دەیچەوسێنێتەوە و باڵادەستی نییە بەسەر دووبارە بەرهەمهێنانەوەیدا، تەنیا پاراستنی سیستەمی باویش نییە بەهۆی ئامرازە سەرکوتکارییەکانەوە، بەڵکو سەرەڕای لێکدژیی بەرژەوەندییەکانیشیان، باڵادەستیی ئایدیۆلۆژیشە کە لەسەر خودی پرۆلیتاریا مومارەسە دەکرێت: »ئایدیۆلۆژیای باڵادەست لە کۆمەڵگەدا، ئایدیۆلۆژیای چینی زاڵە« (ئایدۆلۆژیای ئەڵمانی، مانیفێستی کۆمۆنیزم). ئایدیۆلۆژیا دەبێت بە شێوەیەکی تایبەت بەشداری لە خەباتی چینایەتیدا بکات (بگەڕێوە بۆ: سۆسیالیزمی یۆتۆپیایی و سۆسیالیزمی زانستی، پێشەکی چاپی دووەمی جەنگی جووتیارەکان 1847، رەخنەی بەرنامەی گۆتا و ئێرفۆرت)، بۆ بەرەبەرەکانێی ئەم

باڵادەستییەی کە ناکرێت لە بوونی دەوڵەت جیا بکرێتەوە ("دەوڵەت یەکەم هێزی ئایدیۆلۆژییە"، ئەنگڵس، لۆدفیگ فیۆرباخ و کۆتایی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی، 1888). هەروەها ئەم فۆڕمە سەرەکییەی کە ئەم باڵادەستییە ئایدیۆلۆژییە لە سەردەمی بۆرژوازییەتدا بەخۆیەوەی دەگرێت، لە راستیدا، تێپەڕاندنێکی گشتگیری ئایدیۆلۆژییە مافخوازەکانە.

دەکرێت هەنگاوێك برۆینە پێش و بڵێین، ئەو شیکارییە کۆنکریتییەی پەیوەندییە مێژووییەکانی نێوان سێ فۆڕمەکەی خەباتی چینایەتی، کە مارکس و ئەنگڵس بەگوێرەی ئاراستەکانیان جیایان کردوونەتەوە، بە دیاریکراوی پەیوەستن بە تیۆرێکی ماتریالییەوە دەربارەی دەوڵەت (تیۆرێك کە پێویستی بە ئامادەکردنە).

ج- دواجار، ئەم تیۆرە لەو تێزانەدا لەخۆگیراون کە پەیوەستن بە گواستنەوەوە لە سەرمایەدارییەوە بۆ کۆمۆنیزم. پێشتر ئاماژەمان بەو دژوارییە بنەماییە تیۆرییانە کرد کە لێرەدا زەق دەبنەوە. مارکس و ئەنگڵس، لایەنیکەم لە دوو هەلی گرنگدا کە جەوهەری مشتومڕە مارکسییەکانی دواتر دیاریی دەکەن، لەوە دوودڵ نەبوون (یان رەنگە وایانزانیبێ ناچارن ئەم کارە بکەن؟)، کە داڕشتنەوەی تیۆری دەربارەی رۆڵی دەوڵەت لە قۆناغی گواستنەوەدا پیشان بدەن. ئەم داڕشتنەوانە، بە جۆرێك لە جۆرەکان لەگەڵ یەکدا هاوکات و تەبان، چونکە لە رەخنەی بەرنامەی گۆتا (1874) و لە چاپتەری دووەمی بەشی سێیەمی ئەنتی-دۆرینگ (1878)ـدا دەیبینین. بەڵام ئەم داڕشتنەوانە لە بەریەککەوتن دوور

نەبوون و نەیانتوانیوە خۆیان لە لێکدژیی نێوانیان بپارێزن.

لە رەخنەی بەرنامەی گۆتادا، کە دەقێکە بە تەواوی دژ بە خواستی لاسالیزم لەبارەی باڵادەستی دەوڵەتەوە، ئاراستە کراوە (دەبێت هەموو ئەم چەنابازییانە لەبارەی دەوڵەتەوە وەلا بنێین، بەتایبەتیش دوای کۆمۆنە، کە هەرگیز بە واتای وشەکە دەوڵەت نەبووە)، مارکس دوو قۆناغ لە کۆمەڵگەی کۆمۆنیستیدا لێکجیا دەکاتەوە. قۆناغی یەکەمیان، کە لە جەوهەرەکەیدا هەڵگری لێکدژییە، »کۆمەڵگەیەکی کۆمۆنیستییە کە لەسەر بنچینەی تایبەت بەخۆی گەشەی نەکردووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، ماوەیەکی کەمە لە کۆمەڵگەی سەرمایەدارییەوە هاتۆتە دەرەوە«، ئینجا »لە هەموو لایەنەکانەوە تایبەتمەندییەکانی ئەو کۆمەڵگەیەی هەڵگرتووە«. مارکس لەسەر بنچینەی ئەم لێکدژییە، لەلایەکەوە زەرورەتی دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا دەخاتە روو، وەك ئامرازێکی سیاسی بۆ گۆڕینی شۆرشگێڕانەی کۆمەڵگا، لەلایەکی دیکەیشەوە پێشبینیی بەردەوامبوونی "مافی بۆرژوازی" دەکات (کە لەرووی رواڵەتییەوە مافی یەکسانە) وەك رێکخەری کرێی کار، تا ئەو کاتەی کە هێشتا هێزەکانی بەرهەمهێنان و دابەشکردنی کار نەگۆڕاون. ئەنگڵس لە کتێبی ئەنتی-دۆرینگدا، وەرگرتنی موڵکایەتیی کەرەستەکانی بەرهەمهێنان لەلایەن دەوڵەتەوە، دەکاتە فۆڕمی یەکەم "تاوەکو بە مۆرکێکی سۆسیالیستی جێگای بگیرێتەوە"، ئەوەیش روونە ئەو دەرکی بەمە کردووە، چونکە لە هەمانکاتدا ئاگای لە لێکدژییە سەرەکییەکانی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییش هەیە، وەك لێکدژیی نێوان

ڕێکخستنی بەرهەمهێنان لە پرۆژەکان (لە پرۆسەی کار) و فەوزای ئاڵۆزی نێوانیان (واتە فەوزا لە دابەشکردنی کۆمەڵایەتییانەی کار و لە بازاڕی "کێبەرکێی ئازادی" و لە قەیرانەکانیدا). بەڵام ئەم فۆڕمەی دەوڵەت لەنێو خۆیدا لێکدژە، لەبەرئەوەی دەوڵەت خودی کۆمەڵگە نییە، بەڵکو ڕێکخستنێکی چینایەتییە: واتە »دەوڵەتی سەرمایەداران، سەرمایەداری دەستەجەمعی وەك ئەوەی خەیاڵ کراوە«. سەرمایە ئەوەی سەلماندووە کە دەوڵەت دەتوانێت، لەبارەی "یاسادانانی پیشەسازییەوە" بەشێوەیەکی سەربەخۆ لە سەرمایەدارە تاکەکەسییەکان هەڵسوکەوت بکات و بگرە دژ بە بەرژەوەندییە ڕاستەوخۆکانیشیان بوەستێتەوە، بەڵام هەمیشە ئەم کارە بۆ بەرژەوەندییە گشتییەکانی چینەکەیان دەکات، واتە لەپێناو دووبارە بەرهەمهێنانەوەی هەلومەرجە گشتییەکانی چەوساندوەدا (بڕوانە: سەرمایە، کتێبی یەکەم، بەشی 15 "بەگشتیکردنی بەکارهێنانی ئامێرەکان و پیشەسازیی گەورە"). لێرەدا دیالەکتیکی نەفیی نەفی (بە واتا هیگڵییەکەی) دێتە کایەوە: »یەکەم کردە کە دەوڵەت بە کردەیی تێیدا وەك نوێنەری هەموو کۆمەڵگە دەردەکەوێت [...] لە هەمان کاتدا دوایین کردەیشییەتی وەك دەوڵەت [...] و حوکمی خەڵکی چۆل دەبێت بۆ بەڕێوەبردنی شتەکان«. کەواتە هەڵوەشاندنەوەی ئیرادییانەی دەوڵەت لە ئارادا نییە وەك ئەوەی ئەنارشیستەکان دەیانەویست، بەڵکو دەوڵەت بەهۆی لێکدژییە ناوەکییەکانی وەزیفەیەکەیەوە دەپوکێتەوە، کە تێیدا پرۆسێسی گواستنەوە چڕ دەبێتەوە و ئەنجام دەدرێت (کۆمەڵگە دەبێتە شتێکی وەك ئەم دەوڵەتە، دەوڵەتیش

دەبێتە نادەوڵەت: "بەڕێوەبردنی شتەکان"). ئەمە لە کاتێکدا کە دەتوانین لە رەخنەی بەرنامەی گۆتاوە لەوە تێبگەین کە هەندێك لە رواڵەتەکانی دەوڵەت تەنانەت تا کۆمۆنیزمیش بەردەوام دەبێت، نەك وەك فۆڕمێکی گشتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بەڵکو وەك دامەزراوە تایبەتییەکان کە پەرەسەندنی جیاوازی کۆمەڵگەی کۆمۆنیزم پێویستی پێیانە. ئەم جیاوازییە لەنێوان ئەم دوو دەقەدا، کە دەشێت تا ئاستی لیکدژیی درێژی بکەینەوە، ئەوە دەردەخەن کە ئەو تێزە جێگیرەی وا کۆمۆنیزم و کۆتایی دەوڵەت دەکاتە هاومانا و هاوشوناس، لەخۆیدا تەنگژەی تێدایە، بەڵام ئەوەیش روونە کە ئەم جیاوازییە و ئەم تەنگژەیە هەرگیز بۆ مارکس و ئەنگڵس دیار و بەرچاو نەبوون[102].

بێگومان لێرەدا جەوهەری پرسی "تیۆری مارکسیزم لەبارەی دەوڵەتەوە" دەبینین؛ ئەوە وێناکردنێکی ئایدیۆلۆژییە، بە هەمان ئەو واتایەی کە ماتریالیزمی مێژوویی دەیەوێت بەم چەمکەی ببەخشێت: ئەوە وێناکردنێکی "گشتی"یە (هەر لەبەرئەمەیش وێناکردنی رۆڵی مێژوویی پرۆلیتارییایە وەك گۆڕهەڵکەنی هەموو لێکدژییە چینایەتییەکان) کە لە رێکخستنی ململانێ پراکتیکییەکاندا بەکاردەهێنرێت. ئەم وێناکردنە ئایدیۆلۆژییە رۆڵێکی شۆڕشگێڕانە دەبینێت لە خەباتی دژ بە ئایدیۆلۆژیا

102 بێگومان، لە ڕوانگەی «دەستەی سەرکردایەتی» لە سۆسیال-دیموکراسی ئەڵمانیدا شتەکە تەوواو بەم جۆرزە نەبوو، چونکە یەکێک لەم دوو دەقە (رەخنەی بەرنامەی گۆتا)ی قەدەغە کردبوو، ئەویوتریشی کردبووە ئینجیل (کاوتسکی خۆی ئەوە ڕادەگەیەنێت کە لە کاتی خوێندنەوەی کتێبی ئەنتی دۆرینگدا بۆتە مارکسیست).

سیاسییە بۆرژوازییەکان (لیبرالیزم و ناسیۆنالیزم و..هتد)، بەڵام وێناکردنێکیشە کە پڕیەتی لە لێکدژیی قووڵ کە خودی ئەم خەباتە هۆکارییەتی: ئەوە لە دەرەوەی ئەو کایە ئایدیۆلۆژییە باڵادەستە نییە کە هەمان وێناکردن دان بە بوونیدا دەنێت؛ بەڵکو زۆرتر سازانێکی ناجێگیری روانگە چینایەتییە لێکدژەکانە کە شوێنەوارەکانی پەیوەستە بە رەوشە مێژووییەکانەوە (ئەمە تەفسیری لایەنێکی ئەو "لێکدژی"ـیە کە لە ئێستادا رۆژانە بەری دەکەوین و تەفسیری بەکارهێنانە مارکسیستییەکەی ئەنتی-شۆڕش دەکات). هەموو ئەمانە راستەوخۆ کاریگەری لەسەر وێناکردنی مارکسیستی بۆ حزب و شیکارکردنی وەزیفە سیاسییەکەی دادەنێن، دیارە دێینەوە سەر ئەم بابەتە.

سەرەتا، بۆ توێژینەوە لەم لێکدژییانە، دەبێت بە وردی و لە نزیکەوە شیکارییەك بۆ بەکارهێنانەکانی چەمکی دەوڵەوت و گۆڕانە خوازراوەکانی لە کتێبەکانی مارکس و ئەنگڵسدا بکەین؛ ئینجا دەبێت هەوڵ بدەین بۆ پێناسەکردنی ئەو وەزیفەیەی کە ئەم چەمکە لە بەیەکگەیشتی تیۆری مارکسی و پراکتیکی بزووتنەوەی کرێکاریدا، ئەنجامی دەدات (کە لە هەمان کاتدا، هەم ئامرازی "ئامێزانبوونیان"ـە و هەم نیشانەی ناتەباییە رێژەییەکەیشیانە).

**2- دوو دابڕانەکە:**

دەتوانین روون و ئاشکرا لای مارکس و ئەنگڵس گۆڕانەکان لەو چەمکەی دەوڵەتدا ببینین کە بەکاری دەهێنن، ئەوان لە رەوتی کۆنتێکستێکدا دەستیان پێکرد کە لەو سەردەمەدا

ئاکامی ڕەخنەی ناوەکیی سیاسەت و فەلسەفەی سیاسیی بوو (بەتایبەتیش لای هیگڵ)، ئەم ڕەوتەیش لە چەمکی دەوڵەت و وەزیفە مێژووییەکەیدا نەگەیشتۆتە کامڵبوون، چەمکێکیشە کە دەوڵەت و کۆمەڵگە دەکاتە دوو یەکەی دژیەك (وردتر بڵێین، ئەم چەمکە ناکۆکی دەخاتە نێوان دەوڵەتی سیاسی و کۆمەڵگەی مەدەنییەوە). ئەوان ئەم چەمکەیان خستۆتە نێو کێشەی یەك بە دوای یەك و هەمەجۆرەوە. لە هەمان کاتیشدا کردیانە بەشێکی سەرەکی لە کێشە گشتییەکە (ماتریالیزمی مێژوویی)، کە تێیدا "ڕەخنەی ئابووریی سیاسی"یان کرد، ئەمەیش دواجار بووە مایەی تیۆری شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریی. لەو کاتەیشەوە، وایان بۆ دەرکەوت ئامادەکردنی ئەم تیۆرییە -لەبارەی شیکاریی چەوساندنەوەی هێزی کارەوە و دەرهێنانی کاری زیادە و کەڵەکەبوونی سەرمایە لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی- دووپاتکردنەوە و جەختکردنەوەیە لەسەر پەیوەندییە گشتییەکەی پەیوەندی نێوان دەوڵەت-کۆمەڵگا، بەو فۆڕمە "ماتریالیية"ی کە لە وەختی ڕەخنەی یەکەمدا هەیبوو.

ئەگەرچی مارکس و ئەنگڵس بەردەوام بۆ ئەم چەمکەی یەکەم گەڕاونەتەوە و بیریان لە کەشفکردنی ئەو کێشەیە کردۆتەوە دایدەڕێژێت و بەکاری دەهێنێت، کەچی چەمکێکی تریان هێنایە ناوەوە (یان سەرلەنوێ هێنایانەوە ناوەوە)، ئەویش چەمکی دەوڵەت بوو وەك ئامراز یان وەك "دەزگا"ـی سەرکوتکاریی. ئەم چەمکەیش دیسان، دەگەڕێتەوە بۆ خەباتی چینایەتی لە کۆمەڵگادا، بەڵام بە پێی چۆنییەتییەکی تر: نەك وەك دەربڕینی خەباتی چینایەتی یان دابەشبوونی کۆمەڵگە

بۆ چینەکان (ئەمە گوزارشتێکە کە دەشێت بشێوێنرێت، یان بکرێتە فێڵێك یان فریووێك، بۆیە دەبێت دیسانیش واتاکەی دیاری بکرێتەوە)، بەڵکو وەك ئامراز لە خەباتی چینایەتیدا و لە خزمەتی چینی باڵادەستدا، بە واتا "تەکنیکییەکەی" وشەکە. دژواریی ئەم باسە لەوەوە نایەت کە مارکس و ئەنگڵس لەو توێژینەوانەدا کە بە مەبەستی دەستنیشانکردنی سیاسی نەك تەنیا بە ئامانجی دارشتنی تیۆرێکی گشتی، ئەنجامیانداوە، ئەم چەمکەی دووەمیان تەنیا بە شێوازێکی وەسفیی و پچڕپچڕ بەکارهێناوە، بەڵکو لەبەرئەوەی هەرگیز نەیانتوانیوە ئەو جیاوازییە سەرەکییە دیاریی بکەن کە ئەم توێژینەوە "عەیینییانە" لە کێشە گشتییەکەی جیادەکاتەوە و بگرە لێکدژی دەخاتە نێوانیشیانەوە. تەواو بە پێچەوانەوە، هەمیشە هەوڵی سڕینەوەی ئەم جیاوازییانەیان داوە و ویستوویانە توێژینەوەکانیان لەبارەی دەزگای دەوڵەتەوە بە چەمکی "کۆمەڵگەی مەدەنی/دەوڵەتی سیاسی"یەوە گرێ بدەنەوە، ئەمەیش لەسەر ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوانە و ئەو دەرەنجامە سیاسییانەی کە بەدەستیان هێنان، بێ کاریگەری نەبووە.

بەڵام مەحاڵە نکوڵی لەم گۆڕانە و لەم جیاوازییە لە ئاراستەکاندا بکەین، چونکە تەنیا ئەمانە دەرفەتی ئەوەمان پێدەدەن لە کردەی دابڕانە روونەکان تێبگەین کە دەکرێت لە هەڵوێستە جیاوازەکانی مارکس و ئەنگڵسدا لە بارەی دەوڵەت و سیاسەتەوە تێبینی بکەین، لەمەیشەوە گەیشتبوونە دەرەنجامی لێکدژ. با ئێستا بەشێوەیەی سکێچ باس لەوە بکەین کە ئەم دابڕانانە بە وردی دەکەونە کوێوە:

أ- یەکەم دابڕان لەگەڵ دروستبوونی "ماتریالیزمی مێژوویی"ـدا ڕوودەدات، لە ساڵەکانی 1845-1847.

مارکس، لە ڕەخنە لە فەلسەفەی دەوڵەت لای هیگڵـدا (دەستنووسێکی ساڵی 1843یە و بڵاوی نەکردەوە) و لە دەقە هاوچەرخەکانی ساڵنامەکانی فەرەنسی-ئەڵمانیـدا (و لەوانەیش مەسەلەی یەهودییەت)، هەردوو چەمکی "کۆمەڵگەی مەدەنی" و "دەوڵەتی سیاسی" دەخاتە سەر ئەستۆی خۆی، کە تەقلیدی فەلسەفی لە لۆکەوە هەتا ڕۆسۆ و ئادەم سمیس و هیگڵ ئامادەیان کردبوو و پەرەیان پێدابوو. مارکس ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە دیموکراسییەت، لە ڕواڵەتدا، هیچ نییە جگە لە فۆڕمێکی دامەزراوەیی یان فۆڕمێکی دیاریکراوی دەوڵەت لەنێو فۆڕمەکانی تردا؛ لە ڕاستیدا، ئەوە حەقیقەتی سەرجەم فۆڕمەکانی دەوڵەتە، کە لە خۆیدا دیموکراسییە و دەشێت ڕواڵەتە دەرەکییەکەی لەگەڵ جەوهەرەکەیدا ناکۆك بێتەوە: »دیموکراسییەت نهێنیی بنجبڕی هەموو دەستوورەکانە«. بابەتەکە بەم جۆرەیە چونکە »دیموکراسییەت لە مرۆڤەوە دەست پێدەکات، دەوڵەتیش دەکاتە مرۆڤێکی ئوبێکتی«. لەبەرئەوەی دیموکراسییەت –بە تایبەتی کە دەنگدانی گشتی بە بەردەوامی پەیڕەو دەکات، واتە »هەر مرۆڤێك دەکاتە نوێنەری مرۆڤێکی دیکە«- بە وردتریش بڵێین دیموکراسییەتی ڕاستەقینە (کە لەمەدا لە لیبرالیزمە دەستوورییە ڕووتەکە جیاوازە) یەکێتی دەخاتە نێوان بازنەی "سیاسی"ـی ئەبستراکت و ژیانی کۆنکرێتی هەموو گەلەوە، ئەم ژیانە کۆنکریتییەیش، وەك کۆتایی لێکدژیی، لەو بەرژەوەندییانەدا زاڵ دەکات کە کۆمەڵگەی

مەدەنی دژی بەخۆی و تاکەکان دژ بە یەکتر دابەشدەکات. ئەگەرچی لەوێدا چیتر ”مافی هاونیشتمانیان“ جیاواز لە ”مافەکانی مرۆڤ“ بوونی نییە؛ دەشێت دواجار ئەم مافانە گوزارشت لە کۆمەڵێك یان گشتێتییەکی راستەقینە بکەن، لەبری ئەوەی وەك ماسکێك بۆ بەرژەوەندیی خاوەندارە خۆپەرستە تایبەتییەکان بەکار بێت، وەك ئەوەی لە کۆمەڵگەی بۆرژوازیی ئێستادا هەیە.

بەڵام هەموو شتێك لەگەڵ مانیفێستی کۆمۆنیزمدا دەگۆڕێت: واتە مێژووی هەموو کۆمەڵگاکان دەکاتە ”مێژووی خەباتە چینایەتییەکان“، بۆیە دەشێت مێژووی نامۆبوون جەوهەری هاوبەشی مرۆڤ بێت؛ دیموکراسییەت -یان باشتر بڵێین کۆماری دیموکراتی، چونکە مەسەلەکە ”دیموکراسییەت“ نییە لە خۆیدا، کە تەنیا دەشێت وێناکردنێکی ئایدیۆلۆژییانە بێت- وا پێناسە دەکرێت کە »باڵادەستیی ئابووری و سیاسیی چینی بۆرژوازییە«. بەم واتایە ئەمە تەبا دەبێت لەگەڵ پەرەسەندنی تەواوی پەیوەندییە کێبەرکێکارییە ئازادەکان و ناسیۆنالیزمی سەنتراڵیستی مۆدێرن، کە لە بەرەبەرەکانێی نەتەوەکانی تردا لە شانۆی بازاڕی نێودەوڵەتیدا پێگەی خۆی دەگرێت، بگرە لەمەیش زیاتر: خودی مافیش، وەك فۆڕمێکی گشتیی رێکخستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ئاستی دەوڵەت دەردەکەوێت (ئەم رێکخستنەیش تەنیا ئەو کاتە دیموکراسییانەیە کە بە تایبەتی دەوڵەتی یاسایی و دەوڵەتی ماف بێت، واتە ئەو دەوڵەتەی کە کارەکەی تەنیا وەك ریالیزەبوونی ئازادی و یەکسانی یاسایی دەردەکەوێت؟) دەبێتە هاوشوناسی »ئیرادەی چینی بۆرژوازی کە بۆ ئاستی

یاسا بەرزکراوەتەوە، کە ناوەڕۆکی ئەم ئیرادەیەیش بە هەلومەرجە ماتریالییەکانی ژیانی ئەم چینە دیاریی دەبێت«. لەبەرئەمە، ئەم کورتکردنەوە زۆرەی دیموکراسییەت هەرگیز واتای ئەوە نییە کە دیموکراسییەت هیچ بەهایەکی مێژوویی نییە. بەڵکو بە پێچەوانەوە، دیموکراسییەت لە ڕەوت و پرۆسێسێکدا پەرە دەستێنێت کە، بە بۆچوونی مارکس، دواجار دەبێتە مایەی قلْپکردنەوەی پەیوەندییە چینایەتییەکان و پەیوەندییەکانی زاڵێتی. وەك فۆڕمێك دەردەکەوێت کە هەلی ئەوە بە بۆرژوازییەت دەدات »هەموو جوڵە مێژووییەکان لە دەستی خۆیدا کۆبکاتەوە«، واتە بە شێوەیەکی کۆنکریت، »پرۆلیتاریا دەجوڵێنێت تا دەگاتە ئامانجە سیاسییەکانی خۆی« و دژ بە فیودالیزم و ئەرستۆکراسییەت بەکاری دەهێنێت. دواتر بە حەتمی دیموکراسییەت دەبێتە ئەو ئامرازەی کە پرۆلیتاریا، کە ئیدی بەهۆی شۆڕشی پیشەسازی و ململانێ دژە سەرمایەدارییەکەیەوە بۆتە چینێکی سەربەخۆ، دەتوانێت بۆ ئامانجی وەدیهێنانی شۆڕشەکەی خۆی بەکاری بهێنێت. ئەم شۆڕشە بە ”دەستگرتن بەسەر دیموکراسی“ـدا دەست پێدەکات، بەڵام مەسەلەکە لێرەدا تەنیا پەیوەندیدارە بە کەرەستەی گواستنەوە و ڕاگوزەرانەوە، ئەمەیش ”قۆناغی یەکەم“ـە کە دەبێت ڕێبدات بە »پێشێلکردن و بەزاندنی ڕەهای مافی موڵکایەتی و سیستەمی بەرهەمهێنانی بۆرژوازی«، ئەوەیش بەرلەوەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی روویدابێت، چونکە لەگەڵ ئەم گۆڕانەدا دەستبەجێ نامێنێت.

بەدڵنیاییەوە، جیاوازی نێوان ئەو دوو هەڵوێستەی کە ئێستا باسمان کرد زۆریش سادە نییە. بەر لەهەموو شتێك

جیاوازییەکی سیاسییە، کورتەکەی وا لە گواستنەوە و پەڕینەوە لە هەڵوێستێکی مرۆیی، دیموکراتیی رادیکاڵ و گشتگیرەوە بۆ هەڵوێستی کۆمۆنیزم، کە بۆ یەکەمجار هەڵوێستێکی ئاشکرا و روونی چینی کرێکارە. کاتێك ئەنگڵس بۆجارێکی دیکە لە ساڵی 1892دا "دۆخی چینی کارکەر لە ئینگلتەرا" بڵاودەکاتەوە، بە روونی ئاماژەی بەم جیاوازییە داوە و ئەوە دەردەخات کە بۆچی »تەواو بێ سوودە و بگرە هەندێجاریش زیانبەخشە« لە پراکتیکی ململانیی چینایەتیدا بگەڕێینەوە بۆ »تیۆرێك کە ئامانجە باڵاکەی رزگارکردنی هەموو کۆمەڵگە بێت، بە سەرمایەدارەکان خۆیشیانەوە، لەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتییە هەنووکەییانەی کە دەیخنکێنێت«.

هەروەها جیاوازییەکە جیاوازییەکی تیۆرییشە، بەڵام لێرەدا بابەتەکە ئاڵۆزتر دەبێت. مانیفێستی کۆمۆنیزم بەروونی ئەوە دێنێتە ناوەوە کە دەتوانین ناوی بنێین وێناکردنی دەوڵەت وەك ئامراز، بگرە ئەم بۆچوونە لە کۆمەڵێك تێزدا تا دوایین رادەی خۆی رادەکێشێت، تێزی وەکو: »بۆرژوازییەت، هەر لە بەرپابوونی پیشەسازیی گەورە و بازاڕی جیهانییەوە، لە دەوڵەتی نوێنەرایەتی مۆدێرندا بە تەواوی دەستی بەسەر دەسەڵاتی رەهای سیاسییدا گرتووە. حکومەتی ئێستا هیچ نییە جگە لە لیژنەیەك کە بابەت و بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی هەموو چینی بۆرژوازی بەڕێوە دەبات«[103]. وێڕای ئەمەیش،

103 بەرلەوە بگەڕێوە بۆ: ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی: «ئەم خاوەندارێتییە تایبەتە نوێیە لەگەڵ ئەو دەوڵەتە مۆدێرنەدا تەباو و سازگارە کە بەرەبەرە خاوەندارە تایبەتەکان دەستیان بەسەردا گرتووە [...] دەوڵەت لە ڕێگەی سەربەخۆیی خاوەندارێتی تایبەتەوە لە کۆمەڵ، بوونێکی تایبەتی لەپاڵ و لە دەرەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی وەرگرتووە، بەڵام ئەم دەوڵەتە هیچ نییە جگە لەو فۆڕمە

ئەم بۆچوونەی کە دەوڵەت بە ئامراز دادەنێت، راستەوخۆ لەو وێنە هێڵکارییەی ئەکتی شۆڕشگێڕیدا کە مانیفێستی کۆمۆنیزم دایناوە، بەکارهێنراوە: مەبەست لە بەکارهێنانی دەوڵەت و ئامرازەکانی دەوڵەتە، وەك بەرزەکەرەوەیەك لەپێناو گەیشتن بە ئامانجێك کە لەخۆیدا نە باڵادەستی دەوڵەتە و نە ئامانجێکی "سیاسی"ـیە، بەڵکو ئامانجەکەی "هەڵوەشاندنەوەی موڵکایەتی بۆرژوازی" و لەنێوبردنی هەلومەرجەکانی لێکدژیی چینایەتی و خودی چینەکان و دەستوبرد پێکهێنانی کۆمەڵگەی ئیشکەرە یەکگرتووەکانە بە ئازادی.

بەڵام، ئەگەرچی لە سەرەتادا ئەم ئیشکالییەتەی گشتگیریی دیموکراسییەت لە ساڵی 1843ـدا دوور دەردەکەوێت (کە لەو کاتەوە زۆرجار هەردوو هەڵوێستەکە رووبەرووی یەکتر دەکرێنەوە)، ئەوا زۆر لەوەیش نزیکترە کە بۆی دەچین. یەکەم، چونکە ئەو دەرەنجامەیش کە ئەرگومێنتەکەی مارکس دەیەوێت بیگەیەنێت، خۆی لە دوو حاڵەتدایە: "کۆتایی دەوڵەتی سیاسی"، کۆتایی دووبەرەکێی کۆمەڵگە، لە بازنەی بەرژەوەندییە ماترياليیەکان و بازنە "گشتییە" ئایدیالییە گشتگیرەکاندا بەشێوەکی ساختە،

---

رێکخستنکارییەی کە بە زەرورەت بۆرژوازەکان بەدەستییەوە دەگرن، تاوەکو لە بەرامبەردا موڵک و ماڵ و بەرژەوەندییەکانیان بپارێزێت، چ لە ناوەوە و چ لە دەرەوە». بگەڕێوە بۆ: خەباتی چینایەتی لە فەرەنسا: «خاوەنداریێتی تەموز هیچ نەبوو جگە لە کۆمپانیایەکی پشکدارییی کە بۆ قۆستنەوە و بەکارهێنانی سامانی نەتەوەیی فەرەنسی دروست بووبوو، کە قازانجی پشکەکانی لەنێوان وەزیرەکان و ئەنجومەنەکان و 240000 دەنگدەر و لایەنگردا دابەش دەکرا. شا لویس–فیلیپ بەڕێوەبەری ئەم کۆمپانیایە بوو..».

هەروەها کۆتایی دابەشبوونی ناوەکی کۆمەڵگەی مەدەنی. تاکە شتێك کە بەشیوەیەکی ماتریالیی هەڵدەگەڕێتەوە، ڕێکخستنی هۆکارەکان و ئەنجامەکانە. کەواتە، ڕێک بەهۆی ئەم قڵپبوونەیەوە دەبوو مارکس جەخت لەسەر سیفەتی "دەوڵەتی سیاسی" بکاتەوە وەك ئامرازێك لە دەستی چینی باڵادەستدا کە ئاشکرا "بە ئارەزووی خۆی" بەکاری دەهێنێت. لەبەرئەمە، لە روانگەی ئەوەوە، دواجار مەبەستەکە دەرککردنە بەوەی بۆچی شۆڕشی سیاسی (پێکهاتنی چینی کرێکار لە حزبی سیاسیدا، بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات، دەستگرتن بەسەر دیموکراسییەتدا)، ئەگەرچی دەلالەتەکە بە تەواوەتی دەگەڕێتەوە بۆ هۆکارەکان نەك دەرەنجامەکان، پێشمەرجی رزگاربوونی کۆمەلایەتییە کە ناتوانین دەستبەرداری ببین و ئامانجی راستەقینەیە -ئەمە لە کاتێکدا ئەم رزگارییە، لە کێشەی مرۆیی-دیموکراسیدا، وەك دەرەنجامی کۆتایهاتنی ئەبستراکتە سیاسییەکانی دەوڵەتی هەنووکە، لە خۆ گیراوە.

بەڵام دواجار ئەمە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ رواڵەتێکی دیکەی قووڵتر، لە حوکمدانەکەی مارکسدا: دیاریکردنی دەوڵەت وەك "ئامراز"ی خواستی چینایەتی نابێتە مایەی پچڕان لەگەڵ کێشە بنچینەیی و بەراییەکەدا، بەڵکو زۆرتر بەکارهێنانی بەردەوامی ئەم کێشەیەیە؛ بەردەوامیی ئەم کێشەیەیش پەیوەستە بە بەکارهێنانی سکێچێکی تەواو تایبەتی نامۆبوون (کە لە فەلسەفەی بۆرژوازیی کلاسیکەوە ماوەتەوە) و لۆژیکەکەیەوە. "دەوڵەتی سیاسی" نامۆبوونی راستەقینەی کۆمەڵگایە، ئەوە بەرەنجام و وێنەکەیەتی کە دژی ئاراستە

دەکرێنەوە و بەهۆی دابەشبوونە ناوەکییەکەیەوە (بۆ "چینەکان") ملکەچی دەکەنەوە. کەواتە بەم جۆرە ڕێکخستنی چینی خاوەن بەرژەوەندی "تایبەت"، بە ڕێگای جیاواز، خۆی وا دەردەخات کە بەرژەوەندی گشتگیری "هاوبەش" و "گشتی" دەنوێنێتەوە. ئەمەیش، لە باشترین حاڵەتدا، وەزیفەی »ئەو لیژنەیەیە کە کاروبارە هاوبەشەکانی سەرجەمی چینی بۆرژوازی بەرجەستە دەکات«. کەواتە ڕواڵەتەکەی وەك ئامرازێکی نەرێنی جەوهەری نامۆبوونە؛ لێرەدا مەسەلەکە نەك تەنیا پەیوەست نییە بە ئیرادەی ڕاستەقینەی گەلەوە، بەڵکو پەیوەست نییە بە هیچ "ئیرادە"یەکی سەربەخۆیشەوە: چینی بۆرژوازی خۆی دەکات بە خاوەنی هەموو ئیرادەیەك. "موڵکایەتی تایبەت"ی (مەجازییانە؟) سەرمایەدارەکان و خۆ بەخاوەنکردنی دەوڵەت هیچ نییە جگە لە گوزارشتێکی تەواو لە پەرەسەندنی کۆمەڵگەی مەدەنی کە ناچاربووە بچێتە ژێر باری بە بەگشتیکردنی موڵکایەتی تایبەتی هەلومەرجەکانی ژیانی مرۆڤەوە (ئامرازە بەرهەمهێنی و ئاڵوویرییەکانی کۆمەڵگە).

ئینجا ئەگەر دابڕانی 1845-1847 نیشانەیەکی زەق بێت لەسەر دڕدۆنگییەکی سەرەکی لە کێشە بەراییەکەدا دەرهەق بە پراکتیکی سیاسی، هەروەها دەرهەق بە لێکدژییە قووڵەکەی لەگەڵ ئەو هەڵوێستە چینایەتییەی کە مارکس و ئەنگڵس، بەرەبەرە، پشتیوانییان لێکرد و لە توێژینەوە مێژووییەکانیان و پراکتیکە شۆڕشگێڕییەکانیاندا بەکاریان هێناوە، ئەوا ئەمە ڕێگری لەوە ناکات کە ئەم کێشەیە بەرگرییەکی نائاسایی بنوێنێت و ئینجا بیتوانێت

هەردوو هەڵوێستە سیاسییەکەی دوو چینە تەواو لێکدژەکە - لەسەر هەژماری دەستکاری و چاککردن و "هەڵگەڕانەوە" دوابەدوای یەکەکان- قبوڵ بکات.

ب- دابڕانێکی تر هەیە کە هەر وەکو ئەوەی یەکەمیان شایەنی ئەوەیە دەستوبرد ئەدگارەکانی دیاریی بکەین. ئەم دابڕانەیش لەو کارە بە ناوبانگەدا روودەدات کە بە مەبەستی "راستکردنەوەی مانیفێست" ئەنجام دراوە؛ لەوێدا مارکس و ئەنگڵس بە لەبەرچاوگرتنی وانەکانی کۆمۆنەی پاریسی ساڵی 1871 دەستکاریی مانیفێست دەکەن، ئەم راستکردنەوەیەیش "بە کردەیی" لە شیکارییەکانی جەنگی ناوخۆیی لە فەرەنسادا لەخۆ گیرابوون، مارکس و ئەنگڵسیش لە پێشەکی چاپی نوێی ساڵی 1872ی مانیفێستی کۆمۆنیزمدا بەم جۆرە ناوی دەبەن و لە مشتومرێکی دوولایەنەدا لەگەڵ ئانارشیستەکان و سۆسیالیزمی یۆتۆپیایی ئەڵمانیدا، لە ساڵەکانی 1870-1880، پەرەیان پێداوە و جێبەجێیان کردووە.

لە قۆناغی دواتردا، لایەنیکەم دوو تیۆرسێن، دانپێدانانی مارکس و ئەنگڵسیان بەم راستکردنەوەیەدا کردە مەحەکی تێگەیشتنی دروست لە "تیۆری سیاسی"ی مارکسیزم، ئەویش لەبەرامبەر ئۆرسۆدۆکسیزمی ئەنتەرناسیۆنالی دووەمدا (واتە لە بەرامبەر کاوتسکی و ڕۆزا لۆکسمبۆرگدا): ئەوانیش برنشتاین و لینین بوون. ئەوان دژی یەك دوژمن ئەمەیان کرد کە دەکرێت لەرووی تیۆرییەوە ئەم دوژمنە لە بۆچوونە پەرەسەندگەرایيەکەی (کاوتسکی) و بگرە کارەساتگەراییەکەی (رۆزا لۆکسمبۆرگ) بۆ مێژوو، ببینن. بەڵام لێرەدا لەبەردەم دوو رەخنەی لێکدژداین: یەکەمیان، رەخنەی برنشتاین، کە

نوێنەری کلاسیکی ڕیفۆرمخوازییە (لەنێو مارکسیزمدا) کە گوزارشتی ”شێواندنگەری“ هێنایە ناوەوە و دەیویست دیالەکتیکی مارکسی لە رواڵەتە ”یۆتۆپیا“ی و تیرۆرییەکانی پاك بکاتەوە، بەهاشی بۆ پرۆدۆن گەڕاندەوە و بە ئاشکرا خۆی وەکو دژی سۆسیالیزمی پرۆلیتاریی ڕاگەیاند و خۆی کرد بە لایەنگری سۆسیالیزمێك کە »گشتاندنی هەلومەرجی مەدەنی-بۆرژوازی بێت بەسەر هەموو خەڵکیدا«. بەڵام رەخنەی دووەم، کە رەخنەی لینینە، ئەوەیە کە ئاراستەی ”مارکسیست“ـە فەرمییەکان کرا و بەوە تۆمەتباری کردن لەژێر ناوی پووچەڵکردنەوەی ئانارشیزمدا کارێك دەکەن لە دووسەرەوە هەڵوێستی ”کردەیی“ مارکس دوور بخەنەوە: دوورخستنەوەی شۆڕشی توندوتیژانە کە دەبێت ”دەزگای دەوڵەتی بۆرژوازی“ لەنێو بەرێت و دوورخستنەوەی تێزی پوکانەوەی دەوڵەتی پرۆلیتاری، کە دەبێت تەنیا ”نیوە دەوڵەت“ بێت[104]. لێرەدا لای لینین، بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە، سۆسیالیزم و دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا دەبنە هاوشوناسێکی پەتی و پوختی یەکتر، سۆسیالیزم و دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا ]لای لینین[ هەمان شتن. بە هەرحاڵ، ئەم دوو رەخنەیە کە هەردووکیان پەیوەستبوون بە هەردوو قەیرانە گەورەکەی ئەنتەرناسیۆنالی دووەمەوە، پشت بە دەقەکانی مارکس خۆی دەبەستن –دەقەکانی «دابڕانی دووەم» یان «راستکردنەوە«

104 بە واتایەکی تر، لینین لە بەرامبەر ئەو هەڵبژاردنەدا کە ئەرسەدۆکسیزم لەنێوان رەخنەی بەرنامەی گۆتا و ئەنتی دۆرینگدا بەرپای کردبوو، هەوڵیدا هەردووکیان تێکەڵ بکاتەوە، بەوەیش تێزێکی نوێی بەرهەمهێنا. بگەڕێوە بۆ توێژینەوەکەی من دەربارەی: دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا، ماسپیرۆ، پاریس، 1976.

کە کەمێک لەمەوبەر باسمان کردن- و هەریەکێکیشیان پێویستییان بەوە بوو دەقەکان دانیان پێدا بنێن. ئەمەیش واتای ئەوەیە گەرچی ناتوانین نکوڵی لەم دابڕانە بکەین بەڵام هێشتایش بە تەواوەتی روون نییە.

ئەمەیش لەبەرئەوەی راستکردنەوەکەی مارکس یەکەمجار تەنیا پەیوەستە بە پرسی ئەکتی شۆڕشگێڕییەوە، پەیوەستە بەو فۆڕم و رۆڵەوە کە تێیدا دەوڵەتێك دەتوانێت سەرکەوتنی سیاسی بۆ پرۆلیتاریا دەستەبەر بکات، واتە پەیوەستە «بە دەوڵەتی داهاتووەوە«.

بەڵام گەر بە حەتمی پەنا ببەینە بەر چەمکی دەوڵەت و بەکاری بهێنین، ئەوا لەبەرئەوەیە مارکس هەر لە سەردەمێکی زووەوە، وەك لینین بە دروستی ئاماژەی پێدەدات، دژ بە تەفسیرەکەی برنشتاین بۆ دەقەکانی جەنگی ناوخۆیی لە فەرەنسا -کە چەمکی «دەزگای دەوڵەت»ـی هێنایە ئارا و هەوڵیدا لە بیرۆکەی »سەرکەوتنی دەسەڵاتی جێبەجێکاری بەسەر دەسەڵاتی یاساداناندا« دایبماڵێت، (بە وردی لە هەژدەی برۆمێری لویس پۆناپەرتدا درێژەی پێدراوە)- خۆی لەو یۆتۆپیزمە دابڕیوە کە خوازیاری بونیادنانێکی ئایدیالییە بۆ ”مۆدێلەکان“ـی دامەزراوەکان لە پێناو پێشکەشکردنی ئەم مۆدێلە وەك ”چارەسەر“ێك کە گوایە دەبێت راستەوخۆ بخرێتە شوێنی دەوڵەتی ئێستا. کۆمۆنیزم، بەگوێرەی شێوازەکەی ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی کە هەرگیز ئەم کۆمۆنیزمەی لێ بەرهەم نایەت، »حاڵەتێك نییە کە دەبێت دروست بکرێت، ئایدیاڵێکی باڵاش نییە کە دەبێت واقیع چاوی لێ ببڕێت. ]ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی[ دەڵێت کۆمۆنیزم ئەو بزووتنەوە واقیعییەیە کە

حاڵەتی ئێستا هەڵدەوەشێنێتەوە. پێشمەرجەکانی ئەم بزووتنەوەیەیش لەو پێشەکییە لۆژیکییانە دەکەونەوە کە لە ئێستادا هەن«. هەر کە مەیلی گۆرینی شۆڕشگێڕانەی دەوڵەت، لەگەڵ کۆمۆنیزمدا یەکلایی دەکرێتەوە (ئەم "خاپوورکردنەی دەزگای دەوڵەت"یش گۆڕانێکی راستەقینەیە نەك "هەڵوەشاندنەوە" بە واتا ئانارشییەکەی)، دەبێت سەرنجی "پێشەکییە لۆژیکییەکان کە لە ئێستادا هەن" بدەین، واتە سەرنج لە دەوڵەتی بۆرژوازییەتی ئێستا بدەین، سەرنج لە لە بونیادەکەی و وەزیفەکانی ئەم دەوڵەتە بدەین، تا بزانین ئوبێکتی گۆڕانکارییە چییە و ئەو شتە چییە کە ناکرێت بەو شێوەیە بمێنێتەوە کە لە پرۆسێسی خەباتی چینایەتیدا هەیە.

بەم جۆرە هەوڵێك هەیە بۆ شیکارکردنی "دەزگای دەوڵەت" کە تەنیا لە هێڵە گشتییەکانیدا دەرکەوتووە، بەڵام هەوڵێکیشە دەیەوێت لەگەڵ پەرەسەندنەکانی پێشتردا، لە دوو خاڵدا، دابڕان دروست بکات:

لە لایەکەوە، بەرەبەرە لە وێناکردنی گوزارشتییانەی دەوڵەت دوور دەکەوێتەوە، واتە لە دووالیزمی "کۆمەڵگەی مەدەنی/دەوڵەتی سیاسی"، کە تێیدا دەوڵەت تەنیا گوزارشتێکی "نەرێنییە" لە کۆمەڵگەی مەدەنی، یان زمانێکە کە تێیدا لێکدژییەکانی کۆمەڵگە گوزارشت لەخۆیان دەکەن. ئەمە خوازیاری ئەوەیە دان بە واقیع و کارایی مێژوویی زەرورەتی دەسەڵاتی دەوڵەتدا بنێت، خاڵە سەرەکییەکەیش لێرەدا پەیوەستە بە شیکردنەوەی دەوڵەتەوە لە میانەی وەسفکردنی "ئەو دابەشکردنەوە کە لە کاردا دروستیدەکات" (دەوڵەت "دەزگایەکی پسپۆڕییە"). بۆ دەرککردن بە رادەی

سەختی و قورسی ئەم گۆڕانە تیۆرییە، ئەوەندە بەسە لە دەقەکانی مارکس و ئەنگڵسدا سەرنج لە تێپەڕاندنی بەردەوامی دوو زنجیرەی فۆرمولەکردنەکان بدەین کە بە توندی لەگەڵ یەکتردا کێبەرکێ دەکەن و "ناکۆك"ـن:

- لەلایەکەوە، دەزگای دەوڵەت وەك جەستەیەکی مشەخۆر پێناسە دەکرێت، »زیادەیەکی کەڕووئاسای شاراوەیە« لەسەر کۆمەڵگە دەژی، شێرپەنجەیەکە دەیخوات، نەك تەنیا سامانەکانی کۆمەڵگە (باج، قەرزەکانی دەوڵەت) بۆ بەرژەوەندی خۆی دەگۆڕێت، بەڵکو توانا رێکخستنکارییەکانیشی دەخاتە خزمەتی خۆیەوە (سەنترالیزەکردنی کارگێڕی، بیرۆکراسییەت).

- لەلایەکی دیکەیشەوە، لە هەناوی دەوڵەتدا هەوڵێك هەیە بۆ دیاریکردنی لێکدژی لەنێوان "وەزیفە گشتی" و "شەرعی" و "ژمارە کەم، بەڵام گرنگ"ـەکان لەگەڵ "دەزگای رووتی سەرکوتکاری"ـدا. (بگەڕێوە بۆ: جەنگی ناوخۆیی لە فەرەنسا).

بێگومان لێرەدا مەسەلەکە پەیوەستە بە روونکردنەوەی ئەو پرسیارەوە کە رەخنەی بەرنامەی گۆتا دەیخاتەروو: »لە کۆمەڵگەی کۆمۆنیزمدا چ گۆڕانێك بەسەر دەوڵەتدا دێت؟ بە واتایەکی تر، چ وەزیفەیەکی دیکەی کۆمەڵایەتی هاوشێوەی وەزیفەکانی ئێستای دەوڵەت لە کۆمەڵگەی کۆمۆنیزمدا دەمێنێتەوە؟ تەنیا زانست دەتوانێت وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە و کار بۆ ئەوە ناکەین یەك قولانجیش پرسوباسەکە بخەینەڕوو، تەنانەت ئەگەر، بە هەزار رێگا وشەی دەوڵەت بە وشەی گەلەوە بلکێنین...«. ئەوەی

لێرەدا هەوڵی روونکردنەوەی دەدرێت -ئەگەر بمانەوێت گوزارشتەکانی سەرمایە بەکاربهێنین کە بە دیاریکراوی لە قۆناغی توێژینەوەکانی 1847-1852 و، تێڕامانە نوێیەکانی ساڵی 1871-1874، ئامادە کراوە بەڵام بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر لە دەقی ئەم رەخنەیەدا نائامادەیە- پێگەی پرسی دەوڵەتە لەبەرامبەر دووبارە بەرهەمهێنانەوەی هەلومەرجی چەوساندنەوەی سەرمایەداریدا، بە هەردوو ئەو واتا دووسەرەی کە دووبارە بەرهەمهێنانەوە هەیەتی، واتە هەم دووبارە بەرهەمهێنانەوەی هەلومەرجە ماتریالییەکانی بەرهەمهێنان و، هەم دووبارە بەرهەمهێنانەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان چینەکان (سەرمایەدار و پرۆلیتار)، کە پەیوەندیی نێوان هێزەکانیشە. بە هەرحاڵ ئەگەر دەوڵەت تەداخول لەم دووبارە بەرهەمهێنانەوەیەدا بکات، ئەوا تەنیا بە یەك مەرج دەتوانێت ئەم کارە بکات، ئەویش ئەوەیە کە خۆی هێز بێت.

لە هەمان کاتدا دەبینین بۆچی دووالیزمی ”کۆمەڵگەی مەدەنی/دەوڵەتی سیاسی“ بێ کاریگەرییە: لەبەرئەوەی لە پەیوەندی نێوان ئەم دوو لایەنەدا گریمانەی دانانی ”یان هەموو شتێك یان هیچ شتێك“ دەکات. ئەو ”دەوڵەتە سیاسییە“ی کە قسەمان لێکرد هیچ نییە جگە لە هەمان کۆمەڵگە خۆی، کۆمەڵگە بەو ئەندازەیەی کە نامۆ دەبێت؛ بەڵام ئەمە تەواو دەرەکی دەردەکەوێت. کەواتە بە دیاریکراوی ئەو پرسیارەی کە ئێستا دەخرێتەڕوو لە بوونی دەوڵەتی بۆرژوازی ”یان سەرمایەداری“ـیەوە دروست دەبێت، نەك بە شێوەیەکی پەتی، نە لە ”ناوەوە“ و نە

لە ”دەرەوە”ی کۆنتێکستی پەرەسەندنی سەرمایەداریی، کە بەرەبەرە هەموو ژیانی کۆمەڵایەتی ملکەچی هەموو پێداویستییەکانی خۆی دەکات. ئەوەی مارکس و ئەنگڵس لە زنجیرەیەك دەقدا ویستیان بیری لێ بکەنەوە، کە بە بڕوای ئێمە نەك هەر لە ململانێدابوون لەگەڵ ئایدیۆلۆژیای فەرمیی ”لیبرالیزم“ـدا، بەڵکو لەگەڵ ماتریالیزمە مێژووییەکەی تایبەت بەخۆیشیاندا لە ململانێدابوون، پەیوەندی بوو لەنێوان پەرەسەندنی وەزیفەکانی دەوڵەت و ”قۆناغێك“ـی نوێی بەفراوانبوونی سەرمایەدا، کە خاوەنی سەنتەری بەرهەمهێنان و سەربەخۆیی سەرمایەی مالی و فۆڕمی نوێی کێبەرکێی نێودەوڵەتییە[105].

کەواتە مەسەلەکە ئەمەیە: دەوڵەت دەژی و دەزگاکانی خۆی زیاتر دەکات، لە میانەی بەکاربردنی کاری زیادەوە کە بەپێی چۆنیەتی رێکاری تایبەتی ”هەڵی دەمژێت“ (باج، رێکخستنی قوماری دارایی)؛ بەڵام ئەم کارە زیادەیە (کە

---

105 ئەم پارچەیە لە نامەکەی مارکس بۆ دانیلسۆن، لە 10ی نیسانی 1879 دا، بەڵگەیەکە لە بەڵگەکان: »لە گرنگترین دەوڵەتانی سەرمایەداردا ڕێگەدرا بە دروستکردنی سیستەمی سکەی ئاسنین، بگرە لەسەر ئەو دەوڵەتانەی کە سەرمایەداریی لە هەندێک لایەنی کۆمەڵگەکەیدا کورت دەبێتەوە، سەپێنرا کە بە دەستوبردی سەرخانە سەرمایەدارییەکەی خۆی دروست و بەڕادەیەکی بەرفراوانی بکات کە بەهیچ کلۆجێک لەگەڵ قەبارەی جەستە کۆمەڵایەتییەکەیدا کە بەشێوازە تەقلیدییەکە بەردەوامبوو لە بەرهەمهێنان، نەدەهاتەوە؛ کەواتە هیچ گومان لەوەدا نییە کە ڕێڕەوی ئاسنین لەم وڵاتانەدا لێکترازانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی خێرا دەکرد، ڕێک وەک چۆن، لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا، دوا پەرەسەندنی سەرمایەداریی خێراتر دەکرد و ئینجا دواتر گۆڕینی. حکومەتەکانی هەموو وڵاتان، جگە لە ئینگلتەرا، کاریان کرد بۆ هاوکاریکردن و پشتیوانیکردنی کۆمپانیاکانی دروستکردنی ڕێڕەوی ئاسنین لەسەر هەژماری خەزێنەی دەوڵەت...«.

لە ساماندا بەرجەستە دەبێتەوە) دەبێت بە چی؟ ئایا بە خەسارەتێکی پەتی ("مشەخۆرییەکی" رووت) بەکاردەبرێت؟ یاخود سەرلەنوێ دەخرێتەوە نێو کۆی پرۆسەی بەرهەمهێنان و بەو جۆرە دەخرێتەگەر کە لەسەر حسێبی تووندتربوونی لێکدژییەکانی نێو سیستەمەکە، خزمەت بە پەرەسەندنی سەرمایەداریی بکات؟ ئەگەر بمانەوێت پرسیارەکە بە کۆمەڵێك گوزارشتی ئەوتۆ دەرببڕین کە گوزارشتی مارکس خۆی نەبن، ئەوا دەڵێین: چۆن دەتوانین بیر لە خاسییەتە بونیادییەکەی تەداخولکردنی دەوڵەت بکەینەوە بە بێ ئەوەی بە شێوازێکی بەرگریکارانە خاسیەتێکی وەزیفیی بەمە بدەین؟ یاخود، ئەمجارەیان بە گوێرەی ئەلتەرناتیڤێك کە لە گوتاری مارکس و ئەنگڵسدا زۆر پێداگریی لەسەر کراوە (بڕوانە: جەنگی ناوخۆیی لە فەرەنسا: »ئەم یەکێتییە گەورەیەی نەتەوەکان، ئەگەرچی لە بنەرەتدا بە توندوتیژیی لەدایك بووە، لە ئێستادا بۆتە کارکردێکی بەهێز لە بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدا«)، چۆن دەتوانین لەرووی مێژووییەوە شوێنەوارەکانی پێشکەوتنخوازی جەوهەری «میکانیزم»ـێکی کۆمەڵایەتیی سەرکوتکاریی شیکار بکەین؟ بەم جۆرە دەبینین، پرسیارکردن رێک تاسەر کێشەی کۆمۆنیزمی کۆن (سان سیمۆن) و، ئابووریناسیی دواتر، کە پەیوەستبوو بە وەزیفە کۆمەڵایەتییە بەرهەمهێنی و نابەرهەمهێنییەکانەوە، درێژ دەبێتەوە ئینجا ئەو چوارچێوەیەیش دەگرێتەوە کە بزووتنەوەی «هێزە بەرهەمهێنییەکان» لە کۆمەڵگەدا، لە وەختی دروستبوونی ماتریالیزمی مێژوو‌ییدا، تێیدا دەناسێنرێن.

ئێمە دەڵێین، بۆچوونەکانی مارکس دەربارەی دەوڵەت

قابیلیەتی ئەوەیان تێدایە لەگەڵ بۆچوونی «گوزارشتگەری»ـی دەربارەی دەوڵەت یەکتر ببڕن. ئەمەیش نیشانەیەکی تری ئەم ئەرگومێنێتەیە: لە دەستپێکردنی جەنگی ناوخۆیی فەرەنساوە، لە هەر کاتێکی تر زیاتر جەخت لەسەر خاسییەتە سەرکوتکارییەکەی دەوڵەت کرایەوە- «ئامرازی ملکەچپێکردنی کار بۆ سەرمایە«، «ئامرازی سەرکوتکاری» »هیچ نییە جگە لە ئامرازی چەوساندنەوەی چینێك لەلایەن چینێکی دیکەوە، هەم لە کۆماری دیموکراسییدا و هەمیش لە پاشایەتیدا«، ..هتد. رەنگە مانای ئەمەیش ئەوە بێت کە ئەم پێداگرییە لەسەر خەبات دژ بە "بەپیرۆزکردنی خورافییانەی دەوڵەت" کە ئەم بەپیرۆزکردنە لەنێو چینی کرێکار و حزبە کرێکارییەکان خۆیاندا بڵاوبۆتەوە و وەهاش پێدەچێت راستەوخۆ لە تێزەکانی مانیفێستی کۆمۆنیزمەوە وەرگیرابێت کە پێشتر باسمان کرد، هەرگیز نابێتە مایەی دووپاتکردنەوەی ئەو ئاراستەیەی کە دەوڵەت وەك ئامراز وێنا دەکات. لەبەرئەوەی پێیوایە "بە کاریگەری بەرامبەر" هەموو شتێك لەم بارەیەوە دەیگۆڕێت. دەوڵەت "بە دەزگاکانی" و "تەکنیکەکانی"یەوە ئامرازی چەوساندنەوە و باڵادەستیی چینایەتییە، بەڵام تەنیا گوێزەرەوەی "ویست"ـی چینایەتی نییە. لەم بارەیەوە دەشێت پەیوەندیی چینی باڵادەست لەگەڵ دەوڵەتدا لاسەنگ بێت و بەرەبەرە بەهاکەی وەك "سوبێکت" کەم ببێتەوە. وا باشترە بەو جۆرە توێژینەوە لە بونیادی دەوڵەت بکەین کە "دەوڵەتی چینایەتی"ـیە، دەوڵەتێکە لەگەڵ لێکدژییە چینایەتییەکاندا دەسازێت و تایبەتە بە "دووبارە بەرهەمهێنانەوە"ی ئەم

دۆخە. ئەمەیش واتای ئەوەیە بە هیچ کلۆجێك ناتوانین "کامڵبوونی دەزگای دەوڵەت"، کە مارکس هەوڵ دەدات وێنەی قۆناغەکانی بکێشێت، لەمیانەی بەدوایەکداهاتنی "ئەو شۆڕشە سیاسییانەی" کە لە موڵکایەتی ڕەهاوە دەست پێدەکەن بۆ ئیمپراتۆرییەتی پۆناپارتیی لویس فیلیپ و، بگرە کۆماری سێیەمیش (بڕوانە تایبەتمەندی شێوازە فەرەنسییەکە، کە بۆ ئاستی پەرەسەندنێکی ئایدیاڵ بەرزکراوەتەوە)، لەوەدا کورتبکەینەوە گوایە بۆرژوازییەت بە مەبەست و بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندییەکانی و پێویستییەکانی دۆزەکەی، ئەم دەزگایە دادەهێنێت.

دەکرێت لە ڕێگەی گوزارشتەکانی سەربەخۆیی دەوڵەتەوە -کە بە تەواوی لە خانەی کێشەی نامۆبووندایە- پەرە بەو بیرۆکەیە بدەین کە دەڵێت زۆرینەی هەوڵی مارکس بۆ ئەوە بووە وا وێنای دەوڵەت بکات کە ڕۆڵێکی "تەواو ئاشتییانە" ی هەیە بۆ دامەزراندن و ڕێکخستنی "بۆرژوازییەت" لە چینێکدا، ئەوەیش بەهۆی چارەسەرکردن و یەکخستنی لێکدژیی بەرژەوەندییەکانەوە لەنێوان سەرجەم بەشەکانی چینەکەدا، بگرە دەشیت بڵێین، دەوڵەت هەموو ئەو مۆدێلانەی "بۆرژوازییەت"ـی یەکخستووە کە لە وەزیفە جیاوازەکانی قۆستنەوە و بەکارهێنانی سەرمایەدارانە و لە ساتەوەختە جیاوازەکانی پەرەسەندنی ئەم چینەدا دەرکەوتوون. ڕەنگە ئەو بۆچوونە ڕاست نەبێت کە پێیوایە دەوڵەت بۆرژوازییەتی لە چینێکی یەکگرتوو یان نیمچە یەکگرتوودا کۆکردۆتەوە و دامەزراندووە، بەڵام دەبێت دان بەوەیدا بنێین یەکگرتنی بۆرژوازییەت وەك چینێکی یەکگرتوو

تەنیا لە فۆڕمی دەوڵەتدا سەردەگرێت (دیسانیش بڕوانە: ئەو بەشەی سەرمایە کە لەبارەی "یاسادانانی کارگە"وەیە، یاسادانانی کارگە "یەکەم بەرپەرچدانەوەی ڕێکخراو بوو بەرووی کۆمەڵگەدا"، لەبەرامبەر لەنێوبردن و وێرانکردنی هێزە بەرهەمهێنییە مرۆییەکانی، بەڵام وەك بەرژەوەندییەکی زۆر روونی چینی سەرمایەدارییش.. بەرووی سەرمایەدارە تاکییەکاندا).

لێرەوە ئەو هۆکارانە روونتر دەردەکەون کە مارکس و ئەنگڵسیان گەیاندە ئەو باوەڕەی پێیان وابێت یەکێك لە کارە سەرەکی و گرنگەکانی کۆمۆنەی پاریس ئەوەبوو کە هەم هەوڵیداوە بۆ »هەڵوەشاندنەوەی دەزگای چەوساندنەوەی کۆن« و هەمیش بۆ »وەرگرتنی زەمانەت دژی بریکارەکانی و فەرمانبەرەکانی خۆیشی... تاوەکو رێگر بێت لەو گۆڕانە حەتمییەی کە لە هەموو سیستەمەکانی پێشوودا روویداوە، ئەویش گۆڕانی دەوڵەت و دەزگاکەیەتی کە لە بنەرەتدا خزمەتکاری کۆمەڵگەیە، بۆ سەروەری کۆمەڵگە«، وەك ئەوەی ئەنگڵس لە پێشەکییەکەی ساڵی 1891ی جەنگی ناوخۆیی لە فەرەنسادا، جەختی لەسەر دەکاتەوە. دەزگا ]یان دەزگای دەولەت[ لۆژیکی تایبەت بەخۆی هەیە، کە بەدڵنیاییەوە هیچ نییە جگە لە ئامراز، بەڵام ئەمە زیاتر واتایەکی خۆ-بزوێنەری هەیە نەك واتای ئامرازێك کە لە دەرەوە دەجوڵێنرێت. ئەم دەزگایە ناتوانرێت «وەك ئەوەی هەیە« لەلایەن چینی کرێکارەوە بەکاربهرێنێت، تاوەکو »بیکاتە ئامێرێکی دەسکەلای خۆی کە بۆ حسابی تایبەتی ئەو ئیش بکات«. وەك دەزانین ئەم دەرەنجامەی مارکس، خاڵی دەستپێکردنی

تەفسیرە لێکدژەکانی برنشتاین و لینینە. ئەوەیش ئاشکرایە بۆچی وایە: جا لەو کاتەدا کە بەڵێنی ئەرکێکی پراکتیکی بە پرۆلیتاریا دەدرێت: واتە "لەنێوبردن"ـی دەوڵەتی بۆرژوازی بەبێ ئاسانکاری و نەرمی نواندن، ئەوا لە تیۆردا بە تەواوەتی سکێچە فەلسەفییە ئەبستراکتەکەی رێسای "هەموو شتێك یان هیچ شتێك" (دەوڵەت یان کۆمەڵگە) هەڵدەوەشێتەوە تاوەکو مەسەلەی گۆران شوێنی بگرێتەوە. یان با بەجۆرێکی دیکە بیڵێین: لەوەبەدوا مارکس، هەر لەسەر هەمان بۆچوونی پێشتری مانیفێستی کۆمۆنیزم لەسەر ئەو بڕوایە دەمێنێتەوە کە شۆڕش دەستگرتنە بەسەر دەسەڵاتی دەوڵەتدا – ئینجا دەسەڵاتی دەوڵەت بابەتی دەستبەسەرداگرتنە-، لە هەمان کاتیشدا ئەوە دەخاتە روو کە "ئەم دەسەڵاتە"، لە کاریگەرییەکەی و قەڵەمڕەوییە مێژووییەکەیدا، شوێنکەوتەی بونیادی دەزگا "ئامراز"ی دەوڵەتە. کەواتە ئەم بونیادەیش، دواجار یەکلاکەرەوەیە.

### 3- لە "حزب-ئاگایی"ـەوە بۆ "حزب-رێکخراو"

ئێستا دەتوانین سەرلەنوێ بچینەوە سەر باسی حزبی شۆڕشگێڕی:

ئەگەر یەکەم چەمکی دەوڵەت هەمان واتا و شوناسی "بازنەی سیاسی" هەبێت، لەگەڵ وێنای نەرێنی و هەڵگەڕاوەی ناکۆکییە بەرژەوەندیگەرییەکان لە "کۆمەڵگەی مەدەنی"ـدا (لەبەرئەوەی جەوهەری دەوڵەتی بۆرژوازی بەرەنجامی کودەتایەکە کە مرۆڤە واقیعییەکان، کە خۆیان دابەشبوون بۆ دەوڵەمەند و هەژاران، خاوەنداران و نا-

خاوەنداران، بۆرژوازییەکان و پرۆلیتارییەکان، دەگۆڕێت بۆ یەکێتییەکی وەهمی کە لە "هاونیشتمانیان"ـی لە رواڵەتدا یەکسان پێکدێت)، ئەوا لەوە تێدەگەین کە بۆچی لە بەشێکی تەواوی توێژینەوە مارکسییەکاندا لەبارەی حزبەوە، پرسی ئاگایی چینایەتی بابەتێکی زەق و باڵادەستە. گەر بمانەوێ ئەم بۆچوونە بە زمانی مانیفێست دەر ببڕین ئەوا ئەمە دەمانگەیەنێت بە تێزی "حزب-ئاگایی". لە بەرامبەردا چەمکی دووەمی دەوڵەت، بەر لە هەر شتێك، لەگەڵ بوونی ماتریالییانەی "ئامراز" یان "دەزگا"دا، کە ئامێرە بەردەستەکانی لە "دابەشکردنی کار"ـی جۆرییەوە دابیندەکات، هاومانا و هاوشوناسی وەزیفەیەکی تەواو کردەیی (نەك "وەهمی")ـیە لە خەباتی چینایەتیدا. ئەمەیش، بە حوکمی ویستە ناوەکییەکەی چەمکەکە، دەبێتە مایەی گۆڕان یان گواستنەوەیەکی هاوشێوە لە حزبدا: واتە ئەو شتەی کە دەکرێت، بە پەیڕەویکردن لە مانیفێست، ناوی بنێین تێزی "حزب-رێکخستن"، ئەم تێزەیش بەستراوەتەوە بە پرسی سەرکردایەتیکردنی تەکتیکی و ستراتیژیی خەباتی شۆڕشگێڕییەوە. با جارێکی تریش ئەم گواستنەوەیە هەڵبسەنگێنینەوە:

ئەگەر دەوڵەتی بۆرژوازی بەر لە هەر شتێك، وێناکردنێکی فریودەرانەی کۆمەڵگا بێت، کە تەرخانکراوە بۆ داپۆشین و شاردنەوەی لێکدژییە ناوەکییەکانی نێوی (کە لە فۆڕمەکانی مافی "گشتی"ـیدا بەرجەستە دەبێت)، ئەوا پرسی حزبی شۆڕشگێڕیی پرسی ناکۆکیی ئەو فریوەیە کە دەبێت لە خود-ئاگایی چینی شۆڕشگێڕیدا ببێت. ئاگایی چینایەتی

که له حزبدا ریالیزه دەبێت لەگەڵ نامۆبوونی "سیاسی"ـدا ناکۆك و ناتەبایە، ئەم ئاگاییە لەبەرامبەر ئەم نامۆبوونەدا، کار دەکات بۆ دەرخستنی حەقیقەتی رووتی چەوساندنەوە یان بەکارهێنانی کرێکاران، هەروەها دەرخستنی بەرژەوەندی هاوبەشی پرۆلیتاریا، که له هەمان کاتدا، بەرژەوەندیی گشتیی خواستی مێژوویی نێو لێکدژیی کۆمەڵگەی مەدەنییە بەرەو کۆمۆنیزم. کەواتە، چینی بەکارهێنراو و چەوسێنراو لەنێو هەناوی سیستەمی باڵادەستدا خۆی دەگۆڕێت بۆ حزبێکی "سەربەخۆ". ئینجا، له شۆڕشدا کار بۆ هەڵوەشاندنەوەی خۆی دەکات، کاتێکیش هەڵوەشاندنەوەکەی خۆی وەك حزب ریالیزه دەکات، چینەکانیش هەڵدەوەشێنێتەوە، ئینجا دەگاتە سڕینەوەی هەموو جیاکارییەك لەنێوان "کۆمەڵگە" و "دەوڵەت"ـدا. به زمانێکی فەلسەفی بیڵێین: "حزب" میدیۆمێکی زەرورییە لەنێوان دەرکەوتنی چین و هەڵوەشاندنەوەیدا.

بەڵام دەبێت به روونی سەرنجی لێکدژییەکانی ئەم کێشەیە بدەین که وێرای ناڕوونی و ئاڵۆزییەکەیشی کەچی زۆرینەی فۆرمولەکانی مانیفێستی کۆمۆنیزم دادەڕێژێت و ئەڵتەرناتیڤەکانیشی دوا بەدوای یەکتر لەمانەدا پیشان دراون: له دۆخی چینی کارکەر له ئینگلتەرا (1844)وە بۆ ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی (1845)، ئینجا بۆ هەژاریی فەلسەفە (1846) و بۆ هەژدەهەمی برۆمێری لویس پۆناپەرت (1852).

هەروەها ئەك کێشەیە راستەوخۆ له کێشەی یاسایی بۆرژوازیی "مافی سروشتی"ـیەوە سەرهەڵدەدات – ئەگەرچی ئەمە لەبەرامبەر رەخنەی ناوەکییدا بووە- که تێیدا

چەمکەکانی "چین و "حزب" ئاماژە بە دابەشبوونی کۆمەڵگە بەسەرخۆیدا دەدەن (بڕوانە: رۆسۆ، گرێبەستی کۆمەڵایەتی، 2، II-3، 1، IV-2). جا لە کاتێکدا مافی سروشتی -لایەنیکەم لە ئاراستە رۆسۆییەکەدا- لە نەفیکردنی حزبدا دەبینرێتەوە، واتە ئەو مەرجەی کە زەمانەتی نەبوونی چینەکان و، ئینجا ئیمکانی بوونی دەوڵەتی دیموکراسی (یان لێکجووتی گەل و دەوڵەت) دەکات، ئەوا مارکس، بە جیاوازییەکی کەمەوە، وایدەبینێت خۆرێکخستنی چین لە حزبدا، ئەو پرۆسێسە مێژووییەیە کە دەبێتە مایەی هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەت، تەنیا بەم جۆرەیش، دەبێتە مایەی دیموکراسییەتێکی راستەقینە. بەڵام ئەم جیاوازییە بەخاتری ئەم هۆکارە نابێتە مایەی سڕینەوەی "دیالەکتیك"ـە تایبەتییەکەی ئایدیالۆژیای یاسایی لەنێوان گشتگیری، حەقیقەت (یان رەسەنایەتی) و ئاگاییدا: بەرژەوەندی پرۆلیتاریا، کە لە رووی رواڵەتییەوە "تایبەت"ـە، لە واقیعدا بەشێوەیەکی سەرەکی گشتگیرە و بەرژەوەندیی هەمووانە، چونکە ئەو پرۆلیتاریایەی ملکەچی چەوساندنەوەی ریشەیی بووە، خۆی خوازیاری باڵادەستییەکی نوێ نییە، بەڵکو ویستی لە سڕینەوەی هەموو جیاوازییەکی چینایەتییە. ئەم گشتگیرییە، لە قووڵاییدا، یارمەتیدەری پێکهاتنی چینی "پرۆلیتاریا"یە لە حزبێکی "کۆمۆنیستی"ـدا و، ئینجا رەسەنایەتی خود-ئاگاییەکەی مسۆگەر دەکات - لەبەرامبەر- نارەسەنێتی ئاگایی ئایدیۆلۆژیی بەرجەستەبوو لە دەوڵەتی سیاسییدا، کە زیندوهێشتنەوەی بەرژەوەندییە تایبەتییەکان دەنوێنێتەوە: موڵکایەتی بۆرژوازی، وەك شتێکی گشتگیر.

لە دۆخی چینی کارکەر لە ئینگلتەرا و لە مانیفێستی کۆمۆنیزمدا بەر تەرجەمە کۆنکرێتی و ماتریالییەکەی ئەم تێزە دەکەوین: ئەم وەرگێڕانە لەم دوو دەقەدا بە شێوەی وەسفکردنی هەلومەرجە ماتریالییەکانی ژیانی پرۆلیتاریا دەردەکەوێت، ئەو هەلومەرجەی کە هەر لەو کاتەوە کردوویەتی بە هۆکاری "هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگەی بۆرژوازی" و چینێکی گشتگیر، چونکە هیچ موڵکایەتییەکی تێدا نییە، بەم واتایە هیچ "بەرژەوەندی"یەکی وەرگیراویشی تێدا نییە تاوەکو دوای بکەوێت -»پرۆلیتاریا هیچی نییە لەدەستیبدات جگە لە کۆت و زنجیرەکانی«- کە بەهۆی شۆڕشی پیشەسازیی سەرمایەدارییەوە، لە هەر پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی تەقلیدیی دووره (خێزان، نیشتمان، ئایین)، ئینجا بەشێوەیەکی رادیکاڵ بێبەرییە لە وەهمەکان دەربارەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئێستا.

بەڵام وا پێدەچێت مارکس نەیتوانیبێت بەرگری لەم فۆڕمەی تێزی "حزب-ئاگایی" بکات، چونکە ئەمە لە دواجاردا مانای ئەوەیە کە سیاسەتی شۆڕشگێڕیی هیچ نییە جگە لە بوونی ئاگایی و دەرەنجامەکانی ئەم ئاگاییەدا – ئەمەیش ئەو شتەبوو کە دواتر کۆمەڵێك مارکسیستی وەکو (لۆکاش) هەوڵیاندا، بە شێوەی راستکردنەوەی مارکسیزم و لینینیزمی فەرمی، لە فەلسەفەیەکدا چڕی بکەنەوە کە "چین" وەکو "سوبێکتێکی مێژوویی" ببینێت، بەتایبەتیش دژ بە "میکانیکگەرایی" ئەنتەرناسیۆنالی دووەم و پاشانیش سێیەم. بە هەرحاڵ، مارکس، بە یەکجار، رەخنەی لەم هەڵوێستە تەواو ئایدیالییە گرتووە؛ بگرە دەتوانین بڵێین

ڕەخنەگرتن لە هەموو توانایەکی هاوشوناسکردنی سیاسەت لەگەڵ کاریگەری و فۆڕمەکانی ئاگاییدا، هەر لە سەرەتاوە ئەو ڕەگەزە ماتریالیەیە کە ناکرێت لە بەهاکەی کەم بکرێتەوە، هەر ئەمە ڕەخنەیەیش بزوێنەری پەرەسەندنی مێژوویی مارکس و دابڕانە پلەپلەکەی بووە لە هەموو ئایدیۆلۆژیا بۆرژوازییەکان. مارکس یەکەمجار لە جیاوازی نێوان ئایدیۆلۆژیای ڕۆشنگەری و مێژوویی کردەیی شۆڕشی فەرەنسی، کە ئەو ئایدیۆلۆژیایە ئیلهامبەخشی بووە، ئەم مەحاڵییەی خوێندەوە، پاشان لە فەرقی نێوان سۆسیالیزمی یۆتۆپیایی و خەباتی چینی کرێکاردا سەرنجی لێدا. ئەو هەر لەساڵی 1843 هوە نووسیویەتی: سیاسەت نە پەروەردەیە و نە ریکلام- »ئێمە خۆمان وەك خاوەن بڕوایەك بە بنەمایەکی نوێ بە جیهان ناناسێنین: ئەمە حەقیقەتەکەیە و با لەبەردەمیدا چۆك دابدەین!«-، بەڵکو ململانێی ماتریالییە: »با چەکی ڕەخنە بگۆڕین بە ڕەخنەی چەك« (نامە بۆ رۆج). لەو ساتەوەختەوە کە مارکس تێیدا لە مرۆڤایەتیی شۆڕشگێڕییەوە دەپەڕێتەوە بۆ کۆمۆنیزمی شۆڕشگێڕی، لەسەری پێویست بوو لەنێو تێزی "حزب-ئاگایی"ـدا قلپکردنەوەیەکی ماتریالی ئەنجام بدات: دروستکردنی ئاگایی چینایەتی –یان، بە دەربڕینی هەژاری فەلسەفە و هەژدەهەمی برۆمێری لویس پۆناپەرت، گواستنەوە لە "چین لە خۆیدا" بۆ "چین بۆ خۆی"- پرۆسەیەکی فیکریی نییە، بەڵکو بەر لە هەر شتێك پرۆسێسی پەرەسەندنێکی کردەیی ]ماتریالی[ـیە. ئەم ئاگاییە بەرهەم و تەواوکارییەکی بەرەبەرەی هەموو مومارەسە یەکخستنکاری و ڕێکخستنکارییەکانی ڕەوتی خەباتی ئیشکەرانە دژ بە

چەوساندنەوە. خۆ ئەگەر ئەم مومارەسانە قابیلی ئەوە نەبن لە یەك چوارچێوەی دامەزراوەییدا کۆببنەوە، ئەوا لایەنیکەم ئەگەری ئەوەیان تێدایە بەشێوەیەکی خۆکار و ئۆتۆماتیك لەیەکتری نزیك ببنەوە. دەبینین لێرەدا ئاڵۆزییەکی زۆر قورسمان دێتە پێش، بەتایبەتیش کە ئەم لێکنزیکبوونەوەیە لە «ناوەڕك»ـدا جیهانییە و لە «فۆڕم»ـدا نەتەوەییە، بە شێوەیەکی دیالەکتیکییانە دژ بە دەوڵەتە و شوێنکەوتەیەکی؛ لێکدژیی «سەنترال» و «نا سەنترال» لەبەرامبەر ئەو دەوڵەتەدا کە هەمیشە سەنتەرەکەی ناسیۆنالیستییانەیە.

پرۆلیتارەکان تەنیا بەو هۆیەوە نابنە چینێك کە ئیشکەران هەموویان لە هەمان هەلومەرجی چەوساندنەوە و بەکارهێنانی هاوشێوەدا دەژین، بەڵکو بە پێچەوانەوە، پەیوەندیی سەرمایەداریی خۆی پشت دەبەستێت بە کێبەرکێ لەنێوان ئیشکەراندا (بڕوانە: مانیفێستی کۆمۆنیزم و هەژاریی فەلسەفە). بە لەبەرچاوگرتنی ئەو واقیعەی کە بەندە بە هێزی کارەوە «وەك کاڵا»، تاکە کاریگەریی راستەوخۆ و دەستبەجێی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریی، تێکشکاندنی چینی ئیشکەری کرێگرتەیە کە لە ئاکامی ویست و خولیاکانی بۆرژوازییەتەوە وەك چینێك دروست بوون، ئەوەیش بە دابەشکردنی چینەکە بۆ بەشە بچووکەکان. کەواتە خەباتی چینایەتی و تەنیا خەباتی چینایەتی، چینی پرۆلیتاریا ناچار دەکات کێبەرکێی نێوانیان وەلا بنێن و بەرەبەرە بە هاوبەشی دژیەکییەکانیان لەگەڵ سەرمایەداراندا، زەق بکەنەوە، ئەمەیش پاڵیان پێوە دەنێت تاوەکو لە چینێکدا یەك بگرن. دەتوانین باشتر بڵێین، «حزب»

دەیەوێت شوناسی خۆی لەگەڵ شوناسی چیندا یەك بخات، چونکە داهاتووی شۆڕشگێڕانەی چینەکە دیاریی دەکات، کە بە کردەیی دەیکاتە هێزێکی سەربەخۆ و تەنیا ئەمەیش بوونێکی مێژوویی بۆ چینەکە پێکدێنێت.

ئەم تێزە بەشێوەیەکی تایبەت واتای ئەوەیە کە ڕێکخراوە سەندیکاییەکان بە مۆدێلە ئەسڵییە تریدیۆنیۆنییە بەریتانییەکەی، دیاردەیەك نییە جیاواز بێت لە دروستکردنی حزب، تەنانەت قۆناغێکیش نییە کە لە ڕێکخراوێکی تایبەتدا بەرجەستە ببێت و کۆتاییەکەی لە خۆیدا بێت (سەربەخۆ بێت لە فۆڕمێکی دیاریکراوی «خوازراو»ی خەباتی چینایەتی). مانیفێستی کۆمۆنیزم دەڵێت: »هەموو خەباتێکی چینایەتی خەباتێکی سیاسییە«. دروستبوونی سەندیکاکانییش ساتەوەختێکی یەکلاکەرەوەیە لە دروستبوونی چین و ئینجا حزبی شۆڕشگێڕییدا، کە بە تایبەتی تێیدا ئاگاییانە دان بە یەکێتی چینایەتیدا دەنرێت.

دوو خاڵ هەیە کە پێویستە لێرەدا قسە لەبارەیانەوە بکەین:

لەلایەکەوە، ناتوانین لەم وێناکردنە تیۆرییە تێبگەین ئەگەر بێتوو پەیوەستی نەکەینەوە، نەك تەنیا بەو کێشە فەلسەفییەوە کە بنچینە لۆژیکییەکەیەتی، بەڵکو ئەگەر پەیوەستیشی نەکەینەوە بەو هەلومەرجە مێژووییەوە کە مارکس و ئەنگڵس بۆ ریالیزەبوونی ئەم وێناکردنە دەریان خستووە. دەکرێت بە ڕوونییش بڵێین، تێزی مانیفێستی کۆمۆنیزم پشت بە ”سەنتێز“ـێکی تیۆری بۆ ئەو ویستانە دەبەستێت کە لەلایەکەوە لە مێژووی شارتیزمی ئینگلیزیدا

هەبوون و، لەلایەکی دیکەیشەوە لە مێژووی هەوڵە شۆڕشگێڕییەکانی پرۆلیتاریای فەرەنسیدا هەبوون، کە بلانکیزم بە فۆڕمە هەرە پێرفێکتەکەیەتی و لە سەرەتایشدا کۆبوونەوەی کۆمۆنیستەکان تەنیا درێژکراوەی ئەمە بوو. بگرە دەکرێت بڵێین ئەم "سەنتێز"ە ئەو هەوڵە کەسییەیە کە مارکس و بەتایبەتیش ئەنگڵس داویانە بۆ دامەزراندنی پەیوەندی، لە رێگەی هەندێك نوێنەرەوە، لەنێوان ئەم دوو بزووتنەوەیەدا کە تا ئەو کاتە بە تەواوەتی یەکترییان فەرامۆش کردبوو (بڕوانە: ئەنگڵس، بەشدارییەك لە مێژووی کۆبوونەوەی کۆمۆنیستەکاندا، 1885). شارتیزم یەکەم تەرزی "حزبی جەماوەری"ی خاوەن بنچینەیەکی کرێکاریی بوو، کە ئامانجە ئابووری (هەروەزییەکان- رۆژی کار لە دە سەعاتدا) و سیاسییەکانی (دەنگدانی گشتی)" لەگەڵ یەکتر گرێدا و مومارەسەی کاری جەماوەریی کرد (مانگرتنەکان، خۆپیشاندانەکان، داواکارییەکان). بلانکیزمیش "ئاڤانگارد"ـیکی ئایدیۆلۆژی بوو (گواستنەوە لە یەکسانییەوە بۆ کۆمۆنیزم) کە ئامانجی دەستگرتن بوو بەسەر دەوڵەتدا لەلایەن کرێکارانەوە و ئەم ئەرکەیشی بەخۆی سپاردبوو. کەواتە مارکس و ئەنگڵس، کاتێك وێنای حزبیان دەکرد، بەو جۆرە پێشبینیی پەرەسەندنی خەباتە چینایەتییەکانیان کردبوو کە ئەم دوو ئەزموونە لەیەك گرێدەدات و هەر یەکەیان لە سنووری ئەویترياندا دەتوێتەوە. لەبەرئەوەی لە شارتیزمدا بزووتنەوەی جەماوەری لەسەر حسێبی سەربەخۆیی پرۆلیتاریا درێژ دەبێتەوە و مەیلی لە ملکەچکردنی هەڵوێستی چینایەتییە بۆ ئامانجەکانی دیموکراسییەتی

ورده بۆرژوازی؛ ئەمە لە کاتێکدا لە بلانکیزمدا "پوخت"ـێتی پرۆلیتاریی خوازیاری تێپەڕاندنی ئەم دیموکراسییەتەیە، بەڵام لە تەنیاییەکی هاوبەش و تەکتیکی راپەڕینخوازدا دادەخرێت، ئەمەیش ئەوەیە کە مارکس و ئەنگڵس بە نوقسانیی بنچینە کرێکارییەکەی تەفسیریی دەکەن.

لە پێناو توێژینەوە لە فۆڕمەکانی ئەم پێکەوە گرێدانەدا مارکس و ئەنگڵس کاریان کرد بۆ دیاریکردنی پێشمەرجەکانی دروستبوونی راستەقینەی ئاگایی چینایەتی. لەلایەکەوە، ئەو پێشمەرجانە هەبوون کە پەرەسەندنی شۆڕشی پیشەسازیی بۆرژوازی بۆ بەیەکگەیاندنی خەباتەکان ئامادەی کردبوون (بەسەنتەرکردنی بەرهەمهێنان و نیشتەجێبوونی کرێکاریی لە شارەکاندا، شوێنەوارەکانی قەیرانە داراییەکان کە قوتی هەموو کرێکارانی کەم دەکردەوە)؛ لەلایەکی دیکەیشەوە، ئەو پێشمەرجانە هەبوون کە مێژووی سیاسی دروستیان کردبوو: لە بنەمادا، ئەوە بۆرژوازییەت بوو کە لە پشتی پێکهاتنی پرۆلیتارییاوە بوو لە حزبێکی سیاسییدا، ئەوەیش لەبەرئەوەی بە بێ کۆکردنەوە و بەسەربازکردنی جەماوەری ئیشکەر بە تەنیشتییەوە وەك هێزێکی یەکلاکەرەوە و، ئینجا پشتیوانیکردنی لە ململانێی نەتەوەییدا کە دەرەنجامەکەی کارکردن بوو لە پێناو ئامانجەکانی ئەودا (ئا ئەمە چەمکی "شۆڕشی بەردەوام"ـە)، نەیدەتوانی سامانە تایبەتییەکەی بەدەست بهێنێت.

لەلایەکی دیکەوە، خۆ ئەگەر وێناکردنی حزبی شۆڕشگێڕیی راستەوخۆ پەیوەست بێت بە وێنای دەوڵەتی "سیاسییەوە"، ئەوا هەر ویستێك بۆ تەباکردنی نێوانیان بەر نا-هاوشوناسییەکی زەق دەکەوێت، کە دەکرێت بە

کورتی بڵێین پەیوەندی دوو چینەکە بە شێوازی دەربڕینی سیاسییانەی خۆیانەوە، جەوهەرێکی تەواو جیاوازی هەیە. ئەو لایەنانەی کە دەبێت بەراوردیان بکەین، لەلایەکەوە چینی بۆرژوازی و دەوڵەتە و لەلایەکی دیکەیش پرۆلیتاریا و حزبی شۆڕشگێڕێی (کۆمۆنیستی)ـیە -لێرەدا تێبینیی ئەوە دەکەین کە نابێت لەلایەکەوە هەر چینێك و حزبەکەی و لەلایەکی دیکەیش دەوڵەت یان "دەسەڵاتی دەوڵەت" وەك دەربڕی مەرجەعێکی هاوبەش، بەراورد بکەین. خۆ وەك چۆن پەیوەندییەکی مێژوویی ناوەکی لەنێوان پرۆلیتاریا و حزبی کۆمۆنیستیدا هەیە، ئاوهاش پەیوەندی لەنێوان بۆرژوازییەت و دەوڵەتدا هەیە، بەڵام وەك بینیمان پەیوەندییەکەی نێوان بۆرژوازییەت و دەوڵەت لەم وێناکردنەی یەکەمدا، پەیوەندییەکی "نوێنەری"ـیە، بە واتای وشەکە: "نوێنەرایەتی"ی کۆمەڵگا بەشێوەیەکی نێگەتیڤ (تەنانەت بە میکانیزمە پەرلەمانییەکەیشیەوە) و نوێنەرایەتییکردنی چینی بۆرژوازی لەلایەن دەوڵەتەوە کە دەبێتە زەمینەی دەربڕینی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی ئەم چینە. لە بەرامبەردا، پەیوەندی پرۆلیتاریا بە حزبەوە پەیوەندیی نواندنەوەیی و نوێنەرایەتی نییە؛ بەڵکو پەیوەندیی ئۆرگانیکی پرۆلیتارییایە بە خۆیەوە، یان لایەنیکەم لەنێوان پرۆلیتاریا و پێکهاتنە ویستراوەکەی لە چینێکی شۆڕشگێڕیدا- تەنیا بەم واتایە دەتوانین لەبارەی "ئاڤانگارد" ]پێشڕەو[ەوە بدوێین: پرۆلیتاریا تاکە چینی کۆمەڵگەیە کە خۆی پێشڕەوی خۆیەتی. هەرگیزیش ئەوە گونجاو نییە کە پێمانوابێت حزب دەزگایەکە کە چینی کرێکار بۆ ئەوە بەرهەمی دێنێت تاوەکو ئەم حزبە

سەرکردایەتی خەباتە سیاسییەکەی بکات، یان لە دەوڵەتدا نوێنەرایەتیی چینەکە بکات.

ئەمەیش واتای ئەوەیە مارکس و ئەنگڵس بە یەکجار "شێواز"ە سیاسیی-سۆسیۆلۆژییەکەیان ڕەتکردۆتەوە کە دواتر بووە خاڵی هاوبەشی "مارکسیزم"ـی ئەنتەرناسیۆنالی دووەم و سێیەم: شێوازی تەبایی بەرامبەر-تیۆریی[106*] نێوان تۆبۆگرافیای "چینە کۆمەڵایەتییەکان" و تۆبۆگرافیای "حزبە سیاسییەکان"، وەك دەرەنجامێکی ئەو بیرۆکەیە سەیر دەکرێت کە گوایە هەر چینێك بە فۆڕمی حزب نوێنەرەوە یان "دەربڕ"ـێکی سیاسییە لە بازنەی سیاسەتدا. بگرە وێرای ئەوەیش، مارکس و ئەنگڵس قبوڵی ئەڵتەرناتیڤەکەی دیکەی ئەم شێوازەیان نەکرد کە دەوڵەت (یان "دەزگای دەوڵەت") دەکاتە تاکە حزبی بۆرژوازی -کە لە کاتی پێویستدا بۆ خواستە لاوەکییەکان دابەش دەبێت-، لەگەڵ ئەمەدا لە شیکاریی شۆڕشەکاندا ساڵی 1848دا، ئەو گوزارشتەیان دووبارە کردەوە کە لەو وەختەدا لە هەموو شوێنێکدا باو بوو، کە ئەویش بە لێکدژبینینی "حزبی ئەنارشی" و "حزبی سیستەماتیك" بوو، واتە هاوپەیمانێتی سەرجەم چینی خاوەندارەکان کە بە دیاریکراوی دەوڵەت گوزارشتی لە یەکێتییەکەیان دەکرد. ئەوەیش لەبەرئەوە نییە کە مارکس و ئەنگڵس دەستیان بە تێزێکی لاوازەوە گرتووە (هەمەجۆریی ئەزموونی و هەڕەمەکیبوونی گوزارشتە سیاسییەکانی هەر چینێك)، بەڵکو

---

106* بەرامبەردانانی ڕەگەزێک لە کۆمەڵێک لەگەڵ ڕەگەزێکی تر لە کۆمەڵێکی تر. ڕەگەزی بەرامبەر دەبێتە بەرامبەرێکی هاوئاست، شێوازی بەرامبەریش دەبێتە بەرامبەرێکی هاوئاست.

لەبەرئەوە بوو کە پشتیوانی تێزێکی بەهێزتریان دەکرد، ئەم تێزەیان لەسەر بنەمای ئەو بۆچوونە دامەزرابوو کە پێیوابوو خەباتە چینایەتییەکان بنچینەی دروستبوونی چینەکانە و لە پێش بوونی خودی چینەکانەوە بوونیان هەیە: واتە فەرقی نێوان سروشتی دەوڵەت و حزبی شۆڕشگێڕ وەك دوو فۆڕمی رێکخستنی دژیەکی چینەکان. فۆڕمی یەکەمیان، ئەبستراکتە و لە ژێریدا تێزە سەرەکییەکە لەبارەی جیاوازیی نێوان سروشتی "سیاسەتی بۆرژوازی" و "سیاسیەتی پرۆلیتاریا" رادەگەیەنرێت.

مارکس و ئەنگڵس هەرگیز دەستبەرداری تیزی "حزب-ئاگایی" نەبوون، ئەوەیش لەبەرئەوەی لە هەمان کاتدا لەگەڵ زەرورەتی سەرەکی لە هەڵوێستی "کۆمۆنیزم" و (ئەنتی تێزی مەیلی شۆڕشگێڕی و دەوڵەت) و، لەگەڵ هەندێك فۆڕمی ئایدیۆلۆژی لەبارەی "یەکگرتن"ـی تیۆری و بزووتنەوەی کرێکارییەوە کە دەبوو مارکس و ئەنگڵس بیریان لێبکردایەتەوە (وەك "دەرەتان"ـێکی دەرچوون لە ئایدیۆلۆژیای باڵادەست)، تەواو سازگار و گونجاو بوو. بەڵگەی ئەمەیش، فۆرمولە ناوازەیکەی ئەنگڵسە لە کۆتایی بەشدارییەك لە مێژووی کۆبوونەوەی کۆمۆنیستەکاندا: «لەمڕۆدا پرۆلیتاریای ئەڵمانی پێویستی بە رێکخستنێك نییە کە بە ئاشکرا و شاراوە پێکهاتبێت: چونکە تەنیا ئەوەندە بەسە کە ئەندامەکانی هەمان چین کە هەڵگری هەمان بیروبۆچوونن کۆببنەوە، ئەمەیش شتێکی گومانهەڵنەگرە، تاوەکو هەموو ئیمپراتۆرییەتی ئەڵمانی بلەرزێنن، تەنانەت بە بێ دانانی نەزمێك بۆیان یان لیژنەیەکی کارگێڕیی یان بە

بێ بڕیارەکان و هەر ڕێوشوێنێکی دیکەی رووکەش ]...[ وێڕای ئەوەیش، لە ئێستادا بزووتنەوەی ئەنتەرناسیۆنالی پرۆلیتاریای ئەوروپی و ئەمریکی بوونەتە هێزێك کە چیتر تەنیا فۆڕمەکەی یەکەمجار نییە، فۆڕمە بەرتەسك و سنووردارەکە -کۆبوونەوەی نهێنی- کە بەربەست بوو لە بەردەمیدا، بەڵکو بۆتە فۆڕمی دووەم، ئەوەندە فراوان کە ناپێورێت –کۆمەڵەی جیهانی ئیشکەران، کە بە ئاشکرا خۆی ڕاگەیاندووە. لە ئەنجامی ئەمەیشەوە، تەنیا هەستکردن بە هاوبەندییەك کە لەسەر بنەمای دانناندا بێت بە شوناس و بە دۆخی چینایەتی لەنێوان کرێکارانی هەموو وڵاتان و هەموو زمانەکاندا، بەسە بۆ دروستبوون و یەکگرتنی یەك حزبی گەورەی پرۆلیتاریا«. ئەمە ڕێی لەوە نەگرت کە مارکس و ئەنگڵس لە دروستکردن و ئاراستەکردنی حزبە سۆسیالیستی و ئەنتەرناسیۆنالەکانی دووەمدا، بەشدارییەکی چالاك و کاریان هەبێت.

خۆ ئەگەر تێزی ”حزب-ئاگایی“ هەرگیز ون نەبووبێت و فەرامۆش نەکرابێت، ئەوا لەگەڵ ئەوەیشدا ناچاربوو لەژێر کاریگەیی ئەو دژوارییانەی کە لەخۆیدا هەڵگریان بوو، هەروەها لەژێر کاریگەری ”تاقیکردنەوەی مێژوویی“ـدا، لە مەبەستەکانیدا ملکەچ بێت بۆ تێزی ”حزب- رێکخستن“ کە لە چەند خاڵێکی سەرەکیدا دژ بە تێزەکەی سەرەوەیە.

وەك بینیمان ”هەڵگەڕانەوەی ماتریالی“ کە تا ئایدیای ”بەدەستهێنانی ئاگایی شۆڕشگێڕی“ درێژبوویەوە، ئایدیای رێکخستنی خستە پلەی یەکەمەوە. حەقیقەتی راستەقینەی ئاگایی چینایەتی بریتییە لە رێکخستنی چینایەتی. بەڵام هەتا ئەم رێکخستنە تەنیا دەبڕی دەرکەوتنی بوونی چین ”لەخۆیدا“

بێت ئەوا ئایدیالیزم باڵادەست دەبێت. بەڵام ئەوەی کە لە ئارادا نییە (یان لایەنیکەم لە گوزارەکانی وەکو "دواین" و "پێشین" دەربارەی ئاگایی چینایەتی هەیە) گەمەی ئاڵۆزی لێکدژییە ناوەکییە ئایدیۆلۆژییەکانە، کە ڕێکخستنی چینایەتی پانتایی و گرەوەکەیەتی و ئەو سیاسەتەش دەگرێتەوە کە ڕێکخستن لە ڕەوشێکی دیاریکراودا پەیڕەویی لێدەکات: دروستبوونەکەی، "قەیرانەکانی"، "هێڵەکەی".

کۆمەڵەی جیهانیی ئیشکەران، کە ساڵی 1864 بە بەشداریی مارکس دامەزرا و هەر بە زوویش ڕۆڵی سەرکردایەتیکردنی دەگێڕا، بەشێوەیەکی ئاشکرا ئەو شێوازەی ریالیزە کرد کە مانیفێستی کۆمۆنیزم خستبوویەڕوو:

- پرەنسیپەکانی: »دەبێت رزگاربوونی چینی کرێکار بە دەستی چینی کرێکار خۆی بێت«، ئەمە بنەمایەکی سەرەکی سەربەخۆییەکەی بوو؛ »رزگاربوونی ئابووریی چینی کرێکار ئەو ئامانجە گەورەیەیە کە دەبێت هەموو بزووتنەوەیەکی سیاسی ببێتە ئامرازێك لەبەردەستیدا«، »ئەرکی گەورەی چینی کرێکاران بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسییە«، ئەمە بنەمایەکی سەرەکییە لە سیاسەتی پرۆلیتاریادا؛ دواجار بنەمای ئەنتەرناسیۆنالی خەباتی چینایەتی.

- پێکهاتەکەی: یەکڕیزی هەموو فۆڕمەکانی ڕێکخستن و ئاراستە پرۆلیتارییە ئەوروپییەکان، جا چ وەك کۆمەڵێك دروستبووبن یانیش بە تەنیا لە دەستە لۆکاڵییەکاندا.

- بنچینە سەرەکییە کرێکارییەکەی: تریدیۆنیۆنییە بەریتانییەکان کە بووە ژێرخان و بواری ڕۆژنامەگەرییەکەی.

بەڵام مێژووی کردەیی کۆمەڵەی جیهانیی ئیشکەران، لە

هەمان ئەو کاتەدا کە کاری بۆ پێشخستنی هاوبەندی دەکرد (مانگرتنەکان، دژایەتی جەنگە داگیرکارییەکان)، پەرەیدا بە لێکدژییە ناوەکییەکان کە هەرگیز پەیوەندی بە کردەی لەنێوبردنی »ئەو کێبەرکێیەوە نەبوو کە کرێکاران لەنێو خۆیاندا دەیانکرد« (مانیفێستی کۆمۆنیزم)، ئەم لێکدژییانە لە وەختی کۆمۆنەدا، لە جیابوونەوەی ئەنارشیزمدا لە لایەك و تریدیۆنیۆنیزم لەلایەکی دیکەوە، گەیشتنە لوتکە. ئەو ئەنتەرناسیۆنالەی بەسترابوو لە نێو خۆیدا ململانێی لەپێناو کۆمۆنیزمدا تێدا دەگوزەرا، ئەمەیش ”حزبێکی کۆمۆنیستی“ نەبوو.

هاوشوناسیی حزب لەگەڵ پەرەسەندنی ئاگایی چینایەتی دوو پرسی سەرەکی بەبێ چارەسەر و وەڵام جێدەهێڵێت:

یەکەم: پرسی کاریگەرییەکانی مێژووی سەرمایەداریی لەسەر رێکخستنی سەندیکایی: چارەنووسی ئەم رێکخستنە چییە کاتێك ئاکامەکانی هاوبەندیی کرێکاری و خەباتە داخوازیگەرییەکان (دیاریکردنی رۆژی کار، سنووردانان بۆ بەکارهێنان و قۆستنەوەی ژنان و منداڵان) دەخرێنە نێو بزووتنەوەی پیشەسازیی سەرمایەداریی خۆیەوە، کە ئەمەیش دەبێتە مایەی گواستنەوە لە ”زێدەبەها رەها“وە بۆ ”زێدەبەها رێژەیی“ (بە گوێرەی دەربڕینی مارکس)، واتە گۆڕان لە فۆرمێکی کاری زیادەوە بۆ فۆڕمێکی تر؟ بەشێوەیەکی دیکەیش، کاتێك پەیوەندیی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بە تاکەکەسە دابەشبووەکان و بگرە لێکچووەکانەوە، بگرە بە چین یان بە توێژە رێکخراوە چینایەتییەکانەوە، پەیوەندییەکی ناکۆك نییە؟ یان کاتێك ”ستراتیژییەتی کەڵەکەکردن“ـی

سەرمایە لە حسێبی خۆیدا ئەم ڕێکخستنە لەبەرچاو دەگرێت و هەوڵ دەدات بەسەریدا باڵادەست بێت؟

پرسێکی دیکەی چارەسەر نەکراو: پرسی ڕۆڵی حزبە لە گواستنەوە و گۆڕانی شۆڕشگێڕانەدا. یەکەم ئەرك کە دەکەوێتە سەر ئەستۆی حزب بریتییە لە »دەستگرتن بەسەر دەسەڵاتی سیاسییدا«: ئەی ئەو کاتە پەیوەندی نێوان چین و حزب و دەوڵەت چیی لێدێت؟ ئایا حزب خۆی دەکات بە دەوڵەت، کە ئەمیش لای خۆیەوە ببێتە "لیژنە"ی ڕاسپێردراو بۆ "بەڕێوەبردنی بەرژەوەندییە گشتییەکان"ـی پرۆلیتاریا، واتە (بۆ ماوەیەکی کاتی) پەیوەندی نوێنەرایەتییانەی لەگەڵ دادەمەزرێنێت؟ یاخود فۆڕمێکی نوێی پەیوەندی لێکدژیی هەیە لەنێوان فۆڕمی دەوڵەت و فۆڕمی حزبدا لەسەر هەمان بنچینەی چینایەتی (پرۆلیتاری)؟ لە ڕاستیدا ئەم پرسە چارەسەر نەکراوە، چونکە وەك بینیمان "دەوڵەت و "حزب" لە کێشەی "حزب-ئاگایی"ـدا ڕەگەزی هاوبەش نین، بەڵکو دەکەونە دوو لایەنەوە، لە "دابڕان"ـی وەهمی "سیاسی" و حەقیقەتی "کۆمەڵایەتی"ـدا.

دەکرێت ئەم دۆشدامانە ببەستینەوە بەو پرسەوە کە شۆڕشی کۆمۆنیستی، چ لە سکێچە تیۆرییەکەی مانیفێستی کۆمۆنیزمدا و چ لە دەروازەیەک بۆ ڕەخنەی ئابووریی سیاسیدا (1859)، وەك پرۆسێسێکی مێژوویی قابیلی شیکاریی نییە، پرۆسێسێك کە مەودا و لێکدژیی تایبەت بەخۆی هەیە و هیچ نییە جگە لە خاڵی "گواستنەوە" لە کۆمەڵگەی چینەکانەوە بۆ کۆمەڵگەی بێ چین، ئەگەرچی لە هەمان کاتدا وەك ئەو پرۆسە سیاسییە خۆی پیشان دەدات کە گۆڕانی پەیوەندیی

بەرهەمهێنان (واتە کار) بە دژھ رووالەتییەکەیدا دەڕوات، واتە خەباتی چینایەتی لە "سەرخان"ـدا[107].

مارکس و ئەنگلس هەوڵیاندا وەڵامی ئەم دوو کێشەیە بدەنەوە، بۆ ئەمەیش دەبوو بۆچوونەکانیان لەبارەی حزبەوە راست بکەنەوە و بیبەستنەوە بە چەمکی دووەمەوە دەربارەی دەوڵەت. لەم روانگەیەوە، دەوڵەت، وەك دەزانین، "دەزگا" یان "ئامراز"ـێکی ماتریالییە، هەمیشە و بەر لە هەر شتێك، کەرەستەکانی باڵادەستیی چینی بۆرژوازیی تێدا کۆبۆتەوە. گەر وا بێت، کەوایە چینی کرێکار تەنیا بە دژایەتیکردنی ئەم ئامێرە و بە موتوبەرکردنی بە ئامێرێکی دیکە و بە دەزگایەکی دیکە، دەتوانێت رزگاربوونی خۆی وەدیبهێنێت.

### 4- لە رێکخستنەوە بۆ ئایدیۆلۆژیا

تێزی "حزب-رێکخستن" بە شێوەیەکی تایبەتی لە زیادکردنی مادەی (7 أ)ـدا بوو بۆ سەر رێکخستنە ئەنتەرناسیۆنالییەکان کە سروشتی ئەو دابەشبوونانەی دەرخست کە لە (کۆنگرەی لەندەن 1871 و کۆنگرەی لاهای 1872)ـدا، روویدا بوو: »پرۆلیتاریا، لە خەباتەکەیدا دژ بە دەسەڵاتی دەستەجەمعییانەی چینە خاوەندارەکان، وەك چینێك تەنیا ئەو کاتە دەتوانێت ئەکت بنوێنێت کە خۆی لە

107 رێک ئەمە ئەو تەنگژەیەیە کە لینین هەوڵیدا بەو داهێنانە تیۆرییەی کە ئاماژەمان پێدا، چارەسەری بکات. هەوڵمدا ئەم مشتومڕە لە وەلامدانەوەی کۆمێنتێکی لویس ئالتوسێردا فراوانتر بکەم، ئەویش بە بەشداریکردنم لە پۆلێنی "Discutere la stato, Bari, De Domato, 1978" (وەرگێڕانە فەرەنسییەکەی لە ژمارە 26ـی Dialectiquesدا بە ناونیشانی "حیزب، دەوڵەت، گواستنەوە" بڵاوکراوەتەوە).

حزبێکی سیاسیی تایبەتدا رێکبخات کە ئەم حزبە جیاواز بێت لە هەموو ئەو حزبە کۆنانەی کە چینی خاوەندار دروستی کردوون. خۆرێکخستنی پرۆلیتاریا لە چینێکدا شتێکی زەرورییە بۆ مسۆگەرکردنی سەرکەوتنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی و ئامانجە باڵاکەی: واتە هەڵوەشاندنەوەی چینەکان. هەروەها دەبێت هاوپەیمانێتی هێزە کرێکارییەکان کە پێشتر بەهۆی خەباتی ئابوورییەوە روویداوە، لە خەباتیدا دژی دەسەڵاتی سیاسیی چەوسێنەرەکانی وەك بەرزکەرەوەیەك لە دەستی ئەم چینەدا خزمەت بکات. جا لەبەرئەوەی ئاغاکانی زەوی و سەرمایەداران، هەمیشە، ئیمتیازاتە سیاسییەکانیان لەپێناو بەرگریکردن لە مۆنۆپۆلە ئابوورییەکانیان و زیندوڕاگرتنی بەرژەوەندییەکانیان و ملکەچکردنی کاردا بەکاردەهێنن، ئەوا دەستگرتن بەسەر دەسەڵاتی سیاسییدا دەبێتە گەورەترین ئەرکی پرۆلیتاریا«.

ئەم فۆرمولەیە، ئەگەر ئەو رەوشە لەبەرچاو بگرین کە تێیدا خراوەتەڕوو، زۆر نزیکە لە مانیفێستی کۆمۆنیزمەوە کە لە واقیعدا ئاماژەیە بۆ دابڕان لەگەڵ چەند خالێکی سەرەکیدا. رێکخستنی سەرەکی تەنیا دەربارەی »دامەزراندنی خاڵێکی سەنتراڵ قسەی کردووە بۆ پەیوەندیگیریی و هاوکاریی نێوان کۆمەڵە کرێکارییەکان لە هەموو وڵاتاندا، کە هەمان ئامانجیان هەیە«. بەڵام وا پیدەچێت ئەوەی ئێستا دەبێت مسۆگەر بکرێت سەنترالیزەکردنی راستەقینەی "رێکخراو"ی بزووتنەوەی کرێکارییە؛ هەروەها ئەوە جیاکارییەکی دامەزراوەییە لەنێوان "حزب" و "سەندیکا"دا. دواجار ئامادەیی چینی کرێکارە وەك هێزێکی سەربەخۆ، بەهۆی

حزبەوە، لە "بەرە"ی ململانێ سیاسییەکاندا کە گرەوەکەی لەسەر شێوەی "دەستووری"ی دەوڵەت و سیاسەتە ئابووری (پارێزگارییەکەی، ئاڵووێری-ئازاد) و کۆمەڵایەتی (بەیاساکردنی کار، نیشتەجێبوون، فێرکردن) و نێودەوڵەتی و سەربازییەکەیەتی (جەنگە "بەرگریکاری" و "هێرشبەری"یە ناسیۆنالیستییەکان).

دوای ئەوەی لە رێگەی گۆرینی کۆمەڵەی جیهانی ئیشکەران لە ناوەوە هەوڵدرا ئەم ئامانجە وەدی بێت، مارکس و ئەنگڵس لەم پێناوەدا کارێکی دیکەیشیان کرد، ئەویش پشتیوانیکردن بوو لە دروستکردنی حزبە سۆسیالیستییە ناسیۆنالیستەکان (مۆدێلە ئەسڵییەکەی: سۆسیالی-دیموکراتی ئەڵمانی بوو، لە ئاکامی یەکگرتنی "لاسالییەکان" و "مارکسییەکان" لە کۆنگرەی گۆتا ساڵی 1874. لە راستیدا هەر لە ساڵی 1872هوە لە روانگەی ئەوانەوە ئەم دوو فۆرمولەیە دژیەك نەبوون... گرنگترین رەخنەیەك کە باکۆنین ئاراستەی مارکسی کرد ویستی مارکس بوو بۆ گۆڕینی کۆمەڵەی جیهانیی ئیشکەران بۆ "ئەنتەرناسیۆنالی حزبەکان").

دیسانیش دەڵێین، ئەو پرسیانەی کە ئەم بۆچوونە تیۆرییە و پراکتیکە هاوتاکەی لەسەر ئەرزی واقیع دەیخەنەروو، تەنیا ئەو کاتە دەتوانین لێی تێبگەین کە بیانبەستینەوە بە دوو رووداوی گەورەی مێژووییەوە: پەرەسەندنی تریدیۆنیۆنیزمی بەریتانیی پەیوەست بە دەوڵەتی "لیبرالی" و وانەکانی کۆمۆنەی پاریس. دەکرێت بڵێین پەرەسەندنی تریدیۆنیۆنیزم بووە مایەی باوەڕهێنانی مارکس بە زەرورەتی جیاکردنەوەی تیۆری و رێکخراوەیی نێوان "سەندیکا" و "حزب"، لە

هەمان کاتدا کۆمۆنەیش –لە ڕێگەی کاریگەرییە دوورەسەرە ئایدیۆلۆژییەکەیەوە، لە ڕاکێشان و ڕەتکردنەوەی سۆسیالیزمی ئەوروپیدا- ئەو قەناعەتەی لای مارکس دروست کرد کە خواستی باڵادەستیی دەوڵەت بە سەرجەم فۆڕمەکانییەوە (بە لەبەرچاوگرتنی وەهمەکانی پەرلەمانتاریزم و ناسیۆنالیزم، تاوەکو دەگات بە ئاراستەی "سۆسیالیزمی دەوڵەت) ئەو مەترسییە سەرەکییەیە کە هەر لە بنەڕەتەوە لەنێو بونیادی "حزبە کرێکارییەکان"ـدا بوونی هەبوو.

هەتا پیشەسازیی گەورەی ئینگلیزی زیاتر چینی کرێکار ملکەچ بکردایە، تاوەکو لەگەڵ شۆڕشی پیشەسازی و لەگەڵ کاری هەژارکردنی دڕندانەدا ڕایانبهێنێت و هەر دەستەبەرییەك بۆ هەلومەرجەکانی ژیانیان بسڕێتەوە، ئەوەندەیش بەیەکگەیشتنی داواکارییە "ئابوورییەکان" و خواستەکانی دەنگدانی گشتی، بە پۆتێنشیەل سیفەتێکی شۆڕشێگڕانە بوو[108]. بەڵام لە نێوان ساڵانی -1850 1870، بەهۆی کۆچی بەلێشاوی کرێکارە ئینگلیزی-ئێرلەندییەکان بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان، و "شۆڕشی دووەمی پیشەسازی"ی پیشەسازییە ئامێری و میتاڵییەکان، و باڵادەستیی ئابووریی جیهانیی ئینگلتەرا، و دروستبوونی "ئۆرستۆکراسییەت"ـی کرێکارییەوە، دۆخەکە بە تەواوەتی گۆڕا. بۆرژوازییەتی ئینگلیزی دەیتوانی نەزمێکی هەژموون دابمەزرێنێت تێیدا دەنگدانی گشتی تەنیا بەشێك بێت لە باڵادەستیی ئەخلاقی و

108 بڕوانە لە کتێبە نایابەکەی جۆ فۆستەر:
Class struggle and the Industrial Tevolution, Methuen et .CB., London, 1977

ئایینی و قوتابخانەیی و، ئینجا داهێنانی دامەزراوە پیشەییە سەندیکاییەکان کە دەسەڵاتی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییان هەبوو، لەگەڵ هاوکاریی گشتییدا، تەواوکەری ئەم نەزمە بن. دەبێت باس لەم دۆخە بکەین بۆ ئەوەی تەفسیری پەرەسەندنی تریدیۆنیۆنیزم بکەین چونکە ئەم رێبازە، "شێواز"ی پەرەسەندنی ئاگایی چینایەتی رەت دەکردەوە کە مارکس ئامادەی کردبوو .

مارکس لە کرێ، نرخ، قازانج (1865)ـدا دوو تێزی خستۆتەڕووە کە پێشتر باسمان کردن:

1- چینی کرێکار، لە رێگەی خەباتی داواکاریی رۆژانەوە، دەتوانێت بەر بە مەیلی سەرمایەدار لە زیادکردنی چەوساندنەوە بگرێت، بەڵام ناتوانێت لەنێوی بەرێت. دواجار »سەرمایەدار لە ململانێی پەتیی ئابووریدا بەهێزترە«. -2 ئەم خەباتە، هەر لە خۆیدا، »زەرورەتی ئەکتی سیاسیی گشتی« دەردەخات، کە بۆ هێرشبرنە سەر هۆکارەکانی چەوساندنەوە، نەك بەرەنجامەکانی، دێتە ئاراوە: بەم جۆرە سەندیکالیزم دەگاتە هەڵوەشاندنەوەی کاری کرێگرتە و گۆڕانی شۆڕشگێڕانەی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان.

بە دەربڕینێکی تر، بەدڵنیاییەوە لەنێوان چالاکیی داواکارییانە و ئەکتی سیاسیی شۆڕشگێڕانەدا فەرقێك لە رادەی گشتگیرییدا هەیە و بەربەستێکیش هەیە (کە مەرج نییە دەستبەجێ تێبپەڕێنرێت)، بەڵام گۆاستنەوەیەکی لۆژیکی هەیە (لە دەرەنجامەکانەوە هەڵدەکشێت بۆ هۆکارەکان)؛ کەواتە سیاسەتی شۆڕشگێڕیی ئەو تاکە رێگایەیە کە خەباتی داوکارییانە رێک لە سنوورەکەی خۆیەوە سەررێگای دەخات.

بەڵام پەرەسەندنی تریدیۆنیۆنیزم ئەوەی سەلماندووە کە مەسەلەکە بەم شێوەیە نییە: بە دەستپێکردن لە خەباتی داواکارییانەوە لە واقیعدا دوو ڕێگای لێکدژ ئاوەڵا بوون؛ کەواتە تریدیۆنیۆنیزم وەك ئاراستەیەکی دوور مەودای چەقبەستوو لەنێو بونیادی پەرەسەندنی سەرمایەدارییدا هاتە بوون و، لەگەڵ ملکەچیی بزووتنەوەی کرێکارییدا بۆ سیاسەتی بۆرژوازی (لیبرالیزمی ئینگلیزی) کێشەیەکی گەورەی نەبوو، بەڵکو لەگەڵیدا هەڵیدەکرد. کەواتە دەبێت، لە بەرامبەر و لە دەرەوەی سەندیکادا، ڕێکخراوی سیاسی دروست ببێت کە پشت ببەستێت بە بنەمای ستراتیژیی و تەکتیکیی پرۆلیتاریی، ئەوەیش لەپێناو بەرجەستەکردنی ئەڵتەرناتیڤی سیاسییدا.

بەڵام ئایا دەستبەجێ ئەم ڕێکخراوە پڕ نابێت لە لێکدژیی ناوەکیی مەترسیدار؟ ئایا دەبێت ئەو خەباتەی کە مارکس و ئەنگڵس دژ بە ئۆپۆرتۆنیزمی خۆڕسك لە سۆسیال-دیموکراسیی ئەڵمانیدا کردییان، وەك شتێکی رووکەشی تایبەت سەیر بکەین، یان خود دەبێت وەك نیشاندەری پرسێکی گشتی لێی بروانین؟ وەك دەزانین، ئەوەی بابەتی ناکۆکییە بریتییە لە "پرسی بنەمایی" سەنتراڵی وەکو ئەمانە: ئەنتەرناسیۆنالی حزب؛ "وێناکردنەکەی بۆ جیهان" کە پێیەکی لەنێو ئایدیۆلۆژیای مافخوازیدایە و پێیەکەی دیکەی لەنێو ئایدۆلۆژیای ئەخلاقیی و ماتریالیدایە؛ خواستی ئەنتەرناسیۆنال لەسەر پێشنیاری چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان، بگرە دامەزراندنی سۆسیالیزم، بەهۆی دەستوەردانی دەوڵەتەوە؛ زەورەتی دروستبوونی حزبێکی جەماوەری کە کرێکاران سەرپەرشتیی بکەن، لە هەمان کاتدا ڕووبەڕووبوونەوەی

کرێکارگەرایی (ئەو بیرۆکەیەی کە دەڵێت لە دەرەوەی چینی کرێکار "تەنیا کوتلەیەکی فەندەمێنتال هەیە و هیچیتر").. رەنگە بە بیرمان بێت کە لیبکنخت مارکس و ئەنگڵسی خستە بەردەم "دیفاکتۆ"ی یەکگرتن لەگەڵ لاسالییەکاندا. ئەوان ئەم یەکگرتنەیان بەم شێوەیە نەدەویست؛ کاتێك ملیان بەم کارە دا، دەبوو "لە ناوەوە" بە هۆی خەباتی بەردەوامی ئایدیۆلۆژییەوە هەوڵی راستکردنی ئاراستەکەیان بدەن، کە بەم هۆیەوە سەرلەنوێ ئەو ئایدیایە دەرکەوتەوە کە پێمانوابوو بە یەکجاریی دەستی لێ هەڵگیراوە: ئەویش ئایدیای "فەلسەفە"ی تایبەت بە بزووتنەوەی کرێکاری بوو، واتە "دیالەکتیکی ماتریالی".

بە هەرحاڵ لای مارکس و ئەنگڵس تیۆرێك بۆ ئەم پرسانە بوونی نییە؛ شتێکی تەواو جیاواز هەیە، "هێڵ"ـی دەستێوەردانی سیاسی هەیە، کە لە بنەرەتدا وا لەنێو ئاماژە تیۆرییەکاندا (بڕوانە: رەخنەی بەرنامەی گۆتا و ئێرفۆرت). وەك بڵێی ئەگەر حزب بنەمای تیۆریی فەلسەفی و ئابووری و سیاسی هەبێت تەنیا ئەمە بەسە بۆ "دەستەبەرکردن"ـی جێبەجێکردنە کردەییەکەی لەسەر ئەرزی واقیع، بگرە بەسە بۆ ئەوەی کە هەڵوەشانەوەی حەقیقەتە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکەی حزب جێی تیۆری حزب بگرێتەوە. رەنگە بتوانین ئەم کەلێنە بەو لێکدژییانە بەراورد بکەین کە تەدەخولەکانی مارکس و ئەنگڵسیان چڕکردۆتەوە و ئەمەیش لە پەرەسەندنی دواتری سۆسیال-دیموکراتدا بێ کاریگەری و دەرەنجام نەبووە: بەر لە هەر شتێکیش لەوەدا کاریگەر بوو کە بەهۆی دووپاتکردنەوەی بەردەوامی

زەرورەتی ئەوەی کە دەبێت مومارسەی سیاسی مومارەسەی جەماوەری بێت و زەرورەتی "پاکژکردنەوەی بنەماکان"، مارکس و ئەنگڵسی گەیاندە ئەو باوەڕەی هەندێك لەم دەستێوەردانانە بە نهێنی بهێڵنەوە- یان قەبوڵکردنی ئەوەی کە بەهۆی Parteivorstand، بە ناوی یەکێتی حزب و بۆنە تەکتیکییەکانییەوە، کۆمێنتی کورت و شاراوە بن. ئەم مەسەلەیە پەیوەستبوو بەوەی دەستەی ئەرکانی حزب بکرێتە حەکەم و کەناڵی راسپێردراو بۆ ئەنجامدانی "یەکگرتن" لەنێوان تیۆر و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕییدا. ئەمەیش واتای ئەوەیە مارکس و ئەنگڵس پێیانوابووە دەتوانن لێکدژییە ئایدیۆلۆژییەکان لەنێو حزبدا چارەسەر بکەن -کە بە دڵنیاییەوە رەوشە مێژووییەکە تەفسیری بەشێکی گەورەی دەکات-، ئەویش بە لێکجیاکردنەوەیەکی روون لەنێو دوو سەنتەردا، یەکێکیان "سیاسی" و ئەویتریان "تیۆری"، ئینجا تێکەڵکردنەوەیان لەرێگەی پەیوەندییە کەسییەکانەوە: »خەڵکی پێیانوایە ئێمە لێرەدا پەیوەستین بە هەموو هێڵەکانی ئەم بزووتنەوەیەوە، لە کاتێکدا تۆیش وەك من زۆر باش دەزانیت، ئێمە هەرگیز قسەیەکی ئەوتۆ لە کاروباری ناوخۆی حزبدا ناکەین، خۆ ئەگەر بە رێکەوت ئەمە بکەین، ئەوا ئەمە تەنیا بە پێی توانا بۆ راستکردنەوەی ئەو هەڵانە دەکەین کە هەمیشە لە حەقیقەتدا و لە چوارچێوەی تیۆردا کراون« (جەختەکە لە ئەنگڵسەوەیە، نامە بۆ بیبڵ، رێکەوتی 18-28ی ئازاری 1875).

بەڵام ئەم لێکدژییانە ئەسڵێکی دیکەیشیان هەیە، کە دەگەڕێنەوە بۆ سنوورەکانی "وانەکانی کۆمۆنە". بە بۆچوونی

مارکس و ئەنگڵس بەر لە هەر شتێك كۆمۆنە ئەو تێزەی دووپاتکردەوە کە پێشتر کەموکوڕییەکانی کۆمەڵەی جیهانیی ئیشکەران خستبوویە روو: مارکس لە کۆمێنتێکدا لە کۆنگرەی کۆمەڵەدا لە لەندەن، دەڵێت: »بزووتنەوەکە لە فەرەنسا شکستی هێنا، چونکە ئامادە نەکرابوو«، هەردووکیشیان لە هەمان بۆنەدا دەڵێن، بۆ رووبەرووبوونەوەی هاوپەیمانێتی حکومەتەکان و ئامرازە سەرکوتکارییەکانی بەردەستیان، پێویستمان بە »سەنتەرەکانی رێکخستنی خەباتی چینایەتی کرێکاران هەیە« کە بتوانێت پێشبینی و پێشڕەوی قۆناغە بەدوایەکداهاتووەکانی خەباتەکەی بکات، جا چ راپەڕین بێت یان خەباتی پەرمانتاریی یان کۆمەلایەتی. دواتر کاتێك کە هەردووکیان ناچاربوون تێبکۆشن بۆ بەدەستهێنانی داننان بەو بنەمایانەدا کە کۆمۆنە لەبارەی سۆسیال-دیموکراتەوە دایڕشتبوون، یەکەم شێك کە کردییان خستنەرووی مەودای دوژمنکارانەی فیودالەکان بوو دەرهەق بە شۆڕشی کۆمۆنە: ئەم خاڵە بۆ ئەوەبوو ئاراستەکەی یەکەمی پێراست بکرێتەوە پرۆلیتاریا خۆی بخاتە قاڵبی حزبێکەوە (کە تێهەڵکێشکرنی بۆچوونەکانی مارکس بە بۆچوونەکانی لاسال لەبارەی "دەوڵەتی میللیی ئازاد"هوە، پشتیوانیی لێدەکرد). بە هەرحاڵ کۆمۆنە، بەهۆی هۆکارێکی ئاشکراوە، هیچ رۆشناییەکی نوێ ناخاتە سەر پەیوەندییەکانی نێوان حزبی شۆڕشگێڕی و دەوڵەتی دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا، بەڵکو فۆڕمێك لە "فەرمانرەوایەتی چینی کرێکار" پیشان دەدات بە بێ حزبێکی رێکخراو، یان باشتر بڵێین بە بێ حزبی پێشڕەو، هەمان کات لاوازییەکەی و مەدلولە مێژووییەکەیشی هەر لێرەدایە

("ئۆتۆنۆمی" چینی کرێکار و ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی). دەبینین کە ئەم مەسەلە چارەسەرنەکراوە، چارەسەرێکی نییە و هەر جارێکیش، لە رووی مێژووییەوە، "مۆدێلی کۆمۆنەی پاریس" لە هەلومەرجێکی شۆڕشگێڕییدا زیندوو ببێتەوە، هەمیشە بە هەمان زەقییەوە دەردەکەوێتەوە: لە روسیای سۆڤییەتی 1918-11971، لە شانگەهای لە 1967 لە وەختی شۆڕشی کولتووری چینیدا.

لە راستیدا، لەبەرئەوەی پێناسەکردنی دەوڵەت وەك "ئامراز" بەس نییە بۆ دیاریکردنی جۆری ئەو ڕێکخراوەی کە دەبێت حزب لەچوارچێوەیدا دابمەزرێت و، بۆ دیاریکردنی ئەو وەزیفانەی کە دەبێت ئەنجامیان بدات.

جێگای سەرنجە، ئەوەی بەلای مارکس و ئەنگڵس "دواتریش لینین"ـەوە گرنگ بوو تەنیا بیرۆکەی ڕێکخستن و سەنترالیزە نەبوو، بەڵکو بیرۆکەی سەرکردایەتی ستراتیژی و تەکتیکیی خەباتە چینایەتییەکان بوو (بۆ نموونە بگەڕێوە بۆ: "وەسییەتی ئەنگڵس" پێشەکی چاپی 1895ی خەباتی چینایەتی لە فەرەنسا و، هەموو مشتومڕەکان لەبارەی پەیوەندی نێوان راپەڕین و دەنگدانی گشتی). بەڵام لێرەدا جیاوازییەکی ئاشکرا هەیە. خۆ ئەگەر خەباتی چینایەتیی پرۆلیتاریا پێویستی بە سەرکردایەتییەکی سیاسیی بێت، ئەوا لەبەرئەوەیە کە خەباتی چینایەتیی بۆرژوازی خۆی، سەرکردایەتیکراو و ئاراستەکراوە و "ستراتیژییەت"ـێکی تایبەتی بۆ هاوپەیمانێتی چینایەتی و بەکارهێنانی قەیرانە ئابوورییەکان و ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان و یاسادانانە نەتەوەیی یان لیبرالییەکان هەیە، ئینجا دژ بە بەرژەوەندییە

سەندیکاییەکان و دابەشبوونە ئایدیۆلۆژییەکان دەخاتە نێو جەماوەری چەوسێنراوەوە و..هتد. بەهەرحاڵ، چەمکی ئامرازی دەوڵەت کە مارکس هێڵە سەرەکییەکانی داناوە و ئەنگڵس لە بنەچەی خێزان و خاوەندارێتیی تایبەت و دەوڵەتـدا پەرەی پێداوە، هیچ کەرەستەیەك بۆ شیکاریی سەرکردایەتی سیاسیی خەباتی چینایەتیی بۆرژوازی و ئەو فۆرمە جیاوازانەی کە دەکرێت ئەم سەرکردایەتیە بەخۆیەوە بگرێت و، ئەو رۆڵەی کە سەنتراڵیزەکردنی دەوڵەت تێیدا دەیگێڕێت، ناخاتە بەردەست، ئەگەرچی ئەم چەمکە زەرورەتێکیش بووبێت بۆ دابڕان لە ئایدیالیزمی دەوڵەت کە وەك "یەکێتیی سیاسی"ی وەهمی وێنای کردووە. ئەم چەمکە تەنیا وەسفی ئەو کەرەستانە دەکات کە بەکاریان دەهێنیت، واتە خستنەرووی بەڵگە لەسەر بوونی ماتریالییانەی دەوڵەت لە خەباتی چینایەتیدا. بەڵام ئەوە روون ناکاتەوە کە دەوڵەت چی دەکات -یان لەرێگەی دەوڵەتەوە دەشێت چی بکرێت- بەم واتایەش هیچ لەبەرامبەر چەمکی یەکەمی دەوڵەتدا پێشکەوتنێکی ئەوتۆی تێدا نییە. بەهەرحاڵ، بە لەبەرچاوگرتنی نەبوونی شیکارییەك دەربارەی سەرکردایەتی سیاسیی بۆرژوازی کە بە روونی لە بڕیارەکانی حکومەتەکان جیاوازە، سەرکردایەتیی سیاسیی بۆرژوازی دەبێتە دیلی پراگماتیزم و "بەڵگەنەویستە" هەڵەکەی. ئەمە ئەرکەکانی بانگەشە و ئامادەکاریی و رێکخستن پێکەوە ئەنجام دەدات (بڕوانە دروشمی لیبکنخت، کە لینین زۆر باسی دەکات) و دەیبەستێتەوە بەم "سەنتەر"ەوە کە وا پێدەچێت بتوانێت هەموو ئەم وەزیفانە لەگەڵ یەکتردا بگونجێنێت، هەروەها

وا پێدەچێت دەوڵەت لە خۆیدا توانای ئەوەی هەیە "وەزیفە گشتییەکان"ی کۆمەڵگە، یەك بخات.

بەڵام لەم دۆخەدا هەندێك لەم "وەزیفە" سەرەکییانە هەر بە رواڵەتی یان رەمزیی دەمێننەوە و، بە تەمومژاویی دەرك دەکرێن، بەبێ ئەوەی بە کردەیی تێهەڵکێش بە چەمکی "حزبی شۆرشگێری" بن: لێرەدا مەبەستی تایبەتمان لەو شتەیە کە دەتوانین ناوی بنێین وەزیفەی کۆ-شیکاریی بۆ رەوشە تایبەتییەکەی خۆی و لێکدژییەکان و "پێکهاتەی سیاسی"ی پرۆلیتاریا. دواجار، تەنیا بۆ پەرەدان بەم وێناکردنە خۆی، دەرفەتی دابڕانی یەکجارەکی لە تێزی "حزب-ئاگایی" دەرەخسێت، ئەوەیش لەو رێگەیەوە کە حزب بکرێتە ئەو فۆرمەی کە چینی کرێکار بەهۆیەوە دەرك بە پێگە ئوبێکتییەکەی خۆی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی رەوشێکی دیکاریکراودا دەکات، نەك ئەو فۆرمە بێت کە تەنیا دەرك بە ئەرکە مێژووییەکەی دەکات، هەروەها دەکرێت تەنیا ئەم فۆرمە پرسی بوونی دووفاقیی لەنێوان "سەنتەری سیاسی" و "سەنتەری تیۆری" لە حزبدا لەنێو بەرێت، کە دووفاقیی فۆڕمەکەی مارکس-ئەنگڵس لەلایەك و بیبل لیبکنخت لەلایەکی دیکەوە، یەکەم وێنەی مێژووییەتی، ئەوەیش بەر لە بەرجەستەبوونی لە کەسایەتی تاك-سەرکردە یان چەند سەرکردەدا. لە هەموو دۆخێکدا ئەو تاکە رەگەزەی کە دەکرێت لای مارکس بەم واتایە تەفسیری بکەین، پێداگرییەکەیەتی لەسەرئەوەی کە یەکەمجار کۆمەڵەی جیهانیی بۆ ئیشکەران و ئینجا حزبی کرێکاریی فەرەنسی ڕابسپێردرێن بۆ کاری لێکۆڵینەوەی بە کۆمەڵ وەك ئەرکێکی

سەرەکی دەستەجەمعی. تەنیا لینین بوو کە لە "کار چییە"؟دا، هیچ نەبێ بە شاراوەیی، دەستی کرد بە خستنەرووی ئەم پرسە، لەوێدا دەنووسێت: »سۆسیال-دیموکراتەکان بۆ ئەوەی بگۆڕێن بە کرێکاری خاوەن زانینی سیاسی، دەبێت روو لە هەموو چینەکانی دانیشتوان بکەن و مەفرەزەی سوپاکەیان بە هەموو لایەکدا بنێرن...«.

دواجار ئەوەی لەمەیش گرنگییەکەی کەمتر نییە، ئەو پێشهاتە وەڕزکەرە بوو کە مارکس لە کاتی مشتومڕکردن لەگەڵ ئەنارشیستەکاندا لەبارەی مەسەلەی حزب و سروشتی "دەسەڵات"ـەوە، کە (دەسەڵاتی سەرکردەکان، یان دەسەڵاتی تیۆرسێنەکان)ـی تێدا پیادە دەکرێت، خۆیی تێدا بینییەوە. خۆ ئەگەر حزب ئەو رێکخراوە بێت کە پێویستە لە بواری خۆیدا رووبەرووی "ئامراز" یان دەزگای دەوڵەتی بۆرژوازی ببێتەوە، ئایا ئەمە مانای ئەوەیە کە حزب خۆیشی هەمان جۆرە "ئامراز"ە؟ تاوەکو تێزی ئەنارشیستەکان رەت بکەینەوە کە دەڵێت دەبێت رێکخراوە شۆڕشگێڕییەکان لە شێوەی کۆمەڵگەی داهاتوودابن کە دەیانەوێت دروستی بکەن، واتە "کۆبوونەوەی ئازادی خانە سەربەخۆکان، ئەوا پێدەچێت بابەتەکە، لایەنیکەم بە پۆتێنشییەل، هەر بەو جۆرەیە، واتە حزبیش خۆی ئامرازێکی وەك دەوڵەتە"[109].

109 بڕوانە: ئەنگلز، کۆنگرەی سونیفیلییە و ئەنتەرناسیۆنالی (1872): «لەمڕۆدا بە هەموو کەرەستەیەک بەرگری لە خۆمان دەکەین؛ [بە بۆچوونی باکۆنین] دەبێت پرۆلیتاریا بە پێی ئەو زەرورتانەی خەبات خۆی رێک نەخات کە لەمڕۆدا و لە هەموو ساتێکدا بەسەریدا سەپێنراوە، بەڵکو دەبێت بە گوێرەی وێناکردنێکی تەمومژاوی خۆی رێک بخات کە هەندێک بیرمەندی خەونبین بە کۆمەڵگەی داهاتووەوە دەیخەنەڕوو! [...] بە تایبەتیش، نە هیچ پێویست بە لقە

خۆ ئەگەر حزب نەتوانێت لەسەر شێوەی کۆمەڵگەی داهاتوو بێت، ئەی ئایا نابێتە شێوەیەك لە دەوڵەتی ئێستا؟ ئاشکرایە ئەم بەرەنجامە، بەرەنجامی مارکس و ئەنگڵس نییە: حزب، بە رووبەرووبوونەوەی ئامرازی دەوڵەت، ئامرازێکی دژە-دەوڵەت (ی بۆرژوازی) نییە، بەڵکو زیاتر، شتێکە وەکو دژە-ئامراز کە لە ئێستادا ئازادییەك لە خۆیدا فەراهەم دەکات کە دەوڵەتی سەرکوتکار پێی ئاشنا نییە یان زەوتی کردووە. لێرەدا ئەرگومێنتێکی دیکەی مارکس هەیە کە لە "وتارەکەی لەبارەی کۆنگرەی لاهای"ـیەوە، لە 15 ئەیلولی 1872دا خستوویەتییە روو، دەڵێت: »کۆنگرەی لاهای دەسەڵاتی نوێ و فراوانتری بەخشیوەتەوە ئەنجومەنی گشتی. لە راستیدا، لەو وەختەدا کە پادشاکان لە بەرلین کۆدەبنەوە و لەوێدا کە دەبێت ڕێوشوێنی دیکەی سەرکوتکاری و توووند لەلایەن کۆبوونەوەی ئەم هێزە فیوداڵییانەی رابردووەوە لە دژی ئێمە دەربکرێت و، لەوێدا کە چەوساندنەوە بە نەزم رێکدەخرێت، کۆنگرەی لاهای وای دەبینێت کە گونجاو و پێویستە دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی گشتی فراوان بکات و، سەرجەم ئەو کارانەی کە بەهۆی مانەوەیان بە تاك و تەنیا و دوور لە یەکتر، نەیانتوانیوە رووبەرووی ململانێی هەنوکە ببنەوە، سەنترالیزە بکات. ئایا ئەو دەسەڵاتانەی کە

رێکخراوەکان دەکات! نە بە سیستەمی حیزب و نە بە چڕبوونەوەی هێزەکان لە دەوری ئامانجێک، لەوەیش تایبەتتر هیچ پێویست بە چەکی شەڕکردن ناکات! [...] ئەوە ڕێگەیەکی شۆڕشگێڕییە کە لە راستیدا پرۆلیتاریا پەیڕەویی لێناکات. مەسیحییەکانی سەرەتا نموونەی رێکخستنی خۆیان لە وێناکردنییانەوە بۆ ئاسمان وەرگرتبوو؛ دەبێت هەر وەکو ئەوان، ئاسمانی کۆمەڵگەی داهاتوو بکەینە نموونەیەک بۆ خۆمان...».

بەخشراونەتە ئەنجومەنی گشتی، کێ نیگەران دەکات جگە لە دوژمنەکانمان؟ ئایا ئەم ئەنجومەنە بیرۆکراسییەت و پۆلیسی چەکداریی هەیە تاوەکو خەڵکی ناچار بە ملکەچی بکات؟ ئایا دەسەڵاتەکەی تەنیا دەسەڵاتێکی مەعنەویی رووت نییە؟ ئایا بڕیارەکانی ملکەچی بڕیاری ئەو یەکێتییانە نابن کە بۆ جێبەجێکردنەکەی راسپێردراون؟ خۆ ئەگەر پادشاکان خۆیان، بخرێنە نیو هەلومەرجێکی لەم جۆرەوە، بە بێ سوپا و بە پۆلیس و بە بێ دادگاکان، ئەوا لە هەمان ئەو رۆژهدا کە بێبەش دەبن لە رەفتارکردنی بێ کاریگەر و سەرکردایەتی مەعنەویی بۆ پاراستنی دەسەڵاتەکانیان، تەنیا دەتوانن کۆسپی بێ بایەخ بخەنە سەر رێی پێشکەوتنی شۆڕش ]...[ هاوبەندی پرەنسیپی سەرەکی ئەنتەرناسیۆنالە...« (جەختەکە لە نووسەرەوەیە).

بەڵام "دەسەڵاتی مەعنەوی" چییە؟ لە راستیدا مارکس لێرەدا لە هەر وەختێکی تر زیاتر، بە پێی دژه تێزی "ئامراز" (ی سەرکوتکاری) و "ئازادیی" یان سەربەخۆیی بیر دەکاتەوە. مەبەستیشی لە سەربەخۆیی سیاسی چینێك لە بەرامبەر چینی باڵادەستدا نییە، بەڵکو سەربەخۆیی کەسیی تیکۆشەرە شۆڕشگێڕهکانە، سەربەخۆیی ئیرادەیان: حزب بریتییە لە "یەکگرتنێکی ئیرادییانە". کەواتە ئەو بیر لە کێشەی "گونجاویی ئامانجەکان لەگەڵ کەرەستەکان"ـدا دەکاتەوە، کە باکۆنین دەیەویست قەتیسی بکات (ئەمەیش بەبێ سەرکەوتن نەبوو). لەبەرئەم هۆکارە هەرگیز مارکس نەیتوانی بە کردەیی وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە. یان گەر بمانەوێت

به گوزارشتی دیکە دەری ببڕین دەڵێین: مارکس نەیتوانیوە بە شێوەیەکی ماتریالی و رەخنەیی پرسی ئایدیۆلۆژیا لە حزبدا (و ئایدیۆلۆژیای حزب) ئاراستەی خۆی بکات کە بەر لە هەموو شتێك یەکێتی حزبی شۆڕشگێڕیی دەستەبەر دەکات، ئەمە ئەگەر ئەو زەمینەیە لەبەرچاو بگرین کە تێیدا پەرەدەستێنێت و ئەو پێگەیەی کە لە فۆڕمی خەباتی ئایدیۆلۆژیی چینایەتیدا لە وڵات و سەردەمێکدا داگیری دەکات.

لەبەر ئەم هۆکارە نە مارکس و نە مارکسییەکانی دواتر -ئەگەرچی بەشدارییە کردەییەکەیان لە خەباتی چینایەتی و لە سیاسەتی پرۆلیتاریدا دەوڵەمەند بوو- نەیانتوانی بەرزونزمی لەنێوان رەخنەی رێکخراوە کرێکارییە باوەکان و خواستیان بۆ "حزبێکی کۆمۆنیستیی ئایدیالی" تێپەڕێنن، لەگەڵ ئەمەیشدا ئەمە بەشدارییەکی یەکلاکەرەوەی کرد لە ئازادکردنی سیاسەتی چینی کرێکار لە ئایدیالیزم و یۆتۆپیزم. لەبەر ئەم هۆکارە، رێگایەك ئاوەڵا بوو، لایەنیکەم نێگەتیڤانە، بەرەو ئەو "وەڵام"ـەی کە ئەنتەرناسیۆنالی دووەم و سێیەم سەپاندنیان: ئایدیۆلۆژیای حزب، ئایدیۆلۆژیای پرۆلیتارییە، کە خۆیشی نا-ئایدیۆلۆژیایە، بە دەربڕینێکی تر ئەوە زانستێکی پەتییە (یاخود "وێناکردنێکی زانستییە دەربارەی جیهان": سۆسیالیزمی پراکتیکی، ماتریالیزمی دیالەکتیکی، ..هتد). بەم واتایە، خۆیشی لە سیستەمی هۆکارەکاندا پێگەیەك داگیر دەکات، کە وای لە حزبە سۆسیال-دیموکراتییەکان و کۆمۆنیستەکان کرد بە شێوەیەکی ئۆرگانی خواستیان بۆ سنووردارکردنی ئەو زانستە هەبێت سەری هەڵدابوو لە کۆتی بەدی "ئەرسۆدۆکسیەت"ـە بەدوایەکداهاتووەکاندا.

**تێبینیی:**

لە خاڵێکی جەوهەریدا لەگەڵ ئەو تەفسیرەدا هاوڕام کە ف. کلۆدین لە توێژینەوەکەیدا (مارکس-ئەنگڵس و شۆڕشی 1848، مەدرید، 1975) دەربارەی حزب لە قۆناغی کۆمۆنیزمدا، بۆ دەقە مارکسییەکانی کردووە، ئەگەرچی پێموایە ئەو لەیەك لایەنەوە "مۆدێلە چارتیستییەکە" پەسەند دەکات. ئەو بە پێچەوانەی ستانلی مۆرەوەیە کە مۆر لە three tactics "New York,) 1963") "مۆدیلی بلانکی" پەسەند دەکات. بەڵام وا پێدەچێ کاتێك ف. کلۆدین لە کتێبە گەورەکەیدا لەبارەی "قەیرانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی"یەوە (پاریس، ماسیبرۆ، 1972) رەخنە لە فۆڕمە ستالینییە "زبر"ـەکەی حزب دەگرێت، لەوە ڕزگای نەبووە (لایەنیکەم بە سەهوو) کە بکەوێتە پێشنیارە یۆتۆپییەکەی گەڕانەوە بۆ تێزی "حزب-ئاگایی"ـەوە. من پێموایە ب. برنتین، لای خۆیەوە لە کۆمێنتەکەیدا لە کۆنگرەی حزبی شیوعی ئیتالیدا (سەرچاوەی پێشوو: classe operaia) بە تایبەتی رەخنەی لەو ئایدیایە گرت کە گوایە مارکس هەرگیز خەباتی سەندیکایی تەنیا لە داواکردنی کرێدا کورت نەکردۆتەوە. ئەو بەهای کاریگەری فیکری مارکس لەسەر پەرەسەندنی پەیوەندی نێوان تریدیۆنیۆنیزم و خەباتی سیاسی کەم دەکاتەوە. بەڵام ئەوە گومانی تیانییە کە مارکس و ئەنگڵس هەرگیز بە گوێرەی ئەم هاوکێشە دوولایەنەی دواتر هیچیان نەنووسیوە: سەندیکا=ڕیفۆرمیزم، حزب=شۆڕش، کە بە شێوەیەکی فەندەمێنتال، ]کەسانی دیکە[ دایاویانەتە پاڵ تێزەکانیان.

**5- تەوەهوم یان هەڵگەڕانەوەی سیاسی..**

رەنگە بەلامانەوە سەیر بێت کە دەبینین ئەو هەڵوێستانەی باسمان کردن، یەك بەدوای یەك، لە زمانی یەك کێشەدا گوزارشت لە خۆیان دەکەن، ئەویش کێشەی «نامۆبوون»ـە. با سەرەتا باس لەو شتە بکەین کە سەلمێنراوە: لەگەڵ مانیفێستی کۆمۆنیزمدا، مارکس و ئەنگڵس دەیانەویست لە بۆچوونێکەوە کە خواستێکی مرۆڤدۆستانەی هەبووە بپەڕنەوە بۆ بۆچوونێکی پرۆلیتاریایی دەربارەی خەباتی چینایەتی، ئەمەیش واتە ئەوان ئیدی پێیان وانەبوو پرۆلیتاریا «چینێکی گشتگیر»ە، کە بە پۆتێنشیەل، تەواوی مرۆڤایەتی دەنوێنێتەوە؛ ئینجا لە جەنگی ناوخۆیی لە فەرەنسادا پەڕینەوە بۆ بۆچوونی گوزارشتگەریی لە دەوڵەت کە وای دەبینن هیچ نییە جگە لە ئامراز بۆ ئایدیای دەوڵەت وەك ئامێر/یان ئامرازی بەرهەمهێنان و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی باڵادەستی، ئەمەیش واتە ئیدی پێیانوانەبوو بۆرژوازییەت «سوبێکت»ـێکە کە هەژموونی خۆی دروست دەکات و باڵادەستی خۆی دەسەپێنێت. لە راستیدا، کێشەی نامۆبوون لە دوو حاڵەتدا بێ ئەوەی هیچ بەرهەم و دەرەنجامێکی ئەوتۆی هەبێت، لێیکۆڵراوەتەوە: با باس لەوەیش بکەین کە مارکس سەرمایەی لەنێوان ئەم دوو حاڵەتەدا نووسیوە، واتە ئەو کەشفێکی گەورەی کرد: مەبەستم لە شیکارکردنی میکانیزمی ئەتککردنی زێدەباییە لە بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییدا. بە هەرحاڵ، ناکرێت لە چوارچێوەی نامۆبووندا بیر لەم کیشەیە بکەینەوە؛ ئا ئەمە واتای مشتومڕە درێژەکەی مارکسە دژی پاشماوەکانی ئەو ئایدیایەی کە هەڵگری بۆچوونێکی

هیومانیستیانە بوو دەربارەی کار وەك ئەولەوییەتێك، کە لەپێشترێتی دەدات بە بەرهەمهێنانی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و رۆڵە دیاریکەرەکەی لە پەرەسەندنی زیادە کاری سەرمایەداریدا، ئەمەیش لە ئادەم سمیسەوە هاتبوو. بەڵام هەموو ئەم شتانە وایان لە مارکس و ئەنگڵس نەکرد کە «لەنێو» ئەم کێشەیەدا واز لە بیرکردنەوە لە داهێنانەکان و دەرخستنی لێکدژییەکانی، بهێنن. بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستە بەردەوامێتی گوزارەی «نامۆبوون»ـە: لە کاتێکدا وا دەزانین کە لە تێرمەکانی زمانی مارکسدا بەرەو کاڵبوونەوە و ونبوون چووە. ئەمەیش وا دەکات مانەوەی کێشەکە خۆی، لە نائامادەیی و وشە و تێرمەکانیدا، پڕ دەلالەتتر بێت. دەبێت لە دوا شیکارییدا، لە هەمان پەیوەندیدا لەنێوان ئەم کێشەیە و ئەو پرسە پراکتیکییەی کە مارکسی ناچار کرد ئەم دیاردە تەواو نوێیە دەربخات کە «سیاسەتی پرۆلیتاریا» بوو، بە دوای تەفسیری ئەمەدا بگەڕێین کە بۆچی کێشەکە گەرچی بە ڕاشکاوی لە وشەکاندا باسنەکراوە، بەڵام هەر ئامادەیی هەبووە: با هەوڵ بدەین بە شێوەی سکێچێك ئاماژە بەم بابەتە بدەین تاوەکو کۆتایی بە باسەکەمان بهێنین.

کێشەی نامۆبوون، وەك ئەوەی مارکس لە فیۆرباخەوە باسی کردووە و پەرەی پێداوە، پشت بە دوو هێڵکاریی تیۆریی سەرەکی دەبەستێت، کە لە «بازنە»ی تیۆریدا لەگەڵ ئەکتر گونجاندونی و هەر یەکێکیان هەمیشە لە ناوەوەیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەویتریان:

یەکەم: هێڵکاریی کەرتبوونی ناوەکیی ماهییەتی مرۆیی، دەکرێت وا وەسفیشی بکەین کە «داماڵینی سروشت»ی

مرۆڤە، کە دواتر دەبێتە کەرتبوون لەنێوان تاکی مرۆیی و مەرجی ژیانی، ئینجا دابەشبوونی کۆمەڵگە بە سەر خۆیدا، ئینجا لێکدڕیی لەنێوان بەرژەوەندییە تایبەتییەکان و بەرژەوەندییە گشتییەکاندا (بە پێچەوانەی هێڵێکارییە گەشبینە ئابووریی و سیاسییەکەی لیبرالیستەکانەوە، کە وای دەبینێت بەرژەوەندییە تایبەتییەکان بە شێوەیەکی ئۆرگانیکی خۆیان لە بەرژەوەندییە گشتییەکان نزیك دەکەنەوە، وەك بڵێی «دەستێکی نادیار» بەرەو یەکتریان دەبات).

دووەم: هێڵکاریی پرۆجەکشنی دەرەکی، کە بە شێوەیەکی خەیاڵی و زۆرەملێ (دروستکراو) لەبەرامبەر یەکێتییە وێرانکەرەکەدا، وێنە و بۆچوونی خۆی بۆ «جیهانێکی دیکە« دادەمەزرێنێت وا لەو کاتەدا جەوهەریتر و واقیعیترە لە جیهانی واقیعی خۆی. ئەم جیهانە لای فیۆرباخ لە سەرەتدا جیهانی ئاسمانی ئایین بوو، کە ئەو خەڵکانەی ناتوانن یەکتریان خوشبووێت، بە چاوی ئیمان لە مرۆڤایەتییە «دنیاییەکەیان» دەڕوانن و شێوەی ئەمەیش گۆڕاوە بۆ مرۆڤایەتی ئاسمانی. هەر کە مارکس ئەم جیهانە، بە پراکتیکی لەسەر رەخنەی کۆمەڵگا جێبەجێ دەکات، ئیدی بوو بە «ئاسمانی سیاسەت»، «بەهەشتی عەدەنی مافی مرۆڤ و هاوڵاتیان»، کە تێیدا خەڵکانی «داماڵراو» لە کۆمەڵگەی مەدەنی-بۆرژوازی رادەمێنن (ئەو تاکەکەسانەی کە بەهۆی کێبەرکێوە بەرامبەر یەکتر دەوەستن: هەژاران و دەوڵەمەندان، خاوەنداران و نا-خاوەنداکران، چەوسێنەران و چەوسێنراوان)، کۆمەڵێك کە بە خەیاڵیی، لە کەسە ئازاد و یەکسانەکان پێکهاتووە. دەکرێت بڵێین، بە رادەی دەرکەوتنی لێکدڕیی تاکەکان لە واقیعدا،

دەروونیش «ئەبستراکتیزە»ی ئەم ئاسمانی سیاسەتەیە، کە بە شێوەیەکی زۆرەملێ، بەهۆی توندوتیژییە تایبەتییەکەیەوە، ناهێڵێت هەڵیشبوەشێتەوە.

لەگەڵ پەرەسەندنی رەخنەی مارکسدا، رواڵەتی یەکەم (دووکەرتبوونی ناوەکی) تووشی زنجیرەیەك گۆڕانکاری دەبێت: ئیدی فۆڕمی دابەشبوونی چینایەتی وەرگرت، کە جیهانی «ئابووری»ی بۆرژوازی دروست دەکات و وەك بەرەنجامی پرۆسێسی دابەشبوونێکی مێژوویی دەردەکەوێت کە لە ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانیدا «پوختترین» گوزارشتی لێکراوە: قۆناغە بەدوایەکداهاتووەکانی «دابەشکردنی کار» منداڵدانی هەموو دابەشبوونە چینایەتییەکانە (ژنان و پیاوان، خەڵکی گوند و خەڵکی شار، پرۆلیتارەکان و بۆرژوازەکان)، لەگەڵ ئەمەیشدا بنەچەی خێزان و خاوەندارێتی تایبەت و دەوڵەت دیسانیش دەگەڕێتەوە سەر ئەم باسە. ئەم گۆڕانە ئێجگار گرنگە چونکە، وەك ئالتۆسێر سەلماندوویەتی، هەلی ئەوەی بۆ مارکس رەخساندووە کە دیالەکتیکی هیگڵی «داغڵ» بە هێڵکاریی نامۆبوون بکات، واتە سەلماندی ئەوەی کە پرۆسێسی دووکەرتبوون لە هەمان کاتدا بەرەنجامی مێژوویی کۆمەڵگەی مرۆییە، دواجاریش بەرەنجامی مێژوویی هەمان هەلومەرجە کە وادەکات گۆڕانە شۆڕشگێڕییەکەی مومکین بێت. بەڵام ئەم گۆڕانە ئەگەرچی لە پەڕینەوە لە رەخنەی سیاسەتەوە بۆ رەخنەی ئابووریی، لە وێناکردنی لێکدژییە چینایەتییەکانەوە لە سنووری یاسایی (خاوەنداران/ناخاوەنداران) و لە سنوورەکانی دابەشکردندا (دەوڵەمەندان و هەژاران)، بۆ

وێناکردنێکی ماتریالی لە سنووری پرۆسەی قۆستنەوەی کاری بەرهەمهێنەردا- رۆڵی یەکلاکەرەوەی گێڕابێت، ئەوا هیچ شتێکی ئەوتۆ لە هێڵکارییە گشتییەکە ناگۆڕێت کە پشت بە پەیوەندی دوو فیگور دەبەستێت، واتە پشت بە بازنەی «کەرتبوون» و بازنەی «پرۆجەکشن» دەبەستێت. ئەوەی دەمێنێتەوە، بگرە ئەوەی بەهێزتر دەبێت، پێناسەکردنی «جیهانی سیاسەت»ـە وەك پانتایی دیاردەی تەوەهوم و هەڵگەرانەوە. جیهانی سیاسەت و دەوڵەت («دەوڵەتی سیاسی» لە بەرامبەر «ئابووری»ـیدا) ئەو جیهانەیە کە پەیوەندییە واقیعییەکانی خەڵکی تێدا هەڵدەگەڕێتەوە، ئینجا جیهانی سەرەکیی تەوەهوم.

بە دەستپێکردن لە ئایدیای تەوەهوم و هەڵگەڕانەوەوە، دەتوانین بەتایبەتی دەرك بەو دژوارییە تیۆرییە بکەین کە مارکس خۆیی تێدا بینییەوە. ئەو رووداوە مێژووییە گەورەیەی کە مارکس دەیبینی و بەشداریی تێدا دەکرد، هاتنەناوەوەی بەهێز و لەناکاوی پرۆلیتاریا بوو بۆ سەر شانۆی سیاسی وەك بزوێنەری شۆڕشە نوێیەکانی سەدەی بیستەم، یان ئەگەر بمانەوێت بە زمانی فەلسەفی قسە بکەین «وەك سوبێکتێکی سیاسی». بەڵام ئەم هاتنەناوەوەیە لە رەوشێکدا روویدا کە خەسڵەتی لێکدژی هەبوو لەنێوان شۆڕشی فەرەنسی و بەرەنجامەکانی شۆڕشی پیشەسازیی ئەمەیش بووە مایەی دوورخستنەوەیەکی ریشەیی پرۆلیتاریا لە جیهانی سیاسەت (دەنگدان، حزبەکان، پەرلەمان، رۆژنامەگەری، حکومەت...)، ئیدی تەنیا کردیان بە کوتلەیەك بۆ مانۆڕی حزبە بۆرژواز و وردە بۆرژوازەکان.

ئا ئەوە یەکترتەلاقدانی «وڵاتی واقیعی» و «وڵاتی شەرعی» بوو، بۆ نموونە وەك ئەوەی تۆکڤیڵ لە ڕەشنوسێکی سەرسوڕهێنەری ساڵی 1847 دا، روونی دەکاتەوە، »پرۆژەی مانیفێستێك کە تۆکڤیڵ و هەندێك لە هاورێکانی بیریان لە بڵاوکردنەوەی کردەوە، جۆرێك لە حەدس بوو بەو رووداوانەی کە نزیکبووبوونەوە«. بڵاوکەرەوەکەی پێمان دەڵێت:

»کاتێك ئاڵۆزییەکی توونـد لەنێو هەناوی چینەکانی خوارەوەدا دەرکەوت، کە بە پێی یاساکانمان دەبوو دوور لە ژیانی گشتی بمێننەوە، شایەتحاڵی جۆرە چەقبەستنێکی کوشندە بووین کە باڵی بەسەر بازنەی سیاسەتی شەرعیدا کێشا. ]...[ زۆرینەی خەڵکی چاویان لەوە بڕیبوو کە رووی دەدا، وەك بڵێی هەرگیز گوێیان بەو شتانە نەدا کە لەسەر شانۆی فەرمی دەربارەی دۆزەکانیان دەوترا؛ نوێنەرەکان خۆیان گرنگییەکی زۆریان بەو شتە دەدا کە دەیانشاردەوە نەك ئەوەی کە دەریان دەخست، وایش پێنەدەچوو وەك پێویست رۆڵی خۆیان بەجددی بگێڕن. لە واقیعدا، ژیانی گشتی تەنیا لەوێدا دەردەکەوێت کە دەبێت تێیدا دەرنەکەوێت یان نەبێت؛ دەبێت لەوێیشدا نەمێنێت کە ] حاڵی حازر[ تێیدا هەیە، وەك ئەوەی یاساکان دەیلێن. ئەی ئەمە لە کوێوە دێت؟ لەوەوە کە یاساکان بە توندی مومارەسەی هەموو مافە سیاسییەکانیان لەنێو یەك چیندا قەتیس کردووە کە سەرجەم ئەندامەکانی لەیەك دەچن و هۆمۆژینن. لەوەوە کە لەم جیهانی سیاسییەدا وا بەم شێوەیە دروستکراوە، کەمتر حزبی سیاسیی راستەقینە ببینین. ]...[ «.

»وەك پێشتریش بە وردی سەرنجی لێدراوە، ئەگەر لە

دوورەوە و بە گشتی سەیری شۆڕشی فەرەنسی لە ساڵی 1789-1830، بکەین، تەنیا وەك ململانێیەکی دوورودرێژ و توندوتیژ لەنێوان ئۆرستۆکراسییەتی فیودالیزمی کۆن و چینی ناوەڕاستدا دەبینین. لەنێوان ئەم دوو چینەدا، جیاوازیی ئەوتۆ هەیە کە لە پێش درووستبوونی دۆخەکەوە هەبوون، لە یادەوەرییەکاندا، بەرژەوەندییەکاندا، لە عاتیفە و هرزەکاندا جیاوازی لەنێوانیاندا هەبوو. دەبوو حزبی گەورە هەبن: لەم جۆرە حزبەیش دروستبوون. بەڵام لەبەرئەوەی ڕووداوەکانی ساڵی 1830 ئەو دەستکەوتە گەورەیەی هەبوو کە دەسەڵات لە یەکەمیان داماڵێت و لە سنوورەکانی دووەمدا قەتیسی بکات، ئەوا کتوپڕ لەنێو جیهانی سیاسییدا، ئارامییەك ڕوویدا کە عەقڵە ڕووکەشبینەکان پێشبینیان نەدەکرد. تاکە هاوشێوەییەك کە لەو کاتەدا باڵی بەسەر خەڵکیدا کێشا، هاوشێوەیی بوو لەنێوان ئەو کەسانەدا کە بەهۆی پێگەکەیانەوە لە سەرووی گەلەوە، خاوەنی مافە سیاسییەکان بوون و پیادەیان دەکرد، ئەم هاوشێوەییە کتوپڕ لە ململانێ پەرلەمانییەکاندا هەموو دۆزێکی کردەیی و هەموو گوڕوتینێکی ڕاستەقینەی داماڵی. لە بنەڕەتدا لێرەدا، ئەم خواستە نوێیە لەدایك بوو، ئەو چەقبەستنە ڕوویدا کە لە ژیانی سیاسییدا دەرکەوت. ئیدی هێشتا ژیانی سیاسی لە دەرەوەی وڵاتی شەرعی، لەدایك نەبووبوو. نەیشیدەتوانی لەنێویدا لەدایك ببێت. ]...[ «.

»نابێت خاوەندارەکان خۆیان بەوەوە بابدەن کە لەم دۆخەدا بەهێزن و فریوو هەلومەرجەکە بخۆن کە هێزی پێداون، پێیشیانوانەبێت مافی خاوەندارێتی شورایەکە کە

نابەزێنرێت، تەنیا لەبەرئەوەی هەتا ئێستا لە هیچ شوێنێك نەبەزێنراوە. ئاخر زەمانی ئێمە لە هیچ زەمانێكی تر ناچێت. كاتێك مافی خاوەندارێتی بنچینە و بناغەی زۆر مافی دیكەیە، ئەوا بە سانایی پارێزگاری لە خۆی دەكات، یان باشتر بڵێین، ڕووبەڕووی هێرش نابێتەوە. هەر لەو كاتەوە كە دیواری ئەم شورەیەی كۆمەڵگە دروست بووە ئیدی هەموو مافەكانی تر لە قەڵای پارێزەری بەردەم ئەم مافە دەچن. ئیدی ئەو زەبرانەی بەرنەدەكەوت كە لێی دەوەشێنرا. هیچ كەسێكیش هەوڵی نەدەدا كە زەبری كاریگەری لێبدات، بەڵام مافی خاوەندارێتی لەمڕۆدا، چەندە پیرۆزییش بێت، هیچ نییە جگە لە پاشماوەكانی جیهانێكی خاپووركراو، وەك تایبەتمەندییەكی دوورەوەخراو لە ناوەندی كۆمەڵگەیەكی یەكساندا؛ گەر قسەكەمان بگونجێت، ئیدی ئەم مافە بە بوونی ئەو مافانەی تر كە زووتر تووشی نارەزایەتی و ڕق دەبن، پارێزراو و دوورەدەست نیە، لایەنیكەم ماوەیەك دەبێت كە ئەو پێگەیەی لەدەست داوە كە وای لێدەكرد لای كۆمەڵێك كەس زەوت و پارێزراو بێت. بۆیە دەبێت لە ئێستادا هەموو ڕۆژێك بەرگەی شۆكە ڕاستەوخۆ و بەردەوامەكانی بۆچوونە دیموكراسییەكان بگرێت«.

»هیچ گومانێكی تێدا نییە كە بەم نزیكانە ململانێی حزبە سیاسییەكان لەنێوان ئەوانەی كە ماف و سامانیان هەیە و ئەوانەی كە ماف و سامانیان نییە هەڵدەگیرسێت، لێرەوە خاوەندارێتی دەبێتە پانتایی گەورەی كوشتار؛ ئیدی لە سیاسەتدا پرسیارە سەرەكییەكان، كە لە قوڵاییدا لێكجیاوازن، لە دەوری مەسەلەی گۆڕانكارییەكان دەسوڕێتەوە، كە دەبێت

به دەرزی خاوەنداران بکوترێت. لەو کاتەوە سەرلەنوێ شایەتحاڵی ئاڵۆزییە گشتییە گەورەکان و حزبە گەورەکان دەبینەوە«.

»ئەی چۆن مژدەی ئەم داهاتووە هەموو نیگاکان ناخاتە سەرخۆی؟ ئایا دەبێت پێموانوابێت بە ڕێکەوتە یان بەهۆی کردەیەکی خۆویستانەی فیکری مرۆییەوە کە لە هەموو لایەکەوە دەرکەوتنی فەلسەفە ناوازەکان بە ناوی جیاوازەوە دەبینین، بەڵام هەر هەموویان لە نەفیکردنەوەی مافی خاوەندارێتیدا هاوڕان؛ یان لایەنیکەم هەموویان خواستیان لە سنووردارکردنی هەبوونی ئەم مافە و لاوازکردنی و کەمکردنەوەیەتی؟ کێ لەمانەدا نیشانەکانی نەخۆشی سەردەمی کۆنی دیموکراسی نابینێت، کە ڕەنگە قەیرانەکەی نزیك بووبێتەوە؟«.

(لەبارەی چینی ناوەراست و گەلەوە، کۆبەرهەم، بەشی نۆیەم، پاریس، 1866. لە یەکسانی کۆمەڵایەتی و ئازادی سیاسییشدا باس کراوە. دەروازەیەك بۆ نووسینەکانی تۆکڤیڵ، گوڵبژێری دەقەکان و پێشەکی پ. گیبێرت P. Gibert، پاریس، 1977).

ئایا مارکسیش هەر ئەمەی نەگوتووە و وەڵامیشی نەداوەتەوە؟ ئەوە مارکس نەبوو کە خەباتی چینایەتی کەشف کرد. بەڵام ئەو شتەی کە مارکسیزم هەمیشە هەوڵیداوە لەسەر ئاستی چەمك فۆرمولەی بکات و پەرەی پێبدات و توندی بکاتەوە لێکدژیی نێوان سیاسەتی بۆرژوازی و سیاسەتی پرۆلیتارییە، کە بەنێو ئاراستەی ”دیموکراسی“ـدا دەڕوات، لەمەیشدا ”دیواری شورەی“ خاوەندارێتی چیتر

ناتوانێت بەرگە بگرێت و خاوەندارێتی بێ کێشە بپارێزێت، بۆیە لەبری ئەوەی بەر بە خەباتی چینایەتی بگرێت، ناچار دەچێتە نێو ئەمری واقیعی ئەم ململانێیەوە و لەنێویدا خۆی دەخاتە گەڕ.

بەڵام لە سەرەتادا ئەم لێکدژییە تەنیا دەتوانێت لە فۆڕمی لێکدژیی نێوان سیاسەت و نا-سیاسەتدا دەربکەوێت، چونکە گرەوەکەی پەیوەستە بە گۆڕانی تەواوی واتای ئەم گوزارشتەوە: پرۆلیتارەکان -کە ئەنگڵس دەیتوانی دواتر، لە دەستەواژەیەکی بە ناوبانگی "ئەرستۆتالی"یدا، لەدوای ئەزموونی شۆڕشەکانی 1848 و ئەنتەرناسیۆنالی یەکەم 1871 و دامەزراندنی حزبە کرێکارییەکانەوە پێیان بڵێت ئەمانە هەر بە "زگماك" چینی سیاسیین (رەخنەی بەرنامەی ئێرفۆرت)- نایانەوێت مومارەسەی سیاسەتی بۆرژوازی بکەن، کە لەنێو سنوورەکانی مافی خاوەندارێتیدا بەرپا دەبێت، بەڵکو خوازیاری سیاسەتێکی دیکەن کە خودی مافی خاوەندارێتیی دەپێکێت. کەواتە سیاسەتی باو "بۆرژوازییەت" و "رێساکانی گەمەکەی"، لە روانگەی چینی کرێکاری خەباتگێڕەوە، تەڵە و فێڵە. ئەمە لە کاتێکدا کە حەقیقەت لە نا-سیاسەت پێکدێت« کە لە هەلومەرجەکانی کار و ژیانی ئیشکەرانەوە لە دەرەوەی ئەم جیهانە فەرمییە و دژ بەم جیهانە فەرمییە دروست دەبێت. بە گوێرەی ئەم بنەما بۆرژوازییە گۆڕان لە مافی خاوەندارێتیدا لە میکانیزمی هەڵگەڕانەوە دەخزێت، کە شۆڕشی سیاسیی پشتبەستوو بە دروشمی یەکسانی، دەخاتە ئەو پنتەوە کە خزمەت بە پەرەسەندنی "ئازاد"ی خاوەندارێتی سەرمایەداری دەکات. بە تایبەتی کە میکانیزمی

ئەم هەڵگەڕانەوەیە (لێرەدا مارکس زۆر دەچێتە ئەودیوی تۆکڤیلەوە) ئەو میکانیزمەیە کە پرۆلیتاریا لەبەردەستی خۆیدا دەیبینێت و پێوەی گیرۆدە کراوە، ئەمەیش ئەو کاتەی کە پێیوایە بە کەرەستەکانی سیاسەتی بۆرژوازی دەگاتە ئامانجەکەی، یان ئەو کاتەی بە گوزارشتەکانی ئایدیۆلۆژیای سیاسەتی بۆرژوازی بیر بکاتەوە و بدوێت و لەنێو فۆڕمەکانی ئەو رێکخستنەدا بجوڵێت کە بۆرژوازییەت دایهێناوە و بۆ ئەو دەزگا سیاسییە "پیشگەر"ە بگەڕێتەوە کە دروستی کردووە. لەمەدا خەباتی پرۆلیتاریا بە زەرورەت شکست دێنێت یاخود بەرپەرچی دەدرێتەوە. لەبەرئەم هۆکارە تاکە کێشەی گرنگی سیاسیی ئەوەیە پرۆلیتاریا سەربەخۆیی مێژوویی خۆی هەبێت و کەشفی رێسای مومارەسەی دیکە بکات لە دەرەوەی بازنەی فەرمی.

ئەی کەواتە ئەمە واتای ئەوە نییە کە "وەهم"ی سیاسەتی بۆرژوازی بەشێوەیەکی ترسناك باری خۆی دەدات بەسەر سیاسەتی پرۆلیتاریادا؟ بۆ چارەسهری ئەم کێشەیە لە سەر ئاستی تیۆری، هیچ جێیەکی دەقەکانی مارکس و ئەنگڵس باشتر لەو دەقە بەناوبانگە شك نابەین کە لە دەروازەیەک بۆ رەخنەی ئابووریی سیاسی (1859)ـدا خراوەتەروو. لەوێدا مارکس بەشێوەیەکی رەوا، "ئەرگومێنتە نموونەییەکە"ی ماتریالیزمی مێژوویی دەخاتە روو. وەك ئالتوسێر ئاماژەی پێداوە، ماتریالیزمی ئەم ئەرگومێنتە نموونەییە ئەوەیە کە لە هەمان ئەو کاتەی تیۆر وەك سیستەمێکی هزرەکان دەخرێتە روو کە بیر لە هەموو پرسە کۆمەڵایەتییەکان، لە جیاوازییە راستەقینەکانیان و پەیوەستییە ئاڵوگۆڕییەکەیان دەکاتەوە، خودی ئەم تیۆرییەیش لەنێو شوێنێکی تایبەتی

پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە چینایەتییەکاندا دادەنێت (سەرخان). لە هەمان کاتیشدا، ئەو ئایدیایانەی کە دروستی دەکات تەنیا بەهۆی "حەقیقەت"ـەکەی و بەهۆی مەعریفە راستەقینەکەی ئەو گشتە کۆمەلایەتییەی کە ئەم "هزرانە" بەرەبەرە بۆمان دەخەنە روو، (بە بێ ئەوەی پێویست بەوە بکات بپرسین کە ئەم "ئێمە"یە کێیە)، بەهادار نییە، بەڵکو بە وردی لە کاراییە مێژووییەکەیدا و لە وەزیفە شۆڕشگێڕییەکەیشیدا ملکەچی دۆخ و سنوورەکانی سەرخان دەبێت: ئەمە »ئەو فۆڕمە ئایدیۆلۆژییانەن کە خەڵکی بەهۆیانەوە دەرك بە ناکۆکییەکە دەکەن و تا کۆتایی لەگەڵیدا دەڕۆن«. ئەمەیش تەنیا ئەو کاتە لە "گۆڕینی جیهان"ـدا – ئینجا دواترییش لە گۆڕانی خۆیشیدا- بەشدار دەبێت، کە لە وێناکردنە تیۆرییەکەیەوە ببێتە "هێزە ماتریالییەکان"، تەنیا ئەو کاتەیش دەبێتە هێزی ماتریالی کە "جەماوەر دەستی بەسەردا بگرێت"، ئەمەیش بە تەواوەتی پەیوەندی بە هەلومەرجە جیاوازەکانی حەقیقەتە ناوەکییەکەیەوە هەیە[110].

بە بۆچوونی من دەبێت ئەم شیکارییە فراوان بکەین، بە واتایەی ئاماژە بە دیووێکی دیکەی "داڕشتنە دوولایەنەکە"ی ئەرگومێنتە نموونەییەکەی مارکس بدەین (یان دووقاتی بکەینەوە)؛ ئەمجارە ئەم دیووەیان پەیوەست نییە بە تیۆرەوە، بەڵکو پەیوەستە بە خودی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕییەوە. ئەمە بە گشتی ئەنتی تێزە.

دەکرێت هەموو دەروازەیەک بۆ رەخنەی ئابووریی سیاسی وەك تێزی ئەم پرسیارە بخوێنرێتەوە: سیاسەتی

110 بڕوانە: لویس ئالتوسێر، وێ{تگەکان، بڵاوکراوە کۆمەڵایەتییەکان، پاریس، 1976، ل138 و دواتر؛ هەروەها: «مارکسیزمی ئەمرۆ»، ئەنسکلۆپیدیای غارزانیتی، میلانۆ، 1978.

پرۆلیتاریی چییە؟ یان باشتر بڵێین، چالاکیی سیاسیەتی پرۆلیتاری دەکەوێتە کوێی کۆمەڵگەی چینایەتیی باڵادەستەوە؟ لەپێناو وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەدا، مارکس "شوێن" و "جوڵێنەر"ی بزووتنەوەی واقیعی لەگەڵ یەکتر هاوشوناس دەکات و پێمان دەڵێت: بزوووتنەوەی واقیعیی کۆمەڵگە کە لە بنەرەتدا کۆی شۆڕشە کۆمەلایەتییەکانە، ریشەکەی لە ژێرخانی بەرهەمهێنانی ماتریالییدایە، لە لێکدژیی نێوان پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و هێزەکانی بەرهەمهێناندا. لەبەرئەم هۆکارە شۆڕشگێڕەکان کە دەتوانن هەموو دابەشبوونە چینایەتییەکان تێك بشکێنن، بەر لە هەرشتێك و بە تەنیا بەرهەمهێنەری خۆیان نین، بەڵکو پرەنسیپە ناوەکییەکەی کارە شۆڕشگێڕییەکەیان لەنێو هەمان ژێرخاندایە، ئا ئەوەیش پەرەسەندنی لێکدژییە ژێرخانییەکانە.

بەڵام ئەم جەختە وای لە مارکس کرد تێزێك بخاتە روو کە بەرەنجامی کۆنکریتی لێکەوتەوە: واتە هەموو سیاسەتێك، بە بێ چەند و چوون، بە ئایدیۆلۆژیاوە بەستراوەتەوە (دەروازەیەک بۆ رەخنەی ئابووریی سیاسی بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە، سیاسەت بەم شێوەیە لە ڕیزی "فۆڕمە ئایدیۆلۆژییەکان"دا، بە پاڵ ماف و ئایین و هونەر و فەلسەفەوە، پیشان دەدات)، ئەمەی دواییشیان لای خۆیەوە، لە جەوهەری خۆیدا وەهمییە- کە هیچ نییە جگە لە ئاوەژووکردنەوە، بگرە ئاوەژووکردنەوەی دووەمی ژێرخانە. لێرەدا ئەو هاوکێشە وردە هەیە کە دەروازەیەک بۆ رەخنەی ئابووریی سیاسی بە زمانێکی فەلسەفیی پەتی لەنێوان دووالیزمی ژێرخان/سەرخان، دووالیزمی "تیۆری-پراکتیکی"، بوون/ئاگاییدا دروستی دەکات: »وەك چۆن ناکرێت

بە گوێرەی ئەو ئایدیایە حوکم لەسەر تاکەکەسێك بدەین کە دەربارەی خۆی هەیەتی، هەر بەو جۆرەیش ناکرێت بە گوێرەی ئاگاییەکەی بەخۆی حوکم لەسەر سەردەمێکی لەم جۆرەی کودەتا بدەین..هتد«. ئەمەیش دواجار واتای ئەوەیە: سیاسەت ناماتریالییە، بەڵام ماتریالێتی بە واتا راستەقینەکەی، کە هیچ نییە جگە لە بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی، لێکدژییە لەنێوان هێزەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێناندا و ئەو ململانێیەیە کە ئەم پەیوەندییە دیاریی دەکات. ئەمەیش تەنیا لە روانگەی پرۆلیتاریاوە واتا وەردەگرێت کە بەستراوەتەوە بە بیرکردنەوەی ئەم چینەوە لە رۆڵە مێژووییەکەی خۆی، هەروەها بەستراوەتەوە بە دیاریکردنی ئەو "شوێن"ـەوە کە لێیەوە دواجار ئەم چینە هەم بڕیار لە پرسی گۆڕینی راستەقینە و هەم بڕیار لە پرسی دەسەڵاتی راستەقینە، دەدات. کەواتە، بەلای پرۆلیتاریاوە، کە مێژوویانە لە ئێستادا و لەم شوێنەدا وەك چینێك دروست دەبێت، مەبەستەکە دۆزینەوەی رێگاکانی شۆڕشە کە لە خۆیاندا درێژکراوەی "شۆڕشی کار"بن نەك نەفیکەرەوەی -لە روانگەی پرۆلیتاریاکانەوە، بە پێچەوانەی ئەو »ئایدیۆلۆژیستە بۆرژوازییانەوە کە گەیشتوونەتە ئاستی دەرککردنی تیۆری بە هەموو جووڵەی مێژوو«، کە مانیفێستی کۆمۆنیزم لەبارەیانەوە دەدەوێت، مەسەلەکە ئەو شوێنەیە کە دەبێت پێوەی بلکێین، یان دەبێت بە واتایەك لە واتاکان تا ئاستەکەی "دابەزین"، بۆ ئەوەی دەستبەرداری پێگەی سیاسەتی بۆرژوازی ببین کە هەمیشە رۆشنبیرەکان تییدا نیشتەجێبوون.

بەڵام تۆبلیی تەنیا ئەم خوێندنەوەیە راست بێت و ئیمکانی خوێندنەوەیەکی دیکەمان بۆ نەمابێتەوە؟ گەر ئەو

کورتە رستەیە نەبووایە کە تایبەتە بە فۆڕمە ئایدیۆلۆژییەکان، کە تێیدا خەڵکی ئاگایی بەم ناکۆکییە پەیدا دەکەن و تاوەکو کۆتایی دەچنە نێوییەوە و لەگەڵیدا دەڕۆن، ئەوا رەنگە وا بووایە، رەنگە ئەوە تاکە خوێندنەوەیەکی شیاو بووایە. بەڵام ئەم رستە کورتە دۆخەکە دەگۆڕێت، بۆهـ دەبێت هەموو فۆڕمە سیاسییەکان لە مانیفێستی کۆمۆنیزمدا لە پشتی ئەم کورتە رستەیەوە دابنێین: ئەویش ئەوەیە کە مێژوو تەنیا مێژووی پەرەسەندنی هێزەکانی بەرهەمهێنان نییە، بەڵکو میژووی خەباتە چینایەتییەکانە، هەموو خەباتێکی چینایەتیش لە کۆتاییدا سیاسییە، رزگاربوونی پرۆلیتارییایش بەوە وەدی دێت کە لە حزبێکی سیاسییدا خۆی رێک بخات و دەست بەسەر دەسەڵاتی سیاسییدا بگرێت، کە بە دڵنیاییەوە بە زەرورەت "ناوەڕۆکەکەی" یۆنیڤێرساڵە، بەڵام "فۆڕمەکەی" نەتەوەییە..هتد. هەوڵی چالاکانەی گرامشی بۆ دووبارە دروستکردنەوەی تەواوی کێشەی ماتریالیزمی میژوویی تەنیا لەم کورتە رستەیەوە دەست پێدەکات، ئەمەیش سەلمێنەری ئەوەیە کە ئەم روونکردنەوەیە لەگەڵ ئەوانیتردا خاڵێکی جەوهەرییە. بێگومان ئاشکرایە کە ئەم رستەیە ئاڵۆزییەکی قووڵی لەخۆیدا هەڵگرتووە، بە تایبەتیش کاتێك دەبینین وەك "تیۆری مەعریفە" پێناسەی ئەم کیشەیەی کردووە (لەوێدا مارکس زیاتر لە هەر هەرکاتێکی دیکە رەخنەی لە گەمەی دوولایەنەی نێوان "ئاگایی" و "بوون" گرتووە). بەڵام بۆچی؟ لەبەرئەوەی ئەگەر بمانەوێت ئەم "چوونە نێو ناکۆکییەوە تا کۆتایی" بە جددی وەربگرین ئەوا دەبێت حەقیقەتێك بدەینە پاڵ فۆرمە ئایدیۆلۆژییەکان و ئەو سیاسەتەی دروستی دەکەن، کە جیاواز بێت لە حەقیقەتەکەی پێشوویان و، لە

دۆخی تەوەهوم دایانبماڵین تاوەکو ماتریالیزمێکی پێرفێکتیان پێبدەین، ئەوەیش لەبەرئەوەی بە بێ ”نێوانگیری“یە چالاکانەکەی ئەو ناکۆکییەی کە لە ژێرخانی ئابوورییەوە هەڵدەقوڵێت، لە حاڵەتەکەی یەکەمییدا بە شاراوەیی و چەقبەستویی دەمێنێتەوە. بەڵام ئایا ئەو کاتە دەبێت باس لە پێشنیارێکی دیکەیش بکەین کە لە دەروزەیەک بۆ رەخنەی ئابووریی سیاسیدا خراوەتە روو، ئەویش ئەوەیە کە لەسەر بنەمای ئەم پێشنیارە ”سەرخان“ـی سیاسی و ئایدیۆلۆژی هەمیشە لە هەر ”فۆرماسیۆنێکی کۆمەڵایەتی“دا بوونی هەیە و ناکرێت وەك رەگەزی ”ئاگایی“ لە پاشکۆیەتی a posteriori ژێرخاندا کورتی بکەینەوە؟ ئەی ئەو کاتە دەبێت چی بکەین تاوەکو بیر لەم دیاریکردنە دوولایەنەی خەباتی چینایەتی بکەینەوە، جارێك لە بەرهەمهێناندا و جارێکیش بەو فۆڕمە سیاسییانەوە کە سەرخان دەیانسەپێنێت؟ بەتایبەتیش دەبێت چی بکەین تاوەکو لە پراکتیکدا بەسەر ئەم دوولایەنەی خەباتی چینایەتیدا زاڵ بین؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە کە دەقەکەی مارکس دەیخاتەروو، بەڵام تەنیا بە بێزاری و وەڕزییەوە و لەنێو لێکدژییە ناوەکییە تایبەتییەکەیدا. لێرەدا هەمیشە خواستی دوورخستنەوەی لایەنێك لە لایەنە پێکدژەکان سەرهەڵدەدات، کە لە رووداوەکانی قۆناغی دواتردا، لە رووبەرووبوونەوەیەکی نموونەییدا لەنێوان ئانارشیزم-سەندیکایی و ”حزبی کرێکاری“ (واتە سۆسیالیزمی پەرلەمانیدا)دا، نموونەیەکی ئاشکرای ئەم لۆژیکە دەبینین. بەڵام مارکس هەرگیز ئەوەی نەبینی، چونکە نەیدەتوانی ”بەسەر زەمەنەکەی خۆیدا باز بدات“.

ئەم شیکارییە یارمەتیمان دەدات لەو رۆڵە تێبگەین کە

چەمکی هەڵگەڕانەوە گێڕاویەتی. با بەشێوەی سکێچ بڵێین: لە ڕاستیدا ئەوەی مارکس هەوڵیدا لە نێو دۆخەکانی پەیوەندییە باوەکانی هەڵگەڕانەوەی نێوان "ژێرخان" و "سەرخان"، کۆمەڵگە و دەوڵەتدا، بیری لێ بکاتەوە لەژێر کاریگەری ئەو هەڵگەڕانەوەیەدا بوو کە بەهۆی ملکەچبوونی پرۆلیتاریاوە بۆ ڕێسا و فۆڕمە سیاسییە بۆرژوازییەکان، لە سیاسەتی ئەمك چینەدا ڕوویدابوو. لە هەمان کاتدا دەتوانین ئەوەیش دیاریی بکەین کە بۆچی پێویست بوو مارکس و ئەنگڵس بە هەر نرخێك بووە کێشەی نامۆبوون بهێڵنەوە، ئەگەرچی ڕێک لەو کاتەدا هەوڵیان دەدا شیکارییەکانیان دەربارەی دەوڵەت لە کێشەی نامۆبوون داماڵن، بەتایبەتیش شیکارییەکانی دوای "ڕاستکردنەوە"کەی ساڵی 1871. ئەمە لەبەرئەوەبوو چەمکی دەوڵەت، کە لە جەنگی ناوخۆیی لە فەرەنسادا هێڵە سەرەکییەکانی کێشرا، پەیوەندییە ئایدیۆلۆژییەکانی بە شیکارنەکراوی جێ هێشتبوو: دەوڵەت هیچ نییە جگە وەسفی "ئامراز"ی سەرکوتکاری و وەزیفەکەی لە خەباتی چینایەتیدا. ئەمە لە کاتێکدا کە ئەو چەمکەی یەکەمیان کە ڕاستەوخۆ لە نامۆبوونەوە هەڵدەقوڵێت، بە پێچەوانەوە، دەستبەجێ و لە هەمان کاتدا، هەم چەمکە بۆ دەوڵەت و هەم چەمکە بۆ ئایدیۆلۆژیا، بەڵام لەسەر حسێبی ناڕوونی سیستەماتیکی هەردوو گوزارشتەکە کە کتومت بۆ یەك سەرچاوە دەگەڕێنەوە. ئەمەیش بە ڕوونی لەو دەقانەدا دەردەکەوێت کە ئەنگڵس دژ بە "ئابووریگەرایی" لە قۆناغی کۆتایی تەمەنی خۆیدا دایڕشتووە، لەم ڕووەیشەوە هیچ شتێکی لە ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی جیاواز نییە (بگەڕێوە بۆ: لۆدفیگ فیۆرباخ و کۆتایی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی، بەشی چوارەم، 1888،

هەروەها نامەی ئەنگڵس بۆ بلوخ لە 21 ئەیلولی 1890 و نامەی ئەنگڵس بۆ شمیدت لە تشیرینی یەکەمی 1890دا): »بە گشتی وەك چۆن جووڵەی بازاڕی پیشەسازی بەسەر بازاڕی دراودا پێچەوانە دەبێتەوە، هەڵبەت بەشێوەیەکی هەڵگەڕاوە پێچەوانە دەبێتەوە، هەر بەو جۆرەیش ململانێ لەنێوان ئەو چینانەدا کە پێشتر هەبوون و لە ململانێدا بوون بەسەر ململانێی نێوان حکومەت و ئۆپۆزسیۆندا پێچەوانە دەبێتەوە، بگرە ئەمیش بە هەڵگەڕاوەیی پێچەوانە دەبێتەوە، نەك بە شێوەیەکی راستەوخۆ بەڵکو بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ، واتە وەك ململانێ لەپێناو بنەما سیاسییەکاندا، ئەم پێچەوانەبوونەوەیەش بە جۆرێك هەڵدەگەڕێتەوە کە هەزاران ساڵ تێدەپەڕێت بەرلەوەی نهێنیی بابەتەکە کەشف بکەین. ]...[ کە پەیوەندییە ئابوورییەکانیش لە شێوەی بنەما مافییەکاندا ئاوەژوو دەکرێتەوە، ئەوا بە زەرورەت مەسەلەکە قلْپ دەبێتەوە: ئەمە روودەدات بە بێ ئەوەی لایەنە بکەرەکان هەستی پێ بکەن ]...[ لەبەرئەم هۆکارە، هەموو شتێك، سەرەوخوار دەوەستێت ]...[ تاوەکو ئەم هەڵگەڕانەوەیەیش بە نهێنی بمێنێتەوە دەبێتە مایەی ئەو شتەی کە پێیی دەڵێین روانگەی ئایدیۆلۆژی..«.

ئەمە لێکدژییەکەیە: پرسەکانی دەوڵەت و حزب لای مارکس و ئەنگڵس، بە درێژایی نیو سەدە لە ئەزموون و توێژینەوە، هێشتایش هەر پەیوەندیدار بوو بە خاڵی دەسپێکردنەکەیەوە، واتە پەیوەست بوو بە پرسی ئایدیۆلۆژیا و کۆسپی تیۆریی ئایدیۆلۆژییەوە دەربارەی ئایدیۆلۆژیا.

## بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| ژ | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە  جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و  شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵڵا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | ڕێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان ئەو روداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس 4 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس 5 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس 6 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس 7 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس 8 | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟ | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |
| 59 | ئاشنابوون بە فیورباخ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 60 | ئاشنابوون بە تۆماس مۆر | وریا غەفووری | | 2015 |
| 61 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 62 | ئاشنابوون بە گرامشی 1 | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 63 | ئاشنابوون بە گرامشی 2 | ئومێد عوسمان | | 2015 |
| 64 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 65 | ئاشنابوون بە دیموکراسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 66 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 67 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 68 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 3 | مستەفا زاهیدی | | 2015 |
| 69 | ئاشنابوون بە ئەرکون | د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | | 2015 |
| 70 | ئاشنابوون بە فۆکۆ | جەبار ئەحمەد | | 2015 |
| 71 | ئاشنابوون بە ئەکیونی | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 72 | ئاشنابوون بە ئەنگڵس | ئارۆ هەورامی | | 2015 |
| 73 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 74 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 75 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 76 | ئاشنابوون بە جاك لاکان | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 77 | ئاشنابوون بە لایبنتز | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 78 | ئاشنابوون بە میکاڤیلی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 79 | مارکس کێ بوو؟ | د. عبدلعلی مقبل | مەجید مارابی جەواد حەیدەری | 2015 |
| 80 | حَركة الحَداثة في الشِعر الكُردي | د. سَرْوَر عَبدُالله | | 2015 |
| 81 | فیتنە | هشام جعیط | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2016 |
| 82 | داعش و میلیشییاکان | ئەنوەر حسێن | | 2016 |
| 83 | ئاشنابوون بە پۆڵ ریکۆر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 84 | ئاشنابوون بە ئاڵتۆسێر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 85 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | 2016 |
| 86 | ئاشنابوون بە پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 87 | ئاشنابوون بە دۆرکهایم | ئارام مەحمود - دانا لەتیف جەلال | 2016 |
| 88 | ئاشنابوون بە دریدا | ئارام مەحمود | 2016 |
| 89 | ئاشنابوون بە لیوتار | ماجد خەلیل | 2016 |
| 90 | ئاشنابوون بە لینین1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 91 | ئاشنابوون بە لینین2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 92 | ئاشنابوون بە ترۆتسکی | پێشڕەو محەمەد | 2016 |
| 93 | ئاشنابوون بە بێرتراند راسڵ | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 94 | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم1 | ب- لیڤا | 2016 |
| 95 | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم2 | ب- لیڤا | 2016 |
| 96 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 97 | ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | ئاکام بەسیم | 2016 |
| 98 | ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 99 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | شاسوار کەمال | 2016 |
| 100 | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم1 | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 101 | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم2 | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 102 | ئاشنابوون بە مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست | موصلّح شێخ ئیسلامی | 2016 |
| 103 | سێگۆشەی گڕگرتوو | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 104 | دەروازەیەك بۆ ناسینی جەنگ | هەڵگورد جەلال | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 105 | گەشتی دوورودرێژی ئەتۆمی ئێران تێوون و مەترسییەکان | سۆران عەلی | 2016 |
| 106 | دەرهاویشتە ئەمنییەکانی چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 107 | خەبات لە پێناو فرەییدا دوای شۆڕشەکانی باکوری ئەفریقیا | سۆران عەلی | 2016 |
| 108 | جوڵانەوەی ئەمازیغی و دینامیکیای ژیانی سیاسی لیبیا | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2016 |
| 109 | نەوت و گازی شیلی ئەمەریکا و ئاکامە جیۆپۆلەتیکەکانی | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 110 | کۆچ لە جیهانێکی بێئۆقرەدا | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2016 |
| 111 | چین و سیستەمی بازرگانیی جیهانی | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 112 | چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 113 | ئومێدی خۆرەتاوی من | سەرهەنگعەبدولڕەحمان | 2016 |
| 114 | ئازدی و خیانەت لە ئازادی | ئەرسەلان حەسەن | 206 |
| 115 | فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی رەوتە ئیسلامییەکان | فوئاد مەجید میسری | 2016 |
| 116 | کوردو ئیسلام لە یەکتربڕدا | نەوزاد جەمال | 2016 |
| 117 | کارڵ مارکس و لیۆن ترۆتسکی | بابان ئەنوەر | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 118 | مارکسیزم لە هەزارەی سێیەمدا | بژار سەردار | 2016 |
| 119 | چوار سندوق | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 120 | گفتوگۆ | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 121 | سەڵتەکان | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 122 | چیرۆکی ورچەکانی پاندا | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 123 | وردەتاوانەکانی ژیانی هاوسەرێتیی | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 124 | کوردو مێژووی جەژنی نەورۆز | د. کەیوان ئازاد ئەنوەر | 2016 |
| 125 | ئەو شتانەی لێیان بێدەنگ بووم | ساراڵ فەهمی شەریف، هێمن تاهیر | 2016 |
| 126 | چۆن ئیسلامی میانڕەو دەبێتە کارگەی بەرهەمهێنانی تیرۆر؟ | سۆران سێوکانی | 2016 |
| 127 | ئومێد بە زیندویی بهێڵەرەوە | یاسین محەمەد عەلی - هێمن تاهیر | 2016 |
| 128 | باوەڕدارە تیرۆریستەکە | سۆران عەلی | 2016 |
| 129 | پێغەمبەر و پرۆلیتاریا | پێشڕەو محەمەد و هێرۆ خوسرەوی | 2016 |
| 130 | مارکسیزم چۆن کار دەکات | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 131 | ئامانجی فەلسەفە | شاسوار کەمال | 2016 |
| 132 | پرسی ژن | عادل عەلی | 2016 |
| 133 | چەپی نوێ | ئەکرەم میهرداد | 2016 |
| 134 | نامیلکەی لێبوردەیی | فەرشید شەریفی | 2016 |
| 135 | یاداشتەکانی جەنگ | ستران عەبدوڵلا | 2016 |
| 136 | ژنێك لەنێو سەردەستەی میلیشیاکاندا | دڵشاد محەمەد - هێمن تاهیر | 2016 |